توانا ئەمین



بەیادی دوو کتێب

# مینای شین

چاپی دووەم

# مینای شین

بەیازی دوو کتێب

**چاپی دووەم**

**توانا ئەمین**

**Scanned with CamScanner**

AWER

ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

## ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر

بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: حەسەن بورەیی

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: ئارێز حەسەن

بەرپرسی هونەریی بەرگ: ئاکار جەلیل کاکەوەیس

ڕاوێژکاری ناوەند: د. نەجاتی عەبدوڵا

هەولێر: پشت پارێزگا- پشت مزگەوتی مەحموود عەلاف

07505114142 - 07507476644

Nawendi awer :: ناوەندی ئاوێر

Nawendi.awer@yahoo.com


Scanned with CamScanner

# مینای شین

Scanned with CamScanner

ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
ژمارەی بڵاوکراوە: ٤٣٤

ناوی کتێب: مینای شین
بابەت: ڕەشنووسی چەند کارێکی ئەدەبی
نووسینی: تـوانـا ئەمیـن
تۆبەتی چاپ: دووەم (٢٠١٨)
تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
نرخ: (١١٠٠٠) دینار
هەڵەچنی و ڕێنووس: ئاری عوسمان خەیات
خەتی سەر بەرگ: ئیبراهیم نەسین

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی(٨٧٠) ی ساڵی ٢٠١٥ ی پێدراوە

Scanned with CamScanner

خوێنەری خۆشەویست...

من تۆ بام ئەم کتێبەم نەدەخوێندەوە... ئەم بەیاز و دەستنووسانە هیچ نین..! جگە لە ڕوانینێکی سەرپێیی من بۆ توێژێکی ژیان و هەندێ دیاردە و دەرکەوتە و چەمکی ناو ئەو شێواوییە... ئەوەی لەبەردەستی تۆ دایە؛ کتێبی ڕاڤە و شیکارییە میتۆدییەکان نییە، هێندەی گواستنەوەیەکی تیژتێپەڕی نیگای سوژەیەکە لەمەڕ گەلێک تۆبژێکت لە چاوەوە بۆ کاغەز... دیارە ئەگەر من جارێکی تر ئەم شتانە بنووسمەوە، ئاوها نایاننووسم! ئەمانە زادەی قوناغێک لە بیرکردنەوەی منن، کە ئێستا ئیتر بۆ من بوونەتە گەردانەی تەم، تەمێکی سپی فێنک...

ت.ا

ئەم بەیازە بۆ تەنیاترین کچەکانی دونیا،

بۆ ئەوانەی باوکیان نووسەرە..!

بۆ هەرمێ...!

Scanned with CamScanner

## توانا ئەمین

## هەوڵنووسێك لەسەر پرسە ئیستێتیکییەکان

**بەکر عەلی**

لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەدەبێک پەیدا بووە، شتێکی زۆری پێش ڕاپەڕینی لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتووە، بەڵکو تەنیا بڕێکی کەم. ئەمە ئەگەر ئاماژەدان بێت بەو لێکدابڕانەی لەنێوان دوو نەوەدا ڕوو دەدات، ئەوا لەنێوەڕۆکدا دەیەوێت جەغد لەوە بکاتەوە، کە شێوازی ژیان و جیهانبینیی نێوان دوو قۆناغ ئەگەرچی خەرەندێکی قووڵیان لەنێواندایە، کەچی هێشتا جۆرە پردێکی نادیار، پردێکی ڕۆحی دەیەوێت ئەو دوو ستایلەی نووسین پێکەوە گرێ بداتەوە.

لە قۆناغی بەر لە ڕاپەڕین ئەدگارە دیارەکانی ئەدەبی کوردی لە جۆرە بەدبینی و بێهودەگەراییەکدا بەرجەستە دەبێت، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ گرێدراوی هەلومەرجە تاڵەکانی ژیانی ئەو سەردەمە بوو، کەچی لە پاش ڕاپەڕینەوە سەرباری هاتنەئارای دۆخێکی سیاسی و ئابوریی تەواو جیاواز، بە ڕادەیەک مرۆ بە سانایی ناتوانێت شتێکی ئەوتۆ هاوبەشی لەگەڵ قۆناغی بەر لە ڕاپەڕین تیا ببینێتەوە، کەچی هێشتا کەمەکێک شتی هاوبەشی تیا دەبینرێت، کەمەکێک، کە



Scanned with CamScanner

لەڕاستیدا چەند بڕێکی بچووکە، بەڵام بەشە ڕۆحییەکەی ئەو قۆناغەمان پێ دەڵێت. ئەو برە بچووکە بریتییە لەو پرسە وجودییانەی مرۆڤ لە ژیان و لە خودی مرۆڤبوون هەیەتی. ئەو پرسانەش لە شێوەی کلیلی جۆراوجۆر داڕێژراون بۆ کردنەوەی دەرگا کلۆمدراوەکان.

گواستنەوەی ئەم برە ڕۆحییە وەکو میراتییەکی ژیاریی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی پاش خۆی بریتییە لەو نهێنییە کولتورییەی کە وەک بزوێنەرێک درێژە بە هێزی نێوەکییانەی ژیان و بوون دەدات. لێرە دایە ڕەنگە زۆرجاریش لەنێوان پرسیارەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێشدا وەڵامێکی ئەوتۆ جیاواز شک نەبەین، بەڵکوو شێوازێکی نوێی پرسیارکردن بە هەڵگری مانایەکی کۆنەوە دووبارە دابڕێژینەوە. وەک خودی (توانا) دەڵێت: شتێکی نوێ چیتر لەم جیهانەدا نییە. بەم جۆرە درێژەپێدانە، جۆرە هەڵوێستێکی ڕەخنەیی و شۆڕشگێرانە بەرانبەر بە داڕزان و دێکادێنس و پووچگەرایی ژیان مەشق دەکرێت، کە چیتر ناخوازێت ئەوەی هەیە سەرەوژێر بکاتەوە، بەڵکوو ئەوەی هەیە والاتر بکاتەوە.

لەم حاڵەتەشدا مرۆڤ ئەگەر بە جۆرێک لە جۆرەکان ببێتە پارێزگار و ترادیسیۆنیست و کۆنخواز مانای ئەوە نییە دەبێتە کەسێکی چەقبەستوو لەناو لیتاوی وشکهەڵاتووی جیهانی ڕابوردوودا، بەڵکو ئەمڕۆ چیتر پاراستنی ژیان لەو هەموو هەڕەشەی لەناوبردنەی ڕووبەڕووی

دەبێتەوە لە خودی خۆیدا بریتییە لە کاراترین کردەی شۆڕشگێڕی، وەک (کامێ) دەڵێت: ئەرکی ئێمە ئەمڕۆ پاراستنی جیهانە لەوەی بەرنەبێتەوە. یەکێک لە تەکنیکەکانی ئەم واڵاکردنەوەیەی واقیع بریتییە لە خەیاڵ. لەبەرئەوەشی لەکوێدا ڕیال هەبێت لەوێدا پێشتر خەیاڵ هەبووە، ئەوا دەبێت ئەدەبیاتێک خۆی لەگەڵ ئەم کایەیەدا دەرگیر بکات.

لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەدەبیاتی ئێمە لە هەوڵی ئەوەدایە ئاوڕێک لەم بوارە بداتەوە. چیرۆک و نووسینەکانی توانا ئەمین، وەک کوڕی نەوەی دوای ڕاپەڕین، تێکڕا لەم خولگەیەدا دەخوولێتەوە، کە ئاوڕێک لە دیوەکەی تری شتەکانی ناو واقیعەکەمان بدەینەوە.

لێرەوەیە ئەو لەم کتێبەیدا کۆمەڵێک هەوڵی جۆراوجۆر دەدات بۆ کەشفکردنەوەیەکی تری (واڵاکردنەوە)ی لۆچەکانی واقیع. ڕێکەوت نییە زۆرینەی هەوڵەکانی بۆ ناسینەوە و بیرهێنانەوەمانە بۆ خەیاڵ وەکوو شتێکی فەرامۆشکراو، وەکوو سوبستانسێکی خزێنراوە ناو لۆچەکانی ژێرەوەی کولتور.

بەم جۆرە هەوڵنووسین Essay ڕەنگە بریتی بێت لەو شێواز و لەو تەکنیکە جیاوازەی کە مۆدێرنەی کوردی لەدوای ڕاپەڕینەوە هێناویەتییە نێو کایەی ڕۆشنبیریی کوردییەوە. من خودی خۆم سەر بەو هەوڵنووسانەم، کە کۆششێکی خۆیی بۆ تیۆریزەکردن و پراکتیزەکردنی واقیع دەدەن.

مینا شین



Scanned with CamScanner

ئەم چەند وتارەی لە دووتوێی ئەم کتێبەدایە، دەتوانین بەو پێوەرە دەستنیشان بکەین، کە هەوڵنوسینێکە بۆ دۆزینەوەی ئەخلاقێکی ئیستاتیکی، کە تا دێت مرۆڤی مۆدێرنە ونتری دەکات. بۆ هۆ نییە زۆرجار نووسەرەکەی وەک بەدبین و ڕەشبین و غەمگین پێناس کراوە.

لەڕاستیشدا ئەدەبییاتی غەمگینی، هیچ کات بریتی نەبووە لە ئەدەبیاتی تێکشکێنەر و نیهلیستیی ژیان، بەپێچەوانەوە غەمگینەکان ئەو کەسانەن، کە هەڵگری پەژارەیەکی قووڵترن بۆ شادبوونی مرۆڤ، بەڵام شادییەک نا، کە کاڵا ماتەریالییەکان و پێداویستییە رووکەشخوازییەکانی شێوە ژیانی هەڵخەڵەتێنەری مۆدێرنە و کاپیتالیزم هێنابێتی، بەڵکوو شادی ئەوەی چۆن وابکرێت ژیان لەنێو زیندەگییەکی کوشندەدا نەمرێت. ژیان لەژێر دەسەڵاتی سەرمایەداریی و ماتەریالیبوون و بەکاڵابووندا زیندەگی خۆی لە کیس نەدات. ئەو دیوە ڕۆحییەی کە هەر لەدێرینترین ساتەکانی مێژووەوە مرۆڤ بە تەکنیکی جیاواز جیاواز مەشقی کردووە، وەک: ڕۆحانییەت، خەیاڵ، مەستی، خەڵوەتگیریی، تەنیایی... هتد. وا بەدەست مۆدێرنەوە بەرەو فەرامۆشکردن و بەژێرەوەخستن دەچن.

ئەرکی نووسینی شۆڕشگێڕی لەم ڕۆژگارەدا بریتییە لە دووبارە واڵاکردنەوەی ئەو لۆچانە و پیشاندانەوەی ئەو کرۆک و توخمەی ژیان، کە لەڕاستیدا بەبێ ئەوانە ژیان هەموو ئەدگار و هەموو

هونەرێکی جوانی خۆی لە دەست دەدات. ئیتیکی هونەریی ژیان دواجار دەبێتە غەمی ئەو تاکانەی کە سەرەتا خۆیان لە جیهانە سەپێنراوە ڕووکەشەکە دادەبڕن. لێرەوە سەرەتای هەموو غەمگینییەک ئەو ڕۆحانە لەدایک دەبن، کە دیدی باو پێیان دەڵێن ڕەشبین. توانا ئەمین یەکێکە لەو مەشقکارە غەمگینانە، هەروەک شۆپنهاوەر و سیۆرانی غەمگین، بەڵام لەنێوبەندییەکی فەرهەنگییانەی جیاوازدا.

ئەم هەوڵانەش هەمیشە و بەشێوەیەکی باو مرۆڤە غەمگینەکان داویانە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوان بۆ ئەوە نین مرۆڤ غەمگینانە بژی، بەڵکوو بۆ ئەوەن ئیشراقی ژیان و ڕووناکیی وجود هەڵبگیرسێننەوە و هێزی مرۆڤبوون زیندوو بکەنەوە.

لە کۆی ئەو هەوڵنووسینانەی ناو ئەم کتێبەدا، ئێمە ئەو پەیامە شک دەبەین، کە دەخوازێت مرۆڤ بەرەو ئەو ئیتیکە ئاراستە بکات، کەوا هونەری ژیانکردن بریتییە لە پاراستنی جەوهەرە ئیستاتیکییەکانی، وەک غەم، وەک ئازار و وەک تەنیایی.

من شاد بووم بە خوێندنەوەی ئەم هەوڵنووسینە دڵتەنگانە. ئەم شادییەش بووە مایەی نووسینی ئەم کورتە نووسینە.

بەرلین- ٢٠١٥/١/١١

مینا شین

مینا شین

# بەیاز و ڕەشنووسەکان

Scanned with CamScanner



# مەحوی،

# عارفێک لەنێوان سەرکێشی و کوفردا

ئەم نووسینە، هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی دیوێکی تری مەحوی

Scanned with CamScanner

میکانیزمی دابڕانی پەیوەندی لەگەڵ هەموو شتێکدا، میکانیزمی گەیشتن بە دیداری خودا.

**د. کوبرا مایار مەزهەری**

من لەو کەسانە نیم، کە نوێژکردنەکانیان تەنها پشت چەماندنەوەیە و بەس، شێوەی نوێژکردنی من، لە گوڵێک ورد دەبمەوە، ئەستێران دەژمێرم، سەرم سوڕدەمێنێت لە جوانیی مەخلوق، لە کەماڵی نیزامەکەی، لە ئینسان ورد دەبمەوە، کە جوانترین شاکاری خودایە.

**خەیام لە زاری ئەمین مەعلوفەوە**

Scanned with CamScanner

## مەحوی سۆفییە یان عارف؟

هەرچەندە سۆفیگەریی و عیرفان هەمیشە و بەردەوام پێکەوە بەکار براون، بەڵام بە هەموو نزیکایەتییەکیانەوە لەیەک، لێکیش جیاوازن. وشەی عیرفان (Mystification) واتا ناسین، یان دووبارە ناسینەوە، یان ناسینی شتێکی مەرموز (هێمادار)، یان ناسینی حەقی تەعالا بە پەیبردنی ڕەمزی حەقیقەت بە ڕێگەی کەشف و شهود.

وشەی سۆفی مشتومڕێکی زۆری لەسەرە. (**أبو الريحان البيروني**) (٤٤٠ك) پێی وایە، کە: "*وشەی سۆف لە (صوفیا)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای دانا و پڕزان (الحکمە) دێت.*" هەندێکی تر لایان وایە، ئەم وشەیە لە (الصفا)وە هاتووە، واتە ڕوون و بەرچاو یان پاک و خاوێن. بەشێکی تر دەڵێن: ئەم ناوە لە (أهل الصفه)وە هاتووە، کەسانێك بوون لە هاوەڵانی پێغەمبەر، هەژار و دەستکورت بوون لە گۆشەیەکی دیاریکراوی مزگەوت ژیانیان بەسەر دەبرد، ژمارەیان جاری وابووە گەیشتۆتە هەشتا کەس.

هەندێکی تر دەڵێن: ئەم ناوە لە (بنی صوفە)وە هاتووە، هۆزێك بوون خزمەتکاریی کەعبەیان دەکرد پێش هاتنی ئیسلام، هەروەها یەکەم کەسیش، کە خزمەتکاریی ماڵی خوای کردووە پێی وتراوە (صوفە).

ناودارترین مێژوونووسی سۆفییەکان (**السراج الطوسی**)، کە لە ساڵی (٣٧٥ك) کۆچی دوایی کردووە، لە پەرتووکە بەناوبانگەکەیدا (اللمع- لاپەڕە٤) دەڵێت: *"ناوی سۆفی دەگەڕێتەوە سەر ئەو جلەی کە دەیانپۆشی و پێك هاتبوو لە خوری، ئەم جۆرە جلوبەرگە پۆشاکی پێغەمبەری خوا (عیسا)و یاوەرەکانی بووە"*.

(**ابن خلدون**) لە (المقدمە، بەرگی٣)، دەڵێت: *"ناوی سۆفی لە خورییەوە وەرگیراوە، کە بە زمانی عەرەبی پێی دەوترێت (الصوف)، چونکە بە لەبەرکردنی ئەم جۆرە جلوبەرگە لە خەڵك جیادەکرانەوە"*.

(**ابن التیمیة**) لە (**مجموعە الفتاوی**)دا، دەڵێت: *"لەکۆتاییدا ئەوەی زیاتر بە لای زانا پایەبەرزەکانی ئیسلامدا پەسەند کراوە، ئەم ناوە لە خوری (الصوف)ـەوە هاتووە لەبەر ئەوەی سەرەتای دەرکەوتن و پەیدابوونی سۆفیایەتی لەبەرکردنی ئەو پۆشاکەیە، کە لە خوری پێك هاتبوو تا کردبوویان بە درووشمی خۆیان و ئەم ناوە کۆنە و تا پێش هاتنی ئیسلامیش هەر باو بووە"*.

مینا شێن

هەرچی سۆفیگەریشە (Mysticism) واتە ڕێبازی سۆفییەکان، یان ڕێگەی حەقیقەت. کەواتە عارف: واتە پەیڕەوکەری عیرفان، کەسێکە ڕەمزی شتێك لێك بداتەوە و کەشفی خودا بە ڕێگەی تێڕامان و پەیبردن بکات، نەك تەنها بە حاڵ. بەڵام سۆفی کەسێکە، لەگەڵ خۆیدا لە جەنگدایە و تەنیا حاڵ و وەجد بە میکانیزمی گەیشتنی بە نووری ئیلاهی دەزانێت و پەیڕەوی تەریقەتی تەسەوفە.

(**د. زرین کوب**) لەبارەی جیاوازیی ئەم زاراوانەوە، دەڵێت: *"دەتوانین بڵێین دوو دیوی یەك شێوە ژیانی ئاینین، کە هەردووکیان لەسەر ڕەتکردنەوەی چێژەکانی دونیا کۆکن، بەڵام سۆفی ڕووی لە کردارە و خەریکی دژایەتیکردنی نەفسی خۆیەتی، لەکاتێکدا عارف ڕووی لە زانستە و سەرقاڵی کەشفە و دەیەوێت لەمەوە بورهان بەدەست بهێنێت."* *

بەپێی ئەم پێناسکردنە بێت (نەك پۆلێنکاریی)، ئەوا لە مێژووی دووردا **بایەزیدی بوستامی** و **مەنسوری حەلاج** و لە مێژووی کەمێك نوێدا، **مەولانا جەلالەدین** و **محێدین ئیبن عەرەبی** و لە ئەدەبیاتی کلاسیکیی کوردیی سەدەی نۆزدەیشدا، **مەحوی**، لەوانەن کە هەردوو ناوەکەیان بەسەردا دەبڕێت. ئێمە وای بۆ چووین مەحوی لە

---

* تصوف و عرفان. د.زرین کوب.

عیرفانەوە نزیکتر بێ تا تەسەوف، هەر بۆیە لە تایتڵدا مەحویمان وەک عارفێك ناوهێنا.

## مەحوی لەنێوان دوو جۆر خوێنەردا

مەحوی (**مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخیی ١٨٣١-١٩٠٦**)* لە نێوەندیی ڕۆشنبیریی کوردیدا، کەم تا زۆر حەقی دراوەتێ و بە قورس و پڕ قووڵایی و خاوەن شیعری سۆفییانە و هەندێك جار فەلسەفییش تەماشا کراوە. هەموو ئەمانەش دەرئەنجامی دوو میکانیزمی پێچەوانەن، کە هەردووکیان یەك ئەنجامیان هەیە، ئەوانیش تێگەیشتن و تێ نەگەیشتنی مەحوین لە یەك کاتدا.

خوێنەری ئەدەبیاتی کلاسیکیی کوردی لە دەیەی هەفتا و هەشتاکاندا، بە هۆی زانینی زمانەکانی عەرەبی و بەتایبەتییش فارسی** توانیویەتی ئاسانتر تێیبگات و زێدەتر مەحوی بخوێنێتەوە.

---

* بۆ مێژووی لەدایکبوونی مەحوی، ئێمە لەنێوان (١٨٣٦)ـەکەی محەمەد ئەمین زەکی بەگ و (١٨٣٦)ـەکەی عەلادین سجادی و(١٨٣١)ـەکەی کاکەی فەلاح دا، ئەمەی دواییمان لا پەسەند بوو.

** چونکە مەحوی لە دیوانەکەی چاپی ١٩٧٧دا تەنها یەك شیعری عەرەبی و لەبەرانبەریشدا، ٨٧ شیعر و ٢٠ چوارینە و ٢ پێنج خشتەکی و ٧ بەیتی تاقانەی فارسی هەیە، ئەمە جگە لە سێبەری ئەدەبیاتی فارسی و کاریگەریی شیعری حافز و سەعدی و شەبستەری بەسەر کۆی دیوانەکەدا.



Scanned with CamScanner

بەڵام خوێنەری ئەم دوو دەیەیەی دواتر، بە هۆی پێچەوانەبوونەوەی ئەو خاڵەی سەرەوە تێیدا، واتە عەرەبی نەزانین و خۆنەدان لە فارسی و هەروەها کۆتاییهاتنی قۆناغی شیعری قافییەدار و کزبوونی خوێنەریشی، لەبەرانبەریشدا دروستبوونی ئەو کەشە نوێیەی ئەدەبی کوردی و بەتایبەتییش چێژوەرگرتن لە نووسین و خوێندنەوەی شیعری حوڕ و بەشیعر زانینی هەموو شتێك، دواتریش کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی میدیای کوردی لەسەر بڵاوکردنەوە و ڕاهێنانی خوێنەر لەسەر شیعرگەلی سارد و لاواز و بێ ڕۆح.

هەروەها کەوتنە نێو خێراییەکی سەرسوڕهێنەری زەمەنییەوە لە سەردەمی پاکس تەکنەلۆژیا و بە ماکدۆناڵبوونی جیهان بۆ شتی خێرا و سەرپێی، ئەمانە کۆمەڵە دەرئەنجامێك بوون، کە جارێك بەها و خاوەن بەهاکانیان خستە ژێر هەڕەشەی لەناوچوونەوە و جارێکیش گەر بیهێشتنایەوە، لە پێش مەترسی پرۆسێسی ناولێنانەوە و پێناسەکردنەوەدا دەیهێڵانەوە.

مرۆڤ لە ژیانی نێو وەها تەوژمێکیشدا، بە دوای لێك شیتاڵکردن و هیرمۆنتیکی تیکستانێکی کۆدهەڵگر و ناوەڕۆك چڕوپڕ قووڵاییەوە نابێت. بۆیە مەحوی ئەگەر خوێنەری خۆی لە دەست نەدابێت، جارێك بە هۆی ئەوەوەیە ئەم نەوە ئامادەیەی خوێنەر، لە تێك نەگەیشتن و وردنەبوونەوەیان بۆ مەحوی و بەرکەوتنی ئەو هەموو وشە فارسی و

عەرەبی و تەنانەت کوردییە کلاسیك و قەدیمانە، لایان وایە ئەمانە شیعری **"گەورە گەورە"**ن و هیچی تر.

ئەم ڕوانینەی نەوەی نوێ بۆ شیعر و ئەدەبییاتی کلاسیك، هەر مەحوی نەگرتووەتەوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ بابەتایەر و تـا نالی و دێتەوە بۆ لای قانع و بێکەس-یش، کە ئەم دوو ناوەی دواییان، بە هەموو دەستوورێك لە دەرەوەی ئەو چڕی و قووڵاییەی ناوەکانی پێشوون.

ئەم کێشەیە، تەنها نەخوێندنەوە و خۆماندوونەکردنە لەگەڵ ئەو تێکستانەدا، وشەگەلی وەك: **"گەورە... عەجیب... موهیم"** تەنیا دەرئەنجامی خوێندنەوەی سەرپێین، نەك لە ئەنجامی تێڕامان و شیکرنەوەو ڕاڤەکارییەوە هاتبێتن.

لەبەرانبەردا، لەم دوو دەیەیەی پاشتردا، هێشتا ئەو شیعرانە خوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان ون نەکردووە. جگە لە مەحویناسەکان و مامۆستایانی کۆلێژی ئەدەبیات و ئەو خوێندکارانەی ماستەر و دکتۆرا، کە مەیلی ئەو ستایلە لە ئەدەبی کوردی دەکەن. خوێنەرانێکی تر هەن، دەتوانن دەستی کەمیش بێت، دوای زیاتر لە سەد ساڵ لە نووسینیان، شتی نوێ لەو شیعرانە هەڵبهێنجێنن و بدۆزنەوە. ئەمە جگە لە چێژوەرگرتن لە ستاتیکای هاوکێشی و وشەسازیی و ئەوگەمە سەیرانەی زمان.

دواتریش لەم ڕێگەیەوە وردەوردە ڕۆبچنە ناو جیهانبینیی شاعیرەکە و لەم پنتەدا قسە لە دۆزینەوەی قووڵاییەکی تر بکەن.

ئێمە چی دەخوێنینەوەو کامانەن ئەو شیعرانەی ئەم قسانە هەڵدەگرن؟ بۆ هەر قسەکردنێك لە ئەدەبیاتی نووسراوی کلاسیکیی کوردی، توێژەر و خوێنەر ناچار دەبێت بگەڕێتەوە بۆ کتێبەکانی مامۆستایانی مودەڕیس*.

ئەگەر زێدەڕەوی نەبێت، من باوەڕم وایە گرنگی و میسداقییەتی مامۆستایانی مودەڕیس لە ئەدەبیاتی کلاسیکیی کوردیدا، وەك گرنگی و میسداقییەتی ئیمامانی (**موسلیم و بوخاری**) وایە لە ڕیوایەتکردنی فەرموودەکاندا. ئەم ماماۆستایانە دەستیان هەبووە لە دەرخستنی بەشێك لەو شاعیرانە و بەپێچەوانەشەوە، لە بزرکردن یان نامەوەرنەکردنی شاعیرانێکی تری هاونەوەی ئەوان، کە بە هەر هۆیەك بێت، نەیانتوانیوە یان ساغیان نەکردووەتەوە لەکاتێکدا هاوکات

---

* مەبەستمان لە ماماۆستایانی مودەڕیسیش، خوالێخۆشبووان: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیحی مەلا کەریم و هەروەها بەڕێز محەمەدی مەلا کەریمە، ئێمە لێرە بەدواوە لەجیاتی ئەو ناوهێنانانە، تەنیا ماماۆستایانی مودەڕیس بەکار دەهێنین و زیاتریش مەبەستمان لە ناوەکانی یەکەم و سێیەمە، کە دیوانی مەحوییان ساغ کردووەتەوە و بابەتی ئەم نووسینەی ئێمەیە.

خەڵکانی دڵسۆزی تریش هەبوون و تائێستاش ناوەناوە ئەو هەولانە دەبینرێن.*

مامۆستایانی مودەڕیس هیچیان نەکردبێت، تەنیا بە ڕێکخستن و ڕێنووسکردنی نوێی شیعرەکان و نووسینەوەیان لەبەرانبەر ئەو خەتە شکستە فارسی ئامێزەی کوردیی جاران، کارێکیان کردووە کە خوێنەر و توێژەریان لە کۆرساتی فێربوونی ئەو جۆرە خەتە ڕزگار کردووە. ئەوەی ئەم نووسینەش ویستوویەتی بیڵێت، لەم ڕێنووسە نوێیەی دیوانی مەحوییەوە گوڵی کردووە.

## مەحوی لە چاویلکەی مامۆستایانی مودەڕیسەوە

ئێستا دوای زیاتر لە سی ساڵ تێپەڕین بەسەر چاپکردنەکەی دیوانی مەحویدا، بە لێکدانەوەو ڕاڤەی مامۆستایانی مودەڕیس، ئیتر وەختە لەگەڵ مەسعود محەمەد هاوڕا بین و ئەگەر نەڵێین ئەم شەرحە تەمەنی خۆی کردووە و پیر بووە، ئەوا دەڵێین درزی تێ کەوتووە.*

---

* دەتوانین لەو دڵسۆزانەی ئەدەبی کوردی ناوی مەسعود محەمەد، گۆران، کاکەی فەلاح، علی کمال باپیر ئاغا، مارف خەزنەدار، عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئازاد عەبدولواحید، ئومێد ئاشنا، عەلی قەرەداغی...هتد ببەین.

* دەستەو دامەنی نالی. مەسعود محەمەد لاپەڕە ٥ /دەزگای ئاراس ٢٠٠٧.

دەکرێت جگە لە بەرزنرخاندنی ماندوبوونی ئەوان، خوێنەر هەوڵبدات بەدوای مانای تر لەم تێکستە شیعرییانەدا بگەڕێت. ڕوونە، کە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس پیاوێکی ئاینی بووە و ئەم ئایدیایەشی بە زەقی و لە شێوەی جۆراوجۆردا لە شەرحی شیعرەکاندا لەم دیوانەدا دەبینرێت. من باوەڕم وایە زەحمەتە مرۆڤ بتوانێت لە شتێك تێ بگات و لەبارەیەوە بێتەگۆ، کە لە دەرەوەی تێگەیشتنی خۆی بێت. بۆیە مەلا عەبدولکەریمیش نەیویستووە و نەشیتوانیوە جیاواز لە خۆی وەك پیاوێکی ئاینی و مەلایەك، بەیتەکان بخاتە ژێر تەلیسکۆبی شیکارییەوە.

وەك لە سەرەتای دیوانەکەی مەحویدا هاتووە، یەکەم جار ساڵی (١٩٦٢) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس مانای بەیتەکانی لێك داوەتەوە. واتە ڕەنگرێژیی ئەم پڕۆژەیە، مودەڕیسی باوك بووە و دواتر لە (١٩٦٣-١٩٧٧) **محەمەدی مەلا کەریم** چەند جارێك پێیدا چووەتەوە و ساغی کردووەتەوە.

بەڵام جێی داخە نەیتوانیوە ئەو ئەتمۆسفێرە ئاینییەی باوکی کاڵ بکاتەوە، کە بەسەر شەرحەکەدا سێبەری کردووە، بەڵکو لە پێشەکیی دیوانەکەدا، پێوانەی گەورەیی شیعری مەحوی، بە پلەی کوردایەتی دەپێوێت و دەنووسێت:

"ڕاستییەکەی لە مەیدانی کوردایەتیشدا، کوردایەتییەکەی مەحوی ئەوەی لەباردا نییە شان لە شانی کوردایەتیی یەکێکی وەکوو نالی و بەڵکو سالم-یش بدات، کە هیچ نەبێت لەبەر دواکەوتنی سەردەمی ئەم و دەرکەوتنی ڕاستیی پتر بۆی، دەبوو ئەگەر لەوان پێشیش نەکەوتایە، هیچ نەبێت بگاتە ڕادەو پلەیان."*

ئەمەیە کێشەی کاک محەمەدی مەلا کەریم، سەرزەنشتی مەحوی دەکات، کە هەستی نەتەوایەتیی کز بووە. ئەم بەڕێزە داوای کوردایەتی لە شیعر دەکات، ڕەنگە پێی وابووبێت، کە ئەوە سووچی شاعیرەکانمانە ئێمە نەبووین بە نەتەوە، چونکە لای وایە ئەدەب دەبێت نەتەوە دروست بکات.

ئەم جۆرە ڕوانینە بارێك لە شیعر دەنێت، کە هیی ئەو نییە. هەر لەو پێشەکییەدا نووسیویەتی: "جووتە چوارخشتەکییەکەشی کە هەستی کوردایەتیی خۆی تێدا دەربڕیوە، تەنها دەسچڵییەکن لە ئاگری بەتینی کوردایەتی و هەستی نەتەوەپەرستیی نالی وەرگیراون. بە تێکڕای دیوانی مەحوی پارچە شیعرێکی وای تێدا نییە، کە چ لە مەیدانی ناسینەوەی دوژمنانی گەلی کوردو لە مەیدانی گیانی

* پێشەکی دیوانی مەحوی.

کوردایەتیدا، بە *قولەپێی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم...)*ەکەی نالیدا بکاتەوە."*

ڕوونە، کە دیدێکی وا لۆکاڵی و ساکار، زەحمەتە دەرەقەتی ئەو قووڵاییەی مەحوی بێت و پەی بەو یونڤێرساڵییەتە ببات، کە لە ڕۆحی پیاوێکی وەك مەحویدا ئامادەیی هەیە. تـا ئێرە ئاساییە خوێنەر و ڕووناکبیرێکی ئەو سەردەمە وا لە مەحوی حاڵی ببێت، ئەوەی ئاسایی نییە ئەوەیە، کە هەر ئەم کەسە بێت و شەرحی پیاوێکی ئاینیی بەڕێز (کە باوکیانە) **ساغ!**بکاتەوە و بیخاتە پێش چاوی خوێنەر.

هەر لەو پێشەکییەدا کاك محەمەدی مەلا کەریم دەنووسێت: "مەحوی هاتووە ڕێزی لە باسی ئەو موعجیزانە گرتووە، کە زۆربەیان تەنانەت بە پێودانی *ئاین خۆشی ساغ نەبوونەتەوە و لە زیادەڕەوییی بەولاوە نین. سەرەڕای ئەوەی کە باسکردنیشیان هیچ دەورێکی ئیجابی لە مەیدانی پێشخستنی بیرو هەستی کۆمەڵایەتیدا نابینێت."* جێی سەرنجە، کە ساغکەرەوەی دیوانە شیعرێکی سۆفییەکی گەورە، بیانووی زیادەڕەوییی ساغ نەبوونەوەی موعجیزەکان بگرێ و گللەیی ئەوە بکات، کە باسکردنی ئەم شتانە، ڕۆڵ لە "پێشخستنی بیرو

---

* دیوانی مەحوی. لاپەڕە ٢٧/ چاپی ١٩٧٧.

هەستی کۆمەڵ!" دا نابینن.دوای خوێندنەوەی ئەم دێڕانە، خوێنەروا تێدەگات لەبنەڕەتدا شاعیر ئیشی ئەوەیە بیری کۆمەڵ پێش بخات! ئەم زاراوەی پێشخستن و پێشکەوتن و دواکەوتنە، لە زاراوەگەلی گوتاری مارکسیزمی کوردیی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوون. ئەو زاراوانە وەك کراسێك بەسەر هەموو کەس و شتێکدا دەبڕان و بۆ هەر چییەکیش نەبووایە، بە کۆنەپەرست و فیودال و وردەبۆرژوا و... تاد، ناوزەد دەکرا.

کاك محەمەدی مەلا کەریم تا ئێرەیش ناوەستێت و زۆرتر دەڕوات:

*"هەستێکی قەدەرییانەی پاشکەوتوویش لە بیری مەحویدا بەدی دەکەین، کە ئینکاریی هەمو (هۆ)یەك دەکات لە ژیانداو ئینسان دەکات بە پووشکەیەك بە دەم بای قەدەرەوە."*

گومان دەکەم تا ساتی نووسینی ئەم دێڕانە، محەمەدی مەلا کەریم لەنزیکەوە خوێندوەی لەسەر سۆفیزم هەبووبێت، یان دیسان کاریگەریی بیری مارکسیزم لێرەش دەستی بەچاوییەوە گرتووە، ئەگینا دەیزانی ئەوەی ئەم دەڵێت"*سووککردنی ئینسان*"!! ئەوە ڕەگی وا لەبێخی تەسەوفداو هەروا لەخۆڕا سووککردن و بەدەم بـادانەوەش نییە وەك ئەو لێی حاڵی بووە، بەڵکو فەنابوون و نەمانە لەبەردەم گەورەیی جەلالەتی خودا دا و ئەو زانینە بە موسەبیبی هەموو شتێك:

موسەبیب حەزنەکا، پڕ عالەم ئەسبابت پەڕی کایە
فەقەط چاری نییە قەت یەک بەدو بینینی مام ئەحوەل

(ل٢٠٩)

هەر لەو پێشەکییەدا محەمەدی مەلا کەریم قەباعەتێکی **عەلادین سجادی** ڕاست دەکاتەوەو دەنووسێت: *"مەحوی شاعیرێک نەبووە زۆر لە خۆی بکات بۆ شیعروتن..."*.

کە بەر ئەم دێڕانە دەکەویت، گومان دەکەیت لە سەرلەبەری ئەو خوێنەوارانەی نمایندەی نێوەندی ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمەی کورد بوون. دێیتە سەر ڕایەك، کە جگە لە زانیارییە مێژووییەکان، حەق وایە تەواوی نووسینەکانیان ئەرشیف بکەیت و نەچیتەوە سەریان.

ئەوەتا عەلادین سجادی، کە بە پیاوێکی دانا و دانەری کتێب و ڕووناکبیر زانراوە، بڕوانن لەبارەی مەحوییەوە لە لاپەڕە (٥٩٩)ی دیوانەکەدا، دوای پەخشان و وەسفگەلێکی بێتام، چیی نووسیووە:

*"ئایا مەحوی هەستی بەوە کردووە، کە پەردەی خەیاڵی، پەردەیەکی نازکی کامێرایە و ڕووبەڕووی هەر شتێکی کردەوە، وێنەکەی وەردەگرێت و بۆ پاشەڕۆژ دەیهێڵێتەوە؟ یان هەر دەنگی ئاوازی شیعری لە بەینی چوار سنووری عەشقی حەقیقیدا مایەوە و هیچ جموجووڵێکی نەکرد؟ من لام وایە ئەمەی دواییانە."*



Scanned with CamScanner

کاك عەلادین، کە خۆی زنجیرە کتێبی (ڕشتەی مرواری) وەك گاڵتە و گەپ و قسەی گوێ ئاگردانی کوردی کۆکردۆتە، لای وایە شیعری مەحوی بۆ پاشەڕۆژ نەماوەتەوە و بێ جموجووڵ مردووە!

خوێنەری خۆشەویست، مەحوی پێویستی بە بەرگریلێکردن نییە، کەچی ناشتوانین سەرسووڕمانی خۆمان لەئاست ئەو پارادایمە گەورەیەی سادەوتن و سادەفیکرییەدا بشارینەوە، کە عەلادین سجادی ژیانی تیا کردووە. یەك سەرنج بدەن لەم دوو بەیتە یەك بەدوای یەکەی لاپەڕە (١٥٧)ی دیوانەکەو ئەوجا بزانن ئەم پیاوە نۆری لە خۆی کردووە یان هەندێك جار دەستی گرتووەتەوە لە نووسین و بەمەبەست سادەی کردووەتەوە، تا پیاوێکی وەك عەلادین سجادی لێی حاڵی ببێت، کە لێشی حاڵی نەبوو!

ئەم شان و شەوکەتەی لە پەناهی منـایە غەم
وا من دەڕۆم و دەوڵەتی غەم دێتە ئینقیراض
وەک داغی غەم نیە، سـپییە داغی ئینتیظار
چـاوم ببینە، چـاوە! کە موطبیقەتی بەیـاض

(ل١٥٧)

لەنێو هەموو ئەوانەی کە لەو دیوانەدا لەبارەی مەحوییەوە نووسیویانە، تەنیا **کاکەی فەلاح** توانیویەتی مەحوی وەك خۆی بخوێنێتەوە و لە ئاستێکی بەرزی وەهادا لێی تێ بگات، کە هیچ یەکێك لە هاوکارەکانی نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە، کەچی محەمەدی مەلا کەریم دیسانەوە ڕای خۆی دەسەپێنێت و وەختە خۆڵ بکات بەسەر ئەو تروسکاییەی کە لەژێر دەستی کاکەی فەلاحدا دەدرەوشێتەوەو دەنووسێت:

*"بەپێچەوانەی ئەوەیشەوە، کە مامۆستا کاکەی فەلاح دەڵێت، مەحوی بە هیچ جۆرێك لە ڕیزی پێشەوەی کەسێکی وەك نالییەوە نەبووە، نەك هەر مەحوی، بەڵکو کەس نالیی تێ نەپەڕاندووە."*

ئیتر نووسەر نانووسێت ئەم تێنەپەڕاندنە لە چ ڕوویەکەوە، لە فۆرم، لە عەرووز، لە زمان، لە بابەت، لە تەشبیه، لە تەعریز، لە تەورییە، لە ئیحا، لە ئیما، لە ئیشارە، لەتەلمیح، لە ئیبهام، لە ئیستیعارە، لە کینایە؟ لە چی؟ لە کامیان؟!

هەرچۆنێك بێت، پێشەکیی نووسین بەم جۆرە بۆ هەر کتێبێك، حوکمێکی لەپێشینە دەدات بەسەر خوێنەردا و کاریگەریی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر چێژ و تێگەیشتن لە کۆی کتێبەکە.

ئێستا سەرنج لە چەند بەیتێك دەدەین، کە شەرحەکەی مامۆستایانی مودەڕیس بۆیان، بە لای ئێمەوە، جێگەی سەرنج و پێداچوونەوەیە:

**نەشئە بەخشێکە لێوی مەیگونت**
**هەر بەناوی مەسیحی خستە سەما**

(ل٣٥٢)

واتای ئەم بەیتە:

واتە: لێوی سوورت هێندە نەشئەی هەیە، هەر بە ناوەکەی مەسیحی خستە سەما.

لەکاتێکدا یەکێك لە پەرجووەکانی عیسا (دەم)ی بووە، بەوەی قسەی لەگەڵ مردووەدا کردووە و زیندووی کردووەتەوە، هەروەك لە ئینجیل و قورئانیشدا هاتووە. بەیتەکە وا دەگەیەنێت موعجیزەی لێوی تۆ، لە گەورەییدا مەسیحێکی لێو_ دەم موعجیزەیی خستووەتە سەما.

واتە هاتنی ناوی مەسیح لێرەدا تەنیا بۆ بەراوردکرنە بە یار، ئەویش لە(دەم)یدا، کەچی بڕوانن مامۆستایانی مودەڕیس چۆن ئەم بەیتە شەرح دەکەن: *"مەحوی لەم چوارخشتەکییەدا قسە لەگەڵ پێغەمبەر دەکات دروودی خوای لێ بێت و ئیشارەت دەکا بۆ ئایەتی {وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ}، واتە مژدەی پێغەمبەرێکم پێیە پاش خۆم دێت ناوی ئەحمەدە."* ل٣٥٢



Scanned with CamScanner

**تێ دەگا هەرکەس بکا فەهمــی ڕموزی مەعنەوی:**

**هیجرو وەصڵە نار و جەنــنەتی ئــایەتــی (لایستوی)**

(ل۳۱٦)

واتای ئەم بەیتە:

واتە هەرکەسێك تێ دەگات کۆدەکانی ئەو مەعنەویاتە **(عەشق)**ـە ئەگەر بزانێت: **(دووریی)** دۆزەخ و **(پێگەیشتن)**ی بەهەشتە و ئەمانەش لە بەرامبەر یەکدا نین **(لایستوی)**. واتە هێنانی ئەم وشەیە لە قورئانەوە لای مەحوی بۆ جەغدکردنەوەی ئەو نابەرابەرییەیە کە لەنێوان هیجر و وەسڵدا هەیە، هەروەك چۆن درێژەی ئایەتەکەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە مەقامی ئەو دوو جۆرە کەسە، وەك یەك نین و **"اصحاب الجنة هم الفائزون"**.

مەحوی ئەم بەراوردکارییەی لە شوێنی تریشدا هێناوە، بۆ زیاتر دڵنیابوون لەم بۆچوونەی ئێمە، بڕوانە ئەم بەیتانە:

**ویصالت نارە هیجرت ڕۆژە ڕەش، وەك ئافتــابی تــۆ**

**لە تۆ نەزدیکە پشکۆیە، خەڵووزە گەر لە تۆ بێ دوور**

(ل۱۲۹)

یان:



Scanned with CamScanner

**من وەصلی ئەو بەرابەری جەنەت دەگرم و ئەو**

**دۆزەخ بە ئاهی سینەی من ڕوو بەڕوو دەکات**

(ل٢١٣)

یان:

**دووریی لە ئاگرێکە بەجەننەت دەکا جەحیم**

**ڕووحی لە قوربیایە بە دۆزەخ دەکا جینان**

(ل٤٠٩)

هەر لەبارەی دوور و نزیکیی لە **(مەعشوق)**ـەوە دەڵێت:

**دووریی ئەگەر بەلایە، نزیکیشە ئیبتیلا**

**دوورن لە حەسرەتان و نزیکن لە حیرەتان**

(ل٤١٥)

ئێستا بڕوانە مامۆستایانی مودەڕیس لە شەرحی ئەو بەیتە سەرەکییەی سەرەوەدا (تێ دەگا هەرکەس...) چییان نووسیوەو چۆن ڕاڤەکارییەکە دەبەنەوە سەر قورئان و دواتریش وەك ئەوەی خوێنەر نەزانێت جەننەت بەهەشت و نار ئاگرە، دەنووسن: "*واتە: هەرکەس لە مەبەست و نهێنییەکانی قورئان حاڵی ببێت، تێ دەگات کەوا مەبەست لە (جەنەت= بەهەشت) و (نار= ئاگرە)... هتد.*" (ل٣١٦)

لە شیعرەکانی پیتی (ی)دا، مەحوی لە شوێنێکدا ئێجگار جوان وەسفی یار دەکات، لە عیشوە و ناز و بێ وادەیی و دواجاریش وەك فریادڕەسێك، کە لە سەرەمەرگدا بگاتە هەر کەس، هەر لە دونیادا بەهەشت بە چاوی خۆی دەبینێت، لە بەیتی پێنجەمی ئەم شیعرەدا، دەڵێت:

**ئەگەر ڕۆژە، بتی من! هەر بتێ بێ**

**سەرەوژێرە کە تـۆ وەك ڕۆژ هەڵاتی**

(ل٢٩٧)

واتای ئەم بەیتە:

سەرەتا دەبێ بزانین بەهۆی هێنانی (**ڕۆژ**)ـەوە لەسەرەتای بەیتەکەدا وشەی (**بت**) لێرەدا مانای بەژن، کینایەی بالاڕێکی و قەدبڵندیی و قامەت بەرزیی لەدەستدەدات– بەیتەکە بەم مانایە دێ کە بتی من{خوداوەندی من} هەر شتێك بێت، تەنانەت ئەگەر خۆریش بێت، کە تۆ دەرکەوتی –یان وەکو لەبەیتەکەدا، (**هەڵات**)ی بەکارهێناوە، کە جارێك کار و جارێك تەشبیە بە (ڕۆژ= خواوەندی گریمانەکراوی پیشووی شاعیر)لە نیوەدێڕی یەکەمدا– ئیتر ئەو بتەی من سەرەوژێرە.

مەحوی لە بەیتەکەدا تەئکید لە بچووکیی (بت= خواوەند)ی خۆی دەکاتەوە لە بەرامبەر یاردا، ئەوەتا بە ئاڵنگار{تەحەداوە} نووسیویەتی: (بتی من! هەر بتێ بێ) واتە هەرچی بپەرستم، کە تۆ دەرکەوتیت، ئەو دەکەوێ و ئەمەش مانای وایە تــــۆ (بت= خواوەند)ی ڕاستەقینەی منیت.

کەچی مامۆستایانی مودەڕیس لە شەرحی ئەم بەیتەدا، نوسیوویانە:

"*ئەم بەیتە ئیشارەتە بۆ ئەوەی کە پێغەمبەر، درودی خوای لێبێت، پاش گرتنی مەککە، چووە ماڵی حەرم و بتەکانی هەموو خست و سەرەوخواری کردنەوە.*" ل٢٩٨.

ئەمە هەموو شەرحەکەیانە! بفەرموون بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر چەند بەیتێکی تری هەمان شیعر وەربگرین، تا یادئاوەری خوێنەر لە کۆنتێکستی تەواوی شیعرەکە بکەین و تێبگەین و بزانین ئەم شیعرە بۆ کێ نووسراوە و مەحوی لێرەدا موخاتەبەی کێ دەکات؟ هەر بەیتی یەکەمی ئەم شیعرە ئاوا دەست پێ دەکات:

**دڵم دەرهات و تۆ هــەر دەرنەهاتی!**

**نەهاتی، هەرنەهاتی، هــەر نەهاتی!**

(ل٢٩٧)

مینا شین



Scanned with CamScanner

خۆ ناشێت شتێکی وەها بە پێغەمبەر وترابێت، چونکە پێغەمبەر هاتووە و دوا پەیامبەریشە و چاوەڕێکردنی هیچ پێغەمبەرێکی تریش لەئارادا نییە. لە بەیتی حەوتەمی ئەم شیعرەدا دەڵێت:

**ڕوخیشی کـردە ئەولا، دەیشیپرسی**
**بە شۆخی، شاهی من، بۆچی ماتی!**

(ل٢٨٩)

دیسانەوە دەپرسم ئایا گونجاوە ڕووی دەمی مەحوی لەم شیعرەدا لە پێغەمبەر بووبێت..؟ ئایا دەکرێت پێغەمبەر بەو عالی مەقام و گەورەییەی خۆیەوە، بە مەحوی وتبێت (**شاهی من، بۆچی ماتی**)؟!

ئیتر ئەم کورتهێنانەی شەرحەکەی مامۆستایانی مودەڕیس، درێژدەبێتەوە و ناوە ناوەش، ئەم پەردە ئاینییەی بەسەر ڕاڤەکارییەکەدا کشاوە، ناهێڵێت خوێنەر بەدوای مانای تر لە شیعرەکاندا بگەڕێت و زۆرجار خوێنەر وەها گومڕا دەکات کە مانا ڕاستەقینەکەیانی لێ ون دەبێت.

مەحوی لە شیعرێکدا دەڵێت:

**قاتیی پیاوە لەسەر ئەم ئەرزە، دەبینی مەنسـور**
**بەسـەری دارەوە،( ذالـنون ) لە بـن زینـدانـا**

(ل٣٤)



Scanned with CamScanner

واتای ئەم بەیتە:

واتە پیاو قات بووە، ئەوە مەنسورە* بەسەری دارەوە، واتە لەداردراوە، ئەوەیش (ذالـنون)ـە** لە کونجی زینداندایە.

ئەوجا ئەم (ذالـنون) بەهیچ کلۆجێ ناکرێ مەبەست لێی یونس پێغەمبەربێت، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- مەحوی لە نیوە دێڕی یەکەمی بەیتەکەدا ناوی (مەنسور)ی هێناوە، کە سۆفییەکی گەورەیە و لەسەر بیروباوەڕەکانی بەدەستی خەلیفە و دەسەڵاتی شەریعیی هەم زیندان و هەم لە سێدارە دراوە. لە کاتێکدا ذالـنون هاوشان لەگەڵ مەنسور سۆفییەکی گەورەیە و لەسەر بیروباوەڕەکانی بەدەستی خەلیفە و دەسەڵاتی شەریعیی هەم زیندان و هەم ئەشکەنجە کراوە. کەواتە هێنانەوەی ناوی ئەم دوو کەسە لە بەیتێکدا ساز و هاوگونجاو و ڕەوانترە.

٢- ئەگەر مەبەستی لەو ذالـنونـە یونس پیغەمبەر بێت، چۆن ناوی مەنسور (وەلییەك) دەخاتە پێش ناوی یونس (پێغەمبەرێك)ـەوە! بە تایبەت کە قسەکە لێرەدە لەسەر (پیاو)ـە، چۆن لە بەپیاو

---

* مەبەست لە مەنسور: حسینی کوڕی مەنصوری حەلاجە.

** مەبەسـت لـە ذالــنون: شـیخ ابـو الفـیض ثوبـان کـوڕی ابراهیمـە ٧٩٣-٨٥٩ز، بـە ذالــنونـی میسـری ناسـراوە، گـەورە سـۆفییەکی مێـژووی ئیسـلامە. ئـەم پیـاوە لەلایـەن خەلیفـە جعفـر المتوکـل عەباسـییەوە لەسـەر بیروبـاوەڕە عیرفانییـەکانی ٤٠ ڕۆژ زینـدانی دەکرێـت. پاشـتر هەر خەلیفە خۆی ئازدی دەکات و داوای لێبوردن و بەخشینیی لێ دەکات.



Scanned with CamScanner

حسابکردندا، مەنسوری لە یونس پێ پیاوتر دەبێ و ناوەکەی پێش دەخات!

٣- یونس لەسەر پیاوەتی لە زیندان(ناوسکی نەهەنگ) نەنراوە، بەڵکو لەسەر شك و گومان و ڕەدی تەڵەب، خودا بە خستنە ناو سکی نەهەنگ سزای دەدات. چۆن دەکرێ مەحوی شانازی بەزیندانبوونی یونسەوە بکات، کە لەسەر نافەرمانی و بێگوێیی کردنی خودا خراوەتە ئەوێوە!

هەر نمونەیەکی پیاوەتی لە یونس بگێڕدرێتەوە، ئەوەی بەپیاوەتی بۆ حیساب نییە کە لە سکی حوتدا سجن کراوە، هەر خۆی ئەوە نەنگییە لە سروشتی پێغەمبەرانەی ئەودا کە نەدەبوو هەبێت، ئەوەتا قورئان بۆ پەند لێوەرگرتن دەیگێڕێتەوە، نەك بۆ شانازی و چاولێکردن.

ئێستا سەرنج بدەن بزانن مامۆستایانی مودەڕیس لە شەرحی ئەم بەیتەدا چییان نووسیووە:

"*واتە پیاوێك پیاو بێت، نەماوە لەسەر زەویدا و دونیای دون جێگەی مرۆی مەرد و بەهیممەتی تێدا نابێتەوە، بۆیە وا مەنسوری حەلاج دەکرێت بە داردا و پێی لە زەوی دەبڕێت و یونس پێغەمبەر دەکەوێتە زیندانی سکی ماسی بنی دەریاوە و کەسیان لەسەر زەوی ناژین.*" ل٣٤.

خوێنەر تێناگات مامۆستایانی مودەڕیس، یونس پێغەمبەر و سکی ماسی و بنکی دەریایان لە کوێوە هێنا؟! ئەمانە چین و پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بەم بەیتە شیعرەوە چییە؟! بەهەرحاڵ، خوێنەر دەبێت کۆمەك لە مەعریفەی خۆی بخوازێت بۆ تێگەیشتن لە دونیای ئەم سۆفییە گەورەیەی ئەدەبی کلاسیکیی کوردی، نەك بەتەنیا ساغکردنەوە و شەرحەکە.

### کێشەی نێوان سوفیگەریی و شەریعەتخوازەکان

مێژووی ئەو ناکۆکییە توندەی نێوان سۆفییەکان و شەریعەتییەکان، هاوکاتە بە مێژووی دروستبوونی سۆفیگەریی وەك ڕێگەیەکی تری پەرستش. ئەو ترسەی لە پشت شەریعەتخوازەکانەوە لە سۆفییەکان هەیە، دوو ترسە: ترسی یەکەمیان ترسێکی سەلەفییانەیە لەپێناو (**پاك ڕاگرتنی**) ئاینی ئیسلامدا و هێشتنەوەی و ڕێگەنەدان بەدەستکاریکردنی ئەحکام و واجبات و تا دواجار نەبێتە خەلەل و پارادۆکسێك لە عەقیدەدا و کێشەکە لە تەئویل و تەفسیری جیاوازەوە بۆ دەق (**قورئان**) گەورە دەبێت و دەگات بە لە ڕێ دەرچوون زانین، تــا بە لادەر و کافر و زەندیق و موشریك زانینی یەکتر.

(**ابن التيمية**) کە بە یەکێك لە دوژمنە سەرسەختەکانی ئەهلی تەسەوف دەزانرێت و لەوبارەیەوە نووسین و مشتومڕی زۆری هەیە، ئەو لای وایە تەنیا (**خۆشویستنی خودا**)، کە ڕۆحی تەسەوفە، بەس نییە بۆ پەرستشێکی تەواو و دروست، بەڵکو دەبێت موسڵمان ئومێد و ترس و چاوەڕوانی و... لە خودا هەبێت. (**ابن التيمية**) دەڵێت خۆشویستنی خودا (**موحیببەت**) نەك بە تەنها بە عیبادەت نایەتە هەژمار، بەڵکو خاوەنەکەی بەرەو گومڕایی و لە دین دەرچوونیش دەبات*.

ئەمە لەکاتێکدا عاریفەیەکی گەورەی وەك (**رابیعای عەدوی**)**یە**، دەڵێت: *"خودایە، ئەگەر لە ترسی دۆزەخ دەتپەرستم، بمخەرە دۆزەخەوە، ئەگەر لەبەر چوونە بەهەشت دەتپەرستم، بەهەشتم لێ حەرام بکە، خودایە! بەڵام ئەگەر لەبەر خۆشەویستی خۆت دەتپەرستم دە جوانیی (جمال)ی خۆتم لێ مەشارەوە."* شاعیرەکەی ئێمەش وەك ڕێبوارێکی ئەو ڕێگەیەی ڕابیعە دەڵێت:

**گەر ئـاگری موحەبەتی شـك بەم لە دۆزەخا،**

**ئەو دۆزەخە بەهەشتمە، جەنەت دەکەم حەرام**

(ل١٢٣)

---

* دیدگاه صوفیه درباره عبادت و دین. د.صالح فوزان الفوزان.



مینا شیندن

Scanned with CamScanner

یان دەڵێت:

**ئەی مەحەببەت! ئاگرێکی هێندە خۆش و دڵنشین**

**ئەو کەسەی سووتوتە، هەر هەوڵ ئەدا بۆ سوو بە سووت**

(ل٧٩)

ئەو ناکۆکییە هێندە کێشمەکێش بەخۆیەوە دەبینێت تا ئاستی خوێنڕژان و هەموو جارێکیش کەمینەکان **(سۆفییەکان)** قوربانییەکانیان زیاترە، چونکە ئەمان ئەهلی بەگژداچوون و ئازاردانی کەسانی دی نین، تەنانەت بە هۆی وەجد و حاڵی خۆیانەوە زۆرجار نەک هەر ئازاری خەڵکیان نەداوەو ئازاری خۆیان داوە، بەڵکو ڕێک کەوتووە، کە خەڵکیش بۆ ئازاردانی خۆیان هان بدەن:

**کەواتە ئەو شۆخە تیرێکی بە (عمدا) گرتە من "مەحوی"**

**(نمیدانم چ سان ارم بەجا شکرانە خودرا)**

(ل٣٦١)

سۆفییەکان دیسانەوە بە هۆی حاڵێکەوە، کە تێی دەکەون و لایان وایە نووری حەقیقەت لەناو خۆیاندا چاو دەکەن، گەلێک جار نەک تەنیا ناتوانن وەک موسڵمانێکی شەریعی ڕەفتار بکەن و واجبە

دینییەکان بەجێ بهێنن، بەڵکو زۆر بەئاشکرا شتهایەک دەڵێن، کە لە دەرەوەی تەفسیرە ڕووکەشییەکانی قورئان و سونەتەوەیە:

**هەرکەس بە بارەگاهی جەلال ئاشناترە**
**زیاتر قسەی لە وەحشەت و دەهشەت دەدا نیشان**

(ل٤١٠)

ئەم (**حەقیقەت**) وتنانە سەری هەندێکیانی تا ئاستی قەنارە بەرز کردووەتەوە، بەرجەستەترینیان **حەلاج** و **سوهرەوەردی** و **ئیبن خەلەکان** و لە پیاوە عەقڵانی و فەیلەسوفەکانیش، دەتوانین پەنجە بخەینە سەر ناوی **ئیبن ڕوشد** و ئەو ئازارانەی بە هۆی جیاوازی فیکرییەوە بۆیان دروست بووە.

جارێك لە (**ابن التیمیة**) دەپرسن: *"سۆفییەکان دەڵێن ئەو ئەمر و نەهییانە، هەمووی ڕەسم و ڕسومە و بۆ خەڵکی عەوامە نەك بۆ کەسێك، کە خۆی حەقیقەت ببینێت... ئێمە عەوام نین؟"* لە وەڵامێکی توندا، (**ابن التیمیة**) دەڵێت: *"ئەم قسەیە بەهێزترین و گەورەترین جۆری کوفرە، کە لە قسەی جوولەکەو مەسیحییەکان خراپترە."* هەر ئەوە دەڵێت: هەندێك لە سۆفییەکان ئەگەر زانییان، کە ئەو مەعریفە و حاڵەیان چنگ کەوتووە، کە دەیانویست، ئیتر تەرکی واجباتە ئاینییەکانیان دەکەن.

بەشێکی دیکەی دوژمنەکانی سۆفیگەری، بەپێی ناوچەو هەڵکەوتەی جوگرافیا و قەرەباڵغیی دانیشتوان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕاوە، جەنگاوەری ئەم سەنگەرەی تر، دەسەڵاتی لۆکاڵی و ناوچەییەکان بوون تا دەگات بە دیوانی سوڵتان و سەنتەری بڕیار لە شارە گەورەکانی ئەو سەردەمەدا. ئەم ترسە ترسێکی سیاسی بوو، ترس بوو لە لەدەستدانی حوکم و کودەتا بەسەرداکردن، بەڵام ئەمانە وەك دەسەڵاتی تەنفیزی، پاش ڕاوێژیان بە موفتی و پیاوانی ئاینیی سەردەمەکانی خۆیان، توانیویانە تیشکی سەوز بۆ لێدانی پیاوانی تەریقەت وەربگرن و توندوتیژی وەها بنوێنن، تـا ئاستی چاوهەڵکۆڵین و بەزیندوویی سووتاندن و شێواندنی جەستە و هێشتنەوەی قوربانییەکان بەسەر دارەکانەوە، هەتا چاوترسێنی هەر جموجووڵ و خەیاڵێك بکەن ئەگەر لە دوورەوە لەسەری کەسێکدا هەبووبێت.

ئەم جۆرە دوژمنەی سۆفیگەری، جار هەبووە لە بەرژەوەندیی سیاسییان سازشیان کردووە. نزیکترین نموونە، دروستکردنی خانەقایەکی گەورەیە بۆ **مەولانا خالیدی نەقشبەندی** لە سلێمانی لەلایەن دەسەڵاتی والیی بەغداوە، ئەوەش دوای ئەوەی دەبینرێت لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، مەولانا خەڵکێکی زۆر بەتایبەتییش لە

خوێندەوار و پیاوانی گەورەی شار، لە دەوری تەریقەتەکەی (نەقشبەندی) کۆ دەکاتەوە.

هەرچەندە لەلایەن پیاوانی تەریقەتی **(قادری)** و بەتایبەتییش خودی **کاک ئەحمەدی شێخەوە**، ئاستەنگی بۆ مەولانا دەهێننە پێش و ڕاپۆرتی لێ دەنووسن بۆ **عەبدولڕەحمان پاشای** والیی ئەو کاتەی بەغدا، کەچی دەسەڵاتی سیاسی گەمەکە لە بەرژەوەندیی خۆی بۆ مەولانا دەباتەوە.

**مەی لە شیعری مەحویدا**

بەر لەوەی ئەو بەیتە شیعرانەی مەحوی دیاری بکەین، کە تێیدا ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە **(مەی)** داوە، بە پێویستی دەزانم کەمێك لەمەڕ چەمکی مەی لە ئەدەبیات و مێژووی سۆفیگەریدا بدوێم.

ڕاستییەکەی ئەدەبی سۆفیگەری، ئەدەبی میتافۆرە، کاتێك بەر وشەگەلی وەك **(ساقی، موتریب، صەنەم، بادەفرۆش، پیری مەیفرۆش، پیری موغان، پیری مەیکەدە، مەیخانە، خەرابات... هتد)** دەکەوین، دەبێت دایانماڵین لە مانا باو و ڕۆژانەییەکانیان، ئەمانە زۆرتر وشەگەلێکی مەجازین، ئەوەتا **حافظ** دەڵێت:

خم هـا در جوش و خروش اند ز مستی

ان می که انجاست حقیقت نه مجاز است

ئەمە مەستییەکە لە ئەنجامی حاڵێکی تایبەتیی پەرستشەوە تووشت دەبێت و دەتوانین بەم مەستییە بڵێین مەستی باڵا. (**د. سالح فوزان الفوزان**) لە زاری **ئیمامی شافیعییەوە** دەڵێت: "*ئەم حاڵەتانە جۆرە مەستییەك دەدەنە خاوەنەکانیان، کە لە مەستیی شەراب زیاترەو چێژیشی لەو زیاترە، ئەمانە بەو هۆیەوە زیاتر لە خودا و نوێژ دوور دەکەونەوە.*"

سۆفییەکان ئەم چەمکانە بە جۆرێك بەکار دەبەن، کە خەڵکانی ئاسایی –کەسانێك ئەهلی تەسەوف و عیرفان نەبن– ناتوانن پەی بەو ماناو مەبەستە ببەن، کە لە باکگراوندیاندا هەیە. تەنانەت لەناو سۆفییەکاندا دەبێتە مشتومڕ، هەر یەکەیان بە ئەندازەی مەعریفەی خۆی و پلەی مەقامی سۆفیایەتییان، دەتوانن شتێکی لێ هەڵبهێنجێنن.

تەنانەت لەمەڕ **حافظ** دەوترێت هەندێك لە عارفە گەورەکان لە کاتی خوێندنەوەی غەزەلەکانیدا، شیددەت و وەجد و هیجا و حاڵی تایبەت دەیانگرێت، کە نموونەیان (**ئەدیب پیشاوەری**)یە *.

* از چه موقع تصوف وارد اسلام شد. ص۸۲.



Scanned with CamScanner

وشەی (مەی) لە شیعری مەحویدا، لە ئاستێکی دیار و بلاقدا بینراوە، (د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان) لە زاری د. عاتف جەودەت نەسرەوە دەنووسێت: "مەی لە شیعری تەسەوفدا دیاردەیەکی کۆنەو مەندێک لە سۆفییە ئیباحییەکانی وەکوو (مەتاوعە و قەڵەندەری) بەدزییەوە نۆشیان دەکرد و دوای ئەمە مەی بووە هێمایەکی عیرفانی، بەتایبەتی کە دەکەوتنە ناو سۆزی دەروونییەوە. لەلایەکی تریشەوە، مەی لە شیعری سۆفییەکاندا هێمایە بۆ خۆشەویستیی خوایی، ئەم خۆشەویستییە، کە دەبێتە هۆی سۆز و وەجد و سەرخۆشی.
بە هۆی سۆزی سۆفییەتییەوە، بۆ واتاکانی خۆشەویستی و نەمان و لەهۆشخۆچوون، سۆفییەکان وشەی (مەی)یان بەکار دەهێنا، لە سەدەی دووەمی کۆچیدا زاراوەی (سکر- صحو) پەیدا بوو."**

مەحوی لە شیعرێکدا دەڵێت:

**لە مەیخانە، خودا! گەر ئێمە دەرچین،**
**بەکێ بەین ئیلتیجا، بۆ کێهە دەرچین!**
**کە ئێمە چوونە جەننەتمان بە تۆدا،**
**لە ئێمە لادە زاهیدا! ئێمە هەرچین**
(ل٢٤٩)

---

** سۆفیگەری. د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان لاپەرە ٣١٦-٤١٣.



Scanned with CamScanner

ئەگەر بەیتی دووەم نەهاتبا، ئێمە دەمانوت (**مەیخانە**)ی بەیتی یەکەمی وەك مەجازێك، کە تێیدا مەبەست لە دونیا، یان کۆڕی زیکر، یان.. هتد بووە، بەڵام کاتێك ڕاستەوخۆ بەیتی دووەم دێت و لەگەڵ بەردەنگێکدا قسە دەکات کە (**زاهید**)ـە، بەوەی کە بەهەشتمان بە تۆ داوە، ئیتر لێ گەڕێ ئێمە هەرچییەکین. لەم دوو بەیتەدا، دوو ناتەبایی لەگەڵ شەریعەتدا هەیە، جارێك (**ئێمە= شاعیر**) لە مەیخانەین و لەوێ بترازێت، شوێنێك نییە پەنای بۆ ببەین و جارێکیش –کە ئەمەیان لەوەی یەکەم قورسترە– ئەویش ڕەتکرنەوەی بەهەشتە وەك جێگەیەکی خەیاڵی و گەورەترین پاداشتی خودا بۆ بەندە ساڵحەکانی و بەخشینێتی بە (**زاهید**)ـە وەك نمایندەی شەریعەت.

**ئەگەر ئەو شۆخە ساقی بەزمە، باقڵ قاضي یو موفەتیش**
**دەبێ بـنە قەدەح وەرگـر لـەگـەڵ فەتـوی (ولا یقدح)**

(ل١٠٢)

واتای ئەم بەیتە:

واتە: ئەگەر ئەو یارە، ئەو شۆخە پێڕی خواردنەوەیەو مەیگێڕە، ئەوا قازی و موفەتیش پێکی لێ وەردەگرن و دەیخۆنەوە (**قەدەح**

مینا شێن



Scanned with CamScanner

وەردەگرن) لەگەڵ ئەوەی فەتوای **(ولایقدح)** نەخواردنەوەیان داوە، یان ئەم فتوایەش لەسەر خواردنەوە هەیە.

یان دەڵێت:

**بینن گەر لـە ساقـی ناز و عیشـوێـك، ئێمە دەبینـین**

**بەمەی نۆشـی دەدەن فتوا بە مەسـتی موفتی و قاضي**

(ل٣٠٥)

بەر لەوەی واتای ئەم بەیتە بنووسین، دەبێت ئەوە بڵێین، کە مانا لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا، لەنێو لێڵاو و تەمومژدایە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیك ئەوەیە، بەیتەکە بە ڕووکەش مانایەك دەدات، کەچی پاش لەسەر وەستان و لێوردبوونەوە، هێور هێور دەتوانین مانایەکی دیکەشی لێهەڵبهینجێنن. هەڵبەت ئەمە لەلای **مەولانا** و **خیام** و **حافظ** ، واتە لە ئەدەبییاتی کلاسیکیی فارسیدا تا ئەو شوێنەی من ئاگادار بم، زۆر ئاشکرایە. لە ئەدەبییاتی کوردیشدا، دوای **نالی**، مەحوییش شاعیری ڕاز و ڕەمز و میتافۆرە، واتە بۆ تێگەیشتن لە مەحوی، دەبێت زمان وەك سیستەمێکی دەلالی تەماشا بکەین. لە بەیتێکدا دەڵێت:

**سـەرت پـێ لازمـە، مـەیبازە"مەحوی"**

**دەبێ دولبەر کە هات ئێمە بەسـەرچین**

(ل٢٥٠)

خوێنەر لە موتالاّی مەحویدا تیا دەمێنێت، ئەو دولبەرەی مەحوی، کە بڕیارە بێت، یـــارە؟ (**واتە کەسێکی مێینەیە و دولبەری واقیعی مەحوییە**؟) یان مەعشوقە-**خودایە** وەك مەجازێك؟ چونکە ئێمە دەزانین خوداش بۆ لای بەندەکانی دەچێت، ئەی ئەوە نییە لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەڵێت: "**ئەوەی بستێك بۆ لای من بێت، من گەزێك بۆ لای دەچم، ئەوەی گەزێك بۆ لای من بێت، من هەنگاوێك بۆ لای دەچم، ئەوی هەنگاوێك بۆ لای من بێت، من بە ڕاکردن بۆ لای دەچم.**"

واتە خودا سیفەتی ڕۆیشتن (**نازانین چۆن ڕۆیشتنێك!**)ی هەیە، مادام لای ئەهلی تەریقەت مەعشوق خودایەو مەحوییش وەك پیاوێکی ئاینیی گەورە ڕووەو خودا چووەو ئێستا لە چاوەڕوانیی (**هاتنی خودا**)دایە؟ یان لە چاوەڕوانیی (**هاتنی یار**) دایە وەك کارەکتەرێکی مێینە؟ وا دەڵێت، دەبێت سەرم نەدۆڕێنم، چونکە ئەگەر ئەو هات، من دەبێت بەسەرچم.

لێرەشدا (بەسەرچوون) پنتی پڕگرفتی پرۆسیسی هێرمۆنۆتیکا و ماناکردنە، ئەم تەنها وشەیە تەواوی تێگەیشتنی بەردەنگ تووشی ئاڵۆزکاری دەکات، بەوەی، کە ئایا (**بەسەرچوون**) وەك کۆتاییهاتن و لێبونەوە و ئێکسپایەر و فەنا و تەواوبوون هاتووە؟ یان وەك ئەندامێك بۆ فرمانی ڕۆیشتن لە بەدەمەوەچوونی یاردا..؟!

ئەگەر وابێ، ئەم ئەمرەی مەحوی بە (**سەر**)ی پێچەوانەی سروشتی ئەندامەکە و جیهانی ڕۆیشتن و ڕێکردنیشە! من لە خوێندنەوەی کورتوکوێری خۆمدا وای بۆ دەچم: ئەمەی دووەمیان بێت، بۆیە لە دێڕی یەکەمی بەیتەکەدا دەڵێت: (سەرت پێی لازمە)، واتە تۆ ئیشێکت بە (**سەرت**) هەیە، یان پێویستییەکت بە (**سەرت**) دەبێت، نەیدۆڕێنیت و لەدەستی نەدەیت.

بەمجۆرە دۆزینەوەی مانای ڕاستەقینە لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا یان نییە، یان زۆر سەختە! هەر بۆیە لە فەرهەنگی ئێرانیداو دیارە لەبەر قووڵایی و ئاڵۆزییەکەشی بە دیوانی شاعیرێکی وەکو **حافظ** فاڵ دەگیرێتەوە. واتە ئەو کتێبە دەبێت بە کتێبی ئایندەدۆزیی، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەو خاڵەیە، کە میتافۆر لە کلاسیکدا ئامادەیی بەردەوامی هەیە و ئەمەش یەکێك بووە لە نهێنییەکانی زیندوومانەوەی ئەم ئەدەبیاتە دوای تێپەڕینی پتر لە (٤٠٠-٨٠٠) ساڵ بەسەریدا.

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر لێکدانەوەی بەیتی (ببینن گەر لەساقی ناز و ...) مانای ڕووکەشیی بەیتەکە ئەوەیە، ئەگەر موفتی و قازی نازێك یان کەمێك عیشوەیان لە لایەن ساقییەوە بۆ بکرێت، وەها مەست دەبن خۆشیان دەچن دەخۆنەوەو هەر لەوێش (**بە مەستی**) فتوای مەینۆشین دەدەن بۆ خەڵك.



Scanned with CamScanner

بەڵام ئەم بەیتەی ناو ئەم غەزەلە، لە وردبوونەوەو تێڕاماندا مانایەکی دییش، مانایەکی کاڵی وەك تەمی لەخۆوە پێچاوە. شاعیر لێرە شەڕ لەگەڵ شەریعەتخوازەکان (**موفتی و قازی**) دەکات، ئەوان لایان وایە ئەم حاڵ و وەجدەی سۆفییەکان جۆرێك لە هۆشخۆچوون و نائاگاییە و ئەمەش نەك هەر کەراهەتی هەیە، بەڵکو حەرامیشە و ڕەنگە موسڵمانەکە بەرەو شتی خراپتریش ببات. وەك لەپێشەوە ڕای شافیعی و ئیبن تەیمییەمان لەوبارەیەوە باس کرد.

ئێستا بەیتەکە وا دەگەیەنێت گەر نمایندە فیقهییەکانی شەریعەت ئەوەی ئێمە دەیبینین (**ناز و عیشوێك لە ساقی– ڕووپێدانێك لەلایەن خوداوە**) ئەگەر ئەوان بیبینن، ئەوا کاریان تەواوە و بەسەرخۆشی فتوای ئازادیی خواردنەوە دەدەن بۆ خەڵکی عەوامیش. نەك هەر نابنە کۆسپ لەبەردەمیاندا، وەك چۆن هەمیشە ئەمانە کۆسپی سەر ڕێگەی تەریقەت بوو، بەڵکو هانی خەڵکیش دەدەن بۆ ئەم ڕێگەیە.

لە جێگەیەکی تردا دەڵێت:

**واعیظ لە ڕەندی مەیکەدە دەگرێ کە ئیعتیراض**
**ڕاضی نیە بە ســــەرنویشتی ئەزل (انی لراض)**

(ل١٥٦)



Scanned with CamScanner

باوەڕی باوی موسوڵمانەکانە کە هەموو ئەم شتانەی لەم گەردوونەدا ڕوو دەدەن، پێشتر لە (لوح المحفوض)دا نووسراوە، کەوابێ چارەنووسی هەرکەسێك بەر لەهاتنە بوونی نووسراوە. مەحوی توانج دەگرێتە (واعین)، کە ناکرێت گللەیی لە مەیخۆر بکات، چونکە لە ئەزەلەوە لە چارەی نووسراوە، کە ببێتە مەیخۆر، چۆن (واعین) تۆ بە چارەنووسی ئەزەل ڕازی نیت؟ من ڕازیم.

ئەم بەیتە جگە لە وتنی حەقیقەتێکی دیدی ئاینیی بۆ چارەنووس، بەرگرییەکی سەختیشی لە مەیخۆر تێدایە. ئەوەتا مەحوی سەرزەنشتی مەیخۆرەکە ناکات **-کە دەبوو ئەوەیانی بکردایە-** دێت هاوکارەکانی خۆی (**واعین**)ـەکان سەرزەنشت دەکات، کە لێگەڕێن، ئێمە هەرچییەکین، ئاخر بەدەست خۆمان نییە، ئەوە نییە خودا دەڵێت: پێش ئەوەی بێنە بوون، لە چارەتان نووسراوە چی دەبن.

**دەفەرموێ کە حەکیم و دەوا هەیە و ساقی**

**دەگرنەوە لە نەخۆشـــی منـــا کەوا (حافظ)**

(ل١٦٢)

واتە کاتێك دیوانی **حافظ** بۆ من دەگرنەوە -وەکو وتمان لە ئێران بە **حافظ** فاڵ دەگرنەوە- سەیردەکەن، کە من چارەسەرەکەم تەنیا مەی و ساقییە.



Scanned with CamScanner

یان دەڵێت:

**سەججادە مەی پیارژاوم و، عوریان لەش بە خوون**
**نوێـــژم مەظەننە وایـــە لـەمەولا بکەن قوبوڵ**

(ل٢٠٧)

واتە مەی بە بەرماڵمدا ڕژاوەو ڕووت و خوێناوییم، ئیتر ئێستا وا مەزەندە دەکەم، کە نوێژم قبوڵ بێت.

یان دەڵێت:

**بە بێ بەزمی حوضوری تـــۆ حەرامم کردووە بـادە**
**نەوەک بشکێ بە نەشئەی مەی خوماری دردی بێ تۆیی**

(ل٣٥٩)

یان دەڵێت:

**نیسبەت بدرێ حوور و پەری گەر بە لە تۆ چوون**

**باڵیدە دەبن تـــا دەگەنـە ئەوجی لەخۆ چوون**

(ل٢٤٤)



Scanned with CamScanner

واتە ئەگەر ڕووخسەت بدرێت بە حۆری و پەریی بەهەشت و پێیان بڵێن لە تۆ دەچن، باڵ دەگرن و ئەوەندە دەفڕن تا لووتکەی لەخۆچوون. ئەو لەخۆچوونە، لەخۆچوونی شاگەشکەیی و لەخۆچوونێکی مەستییە نەك لەهۆشخۆچوونێك لە هیلاکیدا.

مەحوی لە زۆر شوێنی تر، ئەگەر ڕاستەوخۆش ناوی مەی و ساقیی نەبردبێت، ئەوا وەك ئەم بەیتەی سەرەوە، باسێکی چنییەوە، کە لە وردبوونەوە لە کۆنیتێکستی دەقەکە، تێ دەگەیت ئەمانە حاڵەتی سەرگەرمی و مەستی و سەرخۆشیین. دەبێت ئەوەش بڵێین، ئەم نووسینە نیازی لەوە ئەولاترە، کە بڵێت مەحوی مەیی خواردووەتەوە تا پەی ببات بە ساتی مەستی و کەشف و تەحقیقی ئەم حاڵەتەی کردووە، بۆیە وا دەتوانێت گوزارشتی لێ بکات و مەستیی بنووسێتەوە.

تا ئەمانە تەنیا هێنانەوەی چەند نموونەیەك بوون لەبارەی (مەی)یەوە، کە لە ڕووە شەرعییەکەیەوە نەك هەر نەگونجاو و ناپەسەندە بۆ پیاوێکی وەك مەحوی، کە خاوەن خانەقا و سەردەمانێك ئیمامی مزگەوتی ئەعزەمی بەغدا بووە، بەڵکو تاوانێکی گەورەیە و گەر ڕۆژی خۆی دەست هەندێك لە شەریعییە کۆنزەرڤاتیڤەکان بکەوتایە، ڕەنگ بوو ئێستا ئێمەش خاوەنی حەلاجێك بووینایە.

## مەحوی وەك مەلایەكی سەركێش

سەركێشی و ناتەبایی و نەهاتنەوە لەگەڵ خاس و عام، پنتێكی تۆخە لە مێژووی سۆفیگەریدا، ڕاستییەكەشی هەر ئەو سەركێشییانە ئیتر سەركێشیی فیكریی یان زمانیی یان كرداریی بن، هۆی ڕاستەقینەی لەناوبردن و دژایەتیكردنی سۆفییەكان بووە. ئەم لادانانە لە ستانداردێك، كە دەقێكی پیرۆزی وەك قورئانە لای فیقهییەكان و قبوڵ نەكردنی زیاد لە تەفسیرێك و زیاد لە ڕوانینێك بۆ ئەو دەقە، هۆكاری قەتڵوعام و تاڵان و سەربڕین و سووتاندنی نەیارەكانی دەسەڵات (**زۆرینە**) بووە.

موعتەزیلەكان و ئیسماعیلییەكان و شەڕی مەعاویەو عەلی كوڕی ئەبو تالیب و سەركوتی هەر گروپ و كۆمەڵی جیاواز لە خۆیان، شووناسی دەسەڵاتی سیاسیی ئیسلامی بووە، لە هەموو ناوچەكانی ژێر قەڵەمڕەویان. لە ڕوانینێكی خێرادا وا دەردەكەوێ **مەحوی** لە **حافظ** زیاتر و لە **خیام** كەمتر شیعری ڕەندانی نووسیووە. ئێستا هەوڵ دەدەین چەند نموونەیەك لە سەركێشییە شیعرییەكانی مەحوی بخەینە پێش چاو:

**گفتا بتم: وفا طلب از من تو "محویـــا"**
**در عمر خود شنیده‌ای از عمر وفـــا**

(ل١٢)

واتای بەیتەکە:

بتم گوتی وەفا لە من داوا بکە مەحوی، گەر بیستووتە لەعومر وەفا.

ئامادەیی بت لەم بەیتەدا، ئەگەر جارێك کینایە بێت لە قەدو قامەت ڕاست و باڵارێك، بەڵام هێشتا ڕەهەندە مێژووییەکەی ون نەکردووە، کە بە مانای وشە یانی (**بت**). بۆ ساغکردنەوەی ئەم لێکدانەوەیە بڕوانە ئەم بەیتانەی دواتر:

**وەردەگێڕی ڕوو کــە سوجدەی بەر دەبەم**
**هەی دەڵێ: کەی نوێـــژی ڕۆژاوا دەکــا**

(ل٢٣)

مەحوی لەو بەیتەدا بەئاشکرا دەڵێت (سوجدەی بەردەبەم)، ڕوونە، کە سوجدە تەنها بۆ خودا دەبرێت، بەڵام لێرەدا مەحوی مەبەستی لە شۆخێکە (**کارەکتەرێکی مێینە**) نەك خودا، چونکە ڕاستەوخۆ دوای ئەم بەیتە دەڵێت:

**چاوە، جێی ئەو شۆخە بێ، وتم و وتی:**
**ئەم مــەلا شێخــە قسەی بێ جـا دەکا**

(ل٢٣)

لە بەیتێکی تردا دەڵێت:

**دینتم ئیمانە خۆ، کوفرە نەگەیینم بە تۆ**

**قورپەسەر، دینە: چوو، کافرییە بوو ئەوا**

(ل٣٧)

بەر لەوەی واتای ئەم بەیتی لێك بدەینەوە، واباشە کەمێك لەبارەی تەسەوف و کوفرەوە بدوێین. لە تەسەوفی ئیسلامیدا کوفر دەکرێت بە چوار جۆرەوە، ئەوانیش ئەمانەن:

**١- کوفری ظاهیر**
**٢- کوفری نەفس**
**٣- کوفری حەقیقی**
**٤- کوفری قەلب**

ئێمە بەپێی پێویستیی بابەتەکەمان، تەنیا لەبارەی جۆرەکانی سێیەم و چوارەمەوە قسە دەکەین. کاتێك کە سۆفییەك دەگاتە پلەی فەنابوون لەناو خودادا، لە خۆیدا شوێنەواری دەرکەوتنی خودا دەبینێت و دەڵێت: (من ارنی فقد رای الحق - **هەرکەسێ من ببینێ خودای بینیوە**).



Scanned with CamScanner

که سۆفی گەیشتە ئەم کوفرە، واتە ئێستا لە کوفری حەقیقی دایە و بەرەو سەرەتاکانی کوفری قەلب دەڕوات، چونکە ڕۆحی سۆفییەکان لە نووری جوانیی خوداوە منەوەرە، کە سۆفی جوانیی ڕۆحی خۆی لە ئاوێنەی دڵدا دەبینێت، وا هەست دەکات، لە بوونی خۆیدا خودای دیوە و گەیشتووەتە خودایەتی.

پیرانی تەریقەت ئەم ئاستە بە کوفری قەلب ناو دەبەن، کە سۆفی ئەم چوار پلەیەی بڕیی، ئینجا دەگاتە سەرتای پلەی تەوحید.*

**بنازم من بە کوفری تۆ ئەی ئافەتی ئیسلام**
**کە ئەستۆ بەندی جیزیەی خستە ملی ئیمانی خاس و عام**
(ل١٢٥)

ئێستا با بەیتی (دینتم ئیمانە خۆ..) لێک بدەینەوە:

تۆ بینین بۆ من ئیمانە و کوفرە نەگەینم بە تۆ، قوربەسەرم، دینم لەدەست چوو، کافرییە ئێستا، واتە نەمبینی و نەگەیم بە تۆ، بۆیە کافر بووم. سەرنج بدەن لەلای مەحوی ئیمان زۆر گرنگ نییە، بوونی ئیمان بەستراوە بە شتێکەوە، کە (**ئەوبینینە**)، ئەوە گرنگە.

---

* کفر از منظری دیگر. د محمد علي طاهري/ ص٤٥٣.

واتە کافرییەکەش، کە قوڕی بۆ دەدات بەسەریدا، لە خەمی سزا و دۆزەخ نییە، بەڵکو یەکلاییکردنەوەی پێك نەگەیشتن و نەبینینی یارە. مەحوی زۆر بە وریایی و زیرەکانە ئیمان و کوفری وەکوو دوو چەمکی عەقیدی خستووەتە خزمەت یار و چواندوویەتی بە وەسڵ و هیجر. مامۆستایانی مودەڕیس لە شەرحی ئەم بەیتەدا دەڵێن: *"لە هەردوو وشە (دین)دا تەورییە هەیە، کە هەم بۆ مەعنای ئاین و هەم بۆ مەعنای بینین دەست دەدات و جاری یەکەم بۆ مەعنای یەکەم و جاری دووەم بۆ مەعنای دووەم بەکار هێنراوە."* ل٣٨. دیارە ئەم بۆچوونەی بەڕێزیشیان خزمەت بە بۆچوونەکەی ئێمە دەکات.

لە بەیتێکی تردا دەڵێت:

**واعیظ، لە من، بلّێ بە نەضەر طەعنە بەس بدا**
**دینی بتانە دینی من، ئـــەو مەذهەبی ذەهەب**

(ل٤٨)

ئەم جارەش ڕاستەوخۆ مەحوی دەڵێت: (**دینی بتانە دینی من!**) مامۆستایانی مودەڕیس لە شەرحی بەیتەکەدا دەڵێن:

**(دین)**ی دووەم مەبەست لە بینینە، کە خۆی ڕاستییەکەی ئەم مانایەش هەڵدەگرێت، بەڵام بەپێی شوێنەکەی لە نیوەی دووەمی



Scanned with CamScanner

بەیتەکەدا، لە تایەکی هاوکێشەیەکدایە، کە لەلاکەی بەرانبەری (مەزهەب)ـە. بۆیە من وای بۆ دەچم، کە مەحوی مەبەستی لە(دین)ی یەکەم و دووەم، هەر (ئاین) بێت. بەڵام مامۆستایانی مودەڕیس نایانەوێت ئەم مانایەیان بڵێن، نەکا مەحوی بە شاعیرێکی یاخی و لە دین دەرچووی وەک خیام ناوببرێت.

**دەوری هەر چـاوێکی ئـەمـڕۆ داوە صـەد فـەجی بـەلا**
**دین و دڵ یەغما دەکەن، چاری کەن ئەی شێخ و مەلا**
(ل٢٧)

موسڵمانەکان وەک پەیڕەوانی هەر دینێکی تر، باوەڕێکی بەهێز و ئەفسانەییان بە کتێبەکەیان هەیە، تا ئەو ڕادەیەی ڕۆژێک **عەلی کوڕی ئەبوتالیب** دەڵێت: *"ئەگەر حوشترەکەم ون ببێت، لە قورئاندا دەیدۆزمەوە."*

هەڵبەت مەبەستی عەلی ئەوە نییە، کە لە قورئاندا نووسراوە حوشترەکەی عەلی لە کوێیە، بەڵکو لە پتەویی باوەڕێتی بە کتێبێک، کە پێی وایە چارەسەری هەموو شتێک، یان ڕاستتر هەموو شتێکی تێدایە. لێرەدا قسە لەوە ناکەین، کە ئایا هیچ کتێبێک هەیەو مەزەندەی بوونی کتێبێک دەکرێت (**هەموو شتێک!**)ی تێدا بێت، یان نا؟! لەبەر ئەوەی جارێک لە باسە سەرەکییەکە دوورمان دەخاتەوەو



Scanned with CamScanner

جارێکیش لەبەر ئەوەی خۆخەریککردن بە وەها پرسیارێکەوە، گەرچی ڕەهەندێکی فەلسەفیشی هەبێت، هێشتا بێهودەیە.

مەحوی لەم بەیتەدا ڕوو دەکاتە شێخ و مەلا و داوای چارەسەریان لێ دەکات، بەو حوکمەی شێخ و مەلا مامەڵە لەگەڵ کتێبێکدا دەکەن، کە (هەموو شتێک)ی تێدایە. ئەگینا لەجیاتی شێخ و مەلا دەیوت دکتۆر و حەکیم. پێیان دەڵێت، کە بەرسڤی هەموو پرسیار و دەوای هەموو دەردێکتان لەلایە، دە ئەو چاوە پڕ ئاشووب و بەڵایەی (یار) چارە بکەن.

**شێخ و طوڕڕەی مێزەر و نەقل و نـوقولی هیـچ و پوـوچ**
**من بە طوڕڕەی یـــار ئەسیرم، ئەو بە کوڵی توڕڕەهات**

(ل٥٨)

من بۆ شەرحی ئەم بەیتە شەرحەکەی مامۆستایانی مودەڕیس، وەك خۆی دەگوازمەوەو دواتر تێبینیی خۆمی دەخەمە سەر. مامۆستایان نووسیویانە: "*واتە: شێخ و مێزەری خڕی سەری و ئامۆژگاریکردن و قسەی زانایان و پیاوچاکان، گێڕانەوەیم هەموو لە لا هیچ و پووچە، چونکە هیچی لە سەرچاوەی ڕاستییەوە هەڵنەقوڵاون.*" ل٥٩

بەڵام لەڕاستیدا کاتێك مەحوی نەقڵ و نقوڵی هیچ و پوچیی شێخ باس دەکات، نەیوتووە ئەمانە "***چونکە هیچی لە سەرچاوەی***



Scanned with CamScanner

ڕاستییەوە مەڵنەقوڵاون"! بۆیە هیچ و پووچن. نازانم مامۆستایانی مودەڕیس ئەم ڕاڤەیەیان لە کوێوە هێناوە؟! خۆ ئەوە بەیتەکە لەپێش چاوە، شتی وای تێدا نییە.

مەحوی نیوەی یەکەمی بەیتەکەی خستووەتە خزمەتی ئەنجامەوە، کە نیوەی دووەمەو بە ڕوون و ئاشکرا دەڵێت، شێخ خەریکی ڕیوایەت و شتی پڕ وپووچە و من بە زوڵف (طوورە)ی یار ئەسیرم، بەڵام شێخ بە کۆڵێک طوورهات... کەواتە مەحوی گاڵتەی لێهاتووە و زوڵفی یاری لە نەقڵ و نوقڵ پێ گرنگتر بووە!

تۆ قبوڵم کەی بە عەبدی خۆت و بەندەی ئەو، خـودا!
تـا بـێـتـە خانـەڕوبـم، چەند ئـەگـەر خـاقـانـە ڕۆژ
(ل١٤١)

لە شەرحی دیوانەکەدا وا هاتووە، کە ئەم شیعرە بۆ پێغەمبەر وترابێت، منیش بە دووری نازانم، ئەتمۆسفێرێکی ئاینیی سێبەری بەسەر ئەم بەیتە و چەند بەیتێکی پاش و پێشیدا کێشاوە، بەڵام خۆ سەرئەنجام داواکردنی ئەوەی ببێتە بەندەی (نەك کۆیلە، کە هەر تەرجمەی عەبدە) هەر کەسێك، شیرکە.

شیعرەکە داوای بەندایەتی دەکات لە خودا و کەسێکی تر (ئەگەر پێغەمبەریش بێت) ئەم دێڕە لە تەوحید لا دەدات و پێچەوانەی ئەم



Scanned with CamScanner

ئایاتەیە: {وَقَالَ اللَّهُ لَا تَتَّخِذُوا إِلَٰهَيْنِ اثْنَيْنِ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ فَإِيَّايَ فَارْهَبُونِ}سورتی النحل / ئایەتی ٥١.

واتە: (خودا فەرموویەتی هەرگیز نەکەن دوو دانە خوا بۆ خۆتان بڕیار بدەن، چونکە ئەو خوایەی کە پێویستە ئێوە بیپەرستن، بێگومان خوایەکی تاک و تەنهایە، کە وابوو، بیم و ترستان با هەر لە من بێت)*

ئەگەر وابێت، ئەم بەیتە بێ یەکودوو دەبێتە شیرك، چونکە خوایەتی تەنها بۆ خودایە و هەموو بەندایەتی و سەردانەواندنەکانیش تەنهاو تەنها بۆ ئەوەو لەبەرانبەر ئەودا دەبێت.

**مـوئەذذین بەزمی شـــەو وەك مـورغـی بێ وادە دەشـێوێنێ**
**هـەمـــوو وەختی لـە ئێـمـە کـردووە بـەم قـووقـــووە ضایع**
(ل١٦٦)

واتای بەیتەکە:

(مـوئەذذین) بانگدەر، ئەو کەسەی بانگ دەدات، وەك کەڵەشێری ناوەخت ئەم بەزمی شەوە لە ئێمە دەشێوێنێت و بەم قووقووە هەموو کاتی ئێمەی بەفیڕۆ داوە.

---

* تەفسیری ئاسان. بورهان محەمەد ئەمین/ لاپەڕە ٢٧٢.



Scanned with CamScanner

ئەم بەیتە یەکێك لە شابەیتە ڕەندییەکانی شیعری مەحوییە. لێرەوە بانگ و بانگدەریش ڕەت دەکاتەوەو لای وایە بە دەنگی بانگی ئەم، ئەمان (**بەزمی شەو**)یان لێ تێك دەچێت، کە ڕوون نییە ئایا مەبەست لە بەزمی شەو، ئەو خەڵوەت و تێڕامانانەیە، کە عارفەکان دەیکەنە شەوکاریان؟

مەحوییش وەك سۆفییەکی پەیڕەوکاری تەریقەتی نەقشبەندی، کە تەریقەتی مەنگبوون و وەستان و تێڕامان و زیکرە، لەناو خودی (**ڕێبوار**)ـەکەدا، نەك لە دەرەوە، کە ئەمەی دووەمیان کەمێك نمایشییانە دەردەکەوێت بۆ ئەوانی تر و تەریقەتی مەزنی **قادریی** بەوشێوەیە زیکر دەکەن.

هەر لەگەڵ نەهاتنەوەی مەحوی لەگەڵ قادرییەکاندا جارێك وەك **نەقشبەندییەك** و جارێکیش وەك کەسێك لە بەرەی کەمینە، لەبەرانبەر دەروێش و پەیڕەوکەرانی قادریی و بنەماڵەی شێخانی **حەفید**، کە ئەو سەردەمە حوکمڕانی سلێمانی و زۆرینە بوون، لە شیعرێکدا دەڵێت:

**قیلێکی ضەعیف ئاهی حەزین ئیذنە لە عیشقا**
**گریانی بەکوڵ، ناڵەیی مەستانە حەرامە**
**سووتانی بە بێدەنگییە ئادابی مەحەببەت**
**وەك بولبول ئەم ئەفغانە بە پەروانە حەرامە**

(ل٢٥٧)

واتای دوو بەیتەکە:

قسەیەکی لاواز (قیل)ێك هەیە، دەڵێت مۆڵەت دەدرێت لە عەشقدا، عاشق ئاه هەڵبکێشێت یان خەم بخوات، بەڵام گریانی بەکوڵ و شیوەن و ڕۆڕۆ و ناڵەی مەستانە، بەتەواوی حەرامە، چونکە ئادابی موحیببەت سووتانە بە بێدەنگی. ئەگەر وەك بولبول بیکات بە غەوغا و دەنگ بەرزکردنەوە—وەك ئەوەی دەروێشانی تەریقەتی قادری لە جەلسەی زیکر و خەتمەکاندا دەیکەن— ئەوە بۆ پەروانە (مەحوی لێرە خۆی و پەیڕەوانی نەقشبەندی بە پەروانە چواندووە) حەرامە.

یان دەڵێت:

**پـەروانەیـەك بـە بلـبلی وا وت کە (بوالفضول)**

**سووتانە ئیشی ئەهلی مەحەببەت، نەك هەلەهول**

(ل٢٠٦)

واتای بەیتەکە:

پەپوولەیەك بە بولبولێکی وت، کە ئەی مایەپووچ، ئیشی ئەهلی موحیببەت سووتانە بە بێدەنگی نەك وەك تۆ بیکات بە غەوغا.

مەحوی لێرەدا ڕاستەوخۆ لەگەڵ موریدانی تەریقەتی قادریی دەدوێت و ناشرینیش ناوی نەهێناون، هەرچەندە بە ڕای ئەو، ئەو کارە

مایەپووچییە، بەلام هەر بە (بولبول) ناوی بردون، کە باڵندەیەکی ئێسکسووکی دەنگخۆشە. خۆشی و هاوڕێکانیشی بە پەپوولە چواندووە، کە هەردوو ئەم بوونەوەرە عاشقن، بەلام بەیانکردنی عەشق لەلای پەروانە، جوانترە تا لەلای بولبول، کە خەڵك دەهێنێتە سەیری خۆی. هەر لەم شیعرەدا و چەند بەیتێك خوارتر بانگی هەمووان دەکات، کە وەرنە سەر ئەم تەریقەتە (**نەقشبەندی**) و وا بەیان دەکات، کە یاران هەر بەم ڕێیەدا ڕۆیشتوون:

**ڕێگەی هودا طەریقەتی عیشقە، دە "مەحویـــا"**
**وەرە و پـیـا بـــڕۆن و (وصلو علی الرســـول)**
**هـەر ئـەم طەریقە بوو بە هەموو صەحبی گرتیان**
**ڕۆین پـیـــا، هـەتا گەیینـە مـەرتەبـەی وصول**

(ل٢٠٨)

ئێستا دەچینەوە سەر لێکدانەوەی بەیتی (**مـوئەذذین بەزمی شەو وەك مورغی بێ وادە**) ڕوون نییە ئەم بەزمی شەوە ئەوە بوو، کە ئێستا باس کرا، یان خیام ئاسا ئەم کۆڕ و کۆبوونەوەی شەوانی بەزم ئاوەرە، چونکە مەحوی لە بەیتێکی دیکەیشدا لەبارەی شەوەوە دەڵێت:

**نەبووە، نابینی لەشە و مەحرەمــترێ تـــا ڕۆژی حەشر**
**پەردەپۆشە، هەمدەمە، هەمدەردی عوششـاقانە شـــەو** (ل٢٥٨)

مینا شێخ

ئەوەتا لە نیوەی دووەمی بەیتەکەدا دەڵێت، شەو پەردەپۆشە، واتە شت دەشارێتەوە، ئێستا نازانرێت ئەو بەزمی شەوەی مەحوی شەوان دەیکات و دەیشارێتەوە، چییە؟

مامۆستایانی مودەڕیس لە شەرحی بەیتی (موئەذذین بەزمی شەو وەك مورغی بێ وادە...) نووسیویانە: "*موئەززین: بانگدەر. مرغی بێوادە: کەڵەشێری ناوەخت. قووقوو: خوێندنی کەڵەشێر.*" ئیتر خۆیان لە شەرحی بەیتەکە بواردووە، تا نەکەونە ئەم مشتومڕەوە.

**پیرۆزیی شکاندن، دەستبردن بۆ کاریزما**

وردەوردە هەوڵ دەدەین ئەو بەیتانە دیاری بکەین، کە مەحوی تیایاندا دەستی بۆ پیرۆزییەکان بردووەو شکاندوونی. هەر لە زاهید و سۆفی و واعیز و قازی و موفتی و تەنانەت پێغەمبەرەکانی تر و بەهەشت و دۆزەخ و تا دەگات بە خودا و عەرشەکەشی.

بۆ ئەوەی نووسینەکە لەوە درێژتر نەکەینەوە، تەنها لەسەر پێغەمبەرەکان و خودا دەوەستین و ئەوانی دی تەنها نموونەیان لە دیوانەکەی مەحوی لێ دەهێنینەوە.

**زاهید:**

**لەڕم دی زاهید ئەم زستانە زانیم**
**کلك نادا بە زیرنگی بەهار**

(ل٩)

**سۆفی:**

ڕیشێکی پان و، تووکی بناگوێ درێژ و لوول

سۆفی لە دینی لادە بـە دیمەن لە جوو دەکا

(ل٢٥)

شێخ و واعظ و سۆفی بە جەننەت بەن گەد و گیـاڵ

دەبێ ئـەمسالی ئێمە بـۆ جەهەنـەم بەن سرِ و سپاڵ

(ل١٩٢)

**شێخ:**

شێـــخـێ هـەموەنـدێکی دەدا پەند و نەصیحەت

ئەو قورپەسەرەی دابـووە بەر فەحش و فەضیحەت

خۆش هاتە جواب و وتـــی: تۆ حەقتە، فەقەط من

قوططـاعی طەریقم، نەکـوو قوططـاعی طەریقەت

(ل٣٣٥)

**مەلا:**

دەوری هـــەر چـاوێـــکی داوە صـەد فـەوجـی بـەلاّ

دین و دڵ یەغما دەکەن چاری کەن ئەی شێخ و مـەلا

(ل٢٧)

**ئیمام:**

**وا مشەوەش بـوو کە میحرابی بڕۆتی دی ئیمام**

**ئیذنی خەڵقی دا کە دونیا ئاخیرە، بۆ دێنە نوێژ**

(ل١٤٣)

**واعیز:**

**ئەشکەوتی بایەکە دەمی (واعیظ) کە دێتە وەعظ**

**وەقـتی سکوتی نـەقـشی سمیڵی لـە قـوو دەکا**

(ل٢٧)

یان:

**بە داوە وەعظ یو، خۆشی بە تاوە (یا حافظ)**

**لە هـەڵقوڵانـە کە لیکی دەم و لچـــی واعیظ**

(ل١٦٢)

**قازی:**

**ئەگەر ئەو شۆخە ساقی بەزمە، باقڵ قاضي و موفەتیش**

**دەبێ بینـە قەدح وەرگر لـەگەڵ فـەتوایی (ولا یقدح)**

(ل١٠٣)



Scanned with CamScanner

## پێغەمبەرەکانی تر لە خزمەتی یاردا

پێغەمبەرەکانی تر لە خزمەتی یاردا مەحوی هەر بە زاهید و سۆفی و واعیز و قازی و موفتییەوە نەوەستاوە، لە زۆر شوێندا کەسایەتییە ئەفسانەیی و گەورە ئایینییەکانی تر، یان پێغەمبەرەکانی لەبەرانبەر یاردا داناوە، تا وێنەی یاریان بەسەردا بەرز بکاتەوەو لە دواجاردا ئەوان تەنیا وەك کارەکتەرێکی پاسیف بێنە ئەم وێکچوواندنە و لەوسەرەوە بە تێکشکاوی بچنە دەرێ، بۆنموونە دەڵێت:

**ساعیدی دەرکەوت و عالـەم بـوو بـە موسایی هەموو**
**موعجیـزەی لێی کە دەرخـــا، جوملە دەبنە عیسەویی**

(ل٣١٨)

واتە یار کە دەستی دەرکەوت، خەڵك هەموو وایانزانی دەستی موسایە و بوونە جوو، ئەگەر بێت و موعجیزەی لێوی دەربخات، خەڵك وا دەزانن ئەوە لێوی عیسایە (کە مردوویەکی بانگ بکردایە زیندوو دەبووەوە). هەمووان دەبنە مەسیحی. دەبینین لێردا یاریکردنە بە دوو موعجیزە: دەمی عیسا و دەستی موسا. لەبارەی دەستی موساوە لە قورئاندا چەند جارێك بەنموونە دەستی موسا دەهێنرێتەوە، کە وەك پەرجوو جارێك لەجارەکان سپی بووە و دروشاوەتەوە: {وَاضْمُمْ يَدَكَ إِلَىٰ جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ آيَةً أُخْرَىٰ}

ئایەتی٢٢ی سورەتی طه، هەروەها {وَنَزَعَ يَدَهُ فَإِذَا هِيَ بَيْضَاءُ لِلنَّاظِرِينَ} ئایەتی ٣٢ سورەتی الشعراء.

لە بەیتێکی تردا مەحوی یار بە یوسف دەشوبهێنێت:

**لـە دڵا بوونمت ئەر عارە لە لا، وا بکە فەرض**

**ماهی کەنعانی یو ئەم موددە موقیمی چاهی**

(ل٣٢١)

واتە: ئەگەر بە لاتەوە شورەییە، کە بێیتە دڵمەوە، وای دابنێ **یوسفی کەنعان**یت و ئەم ماوەیە کەوتویتەتە چاڵەوە.

لەم بەیتەی تریشدا یار، نەك هەر دەوری پێغەمبەرێکی تر دەبینێت، بەڵکو دەشیخاتە سەما:

**نەشـئە بـەخشێکە لێوی مەیگونت**

**هەر بە ناوی مەسیحی خستە سەما**

(ل٣٢٥)

لە بەیتێکی تردا دەڵێت:

**بـە دەستی غونچە دەمێ، دەستی دا کە بـەیعەت بۆم**

**چ ئارەزمە لە دەستی (عیسا) دەم و لە (موسا) دەست**

(ل٧١)



Scanned with CamScanner

واتە: کە من دەستی خونچە دەمێکم (مەبەست لە دەستی یارە) بۆ هەڵبکەوێت، چیم داوە لە دەمی عیسا و دەستی موسا (کە دوو موعجیزەی ئەو پێغەمبەرەن).

## ڕەتکردنەوەی ئیسلام و هەڵبژاردنی دینێکی تر

مەحوی لە جێگەیەکدا، زۆر بە ڕوونی بەیانی ئەوە دەکات، کە ئەم جۆرە عەشقە لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا ڕێك ناکەوێت و مەگەر پەنا بباتە بەر دینێکی تر، کە مەسیحییەتە:

**لەگەڵ دەستی مـەلا ڕێ ناکـەوێ زونـاری زوڵـفی یـار**
**وەکوو شێخ ئیختیاری مەزهەبی (تەرسـا) نەکەم چی بکەم**

(ل۲۳۱)

مەبەست لە شێخ، شێخی سەنعانە، کە بۆ کچە مەسیحییەك لە دینی خۆی -کە دینەکەی مەحویشە- وەردەگەڕێت بۆ سەر ئاینی کریستیانی. (**تەرسا**)یش دەقاودەق مەبەست لە مەسیحییەتە. بەپێی ئەم بەیتە، مەحوی ئامادەیە دەسبەرداری دینەکەی خۆی ببێت.

**بەهەشت و حۆری**

**شایانێکی سووک لەبەرانبەر شیعردا**

مەحوی لە قەسیدەی (**عقد العقائد**)دا، کە قەسیدەیەکی درێژی خاوەن قورسایی ناو بەشە ئاینییەکەیەتی، لە کۆتاییەکەیدا لە دووبارە سوپاسی خوداکردندا، کە توانیویەتی ئەمانە لە شیعردا ڕوون بکاتەوە (مونتەنظمی نەضمی) ڕشتە بوون، مەحوی وەك هەر بەخۆدانازینێکی ناو ئەدەبیاتی کلاسیك، لە بەیتەکانی کۆتایی ئەم قەسیدەیەدا دەڵێت:

**هەر گەوهەرێکی مەهری کورورێکی حوری عیـــن**
**هەر گەوهەرێکی صەد ثەمەنی جەننەت و عویـون**

(ل٤٠٢)

**مەهر**: مارەیی، **کورو**: پێنجسەد هەزار، **ثـەمەن**: نرخ، **عویون**: کانی.
واتە: هەر بەیتێکی ئەم شیعرە وەك گەوهەرێکە و هەر گەوهەرێکیشی مارەیی پێنج سەد هەزار حۆریی بەهەشتە، یان هەر بەیتێکی ئەم قەسیدەیە سەد بەهەشت و کانی دەهێنێت.



Scanned with CamScanner

## قیامەت بەپێی یارەوە

ئێستا دوای ئەم خوێندنەوانە، لە لامان ڕوونە، کە مەحوی چەندەها شیعری ڕەندی هەیە. هەستی جوانیناسی لەلای ئەم پیاوە هێندە بەرزە، کە زمان دەرەقەتی وەسفکردنی نایەت.

بڕوانە لە یاریکردن بە (**قیامەت**)دا چۆن هەموو جارێك دەیخاتە خزمەت یارەوە و بچووکی دەکاتەوە لە شووناسەکەی خۆی، کە زیاتر لە چواردە سەدەیە خەڵکی پێ دەترسێنرێت. لە دوای هاتنی محەمەدەوە پەیڕەوانی ئەم ئاینە لە چاوەڕوانییەکی تاڵی ئەو ڕۆژە (**قیامەت**)دان، کەچی مەحوی هەر زووبەزوو قیامەت بەپێی یارەوە دەهێنێت و دەبات:

**ئەو شۆخە هەر کە نەعشی منی دی، قیامی کرد**

**چی بم من؟ ئـەم قیامەتە هەسـتا کە من نەمام**

(ل٢١٤)

یان:

**بەجێـیە، چونکە ئەو هەســـتا، قیامەت جێبەجێ هەستا**

**لە چەرخ ئەمشە و وەکوو ئەشکم لە دیدە، داوەری کەوب**

(ل٥٠)

یان:

دەیوت: قیـــامەت ئەڵبەتە ڕوومت نیشـــان ئەدەم
ڕوو دەرخـە، تـاکوو قیـامـەت هـەڵێ لـە ڕووت

(ل٨٤)

### مەحوی و خۆکوشتن

خۆکوشتن وەك پرۆسەیەکی خۆویستی وەستان و وەڵام بە وجودی مرۆڤ و ڕەتکردنەوەی تەنها شتێك، کە بە هۆیەوە خاوەنی هەموو شتێکە و ئەویش (ژیانە)، لە زۆر جێ و ناوچەو فیکر و نەریتێکدا ئامادەیی هەیە. مێژووی ئەم دیاردەیە ڕوون نییە. کەس نازانێت کێ یەکەم کورد بووە، کە خۆی کوشتووەو چی لەپشت خۆکوشتنەکەیەوە بووە؟

بەڵام بە بەراورد بە گەلانی هیندی و یابانی و خێڵە ئەفریقییەکان، خۆکوشتن لەناو کورددا لە ڕێژەیەکی زۆر کەمی هەڵاوێردی لێرەو لەوێ نەترازاوە. لەبەرئەوەی ئەو نەریتە لە بازنەی هەموو ئاینە ئاسمانییەکاندا، لە زەردەشتییەوە (کە ئاینی یەکەمی کورد بووە) تا ئیسلام، شتێکی بێزراو بووە.

ئەوەتا قورئان بەئاشکرا باوەڕداران لە خۆکوشتن ئاگادار دەکاتەوە: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا} سورەتی النساء/ ئایەتی ٢٩.

هەڵبەت هەر دەستهێنانە ڕێی خۆکوشتنێك، ئەگەر بەدیوێکدا لە هیومانییەت و ژیاندۆستییەوە بێت، ئەوا بە دیوێکی تردا کوشتنی بەشێکە لە ستاتیکای مەرگ و کەلەپچەکردنی ئازادی و ئیرادەی مرۆڤە. ئەو دەقانەی کە مەحوی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ ئاماژەی بۆ خۆکوشتن تێدا کردووە، گەلێك زۆرن. دیارە ئەو دونیابینییە فراوان و گەورەیەی مەحوییە، کە خۆکوشتن وەك وەستان و پاوسکردنی ژیانێکی بێبەها دەهێنێتە گۆڕێ.

لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەین هەندێك لەو بەیتانە دیاری بکەین، بەڵام لە بەرەوە دەبێت لەسەر ئەو مەیلی خۆبەکوشتدانە بووەستین، کە لەلای سۆفییەکان ئامادەیی هەیە و لە ئەدەبیاتەکەشیاندا ڕەنگدانەوەی دەبینرێت.

(عبدلود بن سعید بن عبدولغنی) دەگێڕێتەوە: *"ڕۆژێك حەلاج لە بەغدا هاتە مزگەوتی مەنسور و وتی: خەڵکینە شتێك لە من ببیستن. ئیتر خەڵکەکە لێی کۆبوونەوە، هەندێك دۆست و هەندێك دوژمن، حەلاج وتی: بزانن، کە خوای گەورە خوێنی منی بۆ ئێوە ڕەوا کردووە... من بکوژن."*

گێڕەرەوە دەڵێت، من چوومە پێش و وتم: "یا شێخ، چۆن پیاوێ بکوژین، کە نوێژ دەکات و ڕۆژوو دەگرێت و قورئان دەخوێنێت؟" حەلاج وتی: "ئەوەی کە نامێڵێت خوێن بڕێژرێ، نە نوێژ و ڕۆژووە و نە قورئانخوێندنە، کەواتە من بکوژن و بگەنە پاداشتی خۆتان، تا منیش ئاسوودە ببم." *

بەم شێوەیە سۆفییەکان مەیلی خۆبەکوشتدانیان لە مەیلی خۆکوشتن بەلاوە پەسەندو بڵاوتر بووە. با لەم نموونانەی مەحوی وردبببینەوە، کە تێیاندا حەزی کوشتن بە دەستی یار، تێیاندا ڕوونە:

هاتۆتە سەر لەسەرت دا، سەر هەڵبڕە

"مەحوی" ئەم ئیشی خێرە لەسەر تۆیە ماوە عەوق

(ل١٨٤)

یان:

بۆ شوکری جەوری ئەو دوو برۆیە لە قەتڵما

هەر بن موێکە میثلی گولی شەصت پەڕ زوبان

(ل٢٤٠)

یان:

دەدەی وادەم بە قەتل ئەمڕۆ، سبەی هیچ

ئەتۆ شاهی، چیە وا بێ ثەباتی (ل٢٩٧)

---

* تصوف اسلامی و رابط انسان خدا. نیکلسون. ترجمە: د.محمد رضا شفیعی کدکنی، ص٧٢.



Scanned with CamScanner

یان:

سبەینێ وەرنە سەیری کوشتنم وادەم چەهـا داوە

لەسەر وادەی درۆی ئـەو نادەم وادە قەت نادەم

(ل۲۲۸)

یان:

کەواتە ئەو شۆخە تیرێکی بە (عمدا) گرتە من "مەحـوی"

(نـمـیـدانـم چ سـان ارام بـە جا شـکـرانـە خــودرا)

(ل۳٦۱)

یان:

بیانوو بگرە، شێوەی خۆت بشێوێنە بە من کوشتن

وەها چاوی بەدت لێ لادەدەم، بڕوانە چۆنـم بۆت

(ل۷۷)

یان:

لە حەق بێژی بووە بەحری (انا الحق) هەر قەصدێکم

لەبـاتی جائیـزە، واجب گــەڕا قەتڵم بکەن واجیـب

(ل۲٥)

یان:

بە تیر ئەمڕۆ دڕی وا هەرچــی پێشهـات

خودا پێداوە هەرکەس بەر نەظەر کەوت (ل۸۸)

یان:

**چاوی لە وەعدەی کوشـــتنی من چـاوی دزییەوە**

**خوونکاری وا، دەبیّ لە قســەی خۆی نەکا نکولّ**

**بەم ئیختیصاصە ســا ســەری من بۆ نەگاتە عەرش**

**هات و لــە سـەرمـی دا، وتــی (ابدا بما یؤول)**

(ل٢٠٧)

دوای ئەمانە، دەبینیت مەحوی پلەیەك واوەتر لە حەلاج دەڕوات و بیرۆکەی کوشتن بە دەستی خۆی پێشنیار دەکات، لەکاتێکدا قورئان وتویەتی {لَاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ} و بیریشمان نەچووە مەحوی مەلایەکی گەورە بووە، کەچی ئەوەتا دەڵێت:

**بە خۆکوشـتن نەجاتی خۆ بدە "مەحوی" وەکوو فەرهاد**

**لە زۆری قەهرەمانی عیشق، ئەفەندم، هەر ئەجەل بەستە**

(ل٢٦٧)

**(وحدە الوجود) لە شیعری مەحویدا**

قسەکردن لەبارەی (**وحدە الوجود**)ـەوە، هێندە سەخت و ئاڵۆزە تـا ئەو ئاستەی هەندێك پێیان وایە ئەم هزرە پێناس ناکرێت. لە ڕووی مێژووییەوە، ئەم فیکرەیە زۆر کۆنە، مێژووی نووسراو لە فەلسەفەی



Scanned with CamScanner

کلاسیکیی یۆنانیدا، قسه لەم لایەنەی یەکبوونی گەردوون دەکات، ئەفلۆتین دیارترین ناوە، کە لەم بارەیەوە پەنجەی بۆ ڕابکێشین.
(وحده الوجود) واته له گەردووندا جگه لەخودا هیچ شتێکی تر نییه، یان ئامادەیی خودا له هەموو شتێکدا. ئەم چەمکه له گەورەترین و بالاترین و تەمومژاویترین مەسەلەکانی حیکمەتی موتەعالییه و تێگەیشتن لێی، کارێکی ئاسان نییه. قەشەی بیرمنگهام، د. بارنس، له دەربڕینێکی جوان و شایستەدا دەڵێ:
*"دەبێت مرۆڤ تەمەنێك به عیلم و عەمەل زەحمەت بکێشێت تـا خودا کۆمەکی بکات له ئەسڵی (وحده الوجود) تێ بگات یان نا.. ئەمه نهێنییەکی گەورەیه."*
جیاوازی هەیه لەنێوان ئەوەی بڵێین هەموو شتێك خودایه (کلُّ شيء هو الله) لەگەڵ ئەوەی بڵێین جگه له خودا، هیچ شتێك نییه. وحده الوجود حەقیقەتی (لا إلهَ إلاّ الله)یه. ڕۆحی عیرفان تێگەیشتنه له حەقیقەت و تێگەیشتنیش له حەقیقەت، درککردنی (وحده الوجود)ـه. با تەماشای چەند ئایەتێك له قورئان بکەین، که له دەرگای ئەم باسه دەدات: {فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ} **ڕوو بکەنه هەر جێگەیەك، خودا لەو جێگەیه**.(البقرة، ئایەتی:١١٥)
یان: {وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ} **ئێمه له دەمارەی لاملتان نزیکترین لێتانەوە**، (الواقعة، ئایەتی:٨٥).

مینا شێخ

یان: ﴿هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ﴾ ئەو خودایە یەکەمینەو هەر هەبووە. (**الحدید، ئایەتی: ١٥**)

ئەم هزرە لە مێژووی تەسەوفدا کۆنە، لە ئەدەبیاتی کلاسیکیی عەرەبیدا تا سەر **محیدین (ابن عربی)** کە لە هەردوو کتێبی (**فصوص الحکم**) و (**فتوحات مکیە**) سیستمازەی دەکات، بەو شێوە بەرچاو و روونە نەبینراوە. دەبێت لێرەدا ناوی **حەلاج**مان بیرنەچێت. لە ئەدەبیاتی کلاسیکیی فارسییشدا لای **مەولانای رۆمی** و **مەحمود شەبستەری** بابەتی بیرکردنەوەو فەلسەفەی روانینە بۆ رۆحی شتەکان.

لە خۆرئاوایش، لەپاش یۆنانی کۆن و ئەفلۆتین، دەتوانین پەنجە بخەینە سەر ناوی **سپینۆزا**. لەلای ئەو، حەقیقەت جگە لە یەک، هیچ شتێکی تر نییە، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین لای ئەم فەیلەسوفە، ئەم باوەرە دەگاتە رادەیەك، کە نەفیی خوداش دەکات و دەیکاتە پارچەپارچە لەناو شتەکاندا، ئەو شتانەی کە لەبنەرەتدا یەکێکن.

ئەم (وحدە الوجود)ـەی ناو سۆفیگەری لە رۆژئاوادا زیاتر بە Pantheism دەناسرێت، کە باوەرێکە لای وایە خودا لە هەموو شتێکدا هەیە و هەموو کەس و شتێك لەم جیهانەدا بەشێك لە خودای تێدایە. بیروراکە، دەڵێت: خودا هەموو شتێکەو هەموو شتێك خودایە. واتە خودا و سروشت هەردووکیان هەر یەکێکن و هەموو شتێك پیرۆزیی خودای هەیە.

ئەو کاتیگۆرییە عیرفانییەی کە دەڵێت (**دوو یەکە**) ئەو یەکێتی بوونە، لای شاعیرەکەی ئێمەش وەك هەریەکێك لەو عارفە گەورانە دەبینرێت:

**لە ناوی ڕۆژ و مەه بردن، لە باسی صەدر و شەهکردن**
**مووەحید هەر دەبێ یەك بناسێ، هەر لە یەك دەدوێ**
(ل۳۱۳)

یان لەم بەیتەدا جوانتر و ڕوونتر ئەم ئەندێشەیە دیارە:

**لە غەیری وەحدەت لە وجوددا نییە،کەثرەت وەهمە**
**سادە تەکراری یەکە، مەنشەئی ئەوهامی عەدەد**
(ل۱۱۳)

لە بارەی (الوحدە)یشەوە بڕوانە ئەم جوانییناسییەی مەحوی:

**بەوەم زانی لە باغا چقڵی گوڵ هەڵچەقییە داوێنی**
**کە لێرە دڵ لەسینەمدا برینی نەشتەری دێشێ**
(ل۳۰۲)

## پارادۆکس لە مەحویدا

ئەو دڵنیاییە ڕەهایەی ئاین دەیداتە پەیڕەوکەرانی، مەحوی تێی دەپەڕێنێت و وەك عارفێکی سەرکێش و ڕۆح نائاسوودەو ناجێگیر، ناتوانێت لەنێو ئەو بازنەی دڵنیاییەدا ژیان بکات، کە ئاین بۆی کێشاوە.

مەحوی (**دیکارت**) ئاسا یەکەم **هەنگاوی**، شکاندنی ئەو دیواری یەقینەیەو دروستکردنی گومانە لە خۆی و لەوانی ترو لە چەمکی ژیان و چەمکی مەرگ و چەمکی قەبەکراوی **حەقیقەت**. گومان لە وادەی ژووان و لە هاتن و لە چاوەڕوانی.

ئێمە تەنیا نموونەیەکی بچووك لە گومان و نادڵنیایی مەحوی وەردەگرین لە ژووانی مەعشوقەکەی، سەرەتا با ئەو شابەیتانە بخوێنینەوە، کە لە چاوەڕوانی یاردا نووسراون، ئەو شەوق و هەراوزەنایە ببینین و ببیستین، کە وەك خەرمانەیەك مەحوی بەدەوری مەعشوقەکەیدا دەیکێشێت، بۆ ئەوەی لەکۆتاییدا پێی بڵێت: تۆ نایەیت... یان بشیەیت، هاتن و نەهاتنت وەك یەکە.

لە چاوەڕوانییەکی پڕتاسەدا:

**صەبا کردوویە وەعدەی گەردی کۆیی، مەگـری ئەی دیدە!**
**بـە ئومـێدم جـەواهێر سـوورمە بـۆ تـۆزی بـەصـەر لە نوێ**

(ل٣١٦)



Scanned with CamScanner

یان:

مەحاڵە بێت و ئەو پێ سەرسەرم نێ

بە تاجی پادشا ناگا گەدا قەط

(ل١٩٥)

یان:

ڕێی دا لە قاپیا بمرم، پیێشی سەر سەرم

نا، وا گەدا دەبێ بە خوداوەندی تەخت و تاج

(ل٩٢)

یان:

وتم: نیازمە بەرپێتی خەم سەرم، فەرمووی

بەناز و عیشوە: شەهی بۆ گەدا کەنادا دەست

(ل٧٠)

یان:

لە تیغی تۆ هەتا (مەحوی) شەرفیابی شەهادەت بوو

خوێنی بە ئاو، ئیتر لە داوێنت نەما مەحذوور

(ل١٠٣)

یان:

لە وەقتێکا کە ڕۆحم گەییە سەر لەب، ڕۆحی من بە فیدات:

دەبێتە ڕۆحی تازە، ئەو لەبەم گەر بێتە سەر لەب

(ل٤٩)

یان:

**گەیشتن بەو شەهی عالی مەقامە**

**نییە، فکرم، خەیاڵم خاوە، پێ لەنگ**

(ل١٩٨)

یان:

**غائیب لە دیدە، چاوی سەرم، دڵمە پێتەوە!**

**دەستم بە ئاسمانەوە، چاوم بەڕێتەوە**

(ل٢٨٥)

یان:

**(مەحوی) بە یادی تۆیە شوغلی کە ڕۆییوی**

**غائیب لە دیدە بووا بە خودا دڵمە پێتەوە**

(ل٢٨٧)

یان:

**ڕۆشن کە چاوی مونتەظیرانت بە گەردی ڕێت**

**تۆ دێ یو، نووری دیدەیی من دێ بە پێتەوە**

(ل٢٨٦)



Scanned with CamScanner

سەرئەنجام دوای ئەو هەموو جوانیی مۆنینەوەیە، لە چاوەڕوانیی یاردا، مەحوی ڕوو دەکاتە ڕۆحی خۆی و سەرزەنشتی دەکات، کە یار بێت و نەیەت هیچ گرنگ نییە:

**مەبە (مەحوی) بە ڕووپێدانی یاری عیشوەگەر مەغروور**
**وەکوو دونیا ئەباتێکی نییە ئیقبال و ئیعراضی**

(ل٣٠٦)

یان مەحوی وەك پیاوێکی تەنیاو بیرکەرەوەیەکی مات و بێدەنگ، هەم بە هۆی ئەو جۆرە تەریقەتەی هەڵیبژاردووەو پەیڕەوێتییەکەی کە نەقشبەندییە و بێدەنگی و تێڕامانیش، سەنتەری ئەم تەریقەتەن. هەم بە هۆی دونیابینی و جیاوازڕوانینی خۆی و چاوی شاعیرانە و ئەزموونی قورسی لەگەڵ (**تەنیایی**)، ئەم چەمکە سێبەرێکی قورس دەخاتە سەر دیوانەکە و خوێنەر لەهەر سەرێکەوە لێی بڕوانێت، ناتوانێت ئەو هەموو بەیتەی گوزارشت لە خودی پیاوێکی تەنیا دەکات، نەبینێت. ئەوەتا لەشوێنێکدا لە وەسفی ڕێبواری ڕێ و مرۆڤی تەنیادا دەڵێت:

**ڕەم دەکا حەتتا لە میهر و مەهر جونون ئادابی عیشق**
**سێبەری لێ بارە هەر کەس مەیلی تەنهایی دەکا** (ل١٨)

کەچی هەر ئەم مەحوییە، ئەم پیاوە تەنیاییدۆستە، کە (سێبەری خۆی لێ بێزارە) ئەوەتا لە جێگەیەکی تردا دەڵێت:

**لە کن من ئەصلی نییە و نەبووە عەیشی تەنها خۆش**
**نیە بەهەشتی خودا هەم بە بێ ئەحیبا خۆش**

(ل١٥٢)

ئەم بەیتە بەیتی پێشوو ڕەت دەکاتەوە و بە جەغتی دەڵێت، لەلای من ژیانی تەنیایی نە خۆشەو نە خۆشیش بووە. تەنانەت بەهەشتیش بەبێ (ئەحیبا) خۆش نییە.

بەم جۆرە مەحوی ناتوانێت تا سەر، تەواوی شیعرەکانی خزمەت بە گوتارەکەی بکەن. ڕوونیشە، کە ئەم دیوانە کۆی کارەکانی تەمەنیەتی و ڕەنگە ئەزموون و ژیان لەناو خەڵکیدا ڕوانینی مەحوییان گۆڕی بێت و دواجاریش بە هۆی پۆلبەندیی شیعرەکان بەسەر پیتە عەرەبییەکاندا، ئەم بەیتە کەوتبێتە پاش بەیتی پێشووترەوە. ڕەنگەو ئێمەیش وای بۆ دەچین، کە ڕاستییەکەی پێچەوانە بێت و ئەم بەیتە زۆر لە پێش بەیتی پێشوودا نووسرابێت، چونکە هەر ئەم مەحوییە بەیتێکی تریشی لە ستایشی تەنیاییدا هەیە:

سیـەینیٚ (یحشر المرء)لـە، براگـەل، فرسـەتـە ئـەمرۆ
تەبەڕاڕا بن لە من، با کەس نەبیٚ حەشری لەگەڵ حەشـرم

(ل٢٢١)

## خودا و مەحوی

لە ژێر ئەم تایتڵە فەرعییەدا، هیچ پێشەکییەك نانووسین و ڕاستەوخۆ بە نموونە هێنانەوە لە شیعری مەحوی، دەست پیٚ دەکەین:

لەبەر داری حەدا من بـم، ئـەتـۆ مـەسـت
دەقاضی حـەق بلیٚ تۆ، (حـەق) چ بەردار

(ل١١٩)

واتە قازی (خودایە) ئەوە کەی حەقە؟! تۆ مەستبوویت و من داری حەدم لیٚ دەدرێت؟ مامۆستایانی مودەڕیس نووسیویانە: *"لە نوسخەی (ن)دا نووسراوە (لەبەر داری خودا)."*

هەرچەندە ئەوان ڕایان وایە بەیتەکە وانییە، ئەگەر وابێت، ئەوا وەك شیعرە ڕەندییەکانی خیامی لیٚ دێت. بەڵام دەستنووسی ئەم نوسخەیەی بەیتەکە، زیاتر لە ئامانجەکەی ئێمە دەدات و بەڕاستی مەحوی لەگەڵ خودایدا دەئاخفێت، جارێك وەك مەعشوقێك و جارێك

## مـەتاعی صیـدق و ئیـخلاصم لە بازاڕی ڕیاکارانـا
## لە سورەی (قل هو الله) دەکەم لەم موشریکستانە

ئێستا واتای بەیتەکە بەم شێوەیەی لێ دێت:

کاڵای ڕاستگۆیی و دڵسۆزییم وا لە بازاڕی ڕیاکاراندا و خۆشم لە سورەتی (قل هو الله) دەچم، واتە وەك خودا تاك و بێکەس و تەنیام لەناو ئەم موشریکستانەدا.

ئەم سورەتە مەحوی بە هەڵە ناوی هێناوە، ڕاستییەکەی خۆی سورەتی **(الإخلاص)**ـە، کە یەکێکە لە کورتترین (١١٤) سورەتەکەی قورئان و سورەتێکی مەککییە. واتە لە بنەما عەقیدییەکاندا بۆ ئیسلام ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و لە توێژینەوە لە ئیلاهییاتی ئیسلامیدا بۆ قسەکردن لەسەر **(خودا)**، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەم سورەتە، مەحاڵە توێژەر بتوانێت هیچ شتێك لەسەر خودا لەئیسلامدا بنووسێت. ئەم سورەتە تەنیا چوار ئایەتە، کە تێیدا بەیان کراوە: {**خودا یەکە* نیازی بە کەس نییە* لە کەس نەبووەو کەسیشی لێ نابێ* کەس هاوتا و هاوشانی ئەو نییە**}.

ئەم خۆ وێکچواندنە بەم سورەتە، کە دوو جار خۆشوبهاندنە بە زاتی ناو سورەتەکە (کە خودایە)، مەحوی دەخاتە هاوشانی مەعرووفی

کەرخی و حەلاج و بوستامی‌یەوە و وەك سەرکێشێکی گەورە تا پلەی کفر و شیرك لە چاویلکەی شەریعییەوە دەردەکەوێت.

یان لە عیشوەی یاردا دەڵێت:

**لوطفێ بە حاڵی من کە، وتم، ئەو وتی بە قار:**

**تـۆ شێخی بـاخودا و ئـەمن شۆخی نـاخـــودا**

(ل٤١)

واتا: وتم ڕەحمێك بەحاڵی من بکە، کەچی ئەو وتی ئەگەر تۆ شێخێکی خواپەرستیت، من خوایشم نییە، چونکە پێشگری (با- نا) لە زمانی فارسیدا وشەکەی دوای خۆیان موسبەت یان نەفی دەکەن، کە لەپێش وشەی خوداوە پێشگری (بــا) هات، واتە لەگەڵ خودا یان خوداپەرست و ئەگەر پێشگری (نــا) هات، بە مانای کەشتییەوانیش دێت. وەك مامۆستایانی مودەڕیس بۆی چوون، بەڵام ئەم مانایە بۆ ئێرە گونجاو نییە. بەڵکو ڕێك و ڕاست ناخودا: مانای بێخودا یان لەخودانەترس دێت. کە ئەمەش جارێکی تر بۆ زاتی خودا شیاوە، چونکە (**شۆخ= معشوق= خودا**) خوداش خودای نییە تا لێی بترسێت، ئیتر تۆ بە چی دەیترسێنیت.

سەرنج لەم بەیتەی خوارەوە بدەن، مەحوی چۆن عەرشی خودا (جێگەیەک، کە ئەو لەسەرێتی) سووک دەکات و وای لێ دەکات بە ئاهی ئەو و بێکەسانی دی دێتە لەرزە:

**با زۆری بێ بە کەم مەگرە ئاهی بێ کەسان**
**بەم سروە بایە عەرشی خـودا دێـنێتە ئیهتیزاز**

(ل١٣٦)

**مەحوی و ئیبلیس**

کە مێژووی سۆفیگەریی دەخوێنیتەوە و لەگەڵ ژیانی سۆفییەکان تێکەڵ دەبیت، بەر شتی سەیروسەمەرە و بڕوای ناوازە دەکەویت، کە لەگەڵ لۆژیکی دینەکەدا نایەتەوە. (**ئیبلیس** کە تەنیا فریشتەی نەفرەتکراوەو وا ناسێنراوە تا ڕۆژی قیامەت خەڵک فریو دەدات، ئەم شەیتانە بەو وێنە ناشیرینەی کە ئاینی ئیسلام داوێتێ، کەچی ئەوەتا لای هەندێک لە سۆفییەکان جێی ڕێز و خۆشەویستی بووە.

نووری ڕەشی ئەو، لەبەرانبەر نووری سپیی محەمەدیدا دادەنرێت. سۆفییەکان لە هەندێک جێگە بەرگرییان لە ئیبلیس کردووە و پێیان وایە، کە سوژدەی بۆ ئادەم نەبردووە، لە عەشقی ڕاستەقینەی بۆ خوداوە بووە، چونکە عاشقی ڕاستەقینە جگە لە مەعشوق، سەر بۆ کەس دانانەوێنێت. هەندێکیان بە دروستی نازانن، کە نەفرەت لە



Scanned with CamScanner

شەیتان بکرێت، وەك **شێخ ئەبوقاسم کورەکانی** (کە گەورەی سەدەی پێنجەمی هیجری بووە و لە ڕووی ڕێزەوە بە **خواجەی خواجەکان** ناو بردووە).

(**سهیل بن عبدلله تستری**) ٢٠٠ – ٢٨٣ هـ، دەڵێت: "بە دەربارەی تەوحید قسە بکە، هات و بەشێوەیەك لەبارەی تەوحیدەوە قسەی کرد، کە ئەگەر عارفەکان لەوێ ئامادەبوونایە، حیرەتیان لە زار دەنا."

لەبارەی نووری ئیبلیسیشەوە، (**حسن بصری**) دەڵێت: "گەر نووری خۆی دەربخات، هەموو دروستکراوەکان ڕووی تێ دەکەن و وەك خودای خۆیان دەیپەرستن."*

بڕوانە مەحوی لەشیعرێکدا دەڵێت چی:

**بە دەرسی من نەش (والشمس) پاری طەلعەتت ئەمساڵ**
**ئیجازەم دە موتاڵاکردنی (واللیل)ی خەطط و خاڵ**

(ل٢٠١)

دیار (**الشمس**) و (**اللیل**) دوو سورەتی مەکیی دوابەدواییەکی قورئانن و مەحوی لێرەدا جارێك وەك مەجازی تاریکی و ڕووناکی بەکاری

---

* تصوف اسلامی و رابط انسان خدا. نیکلسون. ترجمە: د.محمد رضا شفیعی کدکنی، ص١٤٢.

هێناون و جارێکیش وەك پێچوواندێکی ڕووی یار (**یار لێرەدا ئیبلیسە**) بە سوورەتەکانی (**الشمس**) و (**الیل**). مەحوی دەڵێت بە کاری منی نەخوارد (**الشمس= ڕووناکی محەمەدی**)ی یار، ئەمساڵ ڕوخسەتم بدە موتالآی (**الیل=نوری سیاهی ئیبلیس**) بکەم.

هەر لەم شیعرەدا، چەند بەیتێك خوارتر ڕوو دەکاتە خودا و پێی دەڵێت:

**چ خۆشە بەم هەموو عیصیانەوە یا ڕبی بمبەخشی**
**بەخشە، بگرە دۆزەخ خۆڵەمێشی کەم بوو یەك مسقاڵ**

(ل٢٠٣)

دەبینێت مەحوی خۆی دەزانێت، ئەمە (عیصیان)ـە، بۆیە داوای بەخشین دەکات و بە تەنزێکیشەوە دەڵێت چیی تێدایە، با من نەسووتێنیت، ئەو پەڕەکەی دۆزەخ تۆزێك خۆڵەمێشی کەمتر دەبێت.

هەر لەبارەی نووری سیاهی ئیبلیسەوە، بە مەجاز مەحوی لە جێگەیەکی تردا دەڵێت:

**تیرەگی وا فەضلی بۆ نادەم بەسەر ڕووناکییا**

(ل٢٥٨)

بە کورتی، ئێمە نامانەوێت بڵێین مەحوی شەیتانپەرست بووە یان وەک ئەو سۆفییانەی پێشتر ناو هێنران، بەرگریی لە **(ئیبلیس)** کردووە، **نـەخێر**، تەنها بە بڕوای خۆمان، مەحوی گەیشتووەتە پلەیەک لە تەسەوف، کە توانیویەتی حەقیقەتی **(نووری ئیلاهی، نووری محەمەدی، نووری سیاه)** ببینێت و هێنانەوەی ئەو نموونانەشمان، هەر لەو سۆنگەیەوە بووە.

**ئەنجام:**

ئەم نووسینە، ویستی بڵێت هەموو ئەوانەی خوێندوومانەتەوە بەریان کەوتووین، بەر لەوەی بخرێتە بەر پرۆسیسی هەڵوەشاندنەوەوە، شایەنی پێداچوونەوە و جارێکی تر خوێندنەوەن. لە ڕووی تەمەنەوە مێژووی مەحوی و مێژووی کتێبەکەشی هێند کۆن نییە، مردنەکەی مەحوی بەحاڵ خۆی دەدات لە سەد ساڵ و عومری کتێبەکەشی، وا لە سی ساڵدا.

تـا ئەوەی ئەو هەموو هەڵەگۆییە لەوە درێژتر نەبێتەوە، دەکرێت بچینەوە سەریان و لە چاپێکی نوێدا، تا کاک محەمەدی مەلا کەریمیش لە ژیاندایە، شەرحی ئەو کتێبە ڕاستبوونەوە بەخۆیەوە ببینێت و ئێمەی خوێنەریش لەوە بگەین، کە ئەو شەرحانە جگە لە دەستگرتنێکی سەرەتایی بۆ تێگەیشتنێکی سەرپێی شیعرەکان، ناتوانن ڕێوانی هیچ ڕێیەکی تر بن، بەتایبەت گەر شاعیرەکە خاوەن ڕێیەکی قژقژ بێت بۆ چوونە ناو قووڵاییەکی تر.

۲۰۰۸



Scanned with CamScanner



# هیومانیزم وەک گوتار

ڕامانێک لە ئەزموونی شیعریی (فاتیح عیزەدین)

Scanned with CamScanner

## کە جیهانیش لە مرۆڤ ڕادەکات

ڕاکردنی مرۆڤ لە جیهان ئاکتێکی تازە نییە، پەیامبەرەکان، عارف و خەڵوەتکێشەکان، دۆستە سەمیمییەکانی تەنیایی، هەمووان بە جۆرێك لە جۆرەکان لە دونیا هەڵهاتوون: (زەردەشت)ی نیتشە، سەرەتا لە دونیا هەڵدێ و گۆشەنشین دەبێ، (گریگۆری)ی کافکا، کە بەیانییەك لە خەو هەڵدەستێت و دەبینێت بووە بە دەعبا و بە ژوورەکەیدا ڕادەکات، لە سیستمێك ڕادەکات، محەمەدی پەیامبەری ئیسلام، کە دەچێتە حەڕڕاوە، لە دونیایەك هەڵدێ، کە دەیەوێت بیگۆڕێت. بوودا، کە دەچێتە کەژ و ١٢ ساڵ قسە ناکات، لە دونیا ڕادەکا ئەو هەزاران کەسەی ساڵانە خۆیان دەکوژن، لە جەنجاڵی لە پرسیارێکی بێ مانای وەك ژیان ڕادەکەن.

هەموو ئەم حیکایەتی ڕاکردنانە، لە زەینی ئێمەدا تا ئاستی باوێشك نورماڵن، ئەوەی **(فاتیح عیزەدین)** دەیکات لەقاندنی ئەم نۆرمەیە. فاتیح لە ڕێگای سیستمێکی ئاماژەیی وەك زمانەوە دەبێ بە پۆینتێك و لە ڕێگەی شیعرەوە خۆی سێنتراڵیزە دەکات، لەبری ئەوەی وەك



Scanned with CamScanner

باس کرا و باوە لەجیهان ڕابکا، جیهان لەو ڕادەکا! ئێرە لوتکەی عەبەسە لە خەیاڵی شیعری فاتیحدا، بە جۆرێك یارییەکە پێچەوانە دەکاتەوە، کە لە ئاستی ئەمدا وەك نامۆیەك، جیهان هێزی لێك تێگەیشتنی دەدوڕێنێ و ئەوەی دەیمێنێتەوە و تەنها هێزێ ڕاکردنێتی:

وا جیهان

لە منی نامۆبوو ڕائەکا

تۆش لە من ڕابکە و

جێم بێڵە

(ل۹۹ مردنی دەنگ و ڕەنگ)

پووچێتی ناو خەیاڵدانی شاعیر وێنەکانی دەرەوەش پووچ و بێمانا و ناچیز دێننەوە ناو زمان. زیاد لە جارێك ئەم چاوە سوریالی و ئەم وەسفە تووڕەو عەبەسیيانەی فاتیح بۆ شتەکان لە (**زەمانی بزربوو**)دا دەبینرێت.

خۆرئاوابوون دەرگاکەی فاتیح، کە دادەخرێت وەك لنگی قەحبە جووت دەبێ، شاعیری نهیلی وشە لە وەسفی درۆزندا بە کار نابات، هەر بۆیەشە زمان لەم جۆرە تێکستانەدا چڕ و کورت و فرەلۆچ و قژقژە:

خۆرنشینان

هەردووتاکی دەرگاکە

لەڕووی ڕووخساری گەردونا

وەك لنگی سۆزانی

لە کاتی جووت بوونا

دێنەوەیەك

( ل١٣٤ چاوکردنەوە و پێڵوولێکنان)

وێکچوواندنی جەنگ بە قەحبە، وێکچوواندنێکی تەواو نهیلی و هێجگار ستاتیکییە. هاتنی وشە قەحبە لەم دێڕەدا وەك هێمای کاراکتەرێکی لەشفرۆش نەهاتووەو نایەت، هێندەی کینایەیەکی وەستایانەیە لە شەرحی حاڵێك، کە زوبان فریا نەکەوێت مەدلوولە ڕاستەقینەکە لەو کاتە خێرایەدا دانێتەوە.

فاتیح ستاتیکیانە ئەم بارەی گواستۆتەوە بۆ ناو شیعر، حاڵێکی ناهەمواری وەك جەنگی بە قەحبە چواندووە. ئەگەرنا قەحبەگەرایی جگە لەوەی لێرە سێبەرێکی تابووی کلتوری لەسەرە، دوور و نزیك هیچ پەیوەندییەکی بە جەنگەوە نییە و تا ڕادەی پێچەوانە دژی جەنگ، کە کوشتنی ئینسانە، قەحبەچێتی هونەری چێژە و پیشەیەکی خزمەتگوزارییانەیە، لە خزمەتی ئەو بوونەوەرە شەڕانییەدا، کە مرۆڤە:

نامەوێ بمرم

بەڵام ئازیز

ئەفسووس و ئەفسووس

ئەوا ئاڵۆشیی ئەم جەنگە بەد و سۆزانییە

وا

دەیەوێ لە نێولنگی دا بمرم

(١٦٧ یاد)

**مۆرفین لە شیعری فاتیح عیزەدین دا**

خوێنەر کاتێك سەرنج لە شیعری کلاسیکیی کوردی دەدات، هەست بەو پەیوەندییە توندوتۆڵە و ئەو هەموو سوود وەرگرتنە دەکات، کە ئەم ئەدەبە لە ئەدەبی فارسی هاوسێی کردوویەتی، لەو نێوەندەدا هەر کێش و عەرووزی فارسی نایەت، بەڵکو پریاسکەیەك وشەش لەم زمان و کلتورە دەوڵەمەندەوە دەپەڕێتە ئەمدیوەوە.

بە ڕای ئێمە وشەی (**بەنگ**) یەك لەوانەیە، کە بەدەم گفتوگۆ و مەسەل هێنانەوە و شیعر خوێندنەوەی فارسییەوە لە دەمی وێژەرەکانیانەوە پەڕیوەتە بەیازی مەلایانی شاعیری ئەم قۆناغەی شیعری ئێمەوە. ئەگەرنا نە سرووشتی ناوچەکە مێژووی لەگەڵ

چاندنی ئەم ڕووەکەدا هەیە و نە خەڵکەکەی ئەهلی بەنگن و نە تلیاککێشان لێرە کلتورە.

هەرچی سەبارەت بە ئەلکهولیشە، لە پاش حەمدی و لە دوای سەرکەشی و بوێریی فایەق بێکەس و هێنانی **(عارەق)** بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ ناو شیعر، لێرەو لەوێ **(مەی)**ێکی شەرمنی هێمن و شێخ حەسیب چاو دەکرێ... لەیەك دوو نموونەیەکی بچکۆلەی ئاوا بترازێ، دیسان شیعری کوردی خاڵییە لە ئەلکهولیش.

ئەوەی دەمێنێتەوە **(مۆرفین*)**ـە، سەردەمی ڕۆمانتیك سەردەمی مۆدە و هاتنە خوارەوەی مۆرفین بوو، بەشێوەیەکی فەرمی بۆ ناو ئەدەبیات. لە فرەنسای دڵی ئەم مۆدیلەدا، مۆرفین وەك ڕێگایەك بۆ خۆناسین و نزیکبوونەوە لە (خود)ـەوە بەکار برا، پێشڕەوانی ئەم گروپە لە نموونەی بودلێر، بە پاساوی **«دەبێ ناخودئاگا، ناخودئاگا بنووسێتەوە»**(٢) خودئاگایی خۆیان سڕ دەکرد.

---

* بە پێویستی دەزانم بڵێم: ئێمە لێرەدا مۆرفینمان وەك کورتکراوەی سەرجەم مادە هاوپۆلەکانی نووسیووە، نەك تەنیا وەك مادەی مۆرفین خۆی، هەروەك چۆن ئەم مادەیە خۆی ڕۆحی هەموو مادەکانی تریشە. لەوانەی ئێمە مەبەستمان بووە و ئەمیانمان لەبری هەموویان دانا لە نموونەی (**ئەفیون، کۆکاین، هێرۆین، تریاك، ماریگوانا، کراك، حەشیش، گراس، LSD، دەرمانە پزیشکییەکان...**).

ناوە دیارەکانی نێو ئەدەبیاتی دونیا لە شێوەی ڕامبۆ، شارلۆك هۆلمز، شیلر، ئیدگار ئالان پۆ، جۆرج تراکل، شارلۆت برونتە، ماری شلی، ئالدۆس هاکسلی... لە بەکاربەران و تووشبووانی مۆرفین بوون(٢).

لە ئەدەبییاتی دراوسێش سادق هیدایەت، یەك لە دیارترین ناوەکانە، کە بە سوودوەرگرتن لە کۆکایین، توانیوێتی بنووسێت. هەر ئەم نووسەرە تەنیایە لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەیدا (**کوندەپەپووی کوێر**) لە یەکەم پاژیدا شتێك، شتێکی هیجگار سامناك لەبارەی پەیوەندیی خۆی بەو ماددانە و هۆی بەکاربردنیان لای ئەو و کەسانی هاوشێوەی ئەو دەدرکێنێ.

ڕۆماننووسی **عەتا نەهایی** لەبارەی ئەو پاراگرافەوە لە جێگەیەکدا بۆی نووسیبووم: پاش حەفتا ساڵ لە نووسینی ئێستاش زۆربەی هەرە زۆری خوێنەری فارس بە پیر و گەنجەوە ئەم دەستپێکەیان لەبەرە:

*«لە ژیاندا زامگەلێك هەیە، وەك خۆرە، بە هێوریی و لە تەریکیدا ڕۆح دەخوات و دەیتاشێت. ناکرێ لەلای کەس باسی ئەم زام و ئازارانە بکەیت، چونکە هەموو کەس بە پێی عادەت، ئەم ئازارە بڕواپێنەکراوە بە ڕووداو و پێشهاتی سەیر و دەگمەن دەزانێ و ئەگەر کەسێك بیڵێت یان بینووسێت، خەڵك بە پێی بۆچوونی باوی خۆیان،*

هەوڵ دەدەن بە بزەیەکی پڕ لە گومان و گاڵتەجاڕیی وەریبگرن. چما مرۆڤ هێشتا چارەو دەرمانێکی بۆ ئەم زام و ئازارانە نەدیوەتەوەو تاکە هەتوانیش فەرامۆشیی بە شەراب و خەوی تریاک و مادەی سڕکەرە»(٤)

هەموو ئەو نووسەرە گەورانەی ناوبران، جارێك وەك تووشبوویەك و جارێك لەپشت پاساوی ئیلهام بەخشین و خەیاڵ فراوانکردندا مادە بێهۆشکەرەکانیان تاقیکردۆتەوە، بەڵام لە دونیای ئێمەدا (فاتیح عیزەدین) یەکەم کەسە، کە مۆرفین دێنێتە شیعری کوردییەوە.

چۆن کچێك
بە پێکی شامپانیای
ئەوروپا
هەناسەی گۆش بووبێ و
لەبەردەم مێزێکدا
هەوەسی بەسەرا ڕژابێ و
سۆزی عەشق لەبوونیا
ون بووبێ
دانیشێ و
هێرۆیین بکێشێ
(ل١٢٨ کە زۆربا دەمرێت)



Scanned with CamScanner

بەشێکی تلیاککێشان گەڕانەوەیە بۆ خۆت و شۆڕبوونەوەیە بەناو خۆتدا. ئەم بارە وا دەکات کەسەکە زێدەتر گۆشەگیر بێ و دوور لە خەڵك و نزیك لە خۆی بۆ ئەوشتانە بژی، کە خەیاڵی فراوانی خۆی دروستیان دەکات. وەك لەم شیعرەی خوارەوەدا شاعیر بۆ دوورکەوتنەوە لە ژیانی جەنجاڵ و گەیشتن بە جیهانی ئەبەدی، داوا دەکات لێ بگەڕێن ئاوا بمرێت:

وازبهێنە و
بهێڵە با بۆ تەنیایی و
پاکیی دەروونی خۆم بژیم
دوور لەم ژیانە جەنجاڵە
با بۆ بینین و گەیشتن بە جیهانی بێکۆتایی
بە نوێژی سۆزی بەنگ بمرم
...........
..........
بهێڵە بە ژەهری تاڵی بەنگ بمرم..!

(ل١٩٦ دیوار)

لە جێگایەکی تردا بە خۆی دەڵێت، کە کردەی شیعر نووسین وەك کردەی مۆرفین بەکارهێنان وایە، هەردووکیان ئیشیان قارسکردن و کورتکردنەوەی کاتە:

تۆ

کە شیعرت مۆرفینە

بۆ سڕکرنی

شەوی درێژی تەنهاییت...

(١٤٥ مەرگ)

یان دەڵێت:

ئەوکەسانەی دوژمن بوون و

تینووی خوێنی پڕ ئەفیونم بوون..

(ل٢٢٥ سی پایزی تەمەن ڕابرد)

ئامانجی نووسینەکە لەوە زیاترە، کە ئەم دیوە وەك ڕوویەکی پاسیف وێنا بکات و دابەزێتە خوارەوە بۆ ژیانی تایبەتیی شاعیر. بەپێچەوانەوە لێکۆڵینەوەکە دەیەوێت ئەو ڕاستییە بزربووە دەربخاتەوە، کە ئەمە ئەزموونێکی نوێیە لە شیعری کوردیداو دوای

تێپەڕینی ٣٠ ساڵ بەسەر ئەم شیعرانەدا هێشتا شیعری کوردی لەوە نابوێرترە جارێکی دیکە خۆی لە قەرەی مۆرفین بدات.

فاتیح، ئاسۆییانە وێستگەکانی ئەم ماددانە دەبڕێ تا دەگاتە قۆناغی پێش کۆتایی، کە (تەزریق- Drug Injestion)ـە، لەم وێستگە ترسناکەدا خەیاڵبوون و سڕبوونیش دادی نادات! کە ئەم نموونانە لەناو ئەو جۆرە پێڕانەشدا هێجگار ڕیزپەڕە و خەمی سەنگین و کۆتایی ئا لێرەدایە، کە مرۆڤ هیچ شتێك دادی نەدات، بەخراپترین ڕێگەکانی خۆنابوودکردنیشەوە:

شریقەیەکی تریشت داوە لە شادەماری دڵ
لەسەر جێگای خەیاڵ بوونا ڕاکشاوی و
وەك بەدمەستێ کوژاویەوە
..........
.........
خەیاڵی چی؟
خەیاڵ بوونیش دادت نادا
سڕبوونی چی؟
تا سڕبوونێش دادت نادا

(ل١٤٦ مەرگ)

**جەنگ.. بابەتێك بۆ بیرکردنەوە**

وەك **ماری ڕیمارك** وەك **مارگرێت دۆراس** وەك **جۆرج ئۆرایلّ** وەك **هەمینگوەی**، جەنگ بەشی هەرە زۆری ئۆبژێکتی ئەدەبی فاتیح پێك دەهێنێت. هەمیشە جەنگ لای ئەو شاعیرە بابەتێکە بۆ تێڕامان، لێرەوەو لە جەنگەوە مرۆڤ بێ ڕێز دەبێ و لەسەری فاتیحدا، کە ئەم کائینەش حورمەتی خۆی دۆڕاند. ئیدی بەرەبەرە پووچێتی ڕاستەقینە دەست پێ دەکات:

بببوورە ئێستا

لەسەر زەمینی

لافاوی خوێن و تەقینەوەدا

................

................

دلۆپە شیعر ناباریّتە سەر

پەڕەی دەفتەری

ژیانی بۆشی تەنیایمەوە

ببورە نەك تۆ

خۆمم بیرچۆتەوە

(ل١٦١ بیرچوونەوە)

یەکێك لەو شیعرانەی بابەتی سەرەکی جەنگە، شیعری (**فرمێسکی پیری**)یە، ئەم شیعرە گێڕانەوەیەکی کرۆنۆلۆژی سێ نەوەیە، کە باپیر و باوك و خۆیەتی. لە گێڕانەوەکانی نەوەی یەکەم (**باپیر**)ـەوە خوێنەر بەر کارەساتە خوێناوییەکانی سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی دەکەوێت، جەنگێك کە هەر لەخۆوە ١٠ ملیۆن مرۆڤی تێدا مرد! شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم سێ نەوەیە بەشێکە لەو جوگرافیایەی کە جەنگەکەی تیا نمایش کرا، بۆیە هەر سێ نەوەکە لەیەك کاتدا بینەر و قوربانیشن. لە گێڕانەوەی باپیرەوە بەشێك لە مەینەتیی مرۆڤ لەو جەنگەدا دەبینین: هەر لە برسێتی و قاتوقڕی و گژوگیاخواردنەوە تا فڕێدانی کۆرپە بە زیندوویی!

دواتر لەزاری نەوەی دووەم (**باوك**)ـەوە، گێڕانەوەی جەنگی دووەمی جیهانی دەست پێ دەکات، ئەمەش بەردەوام دەبێت تا زەمەنی باروت و جەنگەڵی لاشە و ئەو دۆزەخە سامناکەی ئەو جەنگە دەیخولقێنێت، هەموو ئەمانە بۆ کوڕەکە دەگێڕێتەوە. جەنگێك، کە ئەوێش لەخۆڕا زۆرترین قوربانیی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دا، کە ٥٠ میلیۆن کەس بوو! گێڕانەوەی نەوەی سێیەم (**کوڕ**)ـە گێڕانەوەی زەمەنی خودی فاتیحـە، ئەم زەمەنە زەمەنی (**نازەمەن**)ییە، کاتێك ئیتر مرۆڤ بەهای لەژێر هەڕەشەدایە، ئەم نەوەیە هیچی دیکەی نییە

بیگێڕێتەوە جگە لە جەنگ... بۆیە بێ دەنگ دەبێت و دەکەوێتە هەڵوەسە بەرانبەر خۆی و ژیان و بوونی:

من نیگاکانم وەك ڕیزێك تابووت
بەرەو باوەشی گۆڕ کوچ لەبەرن
ئەو ڕێگایانەی
ئەو شەقامانەی
منیان گروتۆتە خۆ
ئەوە ئێستا لەبەرچاومدا
وەك تێپەڕبوونی شەمەنەفەرن
(ل١٤٣ فرمێسکی پیری)

سەدەی بیست، سەدەی ڕەش و بەدبەختیی مرۆڤ بوو، ئەو سەدەیە بوو، کە ترۆتسکی تێیدا دەڵێ: *«ئەوەی لە سەدەی بیستدا بەختەوەری بووێت، بەهەڵە لەو سەدەیە هاتۆتە دونیاوە.»* فاتیح بۆ خۆشی بەم کەسایەتییە سەرسام بووە و لەو سەدەیەشدا لەدایك بووە و لەو سەدەیەشدا شیعری نوسیووە:

ئاخر بڵێم چی من قوربانیبووی
سەدەی بیستەمی ڕووخسار خوێناوی و
دونیای ئەتۆمم
(ل١٠٨ زادەی سەدەیەکی تر بووین)

ئەوەی سێیەم لە جەنگ و پووچێتیدا دەژی و کە دەشمرێ جگە لە زەحمەت و ئازاریی تەحەممول نەکردە، هیچی لە ژیان نەبینیووە:

دەمرم و جیهان
خەونێکی سامناك
خەونێکی تاریك
پڕ لە کابووس و تارمایی بوو دیم
دەمرم و جیهان
کارەساتێکی شەڕ و ئاژاوە
خوێن و بارووت
بێ نرخیی مرۆڤ
جیهان سەراپا نامۆیی بوو دیم
(ل٨٤ مەرگ و عەشقێکی خوایی)

**گومان لە بوون**

بابەتی نادڵنیایی بە بەردەوامی یەکێك لە پرسیارە زیندووەکانی فەلسەفە بووە، لە فەلسەفەی کلاسیکەوە و لە میتافۆری ئەشکەوتی پلاتۆوە، ئەم دونیایە دونیای ڕاستەقینە نییە، بەڵکو ئەمە وێنە_ سێبەری دونیا ڕاستەقینەکەیە. ئەو کۆمەڵە کەسەی لە ئەشکەوتدان سێبەری کەس و شوێنە ڕاستەقینەکان لەسەر دیوارەکەی بەرانبەریان دەبینن.

تیۆری سێبەر یکێك لە نموونە شیعرییەکانی پلاتۆیە لەمەڕ حەقیقەت و نادڵنیایی. فاتیح لە شیعرێکیدا هەر بە ناوی (**گومان**)ـەوە، نکۆڵی دەکات لەوەی کە ئەمەی هەیە خۆی بێت! ئەویش وەك شکێك لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی دەڵێ، کە ئەمە سێبەرە و سێبەری هەوریشە:

ئەمن من نیم
کەسێ کە
بە بناری ئەم لاشەدا پەخش بووە
ئەوە سێبەری هەورێکە
لەنێوان خۆر و
زەوی دا
دروست بووە..

(ل١٦٩)

ئەم تێزە هەموو شتێك دەخاتە ژێر پرسیاری **"تۆ بە ڕاستی هەیت؟ یان بە ڕاستی نیت؟"** کامەیە ڕاستەقینەکان؟ چی کۆپی و چی ئۆرگیناڵە؟ پرسیار لە دڵنیایی هێندە چڕ دەبێتەوە تا دەگات بەوەی مونتی Montaigne بڵێت «*ئەوەی کە جێی دڵنیاییە ئەوەیە، کە هیچ شتێك جێی دڵنیایی نییە!*»(٥)، کە هیچ شتێك جێی دڵنیایی نەبێت و پرسیاری (بـــۆ)یش لە بوون بێ وەڵام بێت، ئیدی بوونیام لە



Scanned with CamScanner

گومگمۆکەی تێهزریندا ناچار بە عەبەس دەبێ. فاتیح لە یادی ۳۰ ساڵەی لەدایکبوونی خۆیدا ئەم پرسیارە لە بەءننی خۆی دەکات:

خۆم لەنێو خۆما بزر بووم
گیان و بوونم ئەبێ چی بن
بۆ ئەم جەستە تێك شکاوە؟
لە پشیلەیەکی سپڵەی
کەناریی خواردوو بەولاوە
یا لە سەگێکی بێوەفای
نانی نانی بەولاوە!

(ل۱۲۷ سی پایزی تەمەن ڕابرد)

لەم پاژەدا سیزیفییەتی ئینسان پیشان دەدات. ڕەنجی، زەحمەتی، بەرگەگرتنی ئەو هەموو ئازارەی... هەر لە خۆڕا:

قورسایی زەوییان نایە سەر
ئەم گیانە لاوازە و نەمردم
مۆرفینی پەژارەی ئاهاتی مەسیحیان
ڕشتە ناو گوێگرتن لەم هەموو ئاوازە و نەمردم
بۆ ئەزموون لە بنکەی ئەتۆما تەقێنرام
سەیرە
هەر نەمردم..!

پرسیاری بوون بۆ؟ له عەقیدەی ئیسلامیشدا له کێشه و مشتومڕێکی بەردەوامدا دەژی، چونکه ئەگەر هۆی ئەنگێزەی کردارێك، نەبوونی شتێك و تەواوکردنی شتێك له شتەکان بێت لای بکەرەکەی، ئەوا خۆ خودا هەبوویەکی تەواو و کامڵ و بێنیازی ڕەهایه، کەوایه بۆ بوونی مێنایه کایه؟! (أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثاً)(٦) **ئایا گومان دەکەن لەوەی ئێمه لەخۆوه و هەر لەخۆڕا ئێوەمان مێناوەته بوون؟**

لەبەرانبەر پرسیاری ئەم ئایەتەدا فاتیح پەرسڤێکی ڕەق و تاڵ و گوماناویی بە خویێ دەداتەوە:

ئەم بوونەم چی بوو، بۆ چییه من نازانم؟

ئەم بێداری و خەون و زیندەخەونەم چی بوو؟

چییەو بۆچی بوو؟ نازانم

کام خواوەند بوو که ئەم ڕۆژەی به من بەخشی

ئاخ... هۆکەی چی بوو نازانم؟

(ل٢٠١ ژوور)

یان توند و تاڵتر و خیام ئاسا دوا حەقیقەت دەڵێ:

ئەمرین و جیهانیش

هەر وەکوو نەبووبێ وەهایه

(ل٩٩ مردنی دەنگ و ڕەنگ)

## ژن لە شیعری فاتیحدا

گەرچی فاتیح عیزەدین لە ئەدەبی نوێی کوردیدا بەرەشبین و عەبەسگەرا دێتە هەژمار، کەچی سەیریش نییە زیاد لەنیوەی شیعرەکانی و بە دروستی تا نزیکەی نیوەی دووەمی هەشتاکان شیعرگەلێکی رۆمانسین و بۆ ئەو کچ و ژنانە نووسراون، کە بە ژیانی تایبەتیی نووسەردا تێپەڕیون، لێرەشدا، لەم شیعرانەدا، وێڕای ساکاریی خەیاڵ و کرچی زمانیان، جارێك وەك تێست و دەستپێك و شیعری سەرەتایی لەڕووی مێژووی نووسینیانەوە و جاریکیش وەك شیعری لیرك، لێ بە وردبوونەوە خوێنەر دەکارێت تەمێکی قورسی نیهلستیی هێشتا لەسەر دەقەکان و کۆخەیاڵی ئەم شاعیرە ببینێت. بەشێکی زۆری نووسەرانی تەوژمی **پووچگەرا** پێچەوانەی ئەوەی کە دەبێ ببێت، نێوانیان لەگەڵ ژناندا خۆش بووە! **سارتەر و تورگینێف** دیارترینی ئەو نموونانەن.

لە دونیای کوردیدا چەند شاعیرێك هەن، لە کەمنووسەکانن، لە دیوانێك یان دوو نامیلکە زیاتریان نەنووسیووە، کەچی دەنگی ناوازەو جوان و دەگمەنن. هاوکات لەگەڵ فاتیحدا **ئەنوەر قادر و سەلام محەمەد و سەلاح محەمەد و عەباس عەبدوڵڵا یوسف و محەمەد عومەر عوسمان** لەوانەن، بەڵام کەس هێندەی ئەم ناوەی دواییان لە گوتار و ئەزموون و جیهانبینیی فاتیح نزیك نییە.

ئەم نزیکایەتییە ئەگەر بەشێکی بۆ هاوڕێیەتی ئەم دوو شاعیرە لە ژیانی تایبەتییان و بە تایبەتیش لە هەشتاکاندا بگەڕێتەوە و سەردەمەکەش وەك سەردەمی نوێی هاتنە ناوەوەو پەرەسەندنی وجودییەت -بە چاپە کوردییەکەیدا- تەماشا بکرێت، ئەوە نابێ خوێنەر لە یادی بکا، کە نیگا و ئەبستمی ئەم دوو نووسەرە بۆ چەمکەکانی: نەمریی، بوون، مێژوو، جەنگ، مەرگ، دواجار ژنیش بە هەندێك جیاوازیی کەمیانەوە تا ڕادەی سەرسووڕمان لێك نزیکن!

ژن لە شیعری حەمە عومەردا وێنەیەکی ترانسێندتاڵی هەیە، مریەمە، خواوەندە، دەست بۆ نەبراو و پیرۆزە. عەشق لێرە ئەفلاتوونییە، بێگەردییەکی سەیر و سۆفییانە لە نیگای ئەم پیاوەدا بۆ ژن هەیە:

ئەی ئەو کچەی پایزانیش
بەرگت سەوزەو گوڵی تەڕ ئەدەی لەسەرت
خەو مەبینە
قۆڵ و باسکم پشتێنێ بێ بۆ کەمەرت!
(نامەیەکی پایزی/ دیوانی لە غوربەتا)

ژن ئەم تایبەتمەندییە لای فاتیح وێنەکە کەمێك بەڕتووشە. ژن ئەم تایبەتمەندییە بانسرووشتییەی ون کردووە، مەعشوقە، گەرمە، جوانە، نەرمە،

ناسکە، سێکسییە، ماچ و ئاوێزان و گووشین و هەڵگلۆفتنی لەگەڵ دەکرێت:

شان و قۆڵیان ڕووتوقووتە
تەنوورەی تەنگ
شلکەی ڕانیانی بە توندی
جەڕاندووە
لە سپێتی پووزی ئاوێنەئاسایان
هەوەسی بینەران دیارە
تا گۆی مەمکیان
لە دەلاقەی یەخەیان
هاتوونەتە دەرێ

(ل۲۱۱ لایەنێکی تری پایتەخت)

بەشێکی تەنیاییەکان، تەنیایین لە دووریی (ئەو)دا، ماڵ چۆڵە و دیوارەکان بیری ئەو دەکەن:

چاوانت
بۆ بینینەوەی وێنە شیعرێکی نامۆییم
وێڵ و تەڕەن
زەردەپەڕی ئەم ئێوارەن
جووتە مەمە زۆر تامەزرۆ و تینووەکانت

دیل و بەندی نێو زیندانی

ئەو ستیانە ناهەموارەن

............

............

بێ ئارامی و پەنجەی هیوام

نەشئەی مەمانت

ناچێژێت

(ل۲۱۰ بۆ ئێستا بژیم!)

بە شێوەیەکی گشتی لە دیدی **محەمەد عومەر عوسمان**دا ژن قووڵاییەکی ڕۆحیی هەیە، کە ئەم ڕەهەندە لای فاتیح ونە و بەپێچەوانەوە ژن تەزوویەکی سێکسی تیژتێپەڕە و هیچی تر. بۆیە لاواندنەوەی ئەم شاعیرەی دواییان بۆ ژن، پتر لاواندنەوەیەکی شەهوانییە لەوەی لاواندنەوەیەکی ئینسانیی بێت.



Scanned with CamScanner

## ڕەگەزی داستانیی لە گێڕانەوەدا

شتێکی تر، کە فاتیح لە هاوسەردەمەکانی خۆی جیا دەکاتەوە ئەم ڕەگەزەیە. لە کۆی ئەو ئەزموونە شیعرییەی ئەو کە لەبەردەستدایە، کەمترین شیعری درامیی دەبینرێت. لەم شیعرانەدا دێڕ کورت و وەسف تیژپەڕ و ڕووداو خێرایە. بەنزیکەیی سەرجەمیان دوورن لە دارشتنی پەخشانیی، کەچی جاربەجار لە شیعرێکدا ئایرۆنییەك لەگەڵ ئەم ڕوانینەی پێشوو هەیە، وەك ئەوەی نووسەر بیری چووبێتەوە، کە ئەمە شێوازی باوی ئەو نییە، دێت و شیعر وەك چیرۆك دەنووسێت و لەدارشتنیشیدا گێڕانەوە تەنیا ڕەگەزە، کە ئەم پەیوەندییە تۆختر دەکاتەوە:

سەمفۆنیایەکی هێمن دێ
سەری پڕ خەم و ئازارت
لەسەر سینگم قورس بووە
هەست بە لێدانی دڵ دەکەیت؟
گوێ ڕادێرە:
ترپ... ترپ
ئێجگار بەخاویی ترپەی دێ

(ل٨٨ هێستریا)



Scanned with CamScanner

لە شیعرێکی تردا بە ناوە (**کافکا**)، کە یەکێك لە جوانترین و قورسترین شیعرەکانی ئەم دیوانەیە، وەها وەسفی تێپەڕین بەژیاندا دەکات، کە خوێنەر دیمەنەکەی وەك گرتەیەکی سینەمایی دێتە بەر چاو، نیهیلییانە و دژەباو وەك کارەکانی **تارکۆفسکی**:

گریانێکی سست و
دەستێکی پیر و لەرزۆك
بەسەر گۆچانی مەرامەوە دەلەرزێ
بەتەنگەبەری ژیانا و
ڕووەو مردن
وەك ڕەوڕەوە قاچەکانی
کەوتوونەتە ڕێ
(ل٩٣ کافکا)

لەنێو ئەم سەمپڵەی تردا فاتیح وەك چیرۆکنووسێکی کاریگەر بە شەپۆلی هۆش دەنوسێت. بۆ ساتێك تۆ وەکوو خوێنەر ئیستێك دەکەیت و وا دەزانی هەر بەڕاست خەریکیت چیرۆك دەخوێنیتەوە:

دەچنە بەر شووشەی پەنجەرەی ژوورەکەت
فسفوڕی نیگایان
وەك چاوی پشیلە گڕ دەگرێ



Scanned with CamScanner

و دەبنە جنۆکە

وەك چۆن کۆمەڵێك تارمایی

دەبنە بازنەیەك لە دەوری نەخۆشێك

لە نسێی نەشتەری پزیشکا مردبێ و

بە پەلە تەرمەکەی هەڵبگرن

ئەوانیش بەو شێوەیە

بە دەوری باڵاتا زنجیرە دەبەستن

چەند دەست و پەنجەیەك ڕەش

وەك هی مەیموون

تۆی نووستووی فریشتەی نیوە ڕووت

هەڵدەگرن!

(ل١٢٣ کە زۆربا دەمرێت)

**داریوش و کەسایەتییەکانی زەمانی بزربوو**

**داریوش ئیقبالی** هونەرمەند و چالاکەوانی سیاسی بەناوبانگی ئێرانە. ساڵی ١٩٥٠ لە تاران لەدایکبووە. سەرەتا وەك ئەکتەر و گۆرانیبێژ دەرکەوتووە و لە سەردەمی شادا بە بیانووی بەکارهێنانی مادەی بێهۆشکەرەوە دەستگیرکراوە و هەوادارانی دەڵێن، کە ئەوە بیانوو

بووه و لەڕاستیدا لەسەر گۆرانییە سیاسییەکانی بووه. پاش (ئینقیلاب) و هاتنە سەرحوکمی کۆماری ئیسلامی، دیسان داریوش بە هۆی چالاکیی سیاسییەوە چەند جارێك دەستگیر دەکرێتەوە، تا دواجار ڕوو دەکاتە ئەمریکا و دواتر سوید و تا ئێستاش لەوێ درێژە بە هونەر و پرۆژەی خێرخوازیی و چالاکیی مرۆییانە دەدات.(٧)

داریوش بە پێشڕەوی مۆسیقای پۆپی ئێرانی و بە باوکی کەئابە و مۆسیقای غەمگین دادەنرێت. لیستی ئەوانەی لەسەر دەستی هونەری غەمگینی ئەم خۆیان کوشتووە، کورتتر نییە لە لیستی ژمارەی ئەوانەی لەژێر کاریگەریی ئەم و هونەر و گۆرانییەکانیدا تلیاکیی بوون. فاتیح وەك یەکێك لە گوێبیست و هەوادارانی ئەم دەنگە لەم کاریگەرییە دوور نییە و هەمیشە خۆنەویستانە داریوش دێتە شیعرەکانییەوە:

پڕم لە شیعری گەرموگوڕ

لە جەنگ و خوێن

لە مۆسیقاو دەنگی داریوش

لە هێستریا


پڕپڕم

لە شەپۆلی سەربڕاوی کەنار و ڕۆخ

یان لە جێگایەکی تردا، دەڵێ:

لە بێداریمدا
سۆزی زایەڵەی داریوش بڕژێتە
دەماری مێشك و
بگاتە پەڕەی لێدانەی دڵم
(ل١٦٠ یاد)

ئەو کەسایەتییانەی تر، کە ناویان لەم کتێبە شیعرییەدا هاتووەو فاتیح کەم و زۆر پێیان کاریگەرە، زنجیرەیەك کەسی ناسرووشتین، کە سەرجەمیان داهێنەر و بلیمەتی سەردەم و زەمان و بوارێکن. هەوڵ دەدەین لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ئەو پەیوەندییە ڕوون بکەینەوە:




**سڵ لە ڕۆبۆت، نائومێدی لە سیستم**

شیعری فاتیح شەڕێکی گەورەیە لەگەڵ سیستم. ئەو وەك مرۆڤی ڕاستەقینە وەك ئینسانی سەرکەش و ڕام نەکراو، نەك هەر ناچێتە سیستمەوە، بەڵکو هەوڵی بونیادی گوتارێك لە دژی سیستمیش دەدات، لێ گوتارێکی شیعریی، کە خۆی لە ڕەتکردنەوەیەکی توند، نیشاندانی ناشرینییەکانی، یادخستنەوەی ڕابردوو و جوانییەکانی ژیانی سادەی جاران دەبینێتەوە، هەروەك چۆن هەمیشە شەڕ لەگەڵ داهاتوو سکپڕە بە خەیاڵیی نۆستالوژیی.

ئەم نەهاتنەوەیە لەگەڵ مۆدێرنەدا دژایەتیکردنی نییە، وەك قۆناغێکی مێژوویی درێژو بەردەوام، کە دەیەها ڕەوتی فکریی و زانستی و فەلسەفی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، چونکە ئەمە نەك هەر کاری شاعیرێك نییە، بەڵکو ئەم پێشپێگرتنە زۆرتر ڕەنگێکی یۆتۆپی هەیە و تا ئاستی باڵا کاری نەکردەیە.

لێ لەم نێوەندەدا شیعر وەك دەنگە ناوەکی و ڕاستەقینەکەی مرۆڤ بێدەنگ نابێت و لەزماندا پرۆتۆستی هەموو هەمەجییەت و بێ حورمەتکردنێکی ئینسان دەکات. فاتیح لە نیشاندانی ئەو وێنە ڕۆبۆتییەی مرۆڤ، کە بەرئەنجامێکی مۆدێرنەیە لە شیعری **(لایەنێکی تری پایتەخت)**دا دەڵێ:

وەکو پەیکەر
لە وێستگەی پاسا وەستاون
جاروبار کە با هەڵ ئەکا
قژی خاویان دە ئاڵۆزکێ
میکانیکی
سەریان لە لەشیان
ئەبزوێ
ئێجگار بەخۆنازەنینەوە

به دەوروبەرا ئەڕوانن
پێشانگایەکی کراوەی گران بەهان
هۆی ڕاڕایی
بینەرانن
...............
...............
ئەوان هێمان
هەر پەیکەرن و
وەستاون!
(ل٢١٢)

جەنگیز ئیتماتۆڤ لە ڕۆمانێکی نیمچە خەیاڵیی زانستیدا، وەک فرانکشتاین، مەترسی پێشکەوتنیی زانستیی لەسەر کەرامەتی مرۆڤ دوویپات دەکاتەوە. ئەو لە زاری کاراکتەرەکەیەوە، کە زانایەکی گەورەی بایۆلۆژییە، لە بارەی زانستەوە دەڵێت «دەسکەوتەکانی زانست چەند فراوان و مایەی ستایش و تەنانەت جاری وا هەیە هێندە لە ترۆپکدان، مرۆڤ گێژوویژ دەکەن، بەهەمان ئەندازەش ناپایەدارن و بە زۆریی لەگەڵ ویژدانی ئەم مەخلوقەدا نایەنەوە، هیچ شتێك ناتوانێ لەگەڵ ئەو مرۆڤەی پەیوەندیی بە ئەبەدییەتەوە دەکات و ئەو تاقە مەعنەوییەتەی دونیای لە خۆی گرتووە، بەراورد بکرێت»(٨)

فاتیح بە ڕیتمێکی ئیتماتۆڤانە و لە جێگایەکی تردا، ڕاستەوخۆ شەڕەکە لەگەڵ تەکنەلۆژیادا دەباتە ناو دیالۆگێکی یارەوەو پێی دەڵێت:

جەخار

ئەفسووس تۆ نازانی

تەکنەلۆژیا بێوەفایە

خۆم و یەزدان لە بیرو هۆشم ون ئەکا (ل١٩٦دیوان)

فاتیح دەزانێ، کە شارستانییەت و ئاپۆرەیی پتر لەوەی هەیە مرۆڤ تەنیاتر دەکات، بۆیە لە شیعرێکیدا، کە بۆ (**محەمەد عومەر عوسمان**)ی هاوڕێی نووسیوە، یادی دەخاتەوە، کە سەرزەمینی ئەمان لەو گەردوونە فراوانەدا هەر تەنیاییە:

تەنیاین و تەنیای شارستانییەت و

ناو ئاپۆرەیی،

تەنیاین وەك شیتی و مەرگ و بەسەرچوون

تەنیایی هاوڕێیان

تەنیایی نیگای یار

تەنیاین و تەنیایی

باوەشی گەردوون

(ل٨٧ تەنیاین وەك شێتی و مەرگ و بەسەرچوون)



Scanned with CamScanner

نزیك له خەمی داریوش و گۆرانی (سال سیاه)ی، فاتیح دەساڵ بەر له سەدەی بیست و یەك، ئەو دڵەخورپانەی خۆی لەسەر ساڵی ٢٠٠٠ نەك وەك ژمارەیەك و بەس، بەڵكو وەك ترس و پێشهات لەو پاشەكشێیەی مرۆڤ و كەرامەتی دەیكات، ساڵی ١٩٩٠ له شیعری (دیـوار)دا دەڵێ:

من نامەوێ
له هاوینی گەرمی ساڵی دووهەزارا
دەستلەملانی پەیكەری شۆخی
ئاسن بم
شۆخێكی وا
لەبری نیگای پڕ هەست و سۆز
گڵۆپی سووری چاوانی به كارەبا
داگیرسێنێ
من نامەوێ به ماچی ڕوومەتی مس و
هەڵمژینی هەناسەی پڕ له ژەنگ بمرم
(ل١٩٧)

ئەوەی سەرنج ڕادەكێشێت ئەوەیە، كه فاتیح لەو كاتەدا ئەگەرچی له پەستیی و عەفەوییەتدا هاوینی ئەو ساڵەی گەرم پێشبینی و وەسف كردبێت، كەچی به ڕێكەوت ئەو شەپۆله گەرمایەی گۆی زەوی



Scanned with CamScanner

گرتۆتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە نیشانەو وێرانییە سرووشتییەکانی دەرکەوتوون!

**پووچگەرایی،**

**خەیاڵی سپی... سێبەری ڕەش**

فاتیح لە ناوەڕاستی ١٩٧٥ـەوە دەنووسێت، بەڵام لەسەرەتای١٩٨٣ـەوە، گۆڕانێك لە شیعریدا بە ئاراستەی نیهیلییەت ڕوو دەدات. وەنەبێ شیعرەکانی پێش ئەو ڕێکەوتە خاڵی بن لەو خەیاڵە ڕەشە.

خوێنەر لەتەواوی کتێبەکەدا بەر ئەم وشانە دەکەوێت، کە لەبنەڕەتدا ئاماژە و هەڵگری پووچێتیین لەوانە: **(تارمایی، مێردەزمە، هێستریا، بێزاری، ڕەشپۆش، خوێن، تەرم، گریان، گومان، تەڵخ، تار، پووچ، ڕشانەوە، هێڵنج، نیگەرانی، زیندەخەو... هتد).**

من خۆمم لەیاد دەرچووە
وەك مەلی کەوتوو
لە بن درەختی هێلانەکەی خۆی
لەبەردەم دەرگای شارەکەی خۆما



Scanned with CamScanner

کەوتووم

جێماوم

وەك ڕۆمانێکی شاکار و نایاب

قەدەغەکراو بۆ چاپەمەنی و زەڕب لێدراوم

دووردوور لە نیگای گەشی خوێندنەوەت

لە ئەرشیفخانەی لەیادکراوا

تۆز لەڕوو نیشتووم

کەوتووم جێماوم

(ل١٥١ نیگەرانی)

ئەو وەرزەی کە سومبولی ژیاندنەوەیە لە چاوی شاعیری عەبەسیدا شێواویی و گریان و فرمێسکی ئینسانە:

وا ئەم بەهارە

لەگەڵ بارینی نمەی باراندا چپاندی و وتی:

لەنێو ئاوێنەی جۆگەلە و چەم و

ڕۆخی ڕووباری درزبردووما

باڵای شێواوی خۆتان ببینن

هەمووی فرمێسکە

ئێمە هەموومان

زادەی گریانین

زادەی گریانین.. (ل١٦٢ ژیانەوەی دەنگ و ڕەنگ)

فاتیح عیزەدین، زیاد لەجارێك ئەم بەشدارییە بە سرووشت دەكات و دەیخاتە خزمەت گوتارە نیهیلییەكەیەوە:

نەورۆزە كوێستانان شین دەبێ
دەرودەشت
سەوزایی دەپۆشن
بەڵام ئاخ سرووشت چۆن لەڕووی هەڵدێ؟
بێ مرۆڤ ڕەنگین بێ!
خۆ مرۆڤ دەكوژرێ
دەسووتێ..!
(ل٣٥ نەورۆز)

ئەدەب لە زەینی فاتیحدا فینۆمەیەكی هێجگار زاتییە، **(ڕۆحی گشتی)** كەمتر لە شیعری ئەودا دیارە(٩)، یان ڕاستتر بە دەمامك و لە بەرگی دیدا دێتەوە ناو تێكستی ئەم پیاوە، ئەو زۆرتر مامەڵەی لەگەڵ سۆبێكتدایە. ئەم خاڵە وا دەكات لێرەو لەوێ ئەدەبی فاتیح دابەزێ بۆ ئەدەبی ئۆتۆبۆگراف، بۆ وێنەكێشانی ژیانی تایبەتیی خۆی، وەك پیاوێكی پەژموردە، پیاوێك، كە دونیا ماندووی كردووەو ژیان بڕستی لێ بڕیووە:



Scanned with CamScanner

نەخۆشم ئازاری گوشندەی ناو مێشکم

شەوانە

سەدان جار دەمکوژێ

گوێ کپە و

زایەڵەی سرووشت نابیستم

لە تیشکی خۆری گەش بێبەش و

تاریکی چاوانم دادەگرێ

(ل٦٦ وێران بوونی خەمەکان)

خالّی لاوازی ئەم ڕوانینە بۆ ئەدەب بەشێکی لەوەدایە، کە دەق تەواو کۆنکرێتی و ڕاستەوخۆ خۆی دەنووسێتەوە، ڕاستەوخۆییش یانی تیکستێك بێ دال. ئەمە پرۆبلەمێکە، بەڕای ئێمە نابێ ئەدەب تووشی ببێ:

ژیانی ئەوێش هیچ و پووچ

وەك پووچیی ژیانی من

بەدەم ئاه و

داگیرسانی جگەرەوە

چاوەڕوانی بوو بۆ مردن

چاوەڕوانی بوو بۆ مردن

(ل٦٢ چاوەڕوانی بوو بۆ مردن)

ڕۆژەکانی هەفتە لای کەسی عەبەسی ئاوا تێ دەپەڕن:

شەممە دەستی یەك شەممەیە و
لەنێو قەدو باڵای دووشەممە ئاڵاوە
سێشەممە پێڵووی
خەواڵووی چوارشەممەیە و
ئەشکی ئێوارەی پێنجشەممە
لە لێواریا قەتیس ماوە
هەینیش
چ بڵێم! ئاوێنەیە
دەرخەرەوەی دەستە ڕەشە سامناکەکەی
نێوان گەرووی زەردەپەڕی
ئێوارەکانی شەممەیە..!

(ل١٥٥ زەمانی بزربوو)

ژیانی تار بەردەوامە و کات نەوەستاوە، بەڵام چی وا دەکات ڕۆژەکان لەیەك نەچن؟ ڕەشنامە لە بەری شیعردا(١٠):

ئەی نابینا
ئەها ئاسمان دەبێتەوە بە دەیجوور و
جارێکی تر
ڕەش دەپۆشێ و بۆ پرسەی

مینا شین


مەرگی ئەمڕۆشت
ئەمڕۆی وەك دوێنێ و پێرێی
بەخت ڕەشت
سەرنج بدە،
چۆن لەو ڕەنگە ڕەش و تەڵخەی شەوانی تر
کراسێکی ئاودامانیش دەکاتە بەر
باڵای شیعرە هیستریەکەی
ئەمشەوەشت؟

یا نووسین لە سێبەردا:
ئای کە بێ عارم
باوبۆران نەدیو، هەرزەو دەربەدەر
هێشتا ئەنووسم
بۆ کێ ئەنووسم؟ منی کۆچ لەبەر
بۆ سێبەری تۆ؟
یا سێبەری خۆم؟
(ل١٥٢ نیگەرانی)

## کێ دۆزەخە؟

### نیگای هاوبەشی سارتەر و فاتیح

فاتیح وەك ژان پۆل سارتەر دڵنیایە ئینسان دۆزەخی ئینسانە، سارتەر لە شانۆگەرییە بەناوبانگەکەیدا (**دەرگا کلۆمدراوەکان**- Huis clos)، ئەم تێگە فەلسەفییەی خۆی ڕوونتر دەکاتەوە. سێ کاراکتەری تاوانبار لەودیو مەرگیانەوە لە دۆزەخدان، دۆزەخ لێرە دوور لەو ستراکتوورە دینییەی وێنەی کێشراوە دەبینین، بەوەی ئێرە شوێنی سووتاندن و برژاندن نییە، بەڵکو ژوورێکی ئاسایی بێ پەنجەرەیە، کە هەمیشە ڕووناکە، ڕووناکاییەکە بە جۆرێکە بەندییەکانی ناوەوە ئازار دەدات و ناهێڵێ بخەون. لە سێ کاراکتەرە تاوانبارەکەی ناو ژوورەکە دووانیان ژنەو یەکێکیان پیاوە، (**ستێلا** - Estelle)، دایکێکە منداڵەکە خۆی کوشتووە، (**ئینس**- Inès) ژنێکی ڕۆشنبیر، بەڵام هاوڕەگەزبازە، بە هۆی هاوڕەگەزبازکردنی کچێکی گەنجەوە وایکردووە کچەکە خۆی و مێردەکەشی بکوژێت، (**گارسین**- Garcin) تەنها پیاوی ناو دۆزەخ ڕۆژنامەنووسەو بە تاوانی کوشتنی ژنەکەی خۆی لەوێدایە. لەناو ئەم سیانەدا جۆرێك پەیوەندیی عاشقانە دروست دەبێت. (ستێلا) حەز لە (گارسین) دەکات و (گارسین)یش دڵی بە (ئینس)ـەوەیە و (ئینس) خۆشی مەیلی بەلای (ستێلا)دا هەیە.




بەم شێوەیە پەیوەندییەکی بازنەیی بۆش لەناویاندا دێت و دەچێت و یەك دەبنە دۆزەخی یەکتر و سەرئەنجام گارسین لەتووڕەبوونێکدا ڕستە بەناوبانگەکەی دەڵێ: (**جەهەنەم یانی ئەوانی تر– l'enfer c'est les autres**)، وەك **بەختیار علی** دەڵێت: دۆزەخ لە نیگای سارتەردا دۆخێکی وجودییە و لە پەیوەندیی مرۆڤ بە مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ(١١). دۆزەخەکەی فاتیحیش هەر ئەوانی ترن.

فاتیح دەزانێ ئەوانەی کفن دەکەنە بەر ئەم، هەر ئەمانن، کە هەناسەی مێینەی یار دەژنەون پێ لەسەر تەرمەکەی دادەنێن و بەرەو مەعشوقەکەی ئەو دەچن، ئەمە ئەو نیگا عەبەسییانەیە، کە مرۆڤ لە بەرئەنجامی ئەزموونێکی سەخت و دۆخێکی تاڵی کەشفی حەقیقەتدا پێی دەگات و تێ دەگات، کە لەڕاستیدا ئینسان گورگی ئینسانە:

دەبینم دوای مەرگم
هەر هەمان ئەو دەست و پەنجانە
کفنیان بە باڵای من بڕی و
بە گڕی غەریزەی هەڵپەیان منیان ناشت
..................
..................
کە بۆنی هەناسەی مێینەی تۆ دەکەن
پێ لەسەر تەرمەکەم دادەنێن
هاژینی هەناسەم دەبیستن
سڵ ناکەن...
(ل١٢٣ کە زۆربا دەمرێت)

یان :
ئیتر لەنێو گەردوونێکام
شەیتان بە نێو
تاریکایی و وێرانەیمدا دەگەڕێ
سەگی ڕەشی بەدگومانی و شەوداهاتن
بەرەو ڕووم دێ
(ل١٨٧ بەسەرچوون)



Scanned with CamScanner

## ژوور... چەقی تەنیایی

ئەگەر تەنیایی وەك بارێكی ڕۆحی تایبەت، جارێك پرسیار بێت لە ژیان بە مانا كۆسمۆپۆلۆتییەكەی، ئەوا جارێكی تر پرسیارە لە شوێن. بە جۆرێك یەكەمین سێنترالیزەكردنێك لەتەنیاییدا شوێنە. یەكەمین بەركەوتنی تەنیایی لە دەرەوەی خۆی بەركەوتنێتی لەگەڵ شوێن.

شوێن وەك كۆی ئەو جێگایانەی تیایانداین و تیاماندان. تیایانداین، چونكە بۆشایی ترمان چنگ ناكەوێ چالاكیەكانمانی تێدا بكەین. تیاشماندان، چونكە بوونمان بەستراوە بە شوێنەوە. ئێمە لەشوێندا هەین. لەژێر شوێن و لەناو شوێن و لەسەر شوێنین.

لە شیعری (ژوور)ی فاتیح عیزەدیندا، تەنیایی دەگاتە دواپلەی خۆی، ئەوە وەك **گیٚ دو مۆپاسان** دەڵێت: *"ئەگەر لەتەنیاییدا پلە هەبێت"*، بە جۆرێك مەودا لەنێوان شوێن و كەسدا دروست دەكات، ئەو مەودایە فاتیح و ژوورەكەی دەكاتە دوژمن هەردووكیان لەیەك پڕ بوون، لەیەك بێزارن. یەك ئەوی دی دەكاتە دەرەوە:

(ژووری چۆڵم
ژووری ساردم
وەكو ئەوسا و زیاد لە جاران
بیٚ چرپەیە

بێ خشپەیە

بێ دەنگە و

بێ زایەڵەیە!

ژوور لای فاتیح نامۆیە، جارێك بە خوێ جارێك بە خاوەنەکەی، لە پەراوێز و فەرامۆشیدایە. لەڕێی وێنەکردنی ئەم ژوورەوە دەزانین، کە سەرنشینەکەی تەنیا و فەرامۆش و غەریبە.

لەڕاستیدا ئەم شوێنە مێژوویەکی لەگەڵ ئەم حاڵەدا هەیە، لێ ئێستا غەریبی ژوورەکە سەختتر و چۆڵییەکەی بێ کەستر و ترسناکترە.

سەرمای ناو ژوورەکە زەمهەریری ناوەوەی شاعیرە لەسەر کاغەز:

ئەم ژوورەی من دەڵێی سواڵکەری وڵاتێکی

غەریبە و

لەسەر شۆستەی جادەی ئاپۆرەی شاراندا

لەژێر پێی هاتووچۆکەری

بەیانیان و ئێواراندا

بە بێهۆشی پاڵکەوتووە

وەك ئەوساو زیاد لە جاران

ئەم ژوورەی من

بۆ هەمیشە سارد و سڕە

بێ پشکۆیە و

بێ ئاگرە!

ژوور لای ئەم شاعیرە، ڕەگەزێکی بێلایەن نییە، نا... ژوورەکەی فاتیح دەگری، پێدەکەنێ، خەم دەخوا، لە تاقە سەرنشینەکەی پڕە، حەز دەکات بڕوات، دونیای تر، جێگای تر ئەزموون بکات. خەیاڵی فراوانی فاتیح شوێن دەنێرێ بۆ شوێن:

ئەو دەیەوێ شتێکی نوێی تر ببینێ و
بە زۆپای زەمەنێکی تر گەرم دابێ
............
............
ئەویش وەك خۆم لە بێهودەیی هاتنی
شیعرێکی ترم بێزار و نیگەرانە
لە نێو زوقم و ساردیی هەوای هەر چوار
دیوارەکەی خۆیدا
بە تاسەوە چاوەڕوانی...

ژوور و فاتیح چاو دەبڕنە چاوی یەکتر، ئەو شاعیر ناچار دەکات لەبەردەم پرسیاری (بوون!)یدا ڕابووەستێ، ئەم بۆ هەیە؟ ئەم کێیە؟ ئەم چییە؟

گەورەبوون و بچووکبوونی هەبوونی من
دروستبوون و لەنێوچوونی هەبوونی من
مەتەڵێکه

لێی تێ ناگەم

ڕێ دەرنابەم

(ل١٠٢ ژوور)

**لەنێوان**

**خەمی ڕۆژهەلات و ڕق لە کاپیتالیزمدا**

فاتیح وەك شاعیرێکی کۆتایی سەدەی بیست و کاریگەریی کەم و زۆری بە مارکسیزم، مەسەلەی چینایەتی لێرەو لەوێ تێکەڵ بە دیسکۆرسی ئەو لەبەرانبەر ژیاندا دەبێت و ئەمەش زیاتر خزمەت بە گوتارە سەرەکییەکەی شاعیر کە مرۆڤدۆستییە دەکات. فاتیح دەیەوێت لەشیعردا ژینێکی دیکە بدۆزێتەوە:

گوتنی شیعر

بۆ بێزاریی لەم ژیانە و

دۆزینەوەی ژینێکی تر

گوتنی شیعر

بۆ ئەمانەو زۆر شتی تر

(ل٧٥ ببینەوە بە شیعری پاك)



Scanned with CamScanner

ئەو لە جێگایەکدا دەڵێ، کە شیعر لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا، دەنووسێت:

گوتنی شیعر
بۆ ڕزگاربوون
خەمی مرۆڤ
خەمی تابلۆی تراژیدیای برسییەکان
خەمی داستانی درامای
یەك بەیەکی لانەوازان (١٢)

(ل٧٥ ببینەوە بە شیعری پاك)

لە دڵی خۆرئاوادا لەدایك بوو، بەڵام لە ڕۆژهەڵات ژیاو هەر لەوێیش مرد. فەلسەفەی سۆسیالیزم گەرچی دابەشکرنی دونیا بۆ دووبەرەی کاپیتاڵ و پرۆلیتار، بیانوویەکی باش بوو بۆ قووڵکردنەوەی ئەو شەبەقە دیرۆکییەی لەنێوان پەیوەندیی مرۆڤەکانی ئەم دوو جەمسەرەی جیهاندا هەبوو، فاتیح وەك ڕۆژهەڵاتییەك ئەو کینەیەی بەرانبەر خۆرئاوا بەردەوامەو تەنانەت شیعرێکی بە ناونیشانی (**خۆرهەڵاتی شەهید**)ـەوە هەیە، ئەوەتا لەشیعرێکدا بە مەسخەرە بە کۆنفرانسە مرۆیی و ئاشتییەکانی خۆرئاوا، حەقیقەتی ئەودیوشیان پیشان دەدات:



Scanned with CamScanner

لێرە مرۆڤ (بەنرخترین سەرمایەیە)
لەنێو هۆڵی ئەنجومەنی ئاشتیی جیهان
باسی دەکەن!
لێرە مرۆڤ بێنرخترین سەرمایەیە
لەسەر مێزی ڕاوێژکردن
دەربارەی داماڵینی چەك
بەدەم قاقای پێکەنینی هێستریایی و
هەڵدانی پێکە خوێنەوە
کاسەی سەری ژێرپێ ئەخەن
کاسەی سەری
ژێر
پێ
ئە
خەن
..............
..............
لێرە مرۆڤ حەشەرەیە
بەدوای دەرمانێکا وێڵن
خەردەل لەچاویا لە پلەی پێنجەما بێ!



Scanned with CamScanner

شیعرەکە بەردەوام دەبێت و کامێرا لە خۆرئاواوە دەگوێزێتەوە و لە ڕۆژهەڵات لەسەر تەرمی مرۆڤ ، زووم دەکات:

لێرە

گۆڕ بۆ تەرمی ئەجەلی مرۆڤ قەدەغەیە

لە ژێر تایەی ترۆمبیل و

لەنێو گەرووی تاریکی کۆڵانەکانا

لەبەردەمی ماڵەکانا

فڕێ ئەدرێ

(ل١١٧ کیشوەری دلۆپەخوێن)

فاتیح وەك ئەحمەدی شاملۆ نەفرەت لە ئابووریی جیهان دەکات، کە ئینسانی کردۆتە ئامراز بۆ بووژانەوەی خۆی:

لای ئەوان زۆر یاساییە و وەکوو یەکە

باڵندەی شیعری دەروونی ئەم وڵاتە

یا لە قەفەسدا بێ یاخود تەرە ببێ و

بێلانەو بێدەرەتان بێ

..................

..................

ئابووریی ئەوان وای دەوێ



Scanned with CamScanner

گشت منداڵێك لەم وڵاتە شەهیدەدا

بێ شیر و بێ خەندەو نان بێ

(ل٢٢٢ جەنگی کەنداو)

لە مەسەلەی چینایەتیدا فاتیح وەك **سەمەدی بیهرەنگی** ڕقی لە بۆرژواکان دەبێتەوە و بیریان دەخاتەوە، کە دەچنە بازاڕ بۆ کڕینی دوامۆدی بووکەشووشە بۆ منداڵەکانیان، هەر لەو دەوروبەرە هەڵڕوانن منداڵی بێ دایە و بێ بابە و پێپەتی و بێنازەکانیش ببینن.

فاتیح دەیەوێت بە پرۆسەی نیگاکردن، مرۆڤ حورمەتی ئەوانی تری یاد بکەوێتەوە، بەڵام سەمەد لەمە زیاتر دەڕوات و ڕقی ئەو لە دەوڵەمەندەکان دەگاتە ڕادەیەك لە پێشەکی کتێبیکی منداڵانەیدا دەڵێت: «*هەموو منداڵێك ماف ئەوەی هەیە ئەم چیرۆکە بخوێنێتەوە، تەنها ئەو منداڵانە نەبێت، کە بە ئۆتۆمبیلی گرانبەها دەگەڕێن و خۆیان لە منداڵی هەژار و وێلگەردی سەرجادەکان بە گەورەتر دەزانن و هاوڕێیەتیان لەتەکدا ناکەن.*»(١٣)

لێ گوتاری فاتیح لە مامەڵەی لەگەڵ کەسانی چینی باڵادا میانڕەو و ئینسانیترە لە بیهرەنگی. سەرنج بدە لەم پارچە شیعرەی کە ساڵی ١٩٨٥ نووسراوە:

خۆتان ئەبینن زۆر بە شانازی
پەلی پڕ نازی
وردیلەکانتان دەگرن و لە کۆشک
دێنە دەرەوە
تا بیانبەنە کۆگای ڕازاوەی
نوێترین مۆدی بووکەشووشەوە
هەر لەهەمان شوێن
کەمێ ڕامێنن لەخۆ بپرسن:
- بۆچی وردیلەی سەرما بردەڵە و
ڕوومەت تۆزاویی نێو کۆڵانەکان
بێ بووکەشووشەن
بێ زەردەخەنەن؟!
بۆچی هەمیشە بێ نازی دایە و
بێ نازی بابەن؟!

**ناکۆکییە کۆنەکە**

ناکۆکی نێوان خودا و شەیتان یەکەمین ناکۆکی ناو گەردوونە. لەڕاستیدا ئەم ناکۆکییە ناکۆکیی خودا خۆیەتی لەگەڵ خۆیدا. خودا لەگەڵ هێزە شەڕانی و ئەهریمەنییەکەی خۆی بەشەڕ دێت. لە

ئەفسانەی خەلیقەتدا هاتووە، کە بۆ هەتاهەتایە ئەم بەشە شەڕانی و ناتەبایە لە خۆی دوور دەخاتەوە: (قال فاهبط منها١٤★ قال اخرج منها ١٥★ قال اذهب١٦★) تا سەر دروستبوونی ئەم کێشەیە شەیتان وەك نوێنەرایەتی هێزی شەڕ لە ئاسماندایە.

(د.صادق جلال العظم) لە **ڕەخنەی هزری ئاینی** و لە بەشێکیدا، بە ناونیشانی **تراژیدیای ئیبلیس**، دەڵێ: "*وەها باشترە بۆ بەندەکان بەشێوەیەکی گشتی وا باوەڕ بکەن بەوەی خودا دوژمنێکی هەیە و ناوی ئیبلیسی نەفرەتلێکراوە و سەرچاوەی خراپە و گوناه و تاوانە، چونکە ئەگەر بەڕاستی باوەڕ بکەن بەوەی خودا خۆی سەرچاوەی ئەو بەلا و گوناه و دەردەسەرییانەیە، کە لە هەموولایەکەوە دەوری گرتوون، ئەوا مێشکیان بەرگەی ئەم حەقیقەتەی نەدەگرت و سەریان لێ دەشێوا و ئەوکاتیش نەفرەتیان لەخۆی و لە بەخششەکانی دەکرد.*" (١٧)

خودا بە دەرکردنی **ئیبلیس** بۆ سەرزەوی هەر بە تەنها نەیویست سزای بەشێك لە خۆی بدات و دیسان بۆ یەکەمین جار لە گەردووندا ڕۆحێك تاراو بکات. واتە لەبنەڕەتەوە یەکەمین تاراوگە زەوی و یەکەمین تاراو مرۆڤ بوو. ئەم چیرۆکە سەرنجڕاکێشە شتی زۆرتر دەڵێ، لە گەرمەی ناکۆکییەکەدا، خودا یەکەمین جوێن بە زاریدا دێت: (فاخرج انك من الصغرين)(١٨) **دەرچۆ تۆ لەڕیسوا و بچووك و بێنرخەکانیت.**



Scanned with CamScanner

خودا بەم دوورخستنەوەیە ویستی بەشێك لە هەناوی ڕەشی خۆی لە خۆی تەبەڕا بکات و ئەنجام وەك خودایەکی پاك و بێگەرد بمێنێتەوە.

پاش ئەمەو بۆ خزمەتکردن و تەواوکردنی ئەم چیرۆکی خەلیقەتە، پێویستمان بە دوو کاراکتەری تر دەبێت، ئەمجارە خواوەند ئادەم و حەوا دەخاتە سیناریۆکەوە و بەشە تاراوەکەی خۆی (شەیتان) دەنێرێ بۆ فریویان و دواتر لەسەر سکەیەکی ڕێکخراو و ئاسۆیی ڕووداوەکان دەچنە پێشێ و ئەوان سێوی یەکەم دەخۆن و ئینجا لێیان دەپرسێتەوەو دەرئەنجام خودا حوکمی فرێدانیان بۆ سەرزەوی دەر دەکات.

ئێستا سێ کاراکتەر بەڕێوەن بۆ سەر ئەم هەسارەیە و ئیدی وەختی ئەوەیە یارییەکە دەست پێ بکات.

لەو ڕۆژەوەی دوو هێزە گەورەکە ناکۆکییەکانی خۆیان درێژکردۆتەوە، وەك دوو کاراکتەری کارتۆنی خۆێنشیرینی هۆلیۆد، دروست وەك **تۆم و جێری** دانویان پێکەوە ناکوڵێ و شەڕەکەشیان وا لە ماڵی مرۆڤ و لەسەر حسابی ئەم مەخلوقە بەدبەختە.

مرۆڤ کەمێك دیقەتلی بێت و لەم ئەفسانەی دروستبوونە ورد ببێتەوە، تێ دەگات، کە حەوت ملیار ڕۆحەکەی تری سەر زەوی جگە لە بازیچەو کەرەستەیەکی سوواوی ئەم گەمەیە زیاتر هیچی تر نین.

فاتیح لە شیعری (یاد)دا هێجگار جوان شەڕی نێوان ئەم دوو هێزە دەنووسێتەوە و سەرئەنجامیش بێتوانایی و لاوازیی ئینسان لە ئاست شەڕێکی وا زەبەلاحانە تۆمار دەکات:

ئەفسووس و ئەفسووس
وا شەیتان و خوای مێملێ
نێوان هەناسەو سنگم
وا شەیتان و خوای دوژمنی
نێوان خوێن و دەمار و
لێدانی دڵم
وا شەیتان و خوای نێوان
نەخوشی و تەندروستیی من
بەشەڕ هاتوون و
شمشێرەکانیان لەیەکتر دەسوون
ناکۆکن
لەوەی
بمرم یا
نەمرم!

(ل١٧٦)



Scanned with CamScanner

فاتیح لەسەر مردنی مرۆڤ، خودا دەخاتە بەردەم پرسوجویەکەوە و ڕەندیانە لێی دەپرسێ:

که ئەمرین
ئەی خواوەند
چۆن جومگەی هەیکەلی مەزنییت
لە یەک ناترازێ و ناکەویت؟
ئاخر چۆن
خۆت لەسەر بڕبڕەی
پشتی خۆت ڕائەگریت؟
چۆن نامریت؟

(ل١٥٨ هانای بەرلەمردن)

**ئەنجام:**

ئەم نووسینە ویستی بەوەستان لەسەر چەند وێستگەیەکی شیعریی ئەم شاعیرە هەم یادێك لە فاتیح عیزەدین بکاتەوە و هەمیش دەزوولە ڕووناکیی بچووك بخاتە سەر یەك دوو پۆینتی جوانیی لەم کتێبەدا*.

---

*(زەمانی بزربوو) کتێبێکی ٢٣٠ لاپەڕەیی فاتیح عیزەدینە ٧٦ پارچە شیعری لەخۆی گرتووە، کە ماوەی نووسینیان لەنێوان ١٩٧٦–٢٠٠٨ دایە. ئەمە جگە لە چەند شیعرێکی وەرگێڕدراو. ئەم کتێبە بە تیراژی تەنها ٣٠٠ دانە لەساڵی ٢٠٠٩ بۆ جاری دووەم چاپ کراوەتەوە.

فاتیح ئەگەرچی پسپۆڕاییەتییەکەی لە زمانی عەرەبیدایە، لێ فارسیزانێکی دەگمەنیشە، ئەم زمانزانییەی خزمەتی بە ئەبستمی شیعریی کردووەو خۆشی لە گفتوگۆیەکی (ماڵپەری چرا)دا، کە

لە دونیای ئەمڕۆی فەرامۆشییدا: فاتیح عیزەدین یەك لەو ناوە تاك و تایبەت و دەگمەنانەیە، کە پێویستیی سەرلەنوێ خوێندنەوەی ئەرکی ئەم نەوە نوێیەی خوێنەرە. پەیامی خێرای ئەم نووسینە ئەوەبوو: کە نێوەندی ئەدەبیی کوردی کە هێندەی کار لەسەر فەرامۆشکردن و لەبیرکردن دەکات، نیو هێندە نەیتوانیوە لەگەڵ نووسەرە گەورەکانی سەردەمەکەی خۆیدا ڕێ بکات و لەگەڵ یادەوەریی و مێژووی خۆیدا بە ئینساف بێت. ئێمە ناڵێین فاتیح پێش زەمەنی خۆی نەکەوتووە، بەڵام لامان وایە ئێستا ئیتر خەریکە جێ دەمێنێت. فاتیح بە خەمی گەڕانەوەی حورمەت بۆ مرۆڤ تا ئەوپەڕی پەراوێزی و کەنارگیری ڕۆیشت و تا ساتی ئەم نووسینە نەگەڕاوەتەوە.

٢٠١٠

---

(ڕێبوار محەمەد یوسف) لەگەڵیدا سازی کردووە، لە زمان نەزانینی ئەم نەوەیە دلگرانە و ئەمە بە کارەسات دەزانێت.

کوردییەکەی فاتیح بێ گرێوگۆڵە، بەڵام پاراو نییە، ئەو شاعیرە شیعری بارنەکردووە لەو وشانەی لە فەرهەنگەوە کۆپی دەکرێن، ڕەنگە بۆ گوزارشت کردن لەو نەسازییەی دونیا: حەمکە وشەیەك بەس بێت. لە هەندێ جیاوازیی ڕێنووسی ئێستاو جاران بترازێ، خوێنەر دەکارێت بێ زەحمەت فاتیح بخوێنێتەوەو چێژی لێ ببات. ئێمە لێرەدا هەوڵماندا بە خێرایی لە چەند وێستگەیەکی شیعریی فاتیح عیزەدین ڕابمێنین.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**


١- بۆ تێگەیشتن لە وێکچوواندن بە قەحبە، بگەڕێرەوە بۆ وتارێکی ئێمە بە ناونیشانی (شار و قەحبە).

٢- تاثیر مواد مخدر بر خلاقیت و شعر، دکتر نعمت الله فاضلی http://www.radiozamaneh.org/literature/٢٠٠٧/٠٨/post_٤٠٠.html

٣- وتارێکی کورت لەسەر ئەم بابەتە بە زمانی ئینگلیزی بەم ناونیشانی: A brief history of drugs in literature

٤- پەیکەری فەرهاد، نووسینی عباس مەعروفی، وەرگێڕانی: توانا ئەمین، ل٧٥، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس.

٥- کتاب تردید، بابك احمدی، نسبیت و فرهنگ، ص٤٥، چاپ چهارم، نشر مرکز، ١٣٨١.

٦- قران سورة، مؤمن، الایه ١١٥.

٧- وبگاه رسمی داریوش اقبالی و ویکیپیدیا فارسی، دانشنامه ازاد.

٨- ڕۆمانی (پێشبینێکی نەفرەتلێکراو)، نووسینی جەنگیز ئیتماتۆڤ، وەرگێڕانی جەوهەر کرمانج، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان.

٩- بۆ تێگەیشتن لە دەستەواژەی (ڕۆحی گشتی) و پێگە جوگرافییەکەی لەشیعردا، بگەڕێرەوە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی بەختیار عەلی بە ناوی (گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر) لە گۆڤاری ڕامان.

١٠- نیهیلیسم و مفهوم زمان، مجله کیهان فرهنگی، شماره ٢٣٤، فروردین و اردیبهشت ١٣٨٥، ص ٣٤، نویسنده: مهدی فاموری.

١١- دۆزەخ لە ناوماندا بەختیار عەلی.

١٢- درامای لانەوازان خۆی لەبنەڕەتدا شانۆگەرییەکی سورییە و باس لە ژیانی کۆمەڵێك کەسی پەژموردە دەکات لە هوتێلێکی هەژارنشینی شاردا، هەر یەکێك لەوانە خاوەنی چیرۆکێکی تراژیدی ڕاستەقینەی ژیانی خۆیانن، سەرجەمیشیان مرۆڤی پاکن، بەڵام ژیان غەدر و خیانەتی بەیەکەوە لێ کردوون و لە لۆچێکدا پەراوێزی خستوون. سەرەتای ساڵانی حەفتا (سمکۆ ناکام) ئەو شانۆگەرییەی کردووە بە کوردی و هەر لەو ساڵانەدا تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی ئەم بەرهەمەیان لە تەلەفزیۆندا نمایش کردو ئێستاش بە هۆی ئەو تێکەڵکردنە گاڵتەجارانەیەی کە هاوتەریب بە تراژیدیاکە تا کۆتایی شانۆگەرییەکە دەڕوات، دیالۆگەکان لە زەینی بەشیکێ زۆری خەڵکدا بە زیندوویی ماوەتەوە.

١٣- اولدوز و عروسك سخن گو، صمد بهرنگی، ص٤.


مینا شین

١٤- قرآن، سوره الاعراف، الایه ١٣.

١٥- قرآن، سوره الحجر، الایه ٣٤.

١٦- قرآن سوره الاسراء، الایه٦٢.

١٧- ترازیدیای ئیبلیس، گۆڤاری ئاینده ل١٢٢.

١٨- قرآن، سوره الاعراف، الایه ١٣.



Scanned with CamScanner



# ئەپسێردێتی تێکست و ئیرۆسییەتی خەیاڵ

ڕامانێک لە شیعری (نامەیەکی پایزیی) محەمەد عومەر عوسمان

Scanned with CamScanner

محەمەد عومەر عوسمان عارفێکە لە یە موحافیزکار و کودەتاگێڕیشە. لەسەر ئاستی فۆرم پابەند و لەسەر ئاستی جیهانبینی یاخییە.

**د. شاهۆ سەعید**

ئەگەر شیعر بە دیوێکدا بونیادنانی باڵاخانەیەك بێت بەسەرکێشی خەیاڵ لە زماندا، ئەوا بە دیوەکەی تردا، ئیشکردن و هەڵکۆڵینە لە وجوددا. شیعر لە دەرەوەی ڕاڤە، هەڵگری جیهانبینییەکە، پڕاوپڕ ئەزموونی خودی شاعیر و نیگایەتی لە زانین.

شتێکی نوێمان نەوتووە ئەگەر بڵێین، ژیانکردن لەناو واقیعێکی نائاساییدا، میکانیزمی دەوڵەمەندبوونی خودی ئەزموونکەرەکەیە.

دانتی و مەولانا و سەعدی، هیچیان ژیانێکی ئاسایی نەژیان، بۆیە دواجار تێکستی نائاساییان بەرهەم هێنا.



Scanned with CamScanner

ڕەنگە لەو پەرەگرافەی پێشوودا، شتێکمان لەبارەی داهێنانەوە چنگ کەوتبێت، بەڵام ئایا ئەفراندن تەنیا لە بازنەی ژیانکردنی نائاساییدا خۆی دەبینێتەوە؟

ئەو پرسیارە دەمانخاتە کێشمەکێشێکی قووڵەوە، کە دەتوانین دواجار بە سوودوەرگرتن لە میتۆدی قوتابخانە ڕەخنەییەکان لێی دەربچین. ئێستا با پرسین، ئایا شیعر پیشاندانی دیوە نەبینراوەکەی تری ژیانە؟ ئایا شیعر لە چێژ زیاتر دەتوانێت شتێکی ترمان بداتێ؟ دەکرێ شیعر چۆن کۆمەکی ئەو بوونەوەرە تەنیایە بکات، کە ناوی مرۆڤە؟ بۆ بەرسڤی ئەم پرسیارانە، دەچینە ناو خوێندنەوەو ڕامان لە شیعری (**نامەیەکی پایزیی**)ی **محەمەد عومەر عوسمان**:

**نامەیەکی پایزیی**

**ئەی ئەو کچەی**
**پایزانیش بەرگت سەوزە و**
**گوڵی تەڕ ئەدەی لە سەرت..**
**خەو مەبینە**
**قۆڵ و باسکم پشتێنێ بێ بۆ کەمەرت!**
**تۆ نەتدیوە،**
**چۆن ئاگری سپی پیریی**
**بەربۆتە قژی سەرم!**

زۆر ئەترسم
دارستانی قژی ڕەشت بگرێتەوە..
تۆ نەتدیوە،
پەنجەکانم دە چڵی وشک و برنگن؟
گەر ببنە شانەی قژت،
ساتێک نابا ئەشکێنەوە!
لۆمەم مەکە گەر دیت چاوم،
هەردەم وەک هەوری زستان وابوو..
من کەناری شیعرم بەسە
باوەشم بۆ بگرێتەوە..
ئەگەر هاتوو بیستت خۆم کوشتووە،
بزانە کە،
نەمتوانییوە شیعرێ بڵێم
ئازارمی تیا جێ بێتەوە..!

شاعیر لە تەواوی ئەم شیعرەدا، وەکو ستایلی هەمیشەیی خۆی پاییزانە دەنووسێت و پاییزانە دەئاخافێت و پایزانە بیری کردووەتەوە. وەلێ ئەم پایزدۆستییە نەیهێشتووە لە ڕوانین بۆ واقیعدا کورت بهێنێت. **حەمە عومەر**، گەرچی دەزانێت ئەو چیتر کەڵکی لە ئامێزگرتنی کیژێك نەماوە، بەڵام ئەم دەرگایە بە ناوی هەموو پیاوی گەردوونەوە بەسەر ئەم خانمەدا داناخات.

ئەو لە ئەوجی دەست لەخۆشتنیشیدا، دەکارێت دڵی کچێك بداتەوە، کە لە وەرزەکەی خۆیدا*، بە جلێکی سەوز و گوڵێکی تەڕی سەرییەوە، لە شاعیر بێتە پێشێ و هەموو جەستەی هاواری باوەشێك بکات.

ئەم تێکستە ئەگەرچی بە دیوێکدا توانا و وەستانی نووسەر لە بەرانبەر هەندێك فیگەری جوانیی ئەم دونیایەدا ڕادەگەیەنێت، بەڵام بە دیوێکی تردا، مانەوەی هەمیشەیی نووسەر لە نۆستالوژیادا بەیان دەکات. کاتێك شاعیر دەڵێت:

**گوڵی تەڕ ئەدەی لەسەرت**

واتە، ئەوەی تۆ دەیکەیت، زەمانێکە من تیایدا ناژیم یان جێم هێشتووە، بۆیە دێڕەکە جۆرێك لە سەرسوڕمانی تێدایە. حەمە عومەر نایەوێت ببێت بە خەونی کچێك، دەزانێت ئەو خەونانە دۆنکیشۆتین. شاعیر بە هەموو هەوڵی دەیەوێت ئەوی تر لەو بێئاگاییە بهێنێتە دەرێ. لێرەوە شیعر ئەرکە ڕاستەقینەکەی خۆی دەگرێتە دەست، ئەو ئەرکەی کە **ئەفلاتون** پێی وابوو: "*شیعر دەبێت حەقیقەت بڵێت، ئەگەرنا ئەوە شیعر نییە.*" ئەم شیعرەی حەمە عومەر، حەقیقەتێکی

---

* حەمەعومەر خاوەنی وەرزێکە بەناوی پایز، ئەمە شتێکە لە ناوەندی ڕووناکبیری کوردیدا کەم و زۆر بڕاوەتەوە.



Scanned with CamScanner

تاڵ دەڵێت. ژیاندۆستی لەم شیعرەدا دەگاتە لووتکە، کاتێك شاعیر

بەو هەموو عەبەسییەتەی ناو ژیانی خۆیەوە، خەمێکی بۆ ژیانی

ئەوانیدی هەیەو دەڵێت:

زۆر ئەترسم دارستانی قژی ڕەشت بگرێتەوە

حەمە، یەکلایی کردووەتەوە، کە ئەو لە دەرەوەی ئەم بازنەیەی

ئێمەدا دەژی، بازنەیەك جوانیی و حەقیقەت هێشتا لە جێگەی

خۆیاندان. ئەگەر لەم نیوە دێڕەدا بانگەشەی خۆجیاکردنەوە لە

ئەوانیدی هەبێت، ئەوا بە تەنیشت ئەوەوە ئایدیای پێکەوەژیان و

پێکەوەهەڵکردن و خەیاڵی داننان بە ئەوانیدیدا ئامادەیی هەیە.

لە دێڕی دواتردا، جیهانی خۆی لە جیهانی ئەوی دی دەدات و

دەڵێت:، پەنجەکانی ئەو کەڵکی شانەکردنی قژی کچێکی نەماوە،

ئەگەر جەبرێك ئەم دوو جۆرە ژیانکردنە لە یەك بدات ئەوا پەنجەکانی

ئەو:

ساتێك نابا ئەشکێنەوە

ڕەنگە ئەم داڵە وەك کەرەستەیەك کۆمەکمان بکات لە ڕاڤەی ئەم

تێکستەدا، کە ئەم دوو جیهانە، مەبەست لێی جیهانی ڕۆح و جیهانی

ماتریال، یان دونیای خەیاڵ و دونیای واقیع بێت، ئەمە لەکاتێکدا

ئەگەر ئەوەمان لە یادبێت، کە عەشق بەرجەستەترین پرۆسەیە، کە خەیاڵ و واقیع تێیدا بەریەك دەکەون. لەم شیعرەدا، نووسەر وەکوو نمایندەی خەیاڵ و ئەویدی وەك نوێنەرێکی ڕاستەقینەی واقیع دەردەکەون. لێرەوە لەوە دەگەین، کە شاعیر نایەوێت خۆشەویستی ئەم خانمە قبوڵ بکات.

چونکە پێی وایە ئەوان سەر بە دوو دونیای جودان، لەهەمان کاتدا دەخوازێت بەرسڤێکی ئەو خۆشەویستییە بداتەوە تا ئەو جێگەیەی دەکرێت، بەڵام لەم ڕەهەندەوە شاعیر شکست دەخوات و ناتوانێت خۆی فریو بدات. لە دوا دێڕەکانی شیعرەکەدا، جارێکی تر ئەوە بە گوێی خوێنەرو بەتایبەتییش ئەویتـردا دەداتەوە، کە ئەو ئامادەیی نییە بۆ ژیان لەناو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەو شێوەیەدا.

تەواوی ئەم شیعرە دیالۆگی نێوان عەبەسییەك و ژیاندۆستێکە، بەڵام ئەوەی جێی لەسەروەستانە، ئەوەیە کە عەبەسییەکە زۆر جاران لە ژیاندۆستەکە زێدەتر بە تەنگ ژیانەوەیە! ئەمەش ئایرۆنی دروست ناکات لەگەڵ خودی چەمکەکە، هێندەی ئەوەی دواجار شیعرەکە وەك تێکستێکی هیومانی دەست پێ دەکات و کۆتایی دێت.

ئایا شاعیر لەکاتێکدا داواکەی ئەویدی ڕەت دەکاتەوە، بۆ ئەم ڕەتکردنەوەیە خاڵییە لە نێرگسییەت و پاساویشی ئەوە نییە، کە ژیان پووچ و بێبەهایە؟ ئەوەی ئەم درکی پێ کردووە خەڵك نایزانن؟

شاعیر خۆی وەك پەیامبەر ناساندووە لەم دەقەدا؟ ئەگەر وایە ئەم هەموو ڕێزدانانە بۆ ئەوانی تر لە چییەوە هاتووە؟ چۆن بەم هەستەوە توانیوێتی ئەم پرسە کۆمەڵایەتییە بەبێ ڕتوش بۆ ناو تێکستێك بگوێزێتەوە؟

هەموو ئەم پرسیارانە وامان لێ دەکەن ڕاستییەکی وتراو بلێین، ئەویش ئەوەیە: ئەو توانای لێکبووردن و بەخشینەی لە شیعرەکانیدا دەبینرێت، دەقاودەقی ژیانی ڕاستەقینەی خۆیەتی. دەتوانین وا سەیری حەمە عومەر بکەین، کە ژیانی وا لەناو شیعرەکانیدا و شیعرەکانیشی یەك پارچە ژیانی خۆین. بەوەدا شاعیر شارەزاییەکی باشی لە تەسەوفدا هەیە، دەکرێت ئەم شیعرەی وا بخوێنرێتەوە، کە جەدەلێکی قووڵی نووسەر خۆیەتی لەگەڵ خۆی لە یەك کاتدا و لەگەڵ مەعشوقیش (خودا)دا.

لەکۆتایشدا هزری خۆ ئازاردان وەکو میراتێکی ئاینی دزە دەکاتە ناو شیعرەکە و شاعیر سەرفرازیی خۆی ڕادەگەیەنێت، کە ئەو بە بەریەککەوتنی لەگەڵ دونیای مادەدا هیچ لە ئازارەکانی کەم نابێتەوەو ئەزموون نەکردنی ئەو پەیوەندییەش، حەزی مانەوەیە لەنێو دونیای خۆیدا، کە دونیای ئازارە.

وێکچوونی شیعرەکە بە تێکستی سۆفییانە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، تێکستی نێو ئەدەبییاتی تەسەوف، تێکستی ئامۆزشین،

تێکستانێکن هەمیشەسەرقاڵی ئاگادارکردنەوەی خەڵکن لەوەی دونیا فانییە. دەقی سۆفییانەی کوردی زۆرتر ئاماژە و هێمای سادە و ڕووکەش و ڕوونن و کەمتر خۆیان لە قەرەی ڕازو ڕەمز و دال دەدەن.

ئەگەرچی خودی تەسەوف لەوە قووڵتر دەڕوات و دەبێتە یەکپارچە تێڕامان لە خودو خودا، بەڵام بەداخەوە لەسەر ئاستی نووسین، ئەم هزرە هێندەی برەنەکردووە، کە گواستنەوەیەکی بێڕتووشی ئەو گۆڕانکارییە ڕۆحییەمان بۆ بکات. بەکورتی تەسەوف هێندەی لە بینین و بەرکەوتن و ئەزموونکردنەوە گەیشتووەتە خەڵك، هێندە ئەدەبییاتەکەی نەیکاریووە ئەمە بگەیەنێت.

بەشی وێکچوونی ئەم شیعرە، لە نیوەدێڕی دووەمەوە دەست پێ دەکات و درێژ دەبێتەوە تا کۆتایی شیعرەکە، کە خۆی لە شێوەی گیانێکی فانیدا دەبینێت و ئەویدیکەی وەك نەمر، دیدە کردووە.

زمان لەم شیعرەدا وەك زۆرێك لە ئیشەکانی تری حەمە عومەر، زمانێکی بێ گرێوگۆڵ و سادەیە. شاعیر ئەم سادەییەی زمانی دەقەکەی خستووەتە خزمەت بەرهەمهێنانی مانایەکی قووڵ و ڕاوەستان لەبەردەم دەرگای مردندا، بە شەڕکردن بە خوازەی وەرزێك و ئامادەکردنی کچێکی جحێڵ و تێگەیاندنی لەوەی ژیانی مە، ژیانێکی زۆر پیرۆز و پڕماناترە لەوەی تۆ بۆی دەچیت.

ئەگەر چی هیچگەراییەك باڵی بەسەر شیعرەکەدا کێشاوە، کەچی شاعیر توانیوێتی بڵێت ئێمە کۆمەڵێك ڕەنگی جیاوازین، هەرچەندە یەك ڕەگەز و یەك خێزان بین.

نیوەی یەکەمی شیعرەکە، پێکهاتووی کۆمەڵێك وشەی پڕ لە وزەی ژیاندۆستی و ئاماژەی نیشاندانی جوانییەکانی ژیانن: (**بەرگی سەوز، گوڵی تەڕ، ئاگری سپی...**) لەبەرانبەردا نیوەی دووەمی شیعرەکە، کە ئەنجامیشە، تژییە لەو وشانەی مرۆڤ نزیك لە نائومێدی دەکەنەوە و دەیخەنە خەیاڵی هیچێتیی ئەم ژیانە: (**چڵی وشکو برنگ، شکانەوە، ئازار، خۆکوشتن...**).

بەریەککەوتنی ئەم دوو جیهانە، بەریەککەوتنی ڕاستەقینەی ژیانی خودی شاعیرە و سەرپشککردنییەتی لە هەڵبژاردنی: **کچ، گوڵی تەڕ، بەهار...**

لەگەڵ هەڵبژاردنی ژیانێکی دی خاڵی لەمانە و پڕ لە هەموو شتێك، کە دەڵێین هەموو شتێك، مەبەستمان ئەو شتانەیە، کە زمان دروستیان دەکات لە خەیاڵدانی شاعیردا. ئەوەتا خۆکوشتنی نووسەر پەیوەندیی بە باکگراوندێکی ئەبستمۆلۆژیی گەورەوە نییە و ڕوانینێکی فەلسەفیی لەم خۆکوشتنەدا نابینرێت، هێندە هەیە ئەمە خۆکوشتنێکە لەسەر ئاستی شیعرێك بە هۆی کەم توانایی زمانەوانییەوە:

ئەگەر هات و بیستت خۆم کوشت
بزانە کە...
نەمتوانیوە شیعرێ بڵێم:
ئازارمی تیا جێ بێتەوە...!

ئەم تێکستە لەو تێکستە غەمگینانەیە، کە خوێنەری هۆشیار ڕادەوەستێنێت. حەمە عومەر بە نامەیەك بەرانبەر و خەڵکیش ئاگادار دەکاتەوە لە زەمەن، لە تێپەڕینی ڕۆژانێك، کە ڕەنگە هەتاهەتایە نەیبینینەوە، لە بەرکەوتنی جوانیی و پیری، پێك هەڵپژانی ڕۆح و جەستە لە چاوتروکانێکدا.

٢٠٠٦



# لە پیاسەوە تا شەراب

## هەوڵی خوێندنەوەیەکی خەیاڵناسییانە

Scanned with CamScanner

بترسە لەوەی کە دەڵێ ئاسمان سنووردارە، چونکە ئەو خەیاڵی سنووردارە.

**ئۆسکار وایڵد**

"سەرەتا وشە هەبوو"، ئەو ڕیزبەندییە کرۆنۆلۆژییە هەڵدەوەشێنێتەوە، کە پێش (**کات**) چی هەبووە! ئەم حوکمە پێشوەختە ناچاری قسەکردن لە شتێکی ترمان دەکات، کە خەیاڵە. قسەکردن لەبارەی خەیاڵەوە قسەکردنە لە دژواریی. دژوارییەك، کە تێیدا نووسین و ئاخافتن کەرەستەیەکی گونجاو نین بۆ ناسکردن و ئێرە پنتێکە لەو وێستگە سنوورییانەی ڤیتگنشتاین واتەنی، زمان بە ناچارییەوە تێیدا دەوەستێ.



Scanned with CamScanner

**سارتەر** لە (**بوون و نەبوون**)دا دەنووسێت: "*خەیاڵ بریتییە لە جیاوازیی نێوان درککردن و وێناکردنی ئەسپێك لەسەری هەریەکەماندا*".

بە باوەڕی بچکۆلانەی من، خەیاڵ وێناکردن نییە، بەڵکو بینینی ئەسڵی وێنەکە خۆیەتی، وێنەیەکی سێنسی شتێك، کە نییە!

کتێبە ئاسمانییە گەورەکان ئەندێشەی هێجگار واڵای خودان و سەرشارییان لە خەیاڵ، ڤیزای تەمەنی درێژیان بووە لەو هەمووساڵەدا. شارە گەورەو شەقامە بەیەکداچووەکان بەر لەوەی شوێن بن، خەیاڵی سەری ئەندازیارەکانن. هێڵە درێژەکانی ڕێی ئاسن، کەشتیی زەبەلاحی ناو زەریاکان، ئاسمانگەڕە گەورەکان، فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان لەبۆشاییدا... هەموویان بەرلەوەی مادەی خاو بوون، خەیاڵی خاو بوون.

خەیاڵ هەر کێشیەکی کۆنسێپتوێلی ناو زانستی بەلاغە نییە، لەدەرەوەی دونیا بێت، بەڵکو تەواوی ئیمکاناتە بێ سنوورەکانی ئێمەیە لەم دونیایەدا.

ڕامان لەو پارادایمەی کە خەیاڵ دونیاییە و لە دەرەوە بۆ ئێمە نەهاتووە، هەم خەیاڵی ئاینی لە چاپە یۆتۆپییەکەیدا پووچ دەکاتەوە و هەم جەخت لە مرۆڤبوون وەك شتێکی پەیوەست بەم زەوییە تەنیایەوە توند دەکات.

ئەوەی کۆمەکی کەسێك دەکات لە دۆزەخە خوێناوییەکانی نیشتمانەکەیدا لە **سوریا** بژی و بەردەوام بێت، خەیاڵی گۆڕینی نیشتیمانێتی بۆ سەر بەهەشت، یان **تەیب سالح** واتەنی خەیاڵی کۆچێتی بۆ باکوور، ئەندێشەی پیشەسازیی دروستکردنی فیردەوسە لە خاکەکەیدا.

ئاوها خەیاڵ جێ دەستیکی سەنگینی هەیە لە دروستکردنی نەتەوەدا، لە مانەوەی مرۆڤ لە شوێنێکدا و قبووڵکردن و دروستکردنی ئەو هەموو دۆزەخەی ناوی وەك ڕێگایەکی پەڕینەوە بۆ خودی بەهەشت.

***

ئەگەرچی لە پرۆسەی دروستکردنی منداڵدا، ئینسان بە بازدانێکی باوەڕنەکردە و بە ڕیزپەڕێك شوێنگەکەی لە مەخلوقەوە بگۆڕێت بە خالیق، کەچی هێشتا ئەوەی ڕیشەی ئەم ئادەمیزادە دەباتەوە سەر پاوەرێکی میتافیزیکی، منداڵ دروستکردن نییە، بەڵکو توانایەکی گەورەترمانە، کە بریتییە لە هێزی خەیاڵکردن و لەخۆیدا لە سیفەتە هەرە گرنگەکانی خوداشە.

ڕاسیونالیسەتەکان لە دونیای مۆدێرندا، ئەم توانای خەیاڵکردنەمان دوای فیلتەرگەلێکی زۆر، پاش بە سیستماتیککردن، وەك بەرهەمی

عەقلّ، پێ دەفرۆشنەوەو ئەهلی ئیمان وەك چاوی ڕۆح. بەلاّم خەیالّ زیندەوەرێکی میتافیزیکی نییە، ئەگەرچی موعجیزەش بخولقێنێت، هێشتا قاچێکی لەسەر زەوییە، مێنتالّەکانی دەوروبەر لە خەیالّدا بە فۆرمی تر دێنەوە، گەرنا هەر ئەوانن، هەر خۆیانن و خۆیان گۆڕیوە.

بۆیە لە هونەری سوریالییشدا، کە بانگەشەی داهێنان لەناو نەستی پەتیدا دەکات، قسەکردن لە خەیالّی بێگەردو ئەبستراکت، بێ فۆرم و فیگەرەکانی دونیای ڕیالّ، بەو گشتاندنە ڕەهایە و لە کۆنتێکستێکی هێندە فراوان و کراوەدا تەواو بەتالّە. ئەوەی (دالی) لە جیهانی سوریالییەتدا دای هێنا، کەرەستەی دەرەوەی دونیا نەبوو، لە تابلۆکانی ئەودا کەشتیی و کاتژمێر و پڵنگ و ماسیی و فیل و ئەسپ و ڕووخسار هەن، بەلاّم فۆرمیان بە شێوە باوەکە تێك شکاوە. ئەوەی **شێرکۆ بێکەس** لەم چەند دێڕە کورتەی خوارەوەدا ئیشیان پێ دەکات، ئۆبژێکتی دەرەوەی دونیا نین، کەچی بە هەموویان ساختومانێك لەزماندا دروست دەکەن لە دەرەوەی دونیا:

ئەو وەختەی زریانێکی شووم و چەمووش
لەسەر ڕا دێ و بە چەپۆکەکانی گڤەو لوورەوە
لە لووزەوی بێ ئامانی مەرگیا...
لەڕەگەوە
سووره شاتووەیەکی پڕوپۆداری
سەرچڵ بە خەندەی

سێبەر کری
توێکڵ بە ئەزموون
بەرەوە قووڵایی کەندێ
تلاوتل ڕاپێچ دەکا...

ڕوونە، کە خەیاڵ شتێکە تەنیا لە ئێمەدا هەیە، لێ پرسیارێکی شاعیرانەش نییە، ئەگەر بپرسین تۆ بڵێی خۆمان خەیاڵی کەسێ... شتێکی تر نەبین؟ ئەو ڕۆژە لە کوێیە، کە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم خەیاڵە سەر ڕادەوەشێنێت و ئێمە وەك تەمێکی سپی تەنك دەڕەوینەوە!

ئێستا ئیتر نموونەی خەیاڵ وەك گیانلەبەرێکی زەمینی بۆ مەسەلەی نابینایەکی زگماك و وێناکردنی ڕەنگ لەسەری خۆیدا، هەر ڕاستە. ئەو هەرگیز لەم تاقیکردنەوەیە دەرناچێت، چونکە پلەی زانین و ناسینی لەبەرانبەر شتێکی وەکوو ڕەنگدا سفرە. بۆیە، خەیاڵ ئەگەر توانای دۆزینەوەی دونیای تریشی هەبێت، ئەگەر ناممکینەکانیش مومکین بکات، ئەوە هێشتا هی ئەوەیە، کە لێرەوەو لەسەر زەوی و لەسەری بونەوەرێکی بچکۆلەی وەکوو مرۆڤدا بتروکێت.

***

خەیاڵ کارگەی بەرهەمهێنانەوەی ڕیاڵە لە فۆرمگەلێکی تردا.

پیشەسازیی دروستکردنی دونیایە بە یاساکانی فیزیکێکی تر.

ئەوکاتەی **ڕۆبن ویلیامز** لە ڕۆڵی **دکتۆر نیلسن** لە فیلمی (What Dreams May Come)، دەستی بە گوڵەکانی بەهەشت ڕەنگاوڕەنگ دەبێت، ئەوە ساتی بەرکەوتنی ئێمەی ڕیاڵە بە باخێکی سێنسی و لووتکەی پەیوەندیگرتنە بە مێنتاڵێتە بنچینەییەکانی خەیاڵەوە.

ڕەنگە لەڕاستیدا خەیاڵ خودی واقیع بێت، بەڵام واقیعێك، کە هێشتا هەلومەرجی هاتنی بۆ نەلواوە. ئەوەی خەیاڵ وا نهێنی ئامێز و مەرموز دەکات، ئەو ناگرەنتی هاتنەیەتی بۆ جیهانی ڕیاڵ، بۆیە یەکەم کەس، کە دەگاتە مانگ ئارمسترۆنگ نییە، بەڵکو ئەوکەسەیە، کە یەکەم جار خەیاڵی چوونە سەر مانگ دەکات.

ئەوەی سێپتێمبەریکی تر دروست دەکات، پیاکێشانی فرۆکە نییە بە هەوربڕەکاندا، خەیاڵی پیاکێشانی فرۆکەکانە بە هەوربڕەکاندا...

بەم شێوەیە خەیاڵ هەمیشە جێگاگرتنێکە لە داهاتوو. ئەوەی مێژوو دەجووڵێنێ هێزی خەیاڵە، نەك باسکی کرێکار وەك مارکسیزم بانگەشەی دەکرد، لەڕاستیدا ئەوەی ئایندەش بونیاد دەنێت هەر خۆیەتی.

لای ئەرستۆ خەیاڵ پردێکە لەنێوان وێنەو ئایدیادا، پردێکی مائیلیشە لە خودی کاتدا، خەیاڵ مەلێکی تیژڕەوە لە ڕابردووەوە بەئێستادا بۆ داهاتوو. هەموو خەیاڵێك و بێ ئاوارتە ئەم دۆخە زەمەنییانە دەبڕێ. لەم ڕەوگەیەدا ئاراستەکردن لەیەکەمیانەوە بۆ دووەم، کاری گاڕان و مێگەلە و لە دووەمیانەوە بۆ یەکەم، کاری ئەدیب و هونەرمەندە و لە یەکەمیانەوە و بە تێپەڕاندنی دووەم و ڕاستەوخۆ بۆ دۆخی سێیەمی زەمەن، کاری بلیمەتەکانە.

لێ پەیوەندیگرتنی توند لەگەڵ خەیاڵ، ئەگەر نەبێت بە هونەر، ئەگەر نەیەتە دەرەوە و لەسەر نەخشەی واقیع جێ نەگرت، سەریەشەیەکی گەورەیە بۆ خاوەنەکەی.

هەموو شێتەکانی ناو مێژووی مرۆڤایەتی قوربانییگەلێکن، کە بێ زیان لەم دۆستایەتییە گەرمەی خەیاڵی خۆیان دەرنەچوون. خەیاڵ جێگایەکە لە قووڵایی وجودی هەریەکەماندا، کە تەنیا ژمارەیەکی کەمی خەڵك دەتوانن ڕوناکیی لێی هەڵگۆزن.

پەیوەندیی نێوان خەیاڵ و مۆراڵی گشتیش لە پارادۆکسێکی قووڵدا دەژی و بەردەوام لەسەر تەرمی یەکتر خۆیان ئەپدەیت دەکەنەوە. بۆیە ئەوەی نووسەرەکانی تێدان، سەر مەرزی خەیاڵ و واقیعە. بۆیە زۆرجار لە ژیانی کۆمەڵایەتییان، کە ئەستوونگەکانی وا لەواقیعدا، سەرکەوتوو نابن.

لە **کیرکەگۆر** بڕوانە، لە **کافکا**، کە نموونەی دۆڕاندنی ژیانی خێزانیین لەپێناو خەیاڵیاندا. سەیری **دیستۆیفسکی** و **ژان ژینییە** بکە، **دی ساد** بخوێنەرەوە، **کامیلۆ خۆزێ سێلا**... **سۆدێربێرگ**، پیاوگەلێك لە خەیاڵی خۆیان شەرابی خوێن دەدلۆپێنن.

***

**خیام** گوتبوی، شەراب تەنیا شتی دونیایە، کە تاریك و ڕوونە پێکەوە. لەڕاستیدا ئەم حوکمە بۆ خەیاڵیش لەنگ نییە. پەیوەندیی نێوان شەراب و خەیاڵ، پەیوەندییەکی دێرین و تاریکە. لە مێژووی هەزاران ساڵی تەمەنی شەراب و خەیاڵدا، ئەوەی ڕوونە تەنیا ئەوەیە، کە دووەمیان یەکەمیانی دروست کردووەو دواتر وەك زنجیرەیەکی بەدوایەکداهاتوو هاودژ، ئێستە بە ڕۆژانێك گەیشتوون، کە هاوکێشەکە پێچەوانە بۆتەوە و بەئاسانی شەراب دەتوانێت خەیاڵ دروست بکات. ئەمڕۆ تاقیگە و سەنتەری گەورەی شەرابناسیی لەدونیادا هەیە، لە فرەنسا ژمارەیەك خەڵك بە هۆی مەهارەتی زمانیان لە تامدۆزی و چەشتن و تاقیکردنەوەی شەرابدا، قووتی ڕۆژانەی خۆیان دەست دەخەن.

**بەڵام ئەی چۆن بتوانین خەیاڵ چێژ بکەین؟**

خەیاڵ ئەوەندە توناوتوونە بەتەنها گەماڕۆدانی لە کۆلێژ و قەتیسکردنی لە ڕشتەیەکدا، داد نادات. بیرکردنەوە لە ناسین و ڕامکردنی خەیاڵ، مادام بیرکردنەوەیە لە خودی خەیاڵدا، بەداخەوە هیچ کات ناگاتە ئەنجام، بە لۆژیک ئێمە هەڵەکە لەویادا دەکەین، کە دەمانەوێت بە هەمان کەرەستەی شتێک، خودی شتەکە بناسین و ئەمەش بۆ هاتنە تەعریف، ڕێگایەکە تا دڵ حەزبکات هەڵەیە.

من خەیاڵ تەواو وەکوو شەراب سەیر دەکەم. پایەی شەراب لە ئەدەبیاتی عیرفانییدا، وەك پایەی خەیاڵ، مەقامێکی بڵندی ناو توناوتوونی مەغزە، کە حاڵیبوون لێی، تەنها کاری (**مەستانە**)یە!

ئەوجا لە ڕێسا سەرەتاییەکانی دروستکردنی شەراب و خەیاڵیشدا وا هاتووە: بۆ ئەوەی باش بگەن، دەبێ هەوایان بۆ نەچێت، دەبێ ماوەیەکی باش لە شوێنی خۆیان بمێننەوە، هەردووکیان کاتیان پێویستە، هەردووکیان تەنیایی، هەردووکیان خۆییبوون. جەوهەری خەیاڵ و جەوهەری ئەم نووسینە کورتەش دەیەوێت لەسەر ڕامان لە ماوەی نێوان مانەوە و جووڵاندن بووەستێت.

***

هەنووکە خەریکم دەڵێم، پیاسەکردن جوڵە و جێگۆڕکێیە بە خەیاڵێکی نیشتوو تا ببێت بە شەراب. **ئەنیشتاین** هەر ئەو پیاوەی خەیاڵی لە

مینا شینی

زانین پێ گەورەتر بوو، (**تیۆری ڕێژەیی**) لە ڕێڕۆیشتنندا دۆزییەوە.
**سپینۆزا** گەڕاڵی ژێر پەردە نزمەکانی ئەمستردام بوو. **هایدیگەر** لە پیاسەی **دارستانی ڕەش**دا (**بوون و کات**)ی نووسی. **نیتشە** پاش هەڵزنان بە چیاکانی **ئەلپ**دا (**وەهای گووت زەردەشت**)ی نووسیی.
**پاموك** بە پیاسەی نیوەشەوانی **قومقاپی و ئەمینونودا** (**ناوم سوورە**)ی تەواو کرد. فاڤۆریتی من پیاسەیەك بە تەنیایە، پیاسەیەك بەپێ، تۆ بە دووچەرخەیەکی کۆن بڕۆ و ئەو بە ترۆمبیلێکی شڕۆڵە، کەسێکی تر بە شەمەندەفەرێکی پیر. ئەگەر ئەمەی دواییان من بووم، وەك هەمیشە لە کورسیی پێچەوانەی ئاراستەی ڕۆیشتن، لە تەنیشت پەنجەرەکەوە دادەنیشم.
با دەنگی هەوا، لە کۆنۆچکە ژەنگاوییەکانی کۆپاکەوە، وەك جێ چەقۆی هەڵکێشراوە لە قوڕگی دڕاوی پیاوێکدا، مینا لوورەی بایەکی دوور بێتە گوێ، فەرامۆشی بکە، کە قەتار لۆژەلۆژ بەسەر سکەی ژەنگاویی ئاسندا خۆی دەخشێنێ، تۆ دونیای جێهێڵراوی ڕاستەقینە لە پەنجەرەکەوە دەبینیت، بۆ یەك سات -ساتێکی کورت- تۆ و دونیا دەدەن بە لای یەکدا و هەردووکتان بە هەمان خێرایی لەیەکتر دوور دەکەونەوە. ئەمە هەوڵی مەلەیە لەو شەتی شەرابەی کە حافز وتبوی، لەو ڕووبارە ڕاستەقینەیەدا، کە خەیاڵە.

٢٠١٣



# شاری دووەم، وێنگەیەک لە خەیاڵ جێگایەک لەسەر کاغەز..!

هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە شار

Scanned with CamScanner

ماڵ چەندێ سەلامەت بێ، ئینسان هەر ئەبێ ڕۆژێک دەرگاکەی بکاتەوە و بڕوات، بەهەشت و جەهەننەمیش هەردووکیان لە دەرەوەی ماڵن، بەڵام سوێند دەخۆم ئەوەی لەم شارەدا سەری لە هێلکە جووقا بێ، بچێت بۆ ئەوپەڕی دونیاش دەزوویەکی ئەم شارە هەر بەقاچییەوە دەبێت. بۆیە من، کە دەڕۆم تەنیا بیر لەوە دەکەمەوە کەی دەگەڕێمەوە.

**لە ڕۆمانێکی (بەختیار عەلی)یەوە**

من لەو نووسەرانەم، کە لە شارێکدا نیشتەجێن تا لەبارەی شارێکی ترەوە بنووسن، لەشارێکدا نیشتەجێم تا حەز لە شارێکی تر بکەم. کاتێکیش شارەکان جێ دەهێڵم نازانم کامیان لەمندا و من لەکامیاندا بووم، لەڕاستیدا من بۆ خۆم شارێکی بەتاڵم!

**لە ڕۆمانێکی (ئەحلام موستەغانمی)یەوە**

ئەریّ بە ڕاست کویّ شارە؟ ئایا شار بە هەموو گردبوونەوەی سەدهەزار کەسێك دەوترێت لەسەر ڕووبەرێکی پەنجا هێکتاریی؟ ئایا وەك **ئەنگلس** بۆی چووبوو، شار جێگایەکی گەورەی بەرهەمهێنان و شوێنی دابەشی کار و دواجار دابەشی چینایەتییە؟ یان وەك **تەلارسازەکان** لایان وایە، شار پێکهاتووە لە کۆمەڵێك ڕاستەریّ و پیادەڕەو و جادەی فراوان و ساختومانی بەرز و ئاپارتومانی نویّ؟ یان نـا، وەك **ئیکۆنۆمیستەکانی** سەدەی حەڤدە دەیانگوت: شار ئەو جێگەیەیە، کە بژێوی زۆرینەی دانیشتووانەکەی لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵیی نەبیّ؟ یا **شارناسیی** نویّ هەر بەوە دادەکەویّ، کە زانکۆ و فرۆکەخانە و تەرمینالّ و شەمەندەفەر و کەشتیی و دەزگاگەلی گەورەی تر، لەجێگایەکدا ببینێت و ئەو شوێنە ناوبنێت شار؟ ئایا **ناچراڵیست** و **توریستی** ئەمڕۆ، کۆك نین لەسەر ئەوەی بۆ ئەوەی جێگایەك بتوانیّ ناوی شار بۆ خۆی هەڵبگریّ، دەبیّ یان لەسەر دەریا بێت، یان لانی کەم ڕووباری پێدا تێپەڕیّ؟ کام شارەی ئێمە لەسەر دەریایە و ڕووبار بە کامەیاندا تیّ دەپەڕێت؟!



Scanned with CamScanner

دوای ئەوپرسیارانە ئەوەی کە دوا بڕیار لەسەر شاربوون و شارنەبوونی جێگەیەك دەدات، چاوی جوانییناسی ئێمە و سەلیقەی تایبەتیی مرۆڤ خۆیەتی.

هەریەکێك لە ئێمە خاوەنی شارێکین، یان ئەگەر ڕستەکە ڕێك بخەمەوە: هەریەك لە ئێمە شارێك خاوەنێتی. شووناسی ئینسانەکان شووناسی شارەکانیانە. هاوڕێیەکم لە شاری (**مارسیلیا**)ی باشووری **فرەنساوە** لەبارەی ئەو لووتبەرزییەوە بۆی نووسیبووم، کە (**پاریس**)نشینەکان لەسەرانسەری ئەو وڵاتەدا هەیانە. ئیدی شارەکان وەهان، ڕۆحیان هەیە، دڵیان هەیە، هەیانە دڵناسکن، هەیانە دڵڕەق.هەیانە بوغزاویی، هەیانە خوێنشیرین. ئەوان غیرە دەکەن، تووڕە دەبن، کوڕەکانی خۆیان دەکەنە دەرەوە (جارجارە کچەکانیشیان).

شارەکان خەون و جادوویان هەیە، جادووی شارەکان کەمتر لە کۆڵان و لاڕێ و ماڵەکانیاندا دەردەکەوێ. ئەم تەلیسمە ئەو کاتە دەمانگرێ، کە شارەکان جێ دەهێڵین. دروست جادووی شارەکان، وەك جادووی خودی جادووگەرەکان وەهایەك جادووی سپییان هەیە، سیحری ڕەش، هەیانە سەرسامان ناکەن، هەیانە کاری نەکردەنییە، بەڵام ئێمە ناتوانین بیکەین. هەیانە ئێجگار سەرسووڕهێنەرە (بۆ من **فرانکفۆرت** ئەمەی دواییان بوو).

شارەکانیش هەروان، بەو جیاوازییەی ئەمان هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی پاش جێهێشتنیان تەلیسمت بکەن. شارەکەی من (سلێمانی) بەو مێژووە نوێیەیەوە، بەو شەقامە خوار و کۆڵانە لارانەیەوە، خاوەنی جادوویەکە، کە هاوشارییەکانم دەستوپەنجەیان لەگەڵ نەرم کردووەو بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن بە نەشئەی ئەو هونەرەی بەخسین. پەیوەندیی شارەکان و شەرنشینەکانی ناوی، وەك بەختدۆزەکان بۆی دەچن، کاریگەریی فەلەکیی لەسەر سەعات و ڕۆژی لەدایکبوونیان و سووڕانی زەوی و هاوڕێتمی ئەم خاکە و جووڵەی ئەستێرەکان دروستی نەکردووە.

نـــا... بە بڕوای من، پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ شارەکاندا، پەیوەندییەکە لەسەر هێڵی ڕابردوو دێت و دەچێت، یاریکردنێکی زەمەنە لەنێوان ئێستا و جاراندا، پەیوەندییەکی ئاوا زادەی دەست تێکەڵکردنێکی نامەردانەی یادەوەرییە لەگەڵ نوستالۆژیادا.

هەر تەنها ئەوانە شاری ئێمە نین، کە تێیاندا لەدایك بووین، ئەوانەش کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕێمان تێی کەوتووەو لەسەر شەقام و ناو پارك و باخچەکانیاندا لەسەر پارچەیەك مقەبا شەوانی ساردمان تێدا ڕۆژکردۆتەوە.

ئەو جێگایانەی تێیاندا گریاوین و عەزرەتی دووریی، وەختە بووە سەفەرمان بخاتەوە سەر سەفەری نالی، ئەوانەش شاری ئێمەن:

شاری دووەمی ئێمە. دەستی ئەم شارانە لە دەستی دایەنەکان دەچێت، شتێك لە سۆز و بەزەییهاتنەوەیان پێکەوە تێدایە. هیچ کاتێك دڵڕەقیی ئەم شارانە ناگەنە دڵڕقیی شارە ڕاستەقینەکانی خۆمان. لەڕاستیدا من لە ژیانی تەقلیدیی خۆمدا، هەروەك چۆن دۆستەکانم لەسەر ئاستی نزیکایی هاوخەمیمان هەڵبژاردووە و باوەڕم وا بووە گریان زۆر زووتر لە پێکەنین شتەکان دەکات بە هی ئێمە، بۆ شارەکانیش هەروا بۆی چووم، کە ئەوە پێکەنین نییە شارێك دەکاتە شاری من، بەقەد ئەوەی ئەوە مەراقە ناهێڵێ من خۆم بە خەڵکی ئەو شارە نەزانم!

فریو لەم شاری دووهەمانەدا بەردەوام ئامادەیە، ئیبلیسێکی ناچیزە، مفستۆفیلیسێکە بۆخۆی. من بۆخۆم زیاد لە جارێ لە شەقامەڕێی **(ماریالویزا)** لە ناوەڕاستی شاری **(سۆفیا)** دوای بینیی کەسێ داچەڵەکیوم. دوای کەوتووم. پێشم لێ گرتووە.

لێم بووە بە کەسێکی خزمی خۆم، کەچی، کە من گەشتوومەتە سەری و چاوم بە ڕووخساریدا داچەقاندووە، دونیای ڕیالێ زیاتر لەوەی لێی چاوەڕوان دەکرێت، تر بووە و لەو چەند چرکە کەمەدا ئاشناکەمی لێ کردوومەتە ئەغیار: ئەمە کەی ئەوە؟! شپرزەو سوورهەڵگەڕاو، بە کۆڵێك خەجاڵەتییەوە کابرام حەپەساو و سەراسیمە جێ هێشتووە و بە پۆزشیکەوە هەر بەڕێوە

وتومە:"ببورە !_съжалявам" ئینجا چاوم بڕیوەتە درزە گەورەکانی کاشیی عەردەکە و لە سادەیی خۆم و عەیاریی ئەو شارە ڕاماوم.

نێمە، کە سەفەر دەکەین بە تەنیا ناڕۆین، بەختی خۆشمان لەگەڵ شمەکەکانماندا دەئاخنینە ژانتاکانەوە. لەڕاستیدا لە ئەزموونی کورتی سەفەری مندا، نائومێدییەکەشم لەگەڵ خۆم ماڵەوماڵ و شارەوشار گێڕاوە، دەریا و دوورگە و دەشتی سەوز و دووندی بەفراوییم نیشان داوە.

نووسەری موسافیر هیچ کاتێك تەنیا نییە، کەسی لەتەکدا نەبێت ئازاری خۆی هەڵگرتووە، ئازار وەك ئاژەڵێکی بە وەفا، نیتشە واتەنی: *"من بۆ ئازاری خۆم ناوێکم هەڵبژاردووە، ناوم ناوە سـەگ... ئەم ئازارەی من بەقەد سەگێك وەفادار و ناڕەحەتکار و بێشەرم، سەرقاڵکەر و عاقڵە. من دەتوانم کس‌کس لەم ئازارەم بکەم و دەردەدڵەکانی خۆم، چۆن ئەوانی تر بەسەر سەگەکان و نۆکەرەکان و هاوسەرەکانیاندا خاڵیی دەکەن، ئاوا بەسەریدا خاڵی بکەم"*.

ئێستا ئەو ئاژەڵە گوێڕایەڵەم وا لەباوەشدا، لە ڕێگا درێژەکانی مێلی ئاسندا، بە ناو شەختە و سەهۆڵدا، لە ناو کوپا چکۆڵەی شەمەنەفەرێکی درێژدا، ساندویچی ژنە میهرەبانەکەی (بەرزان

**هەستیار)** دەکەم بە دوو کەرتەوەو بەدەم خوێندنەوەی **(سێوی سێهەم)**ـەوە، کە شەوی پێشوو **(بەختیار عەلی)** دایبوومێ، لەتێك پرتەقاڵ دەدەم بە مەراقی هاوسەفەرم و لەتێك دەنێمە زاری وشك و تاڵی خۆمەوە.

تێپەرین بە شارەکاندا چێژێکی هەیە. چێژی ئەو کونپشکییەی حەز دەکەیت بزانیت لەپشت گڵۆپە زەرد و کەم تینەکانی ئاپارتمانەکانی بەردەمتەوە چی دەگوزەرێت. غایەلەی بیرکردنەوە لە عەشقی ئەو کورو کچە بووهیمییانەی لە رێیەکی دوورەوە هاتوون تا قفڵێك بدەن لە تەلبەندی سەر پردی ڕووباری **(ڕاین)** و کلیلەکەی هەڵدەنە ئاوەکەوە!

کە دەچنە شارەکانەوە غەمێکی قورس وەك تەم دەنیشێتە سەر دڵتان. غەمی ئەوەی کە ئەم هاتوچوونە جگە لە گۆڕینەوەی بڕێك باڵەخانە و جادە و دەموچاو، بە بڕێ باڵەخانە و جادە و دەموچاوی تر، زیاتر هیچ شتێکی تر نییە!

کە دەچمە **(هەولێر)** لە گەراژەوە پرسیار لە شۆفێرەکە دەکەم: **«لەکوێوە دەڕۆی؟»** وەك هەمیشە ئەوان لە دوو ڕێگای سەرەکی و هەندێ لاڕێی چەپەك بترازێ ڕێی تر بۆ هەولێر پێ نازانن. من دەزانم هەڵەکە ئا لێرەدا ڕوو دەدات، کە شۆفێرەکان دەکەونە ڕێ، ڕێگایەکی تر دەیانبات و ناچنە هەولێر.

وەك ئەوەی چوون بۆ هەولێر چوون بۆ شارەدێیەك نەبێ لەدەشتێکدا، کە کۆمەڵێ ماڵ لە دەوری قەڵای سەرتەپۆلکەیەکدا گرد بووبنەوە! شارەدێیەك گەشەیەکی ناسرووشتی و کۆمیدیی کردووە.

ئێرە جێگای ئەوە نییە، گەرنا دەمگووت: **هەولێر** دەبوو وەك **(پراگ)** تابلۆیەکی نایاب بێت لەو کۆن و نوێیەی... تێکەڵەیەك بێت لە شارێکی مێژوویی و شارێکی مۆدێرن... هەولێر بەو ڕۆحە سادەو جوانە گوندییەیەوە دەبێت بە هەموو شتێك، بەڵام شار نـــا.

چەند سەعاتێك بوو دەمگووت ئەم پرسی چوون بۆ (شار)و چوون بۆ (ناو)ی شارانە لەگەڵ **(عەتا محەمەد)**دا تاوتوێ دەکەم، چاك بوو نەمکرد، چیرۆکێکی ئاوێنە- ئەندێشەیی لێ دەخوڵقاند و ئێجگاریی سەری لێ دەشێواندم!

کە بەدەم ڕێوە و لە میترۆدا لە **(ڤۆردباری)**یەوە بۆ سەنتەری شاری **(ستۆکهۆڵم)** پێم وت: «دەزانی من ئەمەوێ بگەم، من هەست ناکەم تا ئێستا گەشتبێتمە سوید!». **(هیوا قادر)** قامکێك دەژەنێتە چاویلکەکەی و کەمێ دەیباتەوە سەرلووتە قنجەکەی و دەڕوانێتە وێستگە پڕ حەشاماتەکەی ئەودیو پەنجەرەکەوە، کە سەرما کوڵمی کچەکانیانی سوورتر کردۆتەوە، بە هەوایەکی گرانەوە دەڵێ: «*توانا، تۆ هەرگیز ناگەیتە ئەو سویدە، هەرگیز!*» من هیچ ناڵێم و دوو ڕۆژ دواتر بلیتی فرۆکە دەبڕم و دەگەڕێمەوە! شارەکان ڕەنگ و ڕووی

کوڕەکانی خۆیان دەگرن، **دۆستۆیۆفسکی** بخوێنەرەوەو **(پترزبۆرگ)**ت نەیەتەوە پێش چاو، **چیخۆف** بۆ **(یالتا)**، **جێمس جویس** بخوینەرەوەو **(دبلن)** لەیاد بکە، **دیکنز** و **شێکسپیر** بخوینەرەوەو بیر لە **(لەندەن)** مەکەرەوە. **نیکۆس کازانتزاکیس** بۆ **(کریت)**، **پاموك** بۆ **(ئیستانبول)**، **(تەنجە)** بۆ **تاهیر بن جەلون**، **(جۆهانسبێرگ)** بۆ **گۆردیمەر**، **(بۆینس ئایرس)** بۆ **بۆرخیس**، **خۆسەسێلا** بۆ **(سالامانکا)**.

نزیکتر بڕوانە **شاری مۆسیقارەکان سپییەکان** بخوێنەرەوەو **(سلێمانی)** مەهێنەرەوە بەر زەینی خۆت، ناتوانی! ڕۆماننوسەکان حەزیان دەکرد وا نەبن، لێ تازە کوڕی شارەکانی خۆیانن. ئەمە شتێکە وەك نەفرەت، نەفرەتی شار. ڕستەیەکی **(حەسەنی پورمەهتاب)**م هاتەوە بیر، کاراکتەرێکی لاوەکی و عەنتیکەی ڕۆمانی **(کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)**، ئەو بە قەشمەرییە غەمگینەکەیەوە شتێکی سەیر لەبارەی ئەو پەیوەندییە ن نەفرەتییەوە دەڵێت: «*مەلعونە ئەو کچەی لەم شارەدا لەدایك دەبێ، مەلعونە ئەو کوڕەی ژنی تێدا دەهێنێ. مەلعونن ئەو ژن و مێردەی تا ئەبەد تیایدا دەمێننەوە*» سەرئەنجام، کە لە شارێکەوە دەڕۆین بۆ شارێکی تر ئەوە ئێمەین، خۆمانین، بەڵام کە دەگەڕێینەوە ئەوە ئێمەین و خۆمان نین! وا بزانم لەشوێنێکی تردا وتبووم، ئەمە ئیتر یانی شێواویی ڕاستەقینە.

٢٠٠٩



# خۆتەقاندنەوە،
# هەوڵێکی تری گەڕان بە دوای جوانیدا

ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە ستاتیکای توندوتیژیی

Scanned with CamScanner

هێندە کاڵفام مەبە، ئەی دۆست، وا بزانیت مردنی تۆ گوڵزار دەڕازێنێتەوە، سەیر بکە و ببینە، ئەی دۆست، دواى مردنی تۆ، ژیان هەر وەکوو خۆیەتی، سەیرکەو بگری، ئەی دۆست، دوای گەڕانەوەشەت، مردن هەر وەکوو خۆیەتی.

لە قەسیدەی (کتێبی پیاوکوژان)ی بەختیار عەلییەوە

لە ناخی هەموو ناشرینییەکاندا جوانییەک هەیە، دەبێت بیدۆزینەوە.

لە دوا نامەی (ڤان کوخ)ەوە بەر لە خۆکوشتنی

Scanned with CamScanner

ئەفسانە هەوڵی جوڵەی مرۆڤە لە سەنتەرەوە بۆ خاڵێکی دەرەوەی سەنتەر، تاقیکردنەوەی ئیرادە و هەستکردنە بە تواناى تاك.

ئەگەرچی بەپێی سترەکتوری کۆمەڵگەکان، ئەفسانەکان لە ڕەنگکردنیاندا دەگۆڕێن. کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای گریکیی کۆن بۆ پتەوکردنی سترەکتورەکانی خۆی، جەخت لەسەر توانستی تاك دەکاتەوە و ئەم هەستە بە ڕۆحی هاوکۆمەڵەکانیدا پەخش دەکات.

بەپێچەوانەشەوە، ئەفسانە لە لای کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان - لەقۆناغێکدا- ئیجای دەستەجەمعی و پێکەوەکار و تەواوکۆیی وەرگرتووە، وەکوو ئەفسانە هیندییەکان و ئەفسانەی لوط و ئەسحابولکەهف و... هتد.

ئەگەر لە گلگامێشدا، مرۆڤ گەڕانێکی بێ کۆتایی بەدوای گیای نەمریی و ژیاندا بگەڕێت و دواتریش بێ کۆتایی و بێ ئەنجام دەست بەتاڵ بێت. ئەوا لەو ڕۆژەوە مرۆڤ هەوڵی داوە ئەلتەرناتیڤێکی تری گیای نەمریی بدۆزێتەوە. بڕوانە تێکستە ئاینییەکان، بە سوود وەرگرتنێکی تەواو لە ئەفسانەکان، جەختکردنەوەیەکی توند لەسەر **(نەمریی)**

دەکەنەوە و پێیان وایە هەموو ئەوانەی لەڕێی خوادا تێداچوون، مردوو نین، "وَلاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَمْوَاتاً"*.

ئەم باوەڕە لە یەککاتدا دەتوانێت وا بکات تەوتەمێك دروست ببێت و ببێتە سیمبولی پیرۆزیی و لە شوێنە هەرە عاسی و گیرەکانی باوەڕنەکردندا نەبێت، نەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەوانە، هەروەك: سوێندخواردن بە خوێن و گۆڕی شەهیدان. ئەم باوەڕە جارێکی تر هەستی بەردەوامیی ژیان بە ئێمە دەبەخشێت، بە نزیکەیی وەڵامێکمان لەمەڕ پرسیارەکەی گلگامێش دەداتێ.

خەیاڵی ئەوەمان لەلا گەورە دەکات، ئەگەر ئێمە دەمانەوێت نەمرین، ئەوا دەبێت لەپێناوێکدا بمرین! ئەو جۆرە مردنە، مردنێکە خاڵی لەدواوەیە و دوورە لە نەمرییەوە. زۆرجار ئەم سرووتە بە ڕۆحی کولتوورەکەدا دێتە خوارێ، تا دەگات بەوەی سەیرکردن و پیرۆزیی بۆ شەهید و مردن لە شۆڕشی کوردیشیدا، ڕێك هاوتایە بەو دیدە ئاینییە، تەنانەت لە هەندێك جێشدا فێندەمینتاڵترە. ئەوەتا گوتاری ناسیۆنالیستیی ئێمە لە شاخ لێوانلێوە لە ڕشاندنەوەیەکی توند بەسەر ئەو پیاوانەی بەخت یاوەریان نەبووە لە بن بەردێکدا فیشەکی دوژمن یان (**خائینان**) بیانکوژێت و سەرکزو نەگبەت لە ماڵەوە لەژێر جێگەدا مردوون!

---

* قورئان، سورەتی ال عمران، ئایەتی ١٦٩.

له مێژووی شۆڕشی ئێمەدا مردنی ناو جێگە، بێزراوترین مردنە. ئەم

بە پیرۆزکردنەی مردن، سەرەداوەکەی لەوە دوورترە، ئێمە لە

وتارێکی کورتی ئاوادا دەستمان بکەوێت.

بەڵام چۆن ئەم ئایدیایە لەگەڵ مۆدێلی ژیاندا قۆناغ بە قۆناغ خۆی

نوێ دەکاتەوەو خۆی دەگونجێنێت؟ **مەریوان وریا قانیع** بەو

دەرئەنجامە دەگات و دەڵێت: "هیچ تێکستێکی دینی نییە

مژدەبەخش نەبێت."

ڕاستییەکەی ئەگەر دوالیزمەی پاداشت و سزا لە ئەفسانەکانەوە

پەڕیبێتەوە بۆ ناو ئاینەکان و ئەوانیش وەك تەنها دوو بژاردە

خستبێتیانە بەردەم مرۆڤ و خەڵکیان لە خۆیان پێ کۆکردبێتەوە،

ئەوە بەراوردکردنی هەردوو مێژووەکەی سزا و پاداشت لە گێتیدا،

کەمێك سەختە. ڕایەك هەیە، پێی وایە مادام ئەوان دوالیزمەیەکی

دژبەیەکن، کەواتە بەیەکەوە هاتوونەتە بوون!

ئەگەر ئیسلام بە نموونە وەربگرین، دەبینین سەرەتا لەم ئاینەدا

سورەتە مەکییەکانی کەمتر خۆی لە قەرەی ئەحکام دەدات، دیارە

کە ئەحکام نەبوو، سنوور دیار نابێت و لە بێسنووریشدا کەس سزا

نادرێت.

ئەو سورەتە سەرەتاییانە **(وەکوو مێژووی دابەزاندنیان)** زۆرتر

ڕەنگێکی گشتیی ئایدیاکە دەڕژێت و داوای بانگەواز و کۆبوونەوە لە



Scanned with CamScanner

دەروی خۆی دەکات. بەڵام پاش تێپەڕاندنی ماوەی مەککەو کۆچکردن، ئیدی لە مەدینە، ئیسلام دەوڵەتێکی بچووک دروست دەکات، سەرلەنوێ بە وردودرشتی ژیاندا دەچێتەوە، هەر لە بەرگپۆشینەوە بۆ ئاخافتن و گفتوگۆو دواجاریش ژن و ژنخوازی و منداڵبوون و هەموو دیاردەکانی تری ژیان لە کۆمەڵگەدا دەخاتە ژێر تەلەسکۆبێکی شەریعییەوە*.

دانانی دەقێك و گشتاندنی بەسەر دانیشتووانی مەدینەدا، جۆرێك لە یاسای دروست کرد. هەمیشەش یاسا بە پشتی هێزێکی گەورەی وەکوو سزاوە، دەتوانێت درێژە بە مانەوەی خۆی بدات.

لەو دەمەدا کەس لەسەر ئیشێکی باش پاداشت نەکراوە، ڕەنگە وا جواب کرابێت: کە پاداشتی گەورە و ڕاستەقینە لەلای خودایە (الأجر عند الله)، بەڵام لەسەر دزی، سەدان دەستیان بە شمشێر پەڕاندووە.

ئەوان کاتێك پاداشتیان بە کەس نەدەدا، هی ئەوە نەبووە بەیتولماڵی موسڵمانان هیچی تێدا نەبووە، بەڵکە خوێندنەوەیەکی وردتر لەپشت ئەم دیدەوە هەبوو، ئیسلام نەیویست دەستکاری وەهمێکی گەورەی وەکوو **پاداشت** بکات. دەیزانی پاداشت بەخشین، خەیاڵی مرۆڤێك لە

---

* ئەگەر خوێنەر ئەوەشی لەیاد بێت، کە ئیسلام پتر لە هەر ئاینێکی تر زیاتر دەست لە کاروباری ژیانی مرۆڤەوە وەردەدات، کە ئەم زێدەڕەوییە لەم ئاستە بەرزەدا، لە ئاینێکی تری تاکخودایی –بۆ نموونە– وەکوو مەسیحیەتدا نییە.



Scanned with CamScanner

ڕووباری هەنگوینەوە بۆ کیسەیەك (نقود) بچووك دەکاتەوە. ئیسلام نەیویست ئەم خەونە لە چاوی مرۆڤ بتارێنێت، لەو کاتەوە تا ئێستا شوێنکەوتووانی ئاین یان لە سزا ترساون، یان چاوەڕێی پاداشتن.

ئەم مۆدێلە نوێیەی ئیسلامی سیاسی، ئەمڕۆ دەزانێت ئەو لە ترساندنی مرۆڤ بە سزایەکی دووری ئەو دونیا، کورت دەهێنێت و لەهەمان کاتیشدا دڵنیایە لەوەی مێشکی ئەو بوونەوەرەی ناو مرۆڤ، ئەو کاتەی زۆر زۆر گەورەو قەرەباڵغ دەبێت، هێشتا جێگەی خەونی تێدا ماوە.

بۆیە ستراتیژی ئیسلامی سیاسی، لە ئیشکردن لە تۆقاندنەوە بۆ ئیشکردن لەسەر ئارامی-بێدەنگیی **(بەهەشت)** بەشێوەیەکی سیستماتیك گۆڕا. ئەوان سوودمەند بوون لە خوێندنەوەی ئەو حەقیقەتە مێژووییەی کە بەدرێژایی تەمەنی ئەم ئەستێرەیە و تەمەنی سیستەمەکانی حوکم، هێندەی خەونی باشتربوون و جوانتربوون، خەڵکی بەکوشت داوە، نیوهێندە خەمی وێرانبوون و کاولبوون، خەڵکی لە جیهان دەرنەهێناوە.

**هیتلەر** لەژێر پاساوی نەژادیی و مانەوەی ڕەگەزی ڕەسەندا، کارەساتی هۆلۆکۆستی خولقاند. **ڕوسیا** لەژێر پاساوی دروستکردنی دونیایەکی باشتردا، لەشکری سووری دروست کرد. **ئەمریکا** لە ژێر پاساوی دیموکراسیدا، هەیمەنە بەسەر جیهاندا دەکات.

هەمیشەش ئایدۆلۆژیا بۆ ئەوەی خۆی لە فەوتان ڕزگار بکات، دەبێت خەون بەرهەم بهێنێت، واوەیلا بە حاڵی ئایدۆلۆیایەک، کە مژدەکانی بچووکن و خەونی گەورەمان نادەنێ.

بیریارەکانی ئەم مۆدێلە نوێیەی ئیسلامی سیاسی، لە میدیاکانیانەوە دەستیان پێ کرد. هێدی هێدی هزری توندوتیژییان لە لای شوێنکەوتووانیان خاو کردەوەو گروپ و حیزبەکانی خۆیان ڕاسپارد، کە هەندێك فۆرم و دیوی دەرەوەی خۆیان بگۆڕن و لە ئاستی فیکرییشدا، بانگەوازی تەفسیری جیاواز و تەئویلی نوێیان بۆ تێکستە ئاینییەکەیان کرد.

ئەمە لەکاتێکدا ئەوان ئەزموونە فاشیلەکەی ئیسلامی چەکداریی ئەو کاتەو مێژووە خوێناوییەکەیان لە پێش چاو بوو. ئەم فاکتەرانەی گۆڕان وای کرد، ئیسلام وەکوو ئاینێك لە پایەی بەراورد و ڕوانینی واقیعی بخاتە سەر پایە یۆتۆپییەکەی، دەشیانزانی ئەوە تەنیا ڕێگەو دوا ڕێگەیە بۆ ژیاندنەوەی.

لەو نێوەندەدا لە کوردستان، تاکی کوردی تووشی سەرلێشێوانێکی سایکۆلۆژیی خراپ بوو، ئەو نەیتوانی هەروا بە سانایی خانەی نیانیی خۆی زیندوو بکاتەوەو بەبێ ئاوڕدانەوە، ئەو تاقە پڕ لە یادگارییانە جێ بهێڵێت، کە لەگەڵ فیشەك و حەماس و (ڕقی پیرۆز!)دا هەیبوو.

بۆیە دەرکەوتنی گرووپی توندڕەوی وەکوو **تەوحید** و **جوند و ئەنسار**، ئەگەرچی هۆکاری بابەتی و سیاسی و مێژوویی و واقیعیی خۆی لەپشتەوەیە، بەڵام خاڵیش نەبوو لەو هەموو حەماسەی **گوتاری ناسیۆنالیستیی کوردی**، بە درێژایی تەمەنی سەدەیەک، لە ناخی هەر کوردێکدا چاندبووی.

بۆیە ناکرێت شوێنکەوتووانی ئەو ڕێکخراوانە، بە فەقیرعەقڵ و هەرزەو منداڵ تێ بگەین، بەڵکە ئەوە ناونانێکی بێ وردبوونەوەی میدیای حیزبیەو ئەو دیاردەیە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی فرەڕەهەند هەیە، کە دەوڵەمەند بێت بە میتۆدی زانستیی نوێ.

کێشەی **محەمەد عەتا**-یەکی ئەندازیار، کە لە **نیویۆرک** خۆی دەتەقێنێتەوەو **ئەبوتەڵحە**-یەک، کە یاسا لە **یەمەن** تەواو دەکات و لە **فەللوجە** خۆی دەتەقێنێتەوە، تا دەگات بە **موریل دیگۆل**-ی کچە **بەلژیکی**، کە لە ڕیستۆرانتێکی ئەوێوە دێت و لە خۆرئاوای **بەغدا** خۆی دەتەقێنێتەوە، ناکرێت تەنها وا سەیری بکەین، کە ئەمانە نەتەوەی هاوبەش، یان جینی شەڕانگێزیی هاوبەش، یان بیرکۆڵی هاوبەش، گەیاندوونییەتە خۆتەقاندنەوە. بە بڕوای ئێمە، ئەوەی وادەکات ئەندازیارێک لەوپەڕی دونیا و پارێزەرێک لەمپەڕی دونیا خۆی بتەقێنێتەوە، تەنها وەهمی هاوبەشە.

ئەگەر ئەفسانە جووڵەی مرۆڤ بێت لە سەنتەرەوە بۆ خاڵێکی دەرەوەی سەنتەر، ئەوا ئسولییەت گەڕانەوەیەکی دەستبەتاڵی بیری مرۆڤە لە خاڵەوە بۆ سەنتەر. چێکردنی ماڵە لە کەلاوەکانی دوێنێ و هاتنەوەیەکە بەسەر داروپەردووی ئەو وێرانەیەدا، کە عەیامێك پێشتر تێیدا ژیاوە. ئەم گەڕانەوەیە بۆ دواوە، تەنها دانیشتنێك و وردبوونەوەیەك نییە لە هەڵە گەورەکانی فیکری خۆی، بەڵکە هاندەرێکی حەماسییانەی تاکە بۆ هێرشکردنە سەر فیکرەکانی دەرەوەی خۆی.

ڕاوەستانێك نییە لە پێش پرسیارە نوێکانی مرۆڤی ئەمڕۆ، هێندە تێکشاندنی وەڵامەکانی ئەوی ترە بەوپەڕی بێ میتۆدی. ئسولییەت لەم بارەدا تەفسیرکردنی دونیایە بە یەك دید و ڕەتکردنەوەیەکی قورسی دیدەکانی ترە. ترسناکیی ئسولییەت لەوێوە دەست پێ دەکات، کە دانیشتن نییە بە دەردی خۆیەوە، هێندەی پەلامارێکی سامناکانەیە بۆ ئەوانەی بۆ تێگەشتن لەم گەردوونە، نەگەڕاونەتەوە بۆ تێکستێکی تایبەت.

لەو نێوەندەدا، ئەو مۆدیلەی ئیسلام سێرچێکی بێکۆتایی بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێت، کە ناڕازین، یاخین، خاوەن گللەیین و لەهەمان کاتیشدا تاسەیەکی قووڵیان بۆ جوانیی هەیە. ئیسلامیی سیاسیی توندڕەو خەیاڵی ئەو جۆرە کارەکتەرانە بۆ تۆوە ژەهراوییەکانی

خۆی، بە زەوییەکی بە پیت دەزانێت، کە هەمیشە ڕووپۆش بە جوانییەکی بێ سنووره. ئەوانەی بەدوای جوانییدا دەگەڕێن، پتر لە هەر مرۆڤێکی تر دەچنە ژێر کاریگەریی خەیاڵێك، کە بۆنی جوانیی لێ بێت. ئەوان دەیانەوێت ئەم دونیایە بگۆڕن، بەڵام بە چ میکانیزمێك؟ کەتیبە سەربازییەکانی هێزی ئیسلامی توندڕەو بە زنجیرە کۆرس و مەشق و وانە جەهەنەمییەکانیان، بەرسڤێکی ساختە بە گوێی گەڕیدەکانی جوانییدا دەدەن.

ئەوان دەڵێن جارێکی تر ئەم دونیایە بۆ ئەوەی بونیاد بنرێتەوە، **بێستەمی، عەدالەت، حەقیقەت** لەسەرەوە بێت، دەبێت سەرلەنوێ ئەم دونیایە هەڵبوەشێنینەوەو دروستی بکەینەوە. ڕەنگە ئەم بیرکردنەوەیە کەم و زۆر سوودمەند بێت لە تێزە فیکرییەکانی فەیلەسوفانی خۆرئاوا و بەتایبەتییش، **دریدا**، بەڵام بەو جیاوازییەی ئیسلامی سیاسیی توندڕەو هەڵوەشاندنەوەی لەوەدا نابینێتەوە، کە دەستوور و یاسا و کۆی سیستەمی حوکمێك بخاتە ژێر خوێندنەوەیەکی ئەپستمۆلۆژیی سیاسی و لەوێوە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بدات.

بەپێچەوانەوە، ئەو هێزانە هەڵوەشاندنەوە لە تەقاندنەوەی ئارایشگا و نەخۆشخانەو قوتابخانە سەرەتاییەکان و دەزگا مەدەنییەکانی تردا دەبیننەوە، لەکاتێکدا سەرنشینانی ئەو جێگەیانە لە خەڵکی سڤیل

خۆی، بە زەوییەکی بە پیت دەزانێت، کە هەمیشە ڕووپۆش بە جوانییەکی بێ سنوورە. ئەوانەی بەدوای جوانییدا دەگەڕێن، پتر لە هەر مرۆڤێکی تر دەچنە ژێر کاریگەریی خەیاڵێک، کە بۆنی جوانیی لێ بێت. ئەوان دەیانەوێت ئەم دونیایە بگۆڕن، بەڵام بە چ میکانیزمێک؟

کەتیبە سەربازییەکانی هێزی ئیسلامی توندڕەو بە زنجیرە کۆرس و مەشق و وانە جەهەنەمییەکانیان، بەرسڤێکی ساختە بە گوێی گەڕیدەکانی جوانییدا دەدەن.

ئەوان دەڵێن جارێکی تر ئەم دونیایە بۆ ئەوەی بونیاد بنرێتەوە، **بێستەمی، عەدالەت، حەقیقەت** لەسەرەوە بێت، دەبێت سەرلەنوێ ئەم دونیایە هەڵبوەشێنینەوەو دروستی بکەینەوە. ڕەنگە ئەم بیرکردنەوەیە کەم و زۆر سوودمەند بێت لە تێزە فیکرییەکانی فەیلەسوفانی خۆرئاوا و بەتایبەتییش، **دریدا**، بەڵام بەو جیاوازییەی ئیسلامی سیاسیی توندڕەو هەڵوەشاندنەوەی لەوەدا نابینێتەوە، کە دەستوور و یاسا و کۆی سیستەمی حوکمێک بخاتە ژێر خوێندنەوەیەکی ئەپستمۆلۆژیی سیاسی و لەوێوە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بدات.

بەپێچەوانەوە، ئەو هێزانە هەڵوەشاندنەوە لە تەقاندنەوەی ئارایشگا و نەخۆشخانەو قوتابخانە سەرەتاییەکان و دەزگا مەدەنییەکانی تردا دەبیننەوە، لەکاتێکدا سەرنشینانی ئەو جێگەیانە لە خەڵکی سڤیل

زیاتر، کەسی تر نین. هەڵەیە ئێمە پێمان وا بێت هەموو ئەوانەی خۆیان تەقاندووەتەوە، گوێیان لە پارچەیەك مۆسیقا نەگرتووەو تێکستێکی شیعرییان نەخوێندووەتەوەو بە دیار تابلۆیەکەوە ڕانەوەستاون. بۆنی دەشتێکی سەوزیان تێر هەڵنەمژیوەو دووریی ئازیزێکیان چاوی پڕ لە فرمێسك نەکردوون و بە دیار فیلمێکەوە نەگریاون. ئەم ڕوانینە بۆ ئەم کارەکتەرانە، سەیرکردنێکە بە چاوێکی نوقاوەوە. چیتر بەربەستە کۆنکرێتییەکان و ژمارەی بازگەکان و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان ناتوانن ڕێ لە تیرۆر بگرن. ڕەنگە ئەم قەیران مێژووی خۆی بۆ سەردەم و دەمێکی تر درێژ بکاتەوە.

ئێمەش —وەك ڕۆژهەڵاتییەکی بێزراو— لە دەرەوە تەنها وەکوو بابەتی نیوز و خامێکی چاکی لەیەکترازانی جەمسەرەکانی کۆمەڵگە، لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا سوودمان لێ ببینرێت.

ئەگەر ساتی خۆتەقاندنەوە، ساتی بەریەککەوتنی خەون و واقیع بێت، من باوەڕم وایە ئەوانەی خۆیان دەتەقێننەوە، گەڕیدەیەکی وێڵی جوانیین. ئەوان کاتێك لە گۆڕینی ئەم دونیا ناشیرینە کورت دەهێنن، دەیانەوێت لە وێرانکردنیدا پشکی شێریان بەر بکەوێت. ئەوان کاتێك جەستەی قەرەبرووتی خۆیان و ئۆتۆمبێلی سووتاو و خوێنی منداڵ و ژانتا تێکەڵ بەیەکتری دەکەن، ویستوویانە بەم دیمەنە نـــــایەکی گەورە بە ڕووی ستەم و بێدادیی و

ناشرینییەکانی تردا، بدەن. ئەوان کە جەستەی پاسەوانەکانی ئێمە بە فیشەک دەبێژن، هەر تەنها حەقی ژیانکردنیان لێ نەسەندوونەتەوە.

ئەوان دەیانەوێت بەم بێحورمەتیکردنە بە مرۆڤ، حورمەتی بۆ بگێڕنەوە. بە بڕوای ئێمە، ئەو وێڵگەردانەی جوانیی، خەونەکەیان جوانە، تەنها لە میکانیزمی تەحقیقکردنی خەونەکەدا، هەڵەن، کە لە ڕووپۆشێکی ئایدۆلۆژیی توندڕەوەوە خۆی پێچاوە. دەکرا ئەوان ئەو هەموو خەونەی گۆڕانی دونیا بە دونیایەکی جوانتر و باشتر، پێکەوە لەسەر ئەم زەوییە لەگەڵ ئێمەدا پراکتیك بکەن. سەربازێکی ئیسلامی لە بەردەرگای قوتابخانەیەکی سەرەتاییدا خۆی نەتەقێنێتەوە و ئەو منداڵانە بە قەولی خۆی نەکات بە پەپوولەی باخچەیەکی خەیاڵی.

ئاخر باخچەکانی ئێمەش لەم سەر زەمینە، پەپوولەیان دەوێت.

دروستبوونی کەسێکی خۆتەقینەر لەشارێکدا، هەموو ئەو شارەی لێ بەرپرسیارە. دیارە ئەو شارە سیما و ڕەنگ و بۆی جوانیی ون کردووە و ئەو هاوشارییە مەراقێتی ئەو جوانییە بگێڕێتەوە، **ئەگەر لێرەدا لە یادمان بێت، کە پێیەکی ئسوڵییەت هەمیشە وا لەناو نۆستالۆژیادا.**

جارێکی تر بە بڕوای من، جوانیی دەتوانێت گەنجینەکانی خۆی بە خەیاڵی ئەو کەسانە دەوڵەمەند بکات، ئێمە دەتوانین لەو هەموو

جوانییەی ناو خەیاڵدانی ئەوان، لەو مەیلە توندەی ئەوان بۆ جوانیی، دونیایەک بنیات بنێین، کە کەمتر جێپێی ناشیرینی لێ ببینرێت. هەڵەی کوشندەی ئەو جۆرە مرۆڤانە، لەیادکردنی مرۆڤە. لە هاوکێشەی (**مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە**) ئەوان شوێنگۆڕکییان بە جێگەی مرۆڤ و خەیاڵ کردووە. لێرەوە ئەو کارەساتە دەخولقێت، کە هەموو مرۆڤایەتی بێزی لێ دەکاتەوە تەنانەت، خودی جوانیی خۆشی.

٢٠٠٥



# شار و قەحبە

هەوڵێک بۆخوێندنەوەیەکی وێکچووناسانەی شار و کارەکتەری لەشفرۆش

Scanned with CamScanner

حەقیقەتێکی کرۆنۆلۆژی، شەرەفی بوونی لەپێشتر دەداتە قەحبە و شار لەو ڕیزبەندییەدا دەخاتە دواتر. زەحمەتە بە دروستی مێژووی دیاردەی لەشفرۆشیمان چنگ بکەوێت. پێ ناچێت مرۆڤی سەرەتایی بۆ پڕکردنەوەی غەریزە سێکسییەکانی خۆی لەبەرانبەردا، شتێک یان چەند شتێکی دانابێت، ئاخر ژیانی

ئەو کاتە هێندە جەنگەڵییانە بووە، کە جۆرێک لە عەدالەتی کۆمەڵایەتیی تێدا بینراوە. ژیانێک لە شوێنی خەوی هاوبەش، خواردنی هاوبەش و کاری هاوبەش پێکهاتبێت، کەسێک لە کەسێکی دیکە باڵاتر نەبووە. لەم قۆناغەشدا زەحمەتە ململانێ دروست بووبێت. ململانێکان لەو جێگەیانەدا هەن، کە جیاوازیی هەیە.

لە حاڵێکی وادا، ناشێت من و تۆیی هەبووبێت و بەوەدا سێکس بۆ خۆی پرۆسەی بەخشینێکی دوولایەنەیە بە یەکترم پێناچێت لەبەرانبەر وەرگرتنی هەندێک چێژدا، شتێک لە دەرەوەی جەستە بەخشرابێت. لە قۆناغی دایکسالارییدا، بەو پێیەی هاوکێشە کۆمەڵایەتییەکان پێچەوانەی ئێستا بوون، ڕەنگە ژن عاشق و پیاو

مەعشوق بووبێت. لە وەها کاتێکیشدا، کە مرۆڤ پێگەیەکی بالای لەوانی دیکە چنگ دەکەوێت، بەتایبەت گەر پێگەکە جێگەیەکی پڕشکۆ و شوێنی مومارەسەکردنی دەسەلات بێت، ئەوا ئیتر ناکرێت و نابێت هەلبژێردراو بێت، هێندەی عەرشەکەی لێی دەخوازێت ئەو خاوەنی هەلبژاردنەکان بێت.

لە چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا کەم نین ئەو شازادانەی خوازبێنی کوڕە وەزیر دەخەنە لاوە و دەکەونە داوی سەپانێکەوە. ڕەتکردنەوەی مەعشوقییەت و بوون بە عاشق، هەر بە تەنها باسو خواستی دڵ نییە. شازادەی ئێمە بیری نەچووە ئەو لە عەرشێکدایە، کە دەکرێت شتەکان بە مەیلی خۆی بن.

بیرکردنەوە لە مێژووی قۆناغێکی ئاوا، خەیاڵی بوونی قەحبە لەو سەردەمەدا تەرە دەکات. دواتر ئاینەکان، چونکە زادەی بیری پیاو بوون، ژنیان بەشێوەیەکی نیمچەفەرمی هێنایە ناو کایەکەوە. سەردەمانێك ژنە لەخواترسەکان، لە پەرستگاکاندا لەگەڵ پیاوە بیانی و غەریبەکاندا دەنووستن و پارە یان حەقکاریی ئەو نووستنەشیان دەدایەوە پەرستگا، تا خودابەخشیی بۆ خۆیان حاسڵ بکەن. واتە لەقۆناغێکدا گوتاری ئاینی، سێکسی وەك کلیلی چوونە بەهەشت سەیر کردووە، کەچی ئێستا هەر گوتاری ئاینی، سێکس وەك کلیلی چوونە دۆزەخ سەیر دەکات!

بەهەرحاڵ، سێکس لەوساو ئێستاشدا **(ڕەنگە بۆ داهاتوویش)** پڕفرۆشترین و پڕ خواستترین شت و دێرینترین و بەتەمەنترین پیشەیە، کە گرەنتیی بۆ سەدان ساڵی تر وەرگرتووە و تا ئەو شوێنەی غەریزە هەبێت، بازاڕی ئەم پیشەیە گەرمە.

ئەگەر میترۆ و فرۆکەخانە و دەزگا گەورە و زەبەلاحەکانی دیکە، پێشمەرجی شار بن، ئەوا ئامادەگیی قەحبەو بوونی قەحبەخانەکان دەبنە مەرجی پێشینەتری شار. نەك وەك جێگەیەك، کە شوێنی مومارەسەکردنی وەحشیترین و بەتامترین غەریزەکانی مرۆڤە و تەواوی دەزگاکانی شار بۆ خزمەتی ئەو مرۆڤەن، بەڵکو بۆ ئەوەی شارەکان بەهۆی ئەو جێگەیانەوە خۆیان بپێون تا بزانن لە چ ئاستێکدا شارن!

بوونی **(قەحبەخانە)**یەك لە **(شار)**ێکدا وەك پێدانی ئاوێنەیە بە دەستی هەردووکیان. ئەوان ئەو کاتە دەتوانن بزانن چەند لەیەك دەچن. ڕۆیشتن بۆ ناو شار و ڕۆیشتن بۆ لای قەحبە، هەر لەو ڕووەوە لەیەك ناچن، کە هەردووکیان تێچوون **(InPut)**ن.

چوونە ناو شار و خۆئامادەکردن بۆی، هیچی وای کەمتر نییە لە خۆسازدان بۆ ژووانی سێکسێك. ئەگەر لە سەفەری شاردا، موسافیر ڕێکپۆشیی پێویست بێت و پاساوی ئەوەی هەبێت، شارەکان ئەتەکێتلیین و شەقامە پانەکان هاوشاریی پۆشتەوپەرداخیان دەوێت،

ئەوا لە چوون بۆ ئەوی دیکەیاندا، مشتەری هەمان خۆڕازاندنەوە تیفتیفە و و عەترلەخۆدانی دەوێت.

عەترەکان هەمیشە لە ئارایشتە پێویستییەکانن، کە قەحبەکان گەرەکیانە. عەترویستیی ئەوان لە هەستی چێژدۆستیی و کەپووی پاکیانەوە نەهاتووە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ خۆدەربازکردن لە بۆگەنێك، کە لە دڵیانەوە فوارەی گرتووە. عەتر دەتوانێت بۆ ساتێکی کەم گەر ئەو بۆگەنەش ون نەکات، لەگەڵ ژووری هەڵڕژاو و ڕوتەڵیاندا تەڤلەهەڤ ببێت و کڕیارەکانیان چارەکێك خۆیان بگرن و کاس نەبن.

شارەکان، کەناسەکانی خۆیان هەمان بۆگەنیان بۆ لێی نابڕێ و خاوەنی شار، کە لای وایە ئەو بۆنی زبڵ و پاشەڕۆیە، لە شاری دیکەوە کۆمەڵێك کەسی دیکە دەهێنێت و ناوی دەنێت (**ژینگەپارێز**).

بەبێ بەراوردکردن بونیام دەتوانێت بزانێت ڕۆڵی عەتر و ڕۆڵی ژینگەپارێز، چەند لەیەکەوە نزیکن و هەردووکیان (**عەتر و ژینگەپارێز**) لەناخەوە باوەڕیان بەوە هێناوە، ئەوەی ئەوان دەیکەن، کاری نەکردەیە و نە شار و نە قەحبە، خاوێنبوونەوە و بۆنبڕانیان شتێك نییە بە ئەوان چارەسەر بکرێت.

کاتێك سۆزانییەکان دڵڕەقن، بە تەنها ناکرێت هەر بۆ ئەوە بچین، کە ئەمە دەرئەنجامی بێ ئەڤینییە و ئەوان خۆشەویستی ناکەن.

ڕاستییەکەی ئەو کارەکتەرە بەڕێزانە خۆشەویستییان کردووە و دەیکەن، ئەوەی قەحبە پێی ناوێرێت **عەشقە**، نەک **خۆشەویستی.**

قەحبەکان هونەرێکی گەورەیان هەیە، کە هونەری خۆنواندنە، بەو شێوەی دڵی تۆ دەیەوێت. چەمکێک ئەوان ئیشی لەسەر دەکەن، چەمکی (**مەیلدان**)ـە، نەک توانەوەو سووتان.

بۆیە لێرەوە دەبێت بزانین، (**سۆنیا و دالیا سیراجەدین و ماریا**)، کە نمایندەی دەستی خێرن، ئەوانە کچگەلێکی ئایدیالیی ناو تێکستەکانی (**دۆستۆیڤسکی و بەختیار عەلی و پاولۆ کۆیلۆ**)ن. ئەوانە لە دەرەوەی کتێب، نە لەژیاندا هەن و نە کەس بەریان کەتووە. ئاخر پێشمەرجی گەورەی ئەو پیشەیە، ئەوەیە مرۆڤ یادەوەریی خۆی تەلاق بدات، لەبیری خۆی بەرێتەوە، تا ئاستێک دەستبەرداری ئەو شتە ببێت، کە پێی دەڵێن (**ڕابردوو**).

کەس نییە یەکەمین بەریەککەوتنی لەگەڵ جەستەی قەحبەیەکدا بە بیر نەیەتەوە، کەچی زۆر زەحمەتە ئەو بەڕێزە بیری بێت کە لەگەڵ تۆ خەوتووە. بەم سەنگە، شار تەرازووی خۆی لەگەڵ سۆزانیدا وا ڕاست دەکاتەوە، کە ئەویش ناتوانێت بیری کەس بکات. شارەکان هەموو شتێکیان هەیە، یادەوەری نەبێت. ئەوە نووسەر و چیرۆکنووسەکانن یادەوەریی شارەکان دەنووسنەوەو دروستی دەکەن.

جارێك جەمال غەمبار لە پەیوەندییەكی تەلەفۆنیدا پێی وتم: "*بۆنی بەیانیانی دووكەڵكێشی ماڵەكانی ئەم شارە (جەمال غەمبار، كە لە ئوستراليا دەژيا) دەمباتەوە بۆ ساڵی (١٩٧٩)ی گەڕەكی مەلكەندی و بۆنی داری سووتاوی ناو زۆپاكان.*"

دیارە **جەمال غەمبار** لە ئاستێكی قووڵی گەڕانەوەیەكی نۆستالۆژییانەوە دەتوانێت ئەو ڕۆژانە بگێڕێتەوە ناو خەیاڵی و لەگەڵیاندا بژی، كەچی ئێستا نە مەلكەندی غەمبار دەناسێتەوەو نە بە دڵی سلێمانییشدا جەمال ختورە دەكات.

شارو قەحبە كاتێك ناتوانن یادەوەرییان هەبێت، واتە ناتوانن وەفایان هەبێت، لێرەوە بێوەفایی نیشانەیەكە، دەتوانین شارەكان و سۆزانییەكانی پێ بناسینەوە. ڕەنگە ئەسڵی ئەم خۆفۆڕماتكردنە، لای قەحبەكان لەوەوە بێت، كە دەستی یادەوەریی، دەستی ئیشەكەیانی گرتبێت.

لێرەدا نابێت بكەوینە ئەو هەڵەیەوەو لامان وابێت سۆزانییەكان بۆ هەتاهەتایە دەستبەرداری ڕابردوو بوون.

بەپێچەوانەوە، ئەوان یادەوەریی خۆیانیان هەڵگرتووە، بەڵام لەگەڵیدا ناژین و ناچنەوە سەری. كاتێك ئەوان چوونەوە سەر ئەو ڕۆژانە و ئەو كەسانە و ئەو ڕووداوانە، ئەوا ئەوان لە كارەكتەرێكی لەشفرۆشەوە دەگۆڕێن بۆ كارەكتەرێكی شەریف، چونكە خاڵی بیركردنەوە و

مێنانەوەکایەی ڕابردوو، خاڵی کۆتایی ئەو پیشەیەیە. ئاخر مرۆڤ لەوە بێتواناترە لەیەک کاتدا لەگەڵ خۆیدا بژی و یەک وڵات پیاویش بچنە بەینی ڕانەکانی و بێنەدەر!

نموونەی ئەو سۆزانییە شەریفانەی ناومانهێنان، ئەو کەسانەن دەیانەوێت خۆیان تێبپەڕێنن، بەڵام وەک وتمان دواجار لە کچی ناو تێکستێک زیاتر نین و ڕۆژێک ئەوەیان بۆ ناکرێت پەڕەی کتێبەکان جێ بهێڵن.

(**جوانیی**) وەک سیفەتێکی تەمەن کورت، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کۆمەکی گەورەی فرۆشی قەحبە و هاوکاریی بەردەوامی سۆزانییە ڕۆحزلەکانە. لەنێو ماڵ و دیسکۆ و جێگەکانی ئەو پیشەیەدا، ئەوانەی چانسی فرۆشی سێکسێکی زیاتریان هەیە، ئەوانەن، کە خاوەنی کەمێک جوانیی و هونەرەکانی خۆڕازاندنەوە و فریودانن. شارەکان هەمان ئەم ململانێیە لە فۆرمێکی دیکەدا نمایش دەکەن: پاکڕاگرتنی شەقام و شارێگەکانی شار، سپیڕاگرتنی پل و پووز وەک ڕارەوێک بۆ جێگەیەکی دیکە، بەرزکردنەوەی تەلارەکان بۆ ئاستی سەرسووڕمان و گێژبوون، بەرزکردنەوەی سمت و سنگە بۆ ئاستی ڕاوەستان و فیکەکێشان.

بەڵام دواجار کاتێک جوانیی وەک سیفەتێکی عومرکورت، شارو قەحبە جێ دەهێڵێت، ئیتر ئەوکات هەردووکیان دەخاتە کۆستێکی گەورە و بە دەستی ساردی فەرامۆشییان دەسپێرێت.

**ڕقی پاریس لە دوبەی و پڕاگ لە ستۆکهۆڵم**، ڕقی دوو کۆنە پایتەختی جوانیی دونیان **(کە هێشتا ویقاری خۆیان ون نەکردووە،)** لە دوو شاری نوێ و تازە، کە تاجی جوانییان لەوان سەندووەتەوە. ئەم قینە لای لەشفرۆشە کۆنەکان **(ئەوانەی مامۆستای تەکنیکەکانی بەدڵداکردنن)** بەرانبەر بە کچۆڵانێك ئامادەگیی هەیە کە تازە هاتوونەتە سەر سفرەی حازری و تاجی جوانییان لەسەری ئەوان داکەندووە و بوونەتە دیوارێکی زبر و بەرز لەنێوان مشتەری و سۆزانییە پیرەکاندا، یان ڕاستتر: ئەوان دەرگایەکن، مشتەرییەکان بە ڕووی دۆستە کۆنەکانیاندا دای دەخەن و دەخوازن هەرچی زیاترە چێژی جوانیی بکەن لە باوەشی سۆزانییەکی تازەکاردا. وەك چۆن گەشتیارەکان شارە زل و کۆنەکانی دونیا جێ دەهێڵن و دەیانەوێت لە ئامێزی شارە نوێ و مومارەسەنەکراوەکاندا ڕێستێك وەربگرن.

شارە کۆنەکان و سۆزانییە پیرەکان، هەردووکیان پێویستیان بە بیرکردنەوە لە خۆیان هەیە. ئەگەر شارە کۆنەکان ماستەرپلانێکیان هەبێت و چەند ئەندازیارێکی دڵسۆز بیانەوێت ئەو شکۆ و ویقارە بگێڕنەوە بۆیان، ئەوا سۆزانییە پیرەکان: بێکەسترین و بێ پلانترین مرۆڤەکانی دونیان، کە دەبێت خۆیان ئامادە بکەن لە تەنیایی سەر تەختەخەوێکی ڕەق، ئیتر بمرن.

٢٠٠٧



Scanned with CamScanner



# عەشق،

# پرۆسەیەک بۆ جەللادبوون

چۆن خۆشەویستی بکەین.. چۆن خۆشەویستی بخوێنینەوە

Scanned with CamScanner

هەر کەسێک چەند جەڵلاد بێت،
هێندە دەتوانێت عاشق بێت،
جەڵلاد و عاشق جمکانەن..

**لە شیعرێکی (ئیبراهیم ناودەشتی)یەوە**

زۆرجار ئەفسانە گێڕانەوە و قسەکردنە لە حەقیقەتێکی قورس، کە بونیام زاتی ئەوە ناکات خۆبەخۆ ئەو حەقیقەتە بڵێت. ئەفسانەی ئادەم و حەوا ئەفسانەیەکی فرەڕەهەندە، کە دیاردەکانی **هاتنەبوون (دروستبوون)** **عەشق**، **ژیانکردن** و دواجار **مەرگ** لەخۆیدا هەڵدەگرێت. لەمیانەی چیرۆکەکەدا، **قابیل** و **هابیل** وەك دوو کارەکتەری ڕاستەقینە دێنە سەر ئەو شانۆیە، تا بە من و تۆی بینەر ژیان و مەرگ بناسێنین.

درێژتربوونەوەی ئەفسانەکە بۆ کۆتاییەکی پڕ سەرسووڕمان، گەڕانی قابیلە بەدوای میکانیزمێك تـا لەڕێیەوە جەستەی کوژراو و خوێناویی هابیلی تیا ون بکات. خاڵی قسەکردنی ئێمە، دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان عەشق و کوشتنە، هەڵبەتە نابێت لە یادمان بچێت لەم وتارەدا ئێمە پشت بەو گێڕانەوەیە دەبەستین، کە پێکهەڵپژان و شەڕی نێوان قابیل و هابیل بۆ عاشقبوونی هەردووکیان بە خوشکەکەیان دەگێڕێتەوە.

بۆ شرۆڤەکردنی وەها ڕووداوێك (**کوشتن لەسەر عەشق**)، کە بەردەوام گرەنتی دووبارەبوونەوەی هەیە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ شووناسی عەشق. من وا تێ دەگەم، عەشق بەرهەمی قۆناغێکی فیکری یان زادەی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی نەبێت. عەشق لە حەواوە تا دەگاتە دوایەمین کچ (**مێینە**)، کە ئێستا لەدایکبووە، ئامادەیی هەیە و دەژی. عەشق بلیتی زەمانی هەتا لێدانی کەڕەنای ئیسرافیلی لەگەڵ خۆیدا هێناوە و تەنها بابەتی بەر دەستی مرۆڤە، کە لە هەموو فۆرمێکی بەرژەوەندیی خاڵییە. ئەگەر بەرژەوەندیی لە عەشقدا هەبێت، ئەوا زمان ناچارە لەبری چەمکی بەرژەوەندیی، ئەلتەرناتیڤێکی تر بدۆزێتەوە. بەرژەوەندی چەمکێکی (من)گەرایی ئەو نەزمانەیە، کە دونیای ناشیرینی دەرەوە بەڕێوە دەبەن. بەرژەوەندیی لە فەرهەنگی ڕۆحانیدا جێی نابێتەوە.

پرسیارگەلێکی وەک ئەوەی ئایا عەشق پێداویستییەکی فسیۆلۆژییە؟ عەشق پرۆسەیەکی عەقڵانییە؟ عەشق خەونێکە خۆنەویستانە دەبێت ببینین و شەڕێکە مەحکومین بەوەی بیکەین؟ ئایا عەشق پڕکردنەوەی بۆشاییە ڕۆحییەکان و هاوسەنگکردنی هاوکێشەکانی سرووشتە؟ ئایا عەشق دۆزینەوەو گەڕانە بەدوای خوددا؟

هەڵبەتە دەیان پرسیاری تریش بخەینە سەر ئەم تێکستە، هێشتا هەژارترین لەوەی بتوانین پێناسەیەکی ستاندارد بۆ عەشق دابڕێژین، چونکە لە دواجاردا خودی عەشق، پێناسەکان دەسپێرێتە دەریاو پێمان دەڵێت، زمان لە ئاست عەشقدا کلۆڵترە لەوەی وەسفی بکات. عەشق نانووسرێتەوە، عەشق شتێکە دەبێت دەبێ تێیدا بژیت.

لەوەها پرۆسەیەکی تەمومژاویی وەک عەشقدا، دوو هۆ پانتاییەک داگیر دەکەن و لە هاوکێشەی جەلاد و قوربانیمان دەنێن و دەمانگەیەننە ئەنجامێکی وەک مەرگ.

**یەکەم**

**خەون:**

ئەگەر خەون لە عەشق دابماڵرێت، ئەوا (بوون)ی خۆی لەدەست دەدات. ئەوکاتە دەچێتە چوارچێوەی پەیوەندییە ڕواڵەتگەراییەکانی تری ژیانەوە. هەڵبەتە عەشق تـا ئەو پنتە جوانە، کە کوڕو کچێک لە هەموو ژووانێکدا یەکتر پڕ لە خەون دەکەن، چونکە نابێت بیرمان



Scanned with CamScanner

بچێت، هەموو خەونێك كە دێتە دونیای ڕیاڵەوە، دەستبەرداری بڕێکی زۆری ئەفسوونە ئیستاتیکییەکەی خۆی دەبێ.

دووەم

**بە هی خۆزانین:**

بە شێوەیەکی گشتی، عەشق ویستێکی موڵکدارییانەیە. کەسی عاشق تەنیا جەستە نـــا، بەڵکو هەموو شتێکی مەعشوقەکەی بە هی خۆی دەزانێت. کەم نین ئەو چیرۆکانەی بە هۆی فڕاندنی ڕەفتەیەك، تەوقەی کچێکەوە دوو خێڵی داوە بەیەکدا. تەوقە، لەچکێك، سیمبولە بۆ خودی کچەکە، فڕاندنی لەچکێك، واتە فڕاندنی کچەکە. فڕاندنی کچەکەش، واتە فڕاندنی شتێك، کە هی منە.

عاشق لێرەوە هەست بە مەترسی لەدەستدانی مەعشوقەکەی دەکات، هەست دەکات کەسێك هاتووە، هەم خەونەکەی داگیر دەکات و هەم شتێکیشی لێ دەسێنێت، کە هی خۆیەتی. خۆ ئەگەر ئەو کەسە (ئەو کولتووره) دانوستان قبوڵ نەکات و بەبێ مەرج ئەو شتەی نەداتەوە، کە هی خۆیەتی، بێ یەك و دوو بۆی لە سەنگەر دەچێت. منی عاشق شەڕێك دەکەم، بە هەموو پێشهاتەکانییەوە قبووڵمە، تەنانەت ئەگەر مەرگیش بێت. ئەو جەنگە لای عاشق شەرافەتمەندترین جەنگە بە ئەستوورترین ڕقەوە.

شەڕی قابیل و هابیل شەڕکردنە بە هەمان میتۆد، سەیر لەوەدایە شەڕی عەشق وەك شەڕی شتەکانی تر ڕێساکانی جەنگ نایگرێتەوە، لە کورتترین نموونەدا، مەرج نییە لە شەڕی عەشقدا لایەنی بەهێز بیباتەوە، **چونکە لەعەشقدا لایەنی بەهێز ئەوەیە، کە زۆر قووڵ خۆشویستنی هەیە و واتە توانای قوربانیدانی بە کجار زۆرە.**

زۆرجار ئەو حیکایەتانەی زیندانمان بۆ دەگێڕنەوە، کە ژنگەلێك بە هۆی پەیوەندییەکی دۆستدارییەوە، پیاوێکی تریان خۆشویستووە و دواتر مێردەکەی خۆیان کوشتووە یان زیندەبەچاڵیان کردوون.* ڕاستییەکەی ئەم ژنانە لە یەك کاتدا جەلاد و عاشقن. ئەم کارانە چەندە نالۆژیکی و ناعەقڵانی و تەنانەت نامۆرۆڤانەیش بن، بەلام عاشقانەن.

ئەمەش وەلام بە پرسیارێکمان دەداتەوە، کە لەسەرەتادا بە مەبەستی دۆزینەوەی پێناسێك بۆ عەشق کردمان و ئێستا گەیشتین بەو بەرسڤەی کە بەڵێ، عەشق پرۆسەیەکی تەواو ناعەقڵانییە و لێرەوە ترسناکیی دەست پێ دەکات و ئێمە دەبێت بزانین لەگەڵ پرۆسەیەکی سامناکی وەك عەشقدا چۆن مامەڵە دەکەین.

---

* من خۆم لە کاتی ئامادەکردنی پرۆگرامێکی ڕادیۆییدا، ڕێکەوتی کوڕ و کچێکی ئاوهام لەزینداندا، لە شاری سلێمانی کرد.

من لام وایە هەر شکستێکی ئێمە، لەسەر هێڵێك لە یادەوەرییماندا نەخش دەبێت، بەڵام شکستی خەون پان ترین و درێژ ترین هێڵ دروست دەکات، کە ئیشکردن لەسەر لەیادکردنی ئەم شکستە، ئیشکردنە لەسەر مەحاڵ. ڕەنگە بازرگانێك دوای نابوتبوونی یان دەستگرتن بەسەر سەروەت و سامانەکەیدا، بتوانێت و ئیش بکاتەوە بۆ پێکەوەنانی ماڵەکەی. یان سۆزانییەك لە ڕێی ئیرادەی هێزەوە بتوانێت ئەو جەستە داگیرکراوەی خۆی کۆنترۆڵ بکاتەوە و بگەڕێتەوە نێو ژیانی ئاسایی.

لەم بارانەشدا **هێزی بیرچوونەوە** ڕۆڵێکی کارای هەیە و بەردەوام لە دوای هەر بەربەست و کەوتن و شکستێکەوە، ئامادەیی هەیە بۆ ئەوەی بەردەوامی بە مرۆڤ بدات. **هێزی بیرچوونەوە** پڕە لە وزەی ژیان، وەلێ ئەم هێزە گەورە و گەردوونییە لە ئاست (**شکستی خەون–شکستی عەشق**)دا پیرەپیاوێکی داماوە.

کاتێك خەون لە مرۆڤێك داگیر دەکەین، واتە (**بوون**)یمان خستووەتە بەر هەڕەشە. هەموو بوونێکی ئەم گەردوونەش، لە ململانێیەکی گەورەدایە بۆ مانەوە. لێرەوە دەشێت هەر شتێکی چاوەڕوان نەکرا و لەم (**بوون**)ـە چاوەڕێ بکەین. ئێستا بەو ئەنجامە گەیشتین، کە ئێمە خۆمان دەستمان هەیە لە پەروەردەکردنی جەلادێکدا! وەختێك هەوڵی داگیرکردنی خەونی مرۆڤێك دەدەین. ئەمە بە تەنیشت

ئەوەوە، کە خودی پرۆسەکە **(عەشق)** سرووشتێکی پڕ زەبروزەنگی هەیە. وەختێك **سارتەر** دەڵێت: "*ئەوانی تر دۆزەخن*." ڕاستییەکەی نەیویستووە برا لە برا بکات بە دوژمن و خۆشەویستیی نێوان ئینسانەکان بکوژێت، بەڵکو ئەو دۆزینەوەیەکی گەورەی کردووە و بەو ئامانجە گەیشتووە: کە هەموو بوونێك هەڕەشەیە لەبەردەم بوونێکی تردا. بوونێکی تر واتە هەڕەشە لەبەردەم بوونی مندا، بوونێکی تر واتە تەسککردنەوەی مەودایەکی بەرین لە خەونەکانی من.

کاتێکیش لە عەشقدا بوونێکی تر دێت، ئیتر تۆ لەبەردەم دوالیزمەی لەناوچوون و لەیادچوونەوەدایت. ئەم دوو ڕێیانی مەرگە وەختێك تێ دەپەڕێنیت، کە تووڵەڕێی سێیەم بدۆزیتەوە. ئەویش ڕێگەی سڕینەوەی **(ئەوی تر)**ـە لە واقیع و ژیان و خەیاڵی (مەعشوق)دا، ئەو مەعشوقەی کە پێشتر هی من بووە.

هەڵبەتە هەڵبژاردنی ئەم ڕێگەیە سەختترینیانە و پێویستیی بە قوربانی و بەخشینێکی زۆر هەیە، کە بوونی هێزی بەخشین، جارێکی تر جەخت کردنەوەیە لەسەر عاشقبوونی تۆ.

هەروەك **ئەریك فرۆم** پێی وایە لە کورتترین پێناسەدا، "*عەشق هیچ نییە جگە لە توانای بەخشین.*" جارێکی دەگەڕێینەوە سەر ئەفسانەکە، وەختێك قابیل ئەم شەڕە دەباتەوە و هابیلی برای

دەکوژێت، ئیتر ئەمە دوا خاڵی ئاسوودەگیی قابیل نییە. ئەو دەبێت ئەم جەستە کوژراو و خوێناوییە بسڕێتەوە، ون و فەنای بکات. قابیل جەستەی ئەو کوژراوە لەبە ئەوە ناشارێتەوە کە برایەتی، ئەوە ئەو رقە هێجگار گەورە و هۆڤیانەی قابیلە، کە دەخوازێت خاوەنی ئەم جەستەیە بەکوژراوییش لە دونیا بکاتە دەرەوە. دەبێت لێرەوە ئێمە ئەوە بزانین شاردنەوەی مردوو، -ئەگەر لە قابیلەوە فێربووبێتن- ئەوا هێندەی بێحورمەتیکردنە بە خودی مردووەکە هێندە ڕێزگرتنی نییە.

وەختێك کەسێك بەدەستی خۆمان دەکوژین و لەگۆڕی دەنێین، دەمانەوێ بە زمانی حاڵ پێی بڵێین: **ئیتر تۆ دەبێت لە شوێنێکی نزمتر لە ئێمەوە سەیری شتەکان بکەیت.** وەختێك دایدەپۆشین، دەمانەوێت پێی بڵێین **ئیتر چاوی تۆ نابێت بە هیچ گەردنێکدا بڕوانێت، ئیدی تەواو... لێوی تۆ نابێت جارێکی تر تامی ماچ بکات... تەواو.. دەستی تۆ لەوە کورتترە بهێڵین بگاتە هیچ پرچێك.**

ئەمانە هەموو ئەو مەنەلۆگانەی ناو نەستی قابیلن، وەختێك سەرقاڵی شاردنەوەی جەستەی هابیلی برایەتی. ئێستا ئەگەر ئێمە بکەنە نووسەری ئەم سیناریۆیە و بمانخەنە پێش ڕووداوی کوشتنەکەی هابیل و تکامان لێ بکەن سیناریۆکە تەواو بکەین، بێ ئەوەی هابیل بکوژین، من لام وایە لەو کاتەدا ئەم سیناریۆیە ناتەواوترین سیناریۆی



Scanned with CamScanner

ئەم گەردوونە دەبێت. ناكرێت هابیل هەڵبدەین بۆ تاراوگە، كێ گرەنتیی نەگەڕانەوەی هابیلێك دەكات؟ ناكرێت هیچ شتێكی تر لە هابیل بكرێت، جگە لە كوشتن و سڕینەوەی. هابیل بە هاتنی بۆ نێو ئەم یارییە جەهەننەمییە، ئیمزای لەسەر كوشتنی خۆی كرد.

قابیل هابیلی نەكوشت بۆ ئەوەی مەعشوقەكەی پێی بڵێت: **"تۆ ئازاترین پیاوی دونیایت، ئیتر من هی تۆم."** نەخێر... قابیل دەیزانی، كە عەشق نازانێت ئازا و ترسنۆك، مەرد و نامەرد كێیە. عەشق كوێرە، مادام قەدەری ئەمیش عاشق بوونە، كەواتە قەدەریشی بوو، كە ببێتە پیاوێكی جەلاد.

لێرەوە دەبێت ئەو پارادایمە گەمژە و ساویلكەیە تێ پەڕێنین، كە پێمان وا بێت عەشق تەنها هەڵگری گوتارێكی ژیاندۆستییە. ڕاستییەكەی عەشق سامناكترین ئەفسوونی ئەم گەردوونەیە، كە دەبێت هەوڵی بەدەستهێنانی (**مەعریفەی مامەڵەكردن**)ی بدەین، شتێك كە لە بناغەدا بوونی نییە!

٢٠٠٣



# داهێنەر،
# جارێک وەک مامان
# جارێک وەک خالیق

داهێنەر کتێبە.. مرۆڤ یان بانهیومەن

Scanned with CamScanner

ئایا **جوانیی** لە خودی شتەکاندا بوونی **هەیە**؟ یان وەکوو **کانت** دەڵێت هارمۆنییەتە لەنێوان شتی شتەکاندا..؟ جوانیی **هەستێکی** خۆش و چێژە یان نـــا... خودی جوانیی لە چاوماندایە و بۆ ئەوەی قسە لە جوانیی بکەین، لەسەرەتاوە دەبێ قسە لە بوونی چاو بکەین؟ **هێشتا** بۆ خۆشم لە بەرسڤی وەها پرسیارێکدا ساغ نەبوومەتەوە، مەگەر تەنیا (جوانییناسی) وەک بەشێکی فەلسەفە، بکارێت وەڵامی لۆژیکی و بارگاوی بە ئارگومێنت بەم پرسیارانە بداتەوە، کەچی یەقینم هەیە، کە شتێک هەیە جوانە، ئەو جوانییەش شتێک لەناو مندا دەخاتە هەلەکەسەما.

ئێمە چۆن جوانییەکان دەدۆزینەوە؟ ئایا کەشفی جوانیی لەشتێکدا دەکەین؟ یان لە پرۆسیسی ناولێناندا جوانیی دەناسێنین؟ یان ئێمە جوانیی دروست دەکەین؟

ئەگەر وەڵامەکە یەکەمیانە، بۆ هەموومان وەکوو یەک و بەیەک ڕادە چێژ لە جوانیی هەموو شتەکان ناکەین. ئەگەر دروستیشی دەکەین، چۆن دەکرێت لەکاتێکدا لەسەر جوانییەک نزیک بە حەوت ملیار مرۆڤ



Scanned with CamScanner

کۆك بین..؟ بۆنموونە: جوانیی یەکەم هەڵڕوانینی ساوایەك بە دەوروبەری خۆیدا، یان جوانیی دیمەنی خۆرئاوابوونێك.

فەلسەفەی کلاسیك و بەتایبەتییش سوکرات، بوونی هەر شتێکی نوێ وەك دۆزینەوە و دەرهێنان سەیر دەکات، نەك وەك هاتنە بوونێکی نوێ، کە تـا پێش ئەم چرکەیە نەبووبێت. **تێزی مامانکاری** لای وایە هەموو شتەکان خۆیان لە خۆیاندا هەن، کاری فەلسەفە دەرهێنان و دۆزینەوەی ئەو شتانەیە لە ڕێگەی پرسیارو گومان و دیالۆگەوە.

لە حاڵێکی وا دا، بونیام تیادەمێنێت، **گۆران** لەرزینی زیخی ژێر کانییەکی بەر تریفەی مانگە شەوی دۆزییەوە؟ یان دروستی کرد؟ **(دروستکردن لێرەدا بەو مانایەی کە ڕەنگە تا پێش نووسینی ئەم شیعرە زیخ لەژێر ئاودا نەلەرزیبێت، کە بیرکردنەوە لە شتێکی وەها، سەردەرهێنانێکی لۆژیکیی بەدواو نابێت!)**.

یان لە تابلۆیەکی **ڕۆستەم ئاغالە**دا، کە لیپاولیپ گوڵ و لالەزارە و کارێکە لە دڵی سرووشتدا، لە خاڵێکی نزیك بە چەقی تابلۆکە، وەك فیگەرێکی فەرعی، گوێدرێژێك تەرسەقول دەکات. لە جیاتی ئەو تەرسەقولەی ئێمە چاومان پێی ڕاهاتووە، گوێدرێژەکەی ئاغالە گوڵ دادەنێت و گوڵ دەکاتە خوارێ. سەیرکردنی ئەم تابلۆیە، دیسانەوە دەمانخاتەوە بەردەم پرسیاری ئایا گوێدرێژ هەوا دەڕێت و ئێمە نەمانزانیوە و ئێستا ڕۆستەم ئەم جوانییەی نیشان داین؟!

فریوی ئەو چاوانە لە چیرۆکێکی **کاروان عومەر کاکەسوور**دا و لە زاری کارەکتەرێکەوە قوتابخانەت لێ دەکات بە تەڵەی مشک، ئەم فۆتۆیەی قوتابخانە لە زوومی کاروانەوە (**لەکاتێکدا ئەگەر لە یادمان بێت لەڕووی فۆرمەوە، نەخشەسازیی بینای قوتابخانەکانی ئەم وڵاتە هەمیشە نزم و ناسۆیی و پەنجەرەکانیشیان ئاسن و کەتیبەبەندن**) تەواو مرۆڤ دەخاتە گومانەوە، کە ئەمە وێنەی ڕاستەقینەی قوتابخانەیە نەك ئەوەی لەسەر جادەو کۆڵانەکانەوە ئێمە دەیبینین.

من بۆ خۆم تا ماوەیەکی زۆر تەماشای بینای هەر قوتابخانەیەکم دەکرد، وەك تەڵەی مشك دەهاتە بەرچاوم. من لەنێوان وێنە واقیعییەکە (**ئەو وێنەیەی ڕۆژانە بەری دەکەوین**) و وێنە ڕاستەقینەکە (**ئەو وێنەیە ئەفلاتونییەی کە لە ئەسڵدا دەبێ هەبێت**) و ئەو وێنەیەی کە خۆم لەژێر کاریگەریی چیرۆکەکەی کارواندا بۆم دروست ببوو، سەرم لێ تێکچوو بوو.

هەر ئەم منە خراپەی خۆم، لە **هیوا قادر**ەوە هەستم بە تامی **شیویت** و فێنکیی قاژە **شووتی** عەسران کردووە. جارێکیشیان لە شیعرێکی **دلاوەر قەرەداغی**یەوە بەتەواویی فێربووم چێژ لە خواردنەوەی **پەرداخێك ئاو** وەربگرم. پێشتر من سەدان جار ئاو و شووتی و شیویتم خواردبوو، بەڵام!



Scanned with CamScanner

بێ حیکمەت نییە شاعیرێکی جوانییناسی وەک **سوهراب سپهری**، دەڵێت: **"دەبێ چاومان بشۆین و بە جۆرێکی دی دونیا ببینین."** ئەم شیعرە جەختێکی ترە لەوەی کە جوانییەکان لە خۆیاندا هەن و ئامادەن، بەڵام پێویستیان بەچاوێکە بیانبینێت، ئەوا ئێستا لەسەر کێشی شیعرێکی گۆران وەختە بڵێم:

**(دە... خودایە چاوێکی وا).**

٢٠٠٧



Scanned with CamScanner



# پشیلەیەک لە ناوەڕاستی پردێکدا

نیگایەکی هێرمۆنۆتیکی لە ماسک

Scanned with CamScanner

له نێوان(masca- **تارمایی**)ی لاتینی و(persona- **کەسێتی**)ی رۆمی کۆندا، من ئەمەی دوایانم وەك مانای ڕیشەیی وشەی ماسك لا پەسەندترە، چوون هەموو ماسکەکان خەریکن ڕۆڵی کەسێتی ئێمە دەبینن.

ماسك، ونکردنی دیوە ڕاستەقینەکەی مرۆڤ نییە، بەڵکو شاردنەوەیەتی. ئەو کاتەی ماسك لەسەر دەکەیت، دەتەویت بڵێیت من، من نیم، دەتەوێت (من)ی یەکەمت لە هەموو پێوەندە کۆمەڵایەتییەکان فریاد بکەیت، گرنگیی ماسك لەوەدایە بە تەنیا ناتوانیت بیکەیتە سەرت، ماسك بەرلەوەی پێویستی بە کاراکتەرێکی جێبەجێکار هەبێت، پێویستی بە بینەرێکی دیقەتلییە، وەك توورەبوون وایە، دەبێت کەسێك هەبێت بتبینێت ئەوجا دەتوانی توورە ببیت. مرۆڤ هەرگیز بە تەنیا ناتوانێت توورە ببێت. ئاوهاش پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەنێوان ماسکپۆشین و نواندندا هەیە.

هەردووکیان لە ستراکتورەکانی شانۆییەکن، کە لەنێوان کاراکتەر و بینەردا دۆزینەوەی دەرهێنەرەکەی کارێکی ئاسان نییە. هیچ

لە نێوان(masca- **تارمایی**)ی لاتینی و(persona- **کەسێتی**)ی ڕۆمی کۆندا، من ئەمەی دواییانم وەك مانای ڕیشەیی وشەی ماسك لا پەسەندترە، چوون هەموو ماسکەکان خەریکن ڕۆڵی کەسێتی ئێمە دەبینن.

ماسك، ونکردنی دیوە ڕاستەقینەکەی مرۆڤ نییە، بەڵکو شاردنەوەیەتی. ئەو کاتەی ماسك لەسەر دەکەیت، دەتەویت بڵێیت من، من نیم، دەتەوێت (من)ی یەکەمت لە هەموو پێوەندە کۆمەڵایەتییەکان فریاد بکەیت، گرنگیی ماسك لەوەدایە بە تەنیا ناتوانیت بیکەیتە سەرت، ماسك بەرلەوەی پێویستی بە کاراکتەرێکی جێبەجێکار هەبێت، پێویستی بە بینەرێکی دیقەتلییە، وەك تووڕەبوون وایە، دەبێت کەسێك هەبێت بتبینێت ئەوجا دەتوانی تووڕە ببیت. مرۆڤ هەرگیز بە تەنیا ناتوانێت تووڕە ببێت. ئاوهاش پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەنێوان ماسکپۆشین و نواندندا هەیە.

هەردووکیان لەستراکتورەکانی شانۆییەکن، کە لەنێوان کاراکتەر و بینەردا دۆزینەوەی دەرهێنەرەکەی کارێکی ئاسان نییە. هیچ

ماسکێك سرووشتیی نییە، ئەگەر سرووشتیی بوو، ئەوا یەکەم شتێ

کە دەیکات بە قەولی (بارت) چەمکی ماسکێتی خۆی دەتەقێنێتەوە.

هەموو ماسکێك زادەی سکێچێکی خەیاڵییە لە سەری خاوەن ماسکرا.

ماسکەکان پلانی فانتازیین و ساتی پۆشینیان ساتی گواستنەوەیە لە

ئاستی نەخشەوە بۆ ئاستی ماتریاڵ.

ئێمە رۆژانە لەگەڵ ماسکدا پێك هەڵدەگژێین، بە جۆرێ دەرگیرین، کە

بمانەوێت ئێوارەپیاسەیەك، برۆین، وەك سەفەری ناو تەم، هەزار

رووخسار بە هەزار ماسکی جیاوازەوە خۆی بە یادەوەرییماندا

هەڵدەواسێت.

ئێستا ئیتر ماسك لەسەری تیرۆریست و شۆرشگێر دایە، لە سەری دز،

لە سەری پێشمەرگە، لە سەری لیژنەکانی ئیغتیالات، لە سەری

گیراوەکان، بەسەری لە لاشە جیابووەوەی فرێنراوەکانەوە، لە سەری

بابانوێل و سەری پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، سەری پیاوانی

ئاگرکوژێنەوە و پیاوانی ئاگرهەڵگیرسێنیش، ماسك لە سەری

خۆتەقێنەرێك لە غەززە، لەسەری کچێکی بەر مارکێتێکی شکاو لە

لەندەن، لە سەری گیراوێکی ترسناکی (١٣٠)ساڵ لەوەوپێشی

ئوستراليا، لە سەری دوو پیاوی قەبە و عەبوسی ئەملاوئەولای

ئۆجەلان دایە. سەرنج بدەو ببینە، ماسك بەسەری کێوە نییە؟

ماسکپۆشەکان بۆ ئەو کارەیان دوو پاساویان هەیە، بەڵام هەردووکیان لەوە ڕاناکەن، کە دەیانەوێت شێوەیان بگۆڕن و ڕازی نین بە فۆرمە ڕاستەقینەکەی خۆیان. ماسکە دێرینە ئاینییەکان لای چینییەکان ئەگەر جارێ بۆ ڕەزایەتیی خواوەندەکان پۆشرا بێت، ئەوە دووجار ناڕەزایەتیی بووە لەو سیما واقیعییەی هەمان خواوەند بە بەری بەندەکانی درووێتی، واتە بەندە لە سرووتێکی ئاینییدا دەیەوێت بە یەزدانی خۆی بڵێت: **"من خۆشنوودم، کە بەم سیما هەڵبژاردەیەمەوە دێمە حزوورت."**

ئەو لە یەک کاتدا بەو دێڕەی پلەیەک لە خالیقەکەی دێنێتە خوار و پلەیەکیش چاوی جوانیناسی ئافرێنەرەکەی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەو دەیەوێت بڵێت، مرۆڤ خۆی خاوەنی خۆیەتی و خۆی سیمای دڵخوازی خۆی هەڵدەبژێرێت، دروست هەمان ئەو کارەی ئەمرۆ خەریکە دەیکات.

نەشتەرگەرییەکانی جوانکردن، بچووککردنەوەی مەمک، دەستکاریکردنی لووت، لابردنی پەڵە و خاڵی سەر ڕوو، هەر دەسکەوتی پزیشکیی جوانکاریی نوێ نییە، بەڵکو بەرئەنجامی دەیان سەدە لە تێڕامانی ئینسانە لە خۆی.

لەو عەیب و عارانەی لامان وابووە ماکی جیاوازبوونمانە و ئێستا دوای ئەو هەزاران ساڵە، وا دەزانین، کە جوانیی جیاوازیی نییە، جوانیی

ئەوەیە لەیەك بچین! مرۆڤی مۆدێرن بەشێوەیەکی ئێجگار سەیر و ئارەزوومەندانە پێوەرەکان تێکەڵ دەکات، ئەو لەگەڵ (**جوانیی**)ش هەر وایکردووە. ئەوەتا ئەم مرۆڤە ڕاهاتووە کۆلێکتیڤانە، بخوات و بنوێ و بژی و بڕیار بدات. هەنوکە جوانیی ئەوەیە چوار ملیار ژن قاچیان باریك و ڕووخساریان درێژ و قوپاو و ئێسقانی بێ!

من بۆخۆم، کە ئێواران بە شەقامە جوان و پاکەکانی شاری (**مۆنتانا**)دا لە باکووری **بولگار** پیاسەم دەکرد، سەرم لەو هەموو لێکچوونەی کچەکانیان دەسووڕما، لەوێ شەرمە کچ بیت و قژت زەرد نەبێت، لووتت قنج، دەمت چکۆلانە و چاوت بادەمی و یەك گوارە بە بەرزایی گوێچکەی چەپتەوە نەبێت.

من ئەو ئێوارانە، ئەو نووکتە کوردانەیەی خۆمان بیر دەهاتەوە: ئەگەر پیاو ماچێك بە کچێکیان قەرزدار بێت، لەناو ئەو هەموو مرۆڤە لێك چووەی ئەم شارانەدا، چۆن چۆنی ساحێب قەرزی خۆی بدۆزێتەوە؟

***

نەشتەرگەرییەکانی جوانکاریی، هەڵگرتنی ماسکێکی نوێن بە خۆمانەوە. ماسکێك، کە جارێ نامانەوێت دایکەنین. ماسکێك، کاتێکی درێژتر لە سەرماندا دەبێت، بەڵام ئەمە دوا ماسك نییە،

ڕەنگە لە (٥٠) ساڵی داهاتوودا بیرمان بۆ ئەوە بچێت، کە لووتی بچووک ناشیرینە و لووتی قەبەو زل، ببێت بە لووتی هەڵبژاردە و دڵخوازمان! ئەوکات دەبێت دەموچاومان بخەینەوە بەر نەشتەر و گۆڕنکارییەکی نوێ لە ماسکەکەی سەرماندا بکەین.

ماسك ئاوا ئیش لەسەر ئینسان دەکات، لەجیاتی ئەوەی دونیا لەگەڵ خۆی ڕابێنێت، خۆی لەگەڵ دونیا ڕادێنێت. ئەمەش پشکێکی دەست بەرداربوونی خودە بۆ ئەوانی تر. ئەوانێك، کە (٥٠) ساڵ لەوەوپێش **سارتەر** وتبووی *"دۆزەخن!"* ئەوانێك، کە تۆیان وەك خۆت ناوێ، تۆیان دەوێ وەك ئەوەی خۆیان دەیانەوێ.

من لە زومرەی ئەوانە نیم، کە پێیان وایە مرۆڤ هەمیشە شتێکی هەیە دەیەوێت بیڵێ، بەپێچەوانەوەو هاوڕا لەگەڵ (**ئەندرێ مالرۆ**)، من وا سەیری ئینسان دەکەم، کە هەمیشە دەیەوێت شتێك بشارێتەوە. ماسك تەکنیکێکی خێرایە بۆ شاردنەوەی ئەو شتە، بۆ گۆڕینی شووناسی خۆت.

ئەوەی لە ماسکدا سەرنجڕاکێشە، ئەو جێ بە خۆنەگرتنەی **چاوە**، کە تەنها بە بینین ڕازی نابێت و هەمیشە بینەر-ئەویتر سەرگەشتەی ڕاڤەیەکی چڕ و قووڵ و فرەلۆچ و قژقژ دەکات.

ماسکەکان هەموویان وەک کۆدێک خۆیان دەناسێنن، کە کردنەوەیان دژوارە، کەچی هەمیشەش شکانی خۆیان لە یەکەم نیگادا گوێ لێ دەبێت. ماسک چانسێکی کورتە لەنێوان چێژ و خۆشاردنەوەدا.

## گاهێ کە ماسک دەبێت بە فریادڕەس

ئەو کەمامەیەی لە هۆبەی بووژاندنەوەی دڵ، یا ژووری فریاکەوتنی خێرادا و لەناو ئەمبولانسێکدا، خانمێکی میهرەبان بۆمان دەبەستێت، ئەویش هەر ماسکە، بەڵام ماسکێکی داماوی بێ زیانە. پەرستارەکە بێ خەبەرە لەوەی سیمامان دەگۆڕێت و خەریکە لە فۆڕمماندا کار دەکات. تۆ بە چاوی لێڵ و ماسکێکی سەر دەمتەوە سستەرێکی سپی دەبینیت، پەرۆشانە پەلەپەلێتی بێیتەوە ژیان و لە هێکڕا مردن لە ژوورەکە دوور دەخاتەوە. وەک شتێ مردن و دکتۆر، دووانەیەکن بەردەوام ئیشی یەک پەک دەخەن.

***

بۆ من هەمیشە ماسک جێی سەرنج بووە، بە جۆرێک بێ شومار خەڵک وەک خۆی دەبینم –ئەوە ئەگەر لەڕاستیدا شتێک بە ناوی (**وەک خۆی!**) هەبێت– سەروکارێکیان لەگەڵ ماسکپۆشینیدا هەیە،



Scanned with CamScanner

بەشێوەیەکی گشتیی، مرۆڤ بیمارە بە سیمایەک، کە هی خۆی نییە، کە نایەوێت هی خۆی بێت.

ماسک زەحمەتی زۆر لەبری ئێمە دەکێشێت، ئەو لەهەر شتێکی تر ئاسانتر دەتوانێت زمانی ئێمە بێت. ئەوەتا بەرلەوەی خۆمان بدوێین ماسکەکەمان وەك ئەکرۆباتێکی دەم نەوەستاو و لەبلەبان ئەوە نالێ، کە هەین، ئەوە دەڵێ، کە دەمانەوێت. ماسك ناتوانێت بێ دەنگ بێت، ئەوکاتەی بە تۆبزیی بێ دەنگی دەکەین، بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین، خەریکە لە پانتۆمایمدا ڕۆڵێکی دیکە پرۆڤە دەکات.

**من کێم دەوێت..؟**

من ئینسانێکم دەوێت دڵی دیار بێت، کە لێ دەدا، بە قەرز لە **پلاتۆ،** ئەگەر پێستی دەموچاوی خۆمان پۆشایە بێت بۆ شاردنەوەی ناوەوەمان، ئەوا ماسك دوو جار پۆشینە و دوو جار شاردنەوەی حەقیقەتێکە، کە لە ناوەوەمان نییە، بەڵکو خودی ناوەوەمانە.

وابزانم سێ ساڵ لەمەوپێش بوو، کە چیرۆکێکی کۆنی (چینی)م لەبارەی پشیلەیەکەوە خوێندەوە، کە دەیەوێت لە پردێك بپەڕێتەوە و دەبینێت لەسەر پردەکە سەگگەلێکی دڕ هەن، پشیلەکە لە جێگای خۆی مێخکووت دەبێت و بیر دەکاتەوە.

ئەو لە دوو ڕێگا زیاتری نییە: یان واز لە خەونەکەی نەپەڕێتەوە، یان خۆی لێ ببێت بە سەگ و بە سەگگەلەکەدا بە کەماڵی ئیسراحەت بڕوات. پشیلە چینییەکە دووەمیان هەڵدەبژێرێت و لەپێناوی پەڕینەوەدا، ئینکاریی خۆی دەکات.

بە باوەڕی چکۆلانەی من، لەنێوان باشە و خراپەدا پشیلەکە هەڵنەبژاردووە، ئەو تەنیا ماسکی سەگێکی کردووەتە سەر. مرۆڤی نوێ ئێجگار بە دۆخی ئەو پشیلەیە دەبینم، کە بپەڕێتەوە و لەنێوان قەبوولکردنی سیمای سرووشتیی خۆی و ماسکێک، کە دەبێت هەڵیبژێرێت، تیاماوە. تۆش بەم خەیاڵ دوور بردوویتی، بێ ئەوەی بیرت بکەوێتەوە، کە دێڕانەت دەخوێندەوە، کام ماسکەت لەسەردا بوو؟!

٢٠١٢



# له کۆدی خەیاڵەوە بۆ خەیاڵی کۆد

ئیستێتیک لە نێوان هێماناسیی و فەلسەفەدا

Scanned with CamScanner

# هێماکان زمانی خودان..!

## مۆلدەرلین

**پاسۆرد** هەر تەنها وشەی تێپەڕین یان وشەی نهێنی نییە، ئەو پاسۆردەی من بە نیازم لەبارەیەوە بنووسم، پەیوەندیی بە تۆڕی ئەلکترۆنیی و جیهانی کۆمپیوتەرەوە نییە.

ئەو چیرۆکانە زۆرن، کە لەنێوان فەسیل و کەتیبە سەربازییەکاندا، لە ئۆردووگا و بۆسەی سەر ڕێگاکاندا، بە هۆی تێکەڵکردن یان هەڵەکردن یان لەیادچوونەوەی وشەی نهێنییەوە ڕوویان داوە، تاڵترینیان لەوانە: شەوێکی هاوینی ١٩٩٧ لە **چیای سەفین** بوو، گەریلایەک بە هۆی لەیادکردنی وشەی نهێنییەوە، بە دەستی نائەنقەستی هەڤاڵەکەی خۆی کوژرابوو، ئەوکات لەوێ بووم و شاهیدی تەرمی شەهیدەکە بووم. ڕاستە ڕووداوەکە لەناو دیسپلینێکی سەربازییدا ڕوویدابوو،

بەڵام ئەمە هەموو چیرۆکەکە نەبوو! ئەوەی ڕەوایەتی دەدات بە پێشمەرگەیەك، بێ دوودڵی تەقە لە برادەرەکەی بکات، **پاسۆردە!** پاسۆرد دیاریکردنی جێگەی خۆمان و شاردنەوەی ئایدێنتییە، سنوورێکی مەعنەوییە بە بێ تەلەزیی و بازگەو مین.

ڕەنگە مێژووی پاسۆرد مێژووی هەرە سەرەتای فەردانییەت بێ. مێژووی دروستکردنی حەرەم و پاراستنی... پاسۆرد دەکارێت دڵنیایی ئێمە تۆختر بکاتەوە، کەواتە (**ئەوانیتر**) هەر پێشمەرجی ئۆنتۆلۆژیی بوونی ئێمە نین، بەڵکو مەرجی پاراستنی ئەم خانەو حەرەمە تایبەتەی وجودی ئێمەشن، کە خەریکین بە دانانی پاسۆرد چیغی لێ دەکێشین.

ئیشی یەکەم و کۆتایی پاسۆرد، سنوردارکرنی خۆت نییە، بەڵکو بچووککردنەوەی مەرزی زانینی ئەوانیترە لەسەر خۆت.

بە باوەڕی چکۆلانەی من، بەدرێژایی مێژوو لەئامادەنەبوونی پاسۆرددا، مرۆڤ کەلێن و درزەکانی یەکتری قۆستۆتەوەو درزەی لێوە کردووە.

پاسۆرد لەیەك کاتدا سێ ئەرکی سەرەکی ڕادەپەڕێنێت: ئاسایشی بوون دەپارێزێت و ڕێگریی لە ساختەبوون و چاودێری شووناسیشمان دەکات. جگە لە کایە سەربازییەکان هەر تەنیا سیخوڕ و دیپلۆمات و عاشقەکان سەروکاریان لەگەڵ پاسۆرددا نییە، بەڵکو بونیام لە

سەرجەم کۆلێکتیڤەکان، بێ ئەوەی ناچاری ڕاڤەو ڕامان لە کۆنسێپتەکەی ببێت، ڕۆژانە پاسۆرد-کۆد، مامەڵە دەکات.

هەمووومان خاوەن کۆدین، هەمانە هێندە ئاسان و هەشمانە هێجگار ئالۆز. ڕەنگە کاری ڕاستەقینە و یەکەم و ئاخیریی منداڵەکانی ئادەم، تا ئێستاش کردنەوەی کۆدەکانی سرووشت و کۆدەکانی یەکتر بێت.

ئینسانی نوێ لەنێوان شووشەییبوون (**لە چاپە بنیامین-ییەکەی**) و ئالۆزییەک، کە ژیانی هاوچەرخ لێی دەخوازێت تیاماوە. ئێستا ئیتر ئادەمیزادی سەردەمی پۆستمۆدێرن، بۆ ئەوەی بتوانێ بەردەوام بێت، دەبێ ڕوونێکی ئالۆز بێت!

کە سەروکارت لەگەڵ کۆددا هەبوو، دوو شت پێکەوە دەکەیت، ئەوکاتەی کۆدەکان دەکەیتەوە و لە پرۆسەی ئینکۆدین_Encoding دایت، سوژەیەکیت و بێ ئەوەی بە خۆت بزانی دیسان خەریکی دانانی کۆدی تریت. واتە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە شتەکان، پرۆسیسێکی دوو جەمسەرەو تێکەڵاوییەکە لەنێوان ئینکۆدو دیکۆد _Decodingدا.

ئێستا پرسیارێك بە دوای وەڵامدا دەگەڕێت: ئایا سەری ئێمە، هەموو شتەکانی دەوروبەرمان، بۆ نموونە سەتڵ و ئاسمان و مانگ، وەکوو خۆی دەگرێت؟

بێگومان نەخێر. لەناو ئێمەدا زانیارییەکان بە هۆی سێنسەکان و لەڕێگەی دەمارە ڕاگەیاندنەکانمانەوە لە شێوەی داتا دەگوازرێنەوە و لەمێشکدا بە کۆد دەکرێت. ئەو کاتەشی کارمان دەکەوێتە زانیارییەك، بۆنموونە دەمانەوێت شێوەی مانگ بێبینەوە بەرچاوی خۆمان، دەستبەجێ مێشکمان پرۆسەی پێچەوانەی دیکۆدین دەست پێ دەکات و داتا هەڵگیراوەکە شی دەکاتەوە.

بۆ ئەوەشی کەسێك دەستی بگات بە کۆدە شیکراوەکانی ناو سەری ئێمە، دەبێ پاسۆردەکەمان بزانێ. بە باوەڕی من، دۆستایەتیی قووڵی ئەوانیتر، شۆردنەوەی کلیلێکی ترە لە خۆمان و بەخشینی بێ بەرانبەری پاسۆردەکانمانە. خۆ ڕەنگە مەستییش ڕێگایەکی بێ ڕتووشی دۆڕان و ئاڵوگۆڕی پاسۆردەکان بێ.

هەر قسەکردنێك لەسەر کۆدی خەیاڵ، بێ قسەکردن لەسەر خەیاڵی کۆد بەتاڵە. دەست ڕاوەشاندنی دۆستێك بۆ ئێمە، لەودیو شووشەی وێستگەی شەمەندەفەر و گەراژ و فڕۆکەخانەکانەوە، کۆدێکە ئینکۆدەکەی، ماڵئاواییە. نیشانەکانی سەرجادە و هێماکانی هاتوچۆ، کۆدن. ئەم پیتە خواروخێچانەی پێشتر من نووسیومن و ئێستا ئێوە خەریکن دەیخوێننەوە، کۆدن. ئەوەی ڕێگە دەدات پیاوێکی ناشرین بچێتە ژیانی خانمێکی جوانەوە، توانای تێگەیشتنی یەکەمیانە لە کۆدەکانی دوومیان.

ئەوەشی لە پەیوەندییە ڕۆمانتیکییەکاندا شکستمان پێ دەهێنێت، ئەوە داناییمانە، کە لە ئاست کردنەوەی کۆدەکانی بەرانبەردا سفرە. بە کۆدکردن، لە کورتترین دێڕدا، شاردنەوەی زانیارییەکان نییە، بەڵکو تێکەڵکردنیانە، ڕاگرتنی ئەوانیترە لەبەردەم زیاد لە زانیارییەك و زیاد لە حەقیقەتێك! ئەمە ئەو شتەیە، کە ئەوانیتر دەباتەوە سەر پرۆسەی هێرمۆنۆتیکی ناچاریی.

ئەگەرچی هەموو کۆدێك، لە یەکەم نیگادا خۆی وەك نەناسراو و نەکراوە و نەدۆزراوەیەك بناسێنێ و وایش نیشان بدات، کە فامکردنی (ئیمکانی ناموومکین)ـە، لێ هێشتا هەموویان، دیکۆدی خۆیان لەناو خۆیاندا هەڵگرتووە. بەشێوەیەك لەکۆتاییدا مامەڵەکردنی دونیا، مامەڵەیە لەنێوان کۆد و کۆددۆزدا. ئەم نووسینە دەیەوێت بڵێت، کۆد لە فۆرمەلە ماتماتیکەکەیدا، بریتییە لە:

$$Y=X+C$$

ئەگەر (Y) کۆدەکە بێت ئەوا (X) بریتی دەبێ لە ئۆبژێکتە ئۆرگیناڵەکە و (C)یش نەناسراوێکە و دەمانەوێت سەری نامەحرەمەکانی پێ لێ تێك بدەین! **(لەڕاستیدا هاوکێشە بنەڕەتییەکەی کۆد شتێکی ترەوە نووسینەکە لەئێستادا نایەوێت بچێتە ئەو وردەکارییەوە).**

بەم پێیە ئەگەرچی وایش دەربکەون، لێ کۆدەکان قفڵی زۆر عاسیی نین! چوون هەموویان کلیلی خۆشیان لەناو خۆیاندا هەڵگرتووە. کۆد چەمکێکە فەلسەفەی لۆژیک لە چاپە کلاسیکییەکەیدا ڕەت دەکاتەوە، چوون دەکارێ لەهەمان کاتدا خۆی و (شت)ێکی تریش بێت.

سەرنج بدە، هەندێ جار کلیلێک دەچێتە ناو کلیلدانی دەروازەیەکی ترەوە، بەڵام نایکاتەوە، ئەوەی کە ڕێگە بەم کلیلە دەدات بێتە ژوورێ، پاژێکی بچووکە لە مەتریاڵە ڕەسەنەکە، ئەوەشی نامێڵێ بیکاتەوە، ئەو نەناسراوەیە، کە خاوەنی دەرگاکە، لە پیشەسازیی دروستکردنی کلیلەکەدا چاندوویەتی.

ئەگەر دزەکانی دونیا کارامە بن لە شکاندنی پەنجەرەو دەرگاکانمان، ئەوا هاوپیشەکانیان **-کە دۆستەکانی ئێمەن!-** پسپۆڕن لە ترازانی دەروازە زۆر تایبەتیی و نهێنییەکانی ناوخۆمان، چوون هەموو هاوڕێگرتنێک قومارە لەسەر دۆڕاندنی دەستەیەک کلیلی خۆمان. کلیلەهایەک، کە دەتوانن ناوەوەی ناوەمان بکەنەوە! هەر قفڵێکیشمان کلیلەکەی کەوتە چنگی کەسێکی ترەوە، ئەوە یەکەم جار لە سنووری موڵکایەتیی ئێمە دەردەچێت و حاشا لە خاوەنێتیمان دەکات و دووەم جاریش قفڵێتیی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە.

ڕەنگە ئێستا پێچەوانەی سەدەی یەکەمی ڕۆشنگەریی، ژیانی نوێ پێویستی بە کۆنڤێرتکردنەوەی زانیارییەکان بێت بۆ هێما. هێمایەک، کە زمانی خودا بێت و بونیامیش لێی تێ بگات. هێمایەک، کە بتوانێ لەبارەی جەوهەری بوونمانەوە وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکە بداتەوەو لەبەرانبەر تەقەکردن لە هەڤاڵەکەی خۆماندا ڕامانبگرێت، بە جۆرێك تێگەیشتنمان لە دونیا بگۆڕێ و ئامادە بێت، هەمان پرۆسێس بە پێچەوانەوەو لەکۆتاییەوە بۆ سەرەتا، دەست پێ بکاتەوە.

٢٠١٢



# خەیاڵ بەدەم ڕێگاوە

لەبارەی غەمگینییەوە.. بۆ مرۆڤی نوێ دڵی تەنگە..؟!

Scanned with CamScanner

باوەڕێکم هەیە لەوەی ئێمە هەمووومان لەم شارە تەنگانەدا دەبێت شتێك هەبێت بمانخلافێنێت، بەخۆیەوە سەرقاڵمان بکات، ئەگەرنا ڕۆژێك لەپڕ زرمە دەکەین و سێ چوار نەفەری گێژووێژی دەوروبەری خۆمان دەبەین بە ئاسماندا.

بۆ من، لەگەڵ ژیانی تەنیایی شتێکە لەو بابەتە، کەرەستەیەکی یارییە لە وێنەی تۆپێکی فشەوە بوو، بووکێکی بێرۆح، سەیارەیەکی باغە، یاریی پێ دەکەم، کە تاقەتیشم لێی دەچێ، لە دوورەوە سەیری ئەو و خۆشم دەکەم، ڕێك وەکوو ئەو وەرەقەی (بیست و یەك)ـە دێتە بەرچاوم، کە نازانرێت خاوەنەکەی یاریی بەو دەکات، یان ئەو بە خاوەنەکەی!

هاوڕێکانم جاربەجار گللەییەك وەك بزمار بە سەرمدا دەچەقێنن: **"ئەو هەموو ڕەشبینییە چییە؟!"** من سەرم سووڕ دەمێنێت، پرسیاری سادە دەکەم و وەڵامی گەورە ڕازیم دەکات، ئینسان چۆن دەتوانێت ئەو هەموو ناعەدالەتییە لەسەر ئەم زەمینی خوایە ببینێت و **"گەشبین"**یش بێت! چۆن دەتوانێت مردنی منداڵێك بە دەم ئازارەوە

و گیاندەرچوونی ببینێت و **"گەشبین"**یش بێت! چۆن دەتوانێت دوا ئیفادەی کچێکی سووتاو ببیستێت، کە دەڵێت: **«ئەم جارەش چاک ببمەوەو هەستێمەوە، خۆم دەکەمەوە بە قەرەبرووت!»** و **"گەشبین"**یش بێت! چۆن دەتوانێت هەڕەشەی شەڕی ئەتۆم بەسەریدا بێ و بڕوات و **"گەشبین"**یش بێت! بونیام چۆن دەتوانێت بەرگەی ئەو هەموو ئەحمەقییەی دنیا بگرێت و **"گەشبین"**یش بێت! چۆن دەتوانێت بە بەرچاوی خۆیەوە نزیکترین دۆستەکانی، بمرن و ئەم نەتوانێت هیچیان بۆ بکات و **"گەشبین"**یش بێت!

لە ڕاستیدا، دیدی غەمگینان بۆ دونیا، دیدێکە هەڵبژاردە نییە، کەس ئەم هەموو مەلوولییە لە کۆڵ خۆی نانێت، **شۆپنهاوەر** واتەنیی: *"ئەمە خراپترین دونیایەکە، کە دەبێ هەبێ"*. لە دونیایەکی ئاوهادا غەمگینیی شتێکە لەنێو ئینساندا، دەنگێکە لە وجوودیدا. لە وتارێکی کورتی ئەم ساڵانەدا نووسیبووم: **غەمگینی تاریکیی نییە، نـــا، تەواو بەپێچەوانەوە، غەمگینیی شتێکە لە ئیشراق، تێکەڵەیەکە لە نوور، مەقامێکی ڕۆحییە، کە پێگەیشتنی ئاسان نییە، ئینسان عومرێك ڕەنج و زەحمەتی دەوێت، تا دەتوانێت کۆمەك لەم پاژە گەورەو قووڵەی ناو وجوودی خۆی وەردەگرێت.**

هیوادارم ئەم بارە ڕۆحییە بۆ ناو نووسین شۆڕ بووبێتەوە. ئەگەر وابوو، ئەمە شتێك نییە بە خواستی نووسەر، بەڵکو شتێکە جەبرێك

فەرزی دەکات، جەبری زبریی دونیا. نووسین خۆی هەوڵی هەڵاتنە لەو بارە، بەڵام هەوڵێکی شکستە، مینا بە داوەبوونی مێرووەیاک لە تەونی جاڵجاڵۆکەدا، ئەو چەند خۆی ڕاپسکێنێت و خەیاڵی دەربازبوون، لنگەفرتێی پێ بکات، ئەوەندە زیاتر تاڵی تەونەکە لە خۆیەوە دەپێچێت. نووسینیش هەر وایە، شتێکە وەک قوم، وەک لیتەیەکی خەست، چەند تۆ کاتی تێدا بە فیڕۆ بدەیت، ئەو، ئەوەندە زیاتر تۆ هەڵدەلووشێت. چاری ئەوەڵ و ئاخیرت ئەوەیە لێی بێیتە دەرێ، بەڵام تازە کێ هیوای هاتنەدەرەوەی لە لیتەیەک لێ دەکرێت، کە هاتبێتە قوڕقوڕاگەی! بەداخەوە، ئیتر درەنگە...

***

لە نووسینی ئەو نەوە نوێیەو منیشدا **تەنیایی** تێمایەکی سێنتراڵە. لەڕاستیدا ئەوەی **مەسیح** لەسەر خاچەکەی گوتبووی: "*باوکە... بۆ بەجێت هێشتم؟*" شتێکی تازە نەبوو، بەڵام ئەوەی هێزێک لەسەرەوە ناچار بکات گوێی لێ بگرێ و حەقیقەتێکی تاڵ و قورس بدات بەڕوویدا، ئەوە "**دووڕی یەتیم**"ی ڕستەکە بوو، کە ئێستاش دوای دووهەزار ساڵ مرۆڤ نازانێ سەر بۆ ئاسمان یا بۆ زەوی شۆڕ بکات با کامە شت و کامە هێز بڵی **ئـــاخر بـــۆ بەجێتهێشتم**؟!

مینا شێخی

به باوەڕی چکۆلانەی من، **تەنیایی** تۆ، وەڵامی تۆیە بۆ ژیان، ئیدی تۆ دەیکەیت بە نووسین، یەکێکی دی دەیکات بە **خۆتەقاندنەوە**. بەڵام هەردووکتان لەوەدا هاوبەشن، کە تووڕەن لە دنیا، کە غەمگینن. مێژووی فەلسەفە لە سۆفیستاییەکانەوە تا سەر **فاتیمۆ** و **ژیژەک** بخوێنەرەوە، تێ دەگەیت، کە مرۆڤایەتیی قەرزاری پیاوە غەمگینەکانی خۆیەتی.

من باوەڕم وایە هەرکەس لە ئێمە، کە تەشریف دێنێتە ئەم دنیا خراپەوە، خاچی خۆشی لەگەڵ خۆی دەهێنێت، من سی ساڵێکە بە شانمەوەیە، نازانم ئاخۆ کەی ڕۆژێ ئەو بارە دەخەم و ئینجا من دەچمە شانی. باسەکە بۆ ژیانی تایبەتیی شتێکی ترە. نازانم! بۆ من ئەوەندە شتێکی خۆش نییە، **مەحوی** وتەنی **"سێبەری لێ بارە هەرکەس مەیلی تەنیایی دەکا"**، تەنیایی لەسەر کاغەز و تەنیایی لە ژیانی تایبەتییدا دوو شتی جیاوازن. دوو تەنیایین، کە چارەی یەکتریان ناوێت. کارەکە سەختە، تۆ تووشی ئەم ئایرۆنییە دەبیت، لەمەی دووەمیاندا پێوەندیی یەك دنیا گرێبەستی کۆمەڵایەتیت، لێ لەسەر کاغەز، خۆتی. ئەو کاتەشی لای تۆ نووسین دەبێت بە شەڕی بێ حورمەتیی، ئیتر ئەم ئایرۆنییە دەتەقێت.



Scanned with CamScanner

شەڕێکی ئاوا خاڵیی نابێت لە دەستەواژەی نائەدەبیی (بەو پێوەرەی تا بە حاڵ ئێمە لە "دەستەواژی ئەدەبیی" حاڵی بووین)، تا دەگات بە جوێن و قسەی بازاڕییش. من، کە ئەمە دەڵێم، لایەنگری ئەو ڕەوتە نیم، کە لە دنیادا پێی دەوترێت (**ئەدەبیاتی پۆخڵ**). بڕوانە **لۆدیڤ شانسکای** شاعیری بولگاریی، لە شیعرێکدا تێکەڵەیەک لە تانەو تەنز بۆ کچەهاوڕێکەی دەنووسێت *«جگە لەوەی ئەندامی نێرینەم بخمە زەرفی نامەیەکەوە... چیتر پێویست دەکا بۆت بنێرم؟ تا خۆشەویستیم سەری گومانت بخوا...»!*

دەبینی شەڕەکە وا دەخوازێت و سەرنج بدە دواییش ئەم پەرتییە، ئەم پچڕپچڕییە، ئەم ناشوێن و نائاراستەییە، ئەم نابەردەوامیی و هەڕەمەکگەراییە... تا دەگات بەم دژەخودێتییە و لە ناویشیاندا بە ئامادەیی بەردەوامی تەنیاییەوە، لە تایبەتمەندییە سەرەتاییەکانی ئەدەبی پۆستمۆدێرنن. بە بڕوای من، ئینسانی تازە ناتوانێت وەک چۆن شەکسپیر لە سەدەی شانزەدا سەیری خۆشەویستی کردووە، ئێستا بێت لە **تویتەر و فەیسبووکدا** ئاوا بیر لە ڕۆمیۆ و جوولێت- بوون بکاتەوە... نـــا، دڵنیام شەڕی ئەم هەموو ناشیرینییەی دنیا بە موحتەرەمی ناکرێت.

جارێک کچێکی باش و میهرەبانی هاوڕێم، کۆمێنتێکی لەسەر تێکستێکم دابوو، کە کارەکەی زۆر پێ جوان و لەبەر دڵ بووە، بەڵام

شەڕێکی ئاوا خاڵیی نابێت لە دەستەواژەی نائەدەبیی (بەو پێوەرەی تا بە حاڵ ئێمە لە "دەستەواژی ئەدەبیی" حاڵی بووین)، تا دەگات بە جوێن و قسەی بازاڕییش. من، کە ئەمە دەڵێم، لایەنگری ئەو ڕەوتە نیم، کە لە دنیادا پێی دەوترێت (**ئەدەبییاتی پۆخڵ**). بڕوانە **لۆدیف شانسکای** شاعیری بولگاریی، لە شیعرێکدا تێکەڵەیەک لە تانەو تەنز بۆ کچەهاوڕێکەی دەنووسێت *«جگە لەوەی ئەندامی نێرینەم بخمە زەرف نامەیەکەوە... چیتر پێویست دەکا بۆت بنێرم؟ تا خۆشەویستیم سەری گومانت بخوا...»!*

دەبینی شەڕەکە وا دەخوازێت و سەرنج بدە دواییش ئەم پەرتییە، ئەم پچڕپچڕییە، ئەم ناشوێن و نائاراستەییە، ئەم نابەردەوامیی و هەڕەمەکگەراییە... تا دەگات بەم دژەخودێتییە و لە ناویشیاندا بە ئامادەیی بەردەوامی تەنیاییەوە، لە تایبەتمەندییە سەرەتاییەکانی ئەدەبی پۆستمۆدێرنن. بە بڕوای من، ئینسانی تازە ناتوانێت وەك چۆن شەکسپیر لە سەدەی شانزەدا سەیری خۆشەویستی کردووە، ئێستا بێت لە **تویتەر** و **فەیسبووکدا** ئاوا بیر لە ڕۆمیۆ و جوولێت بوون بکاتەوە... نـــا، دڵنیام شەڕی ئەم هەموو ناشیرینییەی دنیا بە موحتەرەمی ناکرێت.

جارێك کچێکی باش و میهرەبانی هاوڕێم، کۆمێنتێکی لەسەر تێکستێکم دابوو، کە کارەکەی زۆر پێ جوان و لەبەر دڵ بووە، بەڵام

نەدەبا دەستەواژەی "**سانتی پیس**" بەکار بهێنم... دڵگران بووم، بۆم نووسیی: "خانم، من دەتوانم لەسەر شەقام، لە کافێ و ئۆفیس و لەناو میترۆدا، کوڕێکی موحتەرەم بم، بەڵام لەنووسیندا هەرگیز ئەو خیانەتەم لە خۆم پێ ناکرێت. نووسین شەڕی ڕاستەقینەی ئینسانە لەگەڵ خۆی و لەگەڵ خوداش."

ئەوەی نووسەر دەبێت خاوەنی بێت، ئەوە نییە لە تێکستەکانی بچێت، لەهەر سووچێکی ئەم دنیایە سەرنج بدەیت، نووسەر و کارەکەی یەک شت نین، بەدەگمەن (**ئارسەر ڕامبۆ و ژان دەمۆ و حەمەعومەر عوسمان**)ێك دەبینیت خۆیان دروست پیاوی تێکستەکانی خۆیان بن.

ئەرکی نووسەر ئەوە نییە ببێت بە کاراکتەری چیرۆکێکی خۆی، بەڵکو ئەوەیە ڕاستگۆ بێت لەگەڵ تەواوی ئایدیا گشتییەکانی پشتی نووسینەکەیدا. خۆ نەك بەتەنها نووسەر و خوێنەر، تەواوی کاراکتەری کۆمەڵایەتیی ئێمە، پشکێکی لەم پارادۆکسە بەرکەوتووە. من ڕۆژێك لەوێ (لە سلێمانی) لەناو تاکسییدا بووم، لەپڕ هەستم کرد لە شانۆیەکدام هەمووی ماسکە، دەبێت عومرێك خەسار بکەیت تا دەتوانیت ئەم هەموو ماسکە لەسەری ئەم هەموو خەڵکە داکەنیت!

دواییش بیرت دەکەوێتەوە ئەمە ئیشی تۆ نییە، وەهمێکی گەورەیە لات وابێت کتێب دنیا دەگۆڕێت، بەتایبەت دنیای نوێ، ئاشێکی نەزانە، کە لە چاپە **نیتشە**ییەکەدا خوداش دەستبەرداری بووە.

٢٠١٢



# غەمگینیی،
# وەک مەقامێکی ڕۆحیی

لەبارەی ڕەشبینیی سپییەوە..!

Scanned with CamScanner

چارەکە سەدەیەك لەمەوبەر **شێخ حەسیب** نوسیبووی: «**من ئازاری تۆم خۆش ئەوێ و ماکی خۆمە.**» لەڕاستیدا دەستدان لەم (ماك)ـە دەستدانە لەدیوێکی تاریك و گەورەی ناوەوەی ئینسان. دیوێك، کە لە وجودماندا هەڵمان گرتووەو ڕۆژانە لەگەڵ خۆماندا دەیگێڕین، بەڵام زۆر کەم و جارجارە نەبێ لەم پاژە ئاڵۆز و گرنگەی خۆمان بینا نەبووین. ئیدی یا ناوێرین و جەسارەتسزین، یان چاومان لەوە کەمتینترە، بەم قوڵاییەدا شۆڕ ببێتەوە.

**غەمگینیی** ئەپستمێکی سرووشتیی مرۆڤە، کە جارێك وەك نیعمەتێکی بێ وێنەی ئیلاهی و جارێك وەك بەڵای بێ ئەمسال، خودا بە چەند دانەیەك بەو مەخلوقە زەحمەتدیدانەی خۆی ڕەوای فەرمووە.

بونیام هەموو ئایدیا و ئاینێك ڕەت بکاتەوە، تەنها بە کۆمەکی غەمگینییەکەی ناوخۆی وەك میتۆدێکی ناوەکیی دەتوانێت بە فەزیلەتەوە بەردەوام بێت و نەکەوێ. ئەم قسانە هیچ دژایەتییەکیان لەگەڵ پێکەنیندا نییە و ئەویش وەك هونەرێکی سەختی شەڕی بەردەوامی تەماشا دەکات. ئەوە لەکاتێکدا گەر لە یادمان بێت لە



Scanned with CamScanner

پێکەنین و گریانی ڕاستەقینەشدا، مەسخەرەیەك چوارمشقی دانیشتووە و بە سەرنویشتی ئینسان پێ دەکەنێ. **شۆپنهاوەر** نوسیبووی: *«شتێك نییە بە ناوی بەختەوەری، شتێك هەیە بە ناوی ئازاری زۆر و ئازاری کەم.»* ئەم هوشیارییە بە ئازار، مرۆڤ ناخات، نا بەپێچەوانەوە، بوێری ئەوەی دەداتێ ڕووبەڕوو لەگەڵ حەقیقەتدا سەیری چاوی یەك بکەن و چاو نەترووکێنێ.

من غەمگینیی وەك مەقامێکی ڕۆحیی سەیر دەکەم، لام وایە پلەیەکی باڵایە و لە بەختی هەموو کەسێکدا نییە، ئەگەرچی خودی گەوهەرەکە لەناو هەموو کەسێکدایە، بەڵام حیکمەت وا لە دۆزینەوەو پەروەردەکردنیدا. پەیوەندیی نێوان غەمگینیی و عەقڵانییەتیش پەیوەندییەکی تەواوکارییە و بەدرێژایی مێژوو یەکتریان بەرهەمهێناوە، بە جۆرێك، لای **سپینوزا** عەقڵ بەرانبەر دەبێت بە ئازار. پێچەوانەی باوەڕی باو، غەمگینیی ڕاستەقینە تاریکیی نییە، بەڵکو جۆرێکە لە ئیشراق، ئازار نوورێکە تێکەڵ بە عیرفان. لە فەلسەفەی (**سوهرەوەردی**)شدا، نوور بونیادی هەموو شتەکان پێك دەهێنێ. دەمویست بڵێم غەمگینیی ئەتۆمێکی بنچینەیی ئەو نوورەیە.

لەڕاستیدا وێناندنی غەمگینیی بە زوڵمەت لەو ترسەوە سەرچاوەی گرتووە، کە مرۆڤ لە دۆستایەتی لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا هەیبووە.



Scanned with CamScanner

پەیوەندیی نێوان ڕووناکی و غەمگینیی تەڤلهەڤ و قزقزە، کە هەمیشە یەکەم بێ دووەم کز و کەمتین و دووەم بێ یەکەم تار و کوشندەیە.ئەوەی **شێخی خەم** لە هاوسەردەمەکانی جیا دەکاتەوە، تەنیا پەنجە خستنە سەر برینێکی قووڵی وەک دڵتەنگیی نییە، چوونکە بەدرێژای مێژوو، شیعری ئێمە لالانەوە و واوەیلا بووە بەدەست خەمەوە و بەشێوەیەک ئاستی نووسینی داگرتۆتە خوارەوە، کردوویەتی بە مادەیەکی عەنتیکەی خەمرەوێن! ئەوەی ئەم پیاوە جیا دەکاتەوە لەوان وەرگرتنی خەمە وەک سوژەیەک و خۆشویستن و لەگەڵ ژیانێتی.

ئەم خەمدۆستییە دوورە لەو شرۆڤەیەی دەروونناسە کورتبینەکان بۆیان کردووە و کردوویانە بە دەستەخۆشکی مازۆخییەت Masochism. یا دوورە و زۆر دووریشە لەو تیۆرەی (سیوران)، کە خودای وەک سادیستێک و خوداپەرستەکانی وەک مازۆخیستێ تێدا وێنا دەکا. نـــا ئەمە ستاتیکای چێژە لە فەلسەفەی ئازاردا و حاڵەتێکی ڕۆحیی باڵایە، کە بۆ تاوتوێ و ناسینی، جگە لە گەڕانەوە بۆ میتۆدێکی ڕۆحانیی، هەر هەوڵێکی تر، لەئاستیدا کورت دەهێنێت. لە غەمگینییدا چاوەنەترسییەکی کۆسمۆیی و بێباکییەکی سەرسووڕهێنەر بەرانبەر بە دونیا، ژیان، مەرگ، ئامادەیە.

ئەو وا دەكات سنگ بنێیت بە ژیانەوەو باكت بە هیچ نەبێ، تا دڵ حەز بكات ژیانێكی شەرافەتمەندانە بژێیت. هێشتا زووە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە سەختەی كە ئایا ژیان لە ئازاری پەتیدا گەیشتنە بە كەماڵ یان نا؟ لێ دواجار بە باوەڕی چكۆلانەی من، ئەمە كورتترین بەڵام زەحمەتترین ڕێی گەیشتنی ئینسانە بە خۆی و بە خوداش.

٢٠١٣



# مردن، بە کارەساتی جوانیی

داگرتنی ئاسمان.. یان ئەوەی جوانی دەتوانێ بیکات

Scanned with CamScanner

# چ شۆخییەکە لە جوانییدا مردن.!

**بەختیار عەلی**

پرسیار لە چییەتی جوانیی پرسیارێکی سەختە، مرۆڤ نازانێ جوانیی سیفەتێکی زاتیی شتەکانە لەناو خۆیاندا، یان ئۆبژێکتێکە ئێمە لە دەرەوەی شتەکان ئەزموونی دەکەین؟ ئایا جوانیی وەك خۆی و بە کەماڵیی لە توانای بینیندا هەیە؟ ئایا هەر شتێك ناشرین نەبوو، جوانە، وەك لۆژیك لە پێناسە کلاسیکییەکەیدا بۆی دەچوو؟ پرەنسیپەکانی پێوانی جوانیی وەستاون، یان گۆڕاو؟ هێزێك لەمرۆڤدا هەیە جوانیی بناسێتەوە؟ ئایا مرۆڤ بە سرووشت جوانیی دەناسێت، یا بە ئەزموون فێری دەبێت؟

ئەگەر سروشتییە، بۆ منداڵێك دەتوانێت تابلۆی (دوا شێو)ی داڤنشی بدڕێنێت و گوێیشی پێ نەدا؟ ئەگەر بە ئەزموونیشە، بۆ هەمان منداڵی پێشوو وڕك لە دایکی دەگرێت تا لە چوونەدەرەوەیەکی

عەسرانەدا، (**عەزییە سوورەکە**) لەبەری ئەم بکات؟ ئایا جوانیی شتێکە، کە ئێمە خۆشمان لێی دێ؟ ئایا جوانیی هەمیشە نیشاندانی شتێکی غەریبە، غەریبێك، کە وێنەیەکی ئاشنای لە زەینماندا هەیە؟ پرسیاری قورس ئەوەیە، ئایا دەتوانین جگە لە چێژ، لە جوانیدا، ئێمە بیر لەشتی تر بکەینەوە؟ سەرەڕای پێوەرەکانی ئیستاتیکا و ستانداردی کۆلێژەکانی جوانییناسی و فەشیۆنکارەکان بۆ جوانیی، هێشتا ناتوانین جوانیی فۆرمالیزەیشن بکەین. جوانیی ناتوانێت بچێتە لابۆرەوە. هێشتا بەشێکی گەورەی جوانییناسی وا لەسەری مرۆڤ خۆیدا.

جوانیی بەو هەموو جەستەیەیەوە ناگیرێت. ئێمە کاتێك دەست لە تابلۆیەکی جوان دەدەین، پەردە و بۆیاخەکان بەر پەنجەمان کەوتوون، نەك خودی جوانیی خۆی. دواجار جوانیی، ئەم وێنە ئایدیالییەی خۆی دەپارێزێت. ئەوەی بودایيەك لە ماڵەکەیدا هەڵیگرتووە، خودا نییە، وێنەیەکە لەسەر خودا. ئەوە ئیشی مرۆڤ خۆیەتی، کە هەمیشە دەتوانێت وێنەیەك بۆ ئۆرگیناڵەکان دروست بکات، ئەم سکێچکێشانە بۆ **ئەسڵ** لەجوانییشدا هەر وەهایە.

لای سۆفییە گەورەکان، جوانیی بەشێکی دانەبڕاوە لە شکۆی خودا، دوعا بەناوبانگەکەی **ڕابیعەی عەدەوییە**، کە بەهەشت دەگۆڕێتەوەو ئامادەیە بچێتە دۆزەخ، بەمەرجێ، خودا (**جمال**)ی خۆی لێ



Scanned with CamScanner

نەشارێتەوە، نموونەیەکی سادەی کۆنفێرتی (٩٩) ناوی خودایەکە، بۆ سەر تەنیا سیفاتێکی، کە **جوانییە**. چیرۆکی دادگاییە بەناوبانگەکەی **(فرێنی)** لە ئەسینا، نموونەیەکی نایابی بردنەوەی جوانییە لە حەقیقەت.

بە بڕوای چکۆلانەی من، لە هەموو سەردەمێك و بێ هەڵاوێرد، جوانیی تەریب لەگەڵ حەقیقەت ڕۆیشتووە و هەندێ جارێش بە خێرایی داوێتی بەلایدا و جێی هێشتووە. خۆ جوانیی بەو ئەندازەیەی فەردگەراکان بۆی چوون، شتێکی تاکەکەسیش نییە. **سوهراب** گوتبووی: *"بۆ کەس لەقەفەسی خۆیدا داڵ ڕاناگرێ، وێنجە چی لە گوڵاڵەسوورە کەمترە؟"* بەم پێیە ڕێکەوتنێکی دەستەجەمعیش لەسەر ئۆبژێکتەکان هەیە. هەمووان لەنێوان بێچووە کەروێشکێکی خرپن و جرجێکی بۆردا، سەرپشك بکەین، ئەوەی یەکەمیان لا جوان دەبێت. جوانیی وەك یەکەیەکی سەربەخۆ و سیفاتێکی زاتیی، بەتەنها لەناو شتەکاندا نییە. جوانیی وەك مەلۆزمێك پێشمەرجێکی تری هەیە، کە **(چاو)**ـە. **"گۆران"** پەنجا ساڵ لەمەوبەر نوسیبووی: *"یەکێك لە موعجیزەکانی چاو ئەوەیە، وەك بەردی بەقیمەت بە هەموو ڕەنگێکەوە مەقبولە."*

گۆران بە قبوولکردنی چاوە جیاوازەکان دەیەوێت بڵێت، ئەم پێشمەرجەمان دەوێت، تا کەشفی مەرجەکەی **"کە خودی جوانییە"**

پیّ بکەین. جوانیی وەك کارەساتێکی گەورەیی جیهانیی، کە لەناوەوەی خۆماندا ڕوو دەدات، ڕەنگە ببێتە هۆی مردنمان. مرۆڤ بە جوانیی، بە خەستیی بریندار دەبێت و بەخەستییش درکی دەکات، بەڵام کێشەی گەورە ئەوەیە، ناتوانێت ئەمە بنووسێتەوە.

٢٠١١



Scanned with CamScanner



# فەیسبووک،
# وەک شوێنی خۆڕووتکردنەوە

شوشەییبوون یان لە تۆڕکەوتنی کۆمەڵایەتی..!

Scanned with CamScanner

دڵ لە دڵ نەیەن، ئەوەیان ناڵێم کە ڕووتبوونەوە کردنەوەی زنجیری پانتۆڵ و ترازانی ستیانە لە شان و خزانی دەرپێکورتە بۆ ئەژنۆ... نا، لەڕاستیدا ڕووتبوونەوە پێچەوانەی خۆداپۆشین نییە، بەڵکو پۆشین فۆرمێکی تری ڕووتییە، پۆشین ڕاکردنە لە شووناس، ڕووتیی دروستکردنی ئایدێنتییەکی پۆشراوە لەسەر خۆمان. سروشت خۆی ڕووتە، ئەو هەموو ئاژەڵ و باڵندە و ماسییە هیچیان لەبەردا نییە، تەماشا بکە دۆلفین بە پێستێکی پریسکەدارەوە ڕووتوقووتە... پۆشین لە هونەرە تازەکانی ئەو دواییانەی مرۆڤە، کە ئێستا بەپێچەوانەوە و هێواش هێواش دەمانەوێ جلەکانمان داکەنین و هەر جارە و پارچەیەکیان فڕێ بدەین، وەك ئەوە بمانەوێ بگەڕێنەوە بۆ سەرەتا، سەرەتای خۆمی خۆمان!

لەسەر کراسە ڕەشە تەنکەکەتەوە تاتۆ دەکەیت، بە جلەوە خۆت دەشۆیت و سووریت لەسەر ئەوەی بە پۆشتەیی بچیتە هۆڵی سەوزی نەشتەرگەری. وەك ئێرانی جبە و سێدارە، ناچاریت بە عەباوە لە دەریادا مەلە بکەیت...

بەڵام تۆ هەر ڕووتی، تۆ لە فەیسبووکدا هەر هێجگار ڕووتیی...
ڕووتییەکەی ئێرەت فیگەری ڕوونی بەرچاوی کۆلێکتیڤە، تۆ وا دەزانی پۆشتەیەکی پریڤاتی، کەچی ڕووتێکی پەبلیکی... کردنەوەی ئەکاونتێك لە فەیسبووك ئەندامێتی نییە لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو لەتۆڕکەوتنێکی کۆمەڵایەتییە بە ڕووتیی... دڵت دانەچڵەکێ، دانیشتنت لەبەردەم شاشەی کۆمپیوتەرەکەتدا بۆ ئێمەی تەماشاکار، ڕووتبوونەیەکی سێکشواڵی نییە، واتا تۆ ئێستا کە ڕووتی، وەك ژنێك ڕووت نیت، ئێمە لەبەرانبەر تۆدا، لەبەردەم پیاوێکی تووکندا نین، ئێمە نازانین ژێندەری تۆ چییە، بۆ ئێمەیلاپرەسەن ئێستا تەنیا (ڕووتیی) شووناسی تۆیە.

بە ڕای چکۆلانەی من، هاتن بۆ فەیسبووك، کردنەوەی پەنجەرەی ژووری نووستنە، ڕووتبوونەوەیەکی ئاشکرایە، وەك ئەوە تۆ لەسەر دەم بە جلی خەوەوە ڕاکشابیت و غەریبەیەکی ئێسکقورسی چاوحیز سەیرت بکات... ترازانی حەرەمە بە دەستی سپی خۆت، وەك ئەوەی لە ماڵەکەی خۆتدا بە ڕووتیی سەرخەوێك بشکێنی و چاو بکەیتەوە و ببینی، هەموو عالەم لەسەر سەرت خڕبوونەتەوە و لەبەرانبەر تۆدا چاویان لە کالانە ترازاوە... وەك ئەوەی لەژێر دووشەکەتدا، ئێمەشی لێ بین!

ڕووتبوونەوە لە فەیسبووکدا پرۆتوستۆکردنی تەنیایی نییە وەك بارێکی ڕۆحیی، ئەوەندەی مەحکومکردنی ناوەوەتە بە خۆت لە دژی خۆت..! فەیسووك ڕێگای خۆلاویی چەند سەدەیەکی کورت کردەوە بۆ شاشەیەك. مارك زوکەربێرگ (دامەزرێنەری فەیسبووك) وەك جادووکەرێکی زیرەك، هەر جلەکان نـا، پەنهانیی پێ داکەندین... ئەوەی ئەو کردی، هیچ ئاین و ئایدۆلۆژیا و قوتابخانەیەکی فیکری پێی نەکراوە! هیچ ڕەوتێك لە مێژوودا نەیتوانیووە لە ماوەی ١٠ ساڵدا، یەك لەسەر حەوتی هەموو مرۆڤایەتی بخاتە بازنەکەی خۆیەوە و بیانکات بە هەوادار، کەچی زوکەربێرگ کردی..!

ئەو پیاوە بزنسمانێك نییە تەنها سەروکاری لەگەڵ پشك و دراودا هەبێت، نـــا... ئەو پیاوێکە بە غروورێکی شاهانەوە، لەبەردەم بازاڕێکی گەورەی بە مۆدێلکردن و فرۆشتن و گۆڕینی ئەخلاقی ئێمەدا، بە پێکەنینەوە وێستاوە! لە جیهانەکەی ئەم پیاوەدا کە ناوی فەیسبووکە، تۆ ئازاد نیت، تۆ لە تۆڕێکدایت لەبەرانبەر هەرشتێکدا لە سێ بژاردە زیاترت نییە، یان بەدڵتە (Like)ی دەکەیت، یان زیاتر بەدڵتەوە ئەتەوێ ئەوانیتریش ئەم پۆستە دڵخوازەی تۆ ببین (Share)ی دەکەیت، وەیان لە کۆتاییدا بۆت هەیە (Comment)سەرنجێك بنووسیت! ئێمە ئەمرۆ لە ڕێی سکرینەکەتەوە لە فەیسبووك، دەزانین چیت خواردووە، لەگەڵ کێ

بوویت و له کویّ بوون، ئەمشەو چی دەکەن، بەرنامەی سبەینێتان چییە... ئینجا هەر لەم شاشەیەوە دەزانین، چەند گرامێک چاوت نیشتووە، لەچاو مانگی پێشوو بڕێ قەڵەوتر بوویت، لە باکگراوندی وێنەکانتەوە، هەموو میوە نایلۆنەکانت دەبینین... وێنەکەی پشتی سەرتان لە ژووری نووستن، کە نیوە ڕووت باوەشت کردووە بە هاوسەرەکەتدا، مۆمدانە قاوەییەکە، توێژێك لە تۆزی سەر گوڵەکانت، کە بە هۆی ئێرەوە بیرت چووە بیانسڕیتەوە، جا ئێمە کوێی یەکتر نابینین؟! ئەگەرلات وایە پۆشتەی، پۆشتەیەکی ڕووتوقووتی، ئەوەتا من لەبەرانبەرت دانیشتووم و بە کەماڵی دڵ بە ڕووتیی دەتبینم.

ئەگەر ناتەویّ هیچ شوێنێکت دەربکەویّ،

تکایە فەیسبووکەکەت داخە!

٢٠١٤



# کوردی،
# وەک زمانێکی داماو،
# وەک چنگێ پیتی خۆڵاویی

زمانی کوردی لەبەردەم دونیایی نوێدا

Scanned with CamScanner

لەگەڵ هاوڕێ پورتوگالییەکەم: **خۆسێ**، دانیشتبووین گفتوگۆی (Satsadverb -ئاوەڵکردان)ـەکانی زمانی سویدییمان دەکرد، لە نمونەی: (هەمیشە-alltid)، (زۆرجا-ofta)، (جارجار-ibland)، (کەمجار-sällan)و (هەرگیز-aldrig)... خۆسێ، گوتی: **"دەزانی توانا، ئێمە لە زمانی پورتوگالییدا، لە شێوەی ئەم تافانە، هەر پێنج ئاستەکە واژەمان وەك (ئاوەڵناو-adjektiv) بۆ پێوانی قووڵایی دەریا هەیە؟"**

بیرم کردەوە، ئێمە لە دەریادا –کە هەر نیمانە– تەنها دوو ئاوەڵناوی **(تەنکایی)** و **(قووڵایی)**مان هەیە. ناوەڵڵا تەماشا بفەرموو، لە چاوگی (خوێندن) چەند تێرمی جیاواز و دوور لەیەکمان هەیە: {١- ئەم بەیانییە کەڵەشێرەکە **دەخوێنێ**.} {٢- مەلا قورئان **دەخوێنێ**.} {٣- دارا وانە دەخوێنێ.} {٤- کەنارییەکە لە قەفەسەکەدا **دەخوێنێ**.} ئەوە ئەگەر خوێنەر لە یادی بێت، لەهەر زمانێکدا وشەیەك بۆ زیاد لە مانایەك بەکارهات و ئەم دیاردەیە چەند پاتەبووەوە، ئەو نیشانەی هەژاری ئەو زمانەیە.

مینا شین



Scanned with CamScanner

د. محەمەد کەمال، کە کارە قورسە فەلسەفییەکانی سارتەر و هایدیگەری بۆ کوردی وەرگێڕاوە، دیسان بەر ئەم دیوارە ڕەق کەوتووە، دیواری بێ توانایی زمانی کوردی لە ئاست چەمکە فەلسەفیەکاندا.

لەبەرئەوەی تەواوی پیتەکانی ئەلفوبێی زمانی کوردی سەربەخۆنین و پیتی لکاوی لە شێوەی (ە)مان هەیە، ناتوانین بۆنمونە وەکوو زمانی چینی بە ئاسانی بەهەردوو ئاراستەی ئاسۆیی و ستوونیی بنووسین، کە ئەم جێگۆڕکێیانە لە سپیەسدا یاریدەدەری تەواوی فۆرمەلەکردنی خەیاڵی شیعریین و بۆ ئەوانەی لە ڕشتەیەکی وەکوو ئەدەبیاتدا کار دەکەن پێویستییەکی هەنوکەییە، کە هێشتا ئەم ئەدەبە هەژارە کوردییە ئەزموونی نەکردووە.

ئێمە هەروا دانیشتبووین، کە **(تین)** هاوڕێ ژاپۆنییەکەم، لە ڕوونکردنەوەیەکدا باسی لەوە کرد، کە لە زمانی ژاپۆنیدا هەموو دەنگێك وێنەی هەیە، بۆنموونە، ناڵێن: {کەنارییەکە **خوێندی**}، بەڵکو لەبری وشەی **(خوێندی)** دەنگی باڵندەکە دەنووسنەوە، واتا کەموزۆر شتێك وەك نۆتە!

خاوەنی ئەم سەرنجە کورتەو ئەوەی **گیو** و **هێمن** و **هەژار** و **زەبیحی** و **مەلاشکور** و **مەسعود محەمەد**یشی خوێندبێتەوە دەزانێ، کە زمانی کوردی دەوڵەمەندترە لەو هۆقە وشەیەی ئێستا ڕۆژانە ئاخێوەرەکانی

بە کاری دەبەن، بەڵام سەرئەنجام ئەمە زمانی کۆمەڵگایەکی سەرەتایی مینا کۆمەڵگای کشتوکاڵیی و ئاژەڵدارییە و ئێستا دەرەقەتی دونیای نوێ نایەت و لە ئاست چەمکە زانستییەکانیشدا بە هۆی نەبوونی تێرم داتاشین (زاراوەسازیی-Coining Terms)، ئەمەندە دەستکورتە، کە خێری پێ دەشێت!

لەڕاستیشدا پشکێکی گەورە و نهێنیی مانەوەی شاعیرانی کلاسیکی لە نموونەی **نالی** و **مەحوی** و **سالم**، کۆلاژکردنی زمانی کوردییە بە **فارسی و عەرەبی و تورکی**. ئەم سەرە مەزنانە دەیانزانی، کە زمانی کوردی لە ئاست خەیاڵدا کورت دەهێنێ. "ئەوەی نووسەر بێت یان کاری وەرگێڕان بکات باشتر لەم دێڕە تێ دەگات"، کەچی هەر بەم زمانە هەژار و دەستکورتە، **گۆران** و **شێرکۆ بێکەس** و **بەختیار عەلی** دامێنانیان کرد.

**گۆران** ٥٠ ساڵ لەمەوپێش بە دەست زمانی کوردییەوە گیر دەخوات و هەرچەند دەکات، **ئەو خەیاڵەی پێی مەستە** نایەتە نووسین بە کوردی، بۆیە ناچار لە ئەندێشەی فراوانی خۆی دەست دەگرێتەوە و خەیاڵی بێسنوری خۆی قارس دەکات، تا بەبەری کورتی زمانەکە بڕی! هەرچی **شێرکۆ بێکەس**ـە بە کوردی بیر ناکاتەوە. خەیاڵی شێرکۆ، خەیاڵێکی جیهانگیری ناتوری، سوریالی، میناتۆرییە، کە ئەو تەنها بە کوردی دایڕشتووە.



Scanned with CamScanner

هەرچی ناوی سێیەمانە (بەختیار عەلی)، زمانی کوردی لە زمانێکی چەقیو و قیاسییەوە دەهێنێ و بۆ جاری یەکەم لە مێژووی وەستاوی خۆیدا، وا دەکات ئەم زمانە فیکری پێ بنووسرێت.

ئەوەی ئەمان و هەندێ کەسی کەمی تر کردیان، کاری نەکردە بوو. مرۆڤ زات دەکات بنووسێت: خەیاڵی ئەم پیاوانەی وێژەی کوردی، لە خودی زمانی کوردی تێپەڕترە!

٢٠١٤



Scanned with CamScanner



# بەختیار عەلی،
# پیاوی خوێنەرە جیاوازەکان

ئەفسانەی پیاوێکی کورد بە ئاسمانەوە

Scanned with CamScanner

زیاتر له پانزه ساڵی دەسەڵاتی ڕۆژنامەوانی له ئەزموونی کوردستاندا، کۆمەڵێك چەمکی هێناوەتە کایە، یان چەمکگەلێکی تری پێناسە کردووە، که سەرلەنوێ دارشتنەوەو تێگەیشتنیانی کردووەتە کاری نەکردە. یەك لەو چەمکانەی دونیای گفتوگۆو نووسین **(جیاوازی)**یە.

ئەم جیاوازییەی لەم پانزه ساڵەی ڕابردوودا بەری کەوتووین، خودی **(جیاوازی)** خۆی نییە. واتە جیاوازییەکی لۆژیکی نییە لەسەر ئاست و پلەبەندییەکی دروست، جیاوازییەك نییە، کە بتوانێت جیاوازی دابڕێژێت. واتە کاتێك دوو شت، دوو نووسین، دوو نووسەرمان له لا جیاوازە، لەوەوە نەهاتووە، کە یەکێك لەم دووانە خاوەن بوونێکی زیاتر، خوێندنەوەیەکی فراوانتر، دیدێکی ڕوونترە...

له باشترین حاڵەتدا، لەوەدا کورت بووەتەوە، کە ئێمە جیاوازین تەنها بۆ ئەوەی لەیەك نەچین. ئێستا وەختە چەمکەکە ڕەنگ و بۆیەکی سایکۆلۆژی بگرێت، واتە جیاوازییەکانی ئێمە لەیەکتر، جیاوازییە له قیندا.

لەم مێژووە نوێیەی دونیای ڕووناکبیریی کوردیدا، کەس هێندەی **بەختیار عەلی** قسەی (**جیاواز!**)ی لەسەر نەکراوە، بە جۆرێك ئەو نووسینە (**جیاوازانە!**) لە ڕووی قەبارەوە، لە کۆی کارەکانی ئەم نووسەرە زیاترن. پرسیاری زیندوو ئەوەیە ئەمانە چییان وت؟ چییان خستە سەر دونیابینی و ئەبستمی بەختیار و خوێنەرەکانیشی؟!

هەڵبەتە ڕوونە، کە قسەکردن لەبارەی ئەم پیاوەوە، سەختەو مرۆڤ دەخاتە ناو تووناوتوون و ڕێگومکەیەکی کوێرەوە. جارێك لەبەرئەوەی بواری کاری نووسەرەکە زیاتر لە کایەیەکەو جارێکیش لەبەرئەوەی قورسایی ئەم کارانە ڕێ نادات وا بەسانایی هەموو خوێنەرێك لەسەر خۆی بهێنێتە قسە.

دەمێکە لە بیری ئەوەدام وتارێك لەمەڕ ئەم باسە بنووسم، لەسەر تێگەیشتن و ناسکردنی بەختیار عەلی وەك خۆی و **بەختیار عەلی** وەك ئەوەی هەیە. بە بڕوای من، ئەم نووسەرەی دونیای ئەدەبی ئێمە خاوەنی سێ جۆر خوێنەرە: خوێنەرانێك ناتوانن هەزمی بکەن و لە کورتبینییانەوە بێ شرۆڤەو لێکۆڵینەوە، ڕاست و چەپی بەسەردا دەهێنن و لە وێبسایتە شەرمەزار و خۆخەجڵەکانەوە ئەوەندە دەڕشێنەوە، کە بڕست لە خوێنەرە بەستەزمانەکانی خۆشیان دەبڕن.

ئەم جۆرە خوێنەرە ئەم پیاوەی پێ قوت ناچێت و لێرەوە قسەی بڕیوەتەوە، کە هەرچییەکی نووسیوەو "**هەرچییەکیش لە ئایندەدا دەنووسێت!**"، هی خۆی نییەو دزیوێتی. جێی داخە ئەم تایپە لە خوێنەر دیدیان وەك جیکڵدانەیان هێند بچووکە، کە فرسەتی قبوڵکردنی دەقی گەورەی کوردیی لەدەست داوە. دیسان جێی سەرنج و تێبینییە، کە بەشێکی ئەم خوێنەرانە لەناو نەوەی دەیەی شەست و حەفتاکانن و لێرە و لەوێش گەرا پیس و شڵەقاوەکانیان لە گۆمەزاری نەوەی نوێدا چاو دەکرێت.

ئەم ئەستێرەیە هەر پارت و ئایدیایەك پێویستی بە لەسەر گەلەککاری و خەڵك لە خۆکۆکردنەوە هەبێت، ئەدەب وەك کایەیەکی خەیاڵکاریی-مەعریفی پێویستی پێی نییە، چونکە ئەدەب ناکۆتا درێژ دەبێتەوە. ڕەنگە تێکستێکی ئێستا لە سەد ساڵی داهاتوودا، ژیانی خۆی دەست پێ بکات. هەموو کێشەی نێوان ئایدۆلۆژیا و ئەدەب، نەمرییە. هەردووکیان هەڵوەدای ئەوەیانە نەمرن، کەچی هەمیشە ئەدەب یارییەکەی بردووەتەوە. ڕەنگە هەر نووسەرێکی دونیا بگریت، پێی خۆش بێت ژمارەیەك بچێتە سەر خوێنەرەکانی و کتێبێکی زێدەتر بفرۆشرێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە نووسەرەکە بۆ خوێنەرەکانی نەیەتە خوار و ئەوان ڕابهێنێت بۆ لای خۆی سەر بکەون. بەشێکی تری خوێنەرەکانی بەختیار عەلی، کە **زۆرینەن**،



Scanned with CamScanner

ئەوانەن، کە ئەم پیاوەیان خۆش دەوێت، خۆیان لێ دەبێتە پاڵەوانی ڕۆمانەکانی، خۆیان لێ دەبێتە **فەرەیدونی مەلەک** و **سەریاس** و **جەلادەت** و **دڵشوشە** و **ماجەلان** و...

ئەم جۆرەی خوێنەر، وەك عاتیفە دوای بەرهەمی ئەم نووسەرە کەوتوون و زۆرجاران بێ ئەوەی خوێندبێتیانەوە، لەسەری هەڵدەدەنێ، دەیکەنە هەرا. تا ئاستێك بەختیار عەلی‌یان کردووەتە تەوتەمێکی ڕووناکبیریی و هەر ئەمانیشن فارس وتەنی **(هیزمکشی)** جەنگی نێوان جۆری یەکەم و نووسەرن.

بە بڕوای ئێمە، ئەم خوێنەرە خوێنەرێکی کوشندەیە و خزمەت بە نووسەر و پەیامەکەشی ناکات، ئەمان خوێنەرانێکی مەزاجی و جحێڵن، نە قووڵ دەفکرن و نە قووڵ دەئاخفن. ئەم نەوە نوێیەی خوێنەری بەختیار عەلی، پشکێکی لەو ڕەنگکوێرییەی جۆری یەکەمی پێ بڕاوەو ناتوانێت لە ڕەش و سپی بەولاوە، ڕەنگێکی تر ناز بکات.

جۆری سێیەمی خوێنەرەکانی ئەم پیاوە، لە ڕووی ژمارەوە کەمترینی خوێنەرەکانین، بەڵام دەکارن ئەم پیاوە وەك خۆی بخوێننەوە و لە جێگە و شوێنی خۆشی قسەیان لە هەندێك شوێنی بەختیار عەلی هەبێت و بتوانن هەست بە بچووکترین گۆڕان **(نەك گۆڕانی ڕایکاڵ)** لە فیکری نووسەردا، بۆ نموونە:

لە چەمکەکانی (نەمری، عەشق، مەرگ و عەدالەت) لە مەرگی دووەمی تاقانەوە تا شاری مۆسیقارەسپییەکان و غەزەلنووس بکەن.

ئەمانە کورتەی جۆری خوێنەرەکانی ئەم نووسەرەن، بەو هیوایەی لە جێگەیەکی تردا بتوانین قسەیان لەبارەوە بکەین و ئەم نووسینە بچووکەش، ئێمە نەخاتە هیچ بەرەیەك نە لە دۆستە مەزاجی و نە لەدوژمنە سەرپێییەکانی بەختیار عەلییەوە.

٢٠٠٨

ورگەو رتەکان



Scanned with CamScanner

# مینای شین

## ورتەورتەکان

Scanned with CamScanner

# سێوی شین

بە هەموو ئەو واقوڕمان و سەرسوڕمان و ئەبڵەقییەی مرۆڤ لەبەرانبەر سروشتدا هەیەتی، کەچی ناتوانێت کەماڵییەکەی نەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئینسان خۆی دەستێکی ناڕەنگین و گەورەوگرانی لە دروستکردنی ناسازیدا هەیە، دەنگی تراکتۆر بهێنەرەوە بەر زەینی خۆت... دەنگی موەلیدە... بەڵام ئایا دەشێت سروشت خۆی لەگەڵ هاروهاجتریت مەخلوقیدا کە ئینسانە، بەراورد بکات؟ حەق بوو سروشتیش جارجار ئەپدێتی خۆی بکردایەوە با ئەو جارانە دەیان سەدە و سەدان ساڵیشیان لەنێواندا بێت.

بیر لەوە بکەرەوە هەندێك شت لەم سروشتەدا زیادە نین..؟ **سوهراب** گوتبووی: *"ئەگەر کرم نەبا، ژیان شتێکی کەم دەبوو"* بەڵام داخۆ بوونی جرجێکی بۆر و تەڕی پیسی ناو زێرابێك، بەزیاد نازانی؟ زیاد لەبەرامبەر ئەو حەمکە جوانییەدا کە سروشت خاوەنییەتی و مرۆڤ بێ ئەوان ناتوانێت چرکەیەك بەردەوامبێت... ئایا نەدەبوو لەجێگای گریان و زیرەزیر، منداڵ دەنگێکی هەبایە بەوێنەی گمەگمی کوکوختێ؟ ئەو کاتە ماڵەکانیش دەسبەرداری دۆزەخی خۆیان نەدەبوون و تامی باخچەیەکیان نەدەدا؟

نەدەكرا **كەر** لەجێگەی ئەو سەرە سەرە ناخۆشەی، كە خوداش بەخودايەتی خۆی ڕقی لێیەتی، دەنگێكی وەك بولبولی هەبايە؟ دەزانم نمونەكەم لەرووی ئەندازەييەوە خراپە، -ئاخر ئەوە كۆلّی منە لەهارمۆنيادا كە هەرگيز شتە شياوەكانم بۆ پێكەوە كۆنابێتەوە و بەردەوام خەمی ئەو كێماسيەم دەمكوژێ- ئەگەرنا نابێت و نەگونجاوە كەر بەو پەيكەرە زەبەلاحەيەوە دەنگێكی ناسك و نزمی وەك دەنگی بولبولی هەبێت، دەی با سروشت بەو توانا فراوانە هونەری_ئيستاتيكييەی خۆيەوە لە خولّقاندندا، هەڵەكەی هەردووكمان ڕاستبكاتەوە و دەنگێكی ديكە بئافرێنێ، مەگەر بۆ سروشت هيچ شتێك نامومكينە؟

هەرچەند دەزانم ئێستا **جەمال غەمبار** لە پێشنيازێكی وەها پەستە. ئەو جارێك لە تەلەفوندا پێی وتم *"توانا.. بيری (كەر) دەكەم.. زۆر زۆر بيری دەكەم.. دەمێكە گوێم لەدەنگی نەبووە.. لەم كيشوەرە گەورەيەدا، كەرێكی وەك لای خۆمانی لێ نييە بسەرێنێ و ئەم دڵەی من ئاو بدات"* ئەگەرچی ئەم قسەيە خاڵی نييە لە وێنەيەكی شيعری تژی لە تاسەكردنی نيشتيمان، هاوكاتيش ديسانەوە گەڕانەوەيەكی قوڵی شاعيرە لەسەر ئاستێكی قوڵی نوستالوژيی بۆ ئێرە.

زۆر زياد ناڕۆين لەوەی داوای هەڵگرتنەوەی مردن لە سروشت بكەين، چونكە من بۆخۆم پێم وايە ديوێكی تری ژيانە و بە هەموو ئەو



Scanned with CamScanner

ترسەیشەوە کە هەمانە بەرانبەری، جوانییەکیش خۆی تێدا مەڵاس داوە... جوانییەکی پەنهان... جوانییەك کە بێ وردبوونەوەو بیرکردنەوە لێی هەرگیز ناتوانی بیبینیت.

لێ ئایا نەدەشیا ئازار نەبێت؟!

ئەگەر وابوو یەکەم شت لەشارەکەی خۆمانەوە دەستپێدەکەین، لە (**نەخۆشخانەی فێرکاری**)یەوە، نەخۆشەکانمان ئیزن دەدا بۆ ماڵەوە... خواحافیزیان بێ... باڵەخانەی نەخۆشخانەکەمان دەکردە گەلەریی... وێنەی دیکۆمێنتیی ڕۆژانی زوو (ئێستامان) تێدا نمایش دەکر:

(دیمەنی قریشکەی ژنێك لەساتی منداڵبووندا).

(ئازاری پیاوێکی پیر لە نەشتەرگەری هەلکۆڵینی چاویدا).

(تابلۆی منداڵێك کە ئاوی گەرمی پیادا ڕژاوە و زریکەی تا عەرشی عەزیم ناوەستێت..!)

هەرچەند لە جوانی زۆر ڕابمێنین. کەچی هێشتا خۆمان پێ لەوە ترسنۆکترە ئەم پرۆپۆزەڵە بنێرین بۆ سروشت. بەڕاستییش نازانین بەچ میکانیزم و لە کام قاسیدەوە بینێرین و بیگەیەنینە جەناب عالی پایەبەرز (سروشت)ی سەروەرمان؟

کەچی زەحمەت نییە مرۆڤ بۆ ئەم بارە کۆمەك لە خەیاڵ بخوازێت
لەوەدەچێ تەواوکردنی دونیا لەدەستی ئێمەدا بێت، دەستی خۆمان
نـا... دەستی خەیاڵمان..!

ئێستا ئەم وێنەیە بیهێنە پێش چاوی خۆت، سێوێکی شینمان
هەبێت... شینێکی کاڵ... خاڵی ڕەشی ورد، تانوپۆی نەخشاندبێ،
بەشێوەیەك کە چاوی زۆر لەسەر وردبکەیتەوە، لەودیو توێکڵە
ناسکەکەیەوە دەنکە ڕەشەکانی ببینی کە ئارام و مەنگ لە
ناوەڕاستیدا چەقیون و ئەوانیش چاوەڕوانیی قەپاڵێك دەکێشن.

٢٠٠٩

## سوێند خواردن

دەی بە حوبی خودا قەسەم من خۆشم دەوێی و خۆشت دەزانی
چەندم خۆش دەوێیت... دەشزانی خۆشەویستی لە نێوان من و تۆدا
نمرەیەك نییە هیچ ئامێرێك بیخوێنێتەوە..!

# جۆرجینا لە پلۆڤدیڤ

**من بە شوێن دڵما گەڕام، شوێنی بە خوێن دۆزیمەوە**
**چۆن لە ڕاوچی گوم ئەبێ صەیدێ کە خوێنی جارییە؟!**

قانع

ساردده... بە دوو (د) ساردده... ئەوەی ئێرە سەرما نییە،، دەرزیە و بە بـاوە دێ، موسی خوێناوییە و وزە دەکات... دەزانی بێ تۆ، زەمهەریرە دونیا..؟ دونیای خۆم دەڵێم..! واین لە (گەملاستان- Gamlastan) لە شاری کۆن... بـایەکی تەنورە کونکونی کراس دڕاو لە دەرێ ڕا دێ و تۆ لە مندا پۆشتە دەڕۆی، ئەم باگژەیە وشکەگەڵای زستان لە قاچمەوە دەئاڵێنی... وەك ئەوەی پێم بڵێن نەبزوێم، نەڕۆم و ئا لێرەدا لە بەردەم مۆزەی نۆبێلدا لە تـــۆدا بمێنمەوە... تـــۆیەك سپیوسۆڵ، ڕۆح شەکەریی، باسك گۆشتن، ئێسکسوك و تەوێڵپان.

هاوڕێکانم وردە چپەیانە، لەبەرخۆیانەوە قسان دەکەن. من دەنگیانم وەك قیغەقیغی قەلەڕەشێ لە دوورە دەست دێتە گوێ.

به لای کۆنه قاوەخانە گڵێنەکەی خۆماندا تێدەپەڕم، تەزوویەکی ساردد به دڵمدا دێ، دەزانم هێشتا عەتری هەناسەت وا له ڕاڕەوەکانیدا، له ترسی ئەوەی نەکا تووشیان بێم، ڕوو وەردەگێڕم، له تـــۆ نـــا... له خۆم ڕوو وەردەگێڕم. ئەوە لەگەڵ گروپدا لێژ دەبینەوە، ئەوە تۆی به لێوێکی بریسکەداری تەنکەوە پێدەکەنی، به بیانوی خزانەوە قۆڵت له کەمەرم قفڵ کردووە، تەماشای خاڵی لالێوت دەکەم وەك ڕەشکە به نانەوەیە، چاو داگیرساو، لێو قەیتانیی، قژ به ئاونگ، من ڕێ دەرنابەم، شەوە و بێ تـــۆ هەنگاوێ ناڕۆم، سەرمان بڕی گەرم و دەستمان له سەرمادا ڕچیووە.

مامۆستا باسی کڵێسا دەکات، مێژووەکەی دەجوێتەوە، تـــۆ له زاری یادگەمەدا تاڵی و کەچی من هەر دەتهێنم و دەتبەم. مامۆستا خوێندکارەکان دەباتە حەوشە گەورەکەی کڵێساوە... من له دەرەوە خۆم به تـــۆوە دەخلافێنم تەماشا دەکەم ئەو شەوە و ئەوە بەفر دەبارێ و من و تۆ کتومت و وەك لەتێك مانگی زیوین لەژێر تریفەی کزی دارتێلی یەکتردا وەستاوین، مشتومڕی تیۆلۆژیمانە: باسی ئەو هەموو نوێنەرە سپییەی خودا لەسەر ئەم عەردە ڕەشە دەکەین، لەبەر ڕۆشنای کزی دارتێلەکەیا چاوت دەبریسکێتەوە. خەیاڵاوی دوور دەڕوانی، ئاگام له تریقەیەکە له دڵتدا که دەڵێی: "ئێستا نـــا... بۆ مارەکردن دەچین بۆ کڵێسا !".

تۆ ئەم قسەیە لەدەمتدا دەبێت بەشەکەر و وەکو هەڵمێکی سپی بەرز دەبێتەوە، من وەك كەرێلی ڕوو لە بـا، بـایەکی ساردی باریك، لەناو خۆمدا لووره و گڤەم دێ کە زەنگە گەورەکە سێ جار لەسەر یەك لێ دەدات و کۆترەکان هەڵدەفڕن.

دەبێتەوە بە قەرەباڵغی، مامۆستا لە پێشیانەوە و هاوپۆلەکانم لە دواوە دێنە دەرێ، مامۆستا بە نیگای گلەیی لێم دەتوڕێ، دەزانێ ئەمڕۆ لێرە نیم، دەزانێ ئەمڕۆ باش نیم، دوێنێش باش نەبووم، سبەینێشم لەمڕۆ و دوێنێ ڕۆشنتر نییە، هیچ ناڵێ... هیچ ناڵێم... بە دوو سێ ڕێگای بەردەڵانی سەختدا وەك ڕێمان ونکردبێ خواروژوور دەکەین.

من و تـــۆ لەسەر سیلەی کۆڵانێکی تەنگ، وەك شۆڕەبییەکی قژخورمایی و کالیپتۆسێکی تەنیای پڕوپۆدار بە جەستەی یەکدا هەڵدەگژێین. بە جەستەی یەکدا دێینە خوارێ، دەستمان بووە بە لاولاو، چاو بە چنگەپشیلە و لە ڕوخساری یەکدیمان گیرکردووە. بارانەکە پێ هەڵدەگرێ، من لە دەمی تۆدا ون بووم، تۆ گەرەکتە بە پەنجە مووەکانی سەر سنگم بژمێری و من تاڵەکانی برژانگت... ئیتر لەم کۆڵانە تەنگەدا مەکە و لاچۆمانە.

مامۆستا باسی کۆڵان دەکات مێژووی کۆڵان دەگێڕێتەوە، ژمارەی پلیکانەکانی... گوێم لێیە، دەڵێ: "پانی ئەم کۆڵانە تەنها ٩٠

سانیتمەترە". دەڵێ: "هەر بۆیە زەحمەتە دووکەس بتوانن بە تەنیشت یەکەوە پێیدا بڕۆن"... گروپ پێ دەکەنن، من هارە دەکەم... قرمژنی ئەم یادی تۆیە دەمکات بە بێژنگ، سەر بەرز دەکەمەوە ژمارەی کۆڵانەکە ژمارەی ساڵی لەدایکبوونمە، سەرم دادەگرم... تـــۆ هەر پێدەکەنی، ڕیزێك ددانی ورد وەك مینای سپی لەودیو لێوی تەنکتەوە دەبرسیکێنەوە، پێکەنینەکەت دەبێ بە گەردانەی تەم... تەمێکی سپی فێنك... مامۆستا بە پرسیارێك دەمهێنێتەوە بۆ ئێرە:

-کۆڵانێکی سەیرە... ها توانا..! ڕەنگە حەز بکەیت پێیدا بڕۆیی..؟

تۆ لە قسەکەی مامۆستا هەڵدێیت و بە خێرایی بە پلیکانەکاندا ڕادەکەیتە خوارێ، لە نیوە ڕا ون دەبیت، بارژنی ئەم نائومێدییەی من ئالێرەدا دەیکات بە شەستە... ئاوڕ دەیەمەوە و قورگم گیراوە و هەناسەم تەنگ و دڵم پڕە کە دەڵێم:

-ئوستاز... من لەو شارە ساردەی تۆدا، یەکەم ماچم لەم کۆڵانەدا کردووە!

مامۆستا وەك ئەوەی هەواڵێکی جەرگبڕی بیستبێت یا باپێچێ ئالابێتە دڵی و مینا گوێزانێك لەناوەوە قاشی بکا، هەستم پێ دەکات، وەك مرۆڤێکی سویدیی نیان، سوکەئامێکی هاوخەمی هەڵدەکێشێ و بە هێواشی دەستەکانی دەدات بەیەکدا و دەڵێ:

-جەماعەت دەبێ بڕۆین... درەنگمان کرد!

٢٠١٣

# ئەم خوێنە ناڵەش بۆ تـــــۆ..!

بەسەر گابەردە خواروخێچەکانی شاری کۆندا هەڵدەزنێم، خەیاڵی تـــۆ سەری پێ هەڵگرتووم ڕووەو قاوەخانەی تـەم... ژوانگە کۆنەکەی خۆمان... خۆ بیرت دێ..؟ بەو کۆڵانە تەنگانەدا لەنجە دەکەم و لەبەر خۆمەوە بە غرورێکی پیاوانەوە گورانی دەڵێم:

" لەباوەشی من بترازێ لە هەر کوێ بیت پەناهەندەی..!"

دەرگا دارینەکە بە جیڕەیەکی هێواش دەتاقێنمەوە و بە قادرمە بەردەکاندا دەچمە خوارێ، بۆنی تـــۆ دێ... گارسۆنەکان گۆڕاون ئێستا ئەوان بۆ من و من بۆ ئەوان غەریبەم، ئەچمەوە هەمان جێگا، ژێر هەمان تاقی خشت، تەنیشت هەمان مۆمدانی ئاڵتوونیی، کە دەتگوت لە سەدەی پانزەوە شازادەیەك بە غەنیمە هێناوێتی بۆ من و تـــۆ...

ئاوێنە کۆنەکە هەر لەجێی خۆیەتی، تـــۆزی ڕۆژگار لەسەر شوشەی چاوی بارە، لە چاو جاراندا لێڵ و چەماوە و داکەوتوو ترە، کە سەیری خۆمی تێدا دەکەم تـــۆ دەبینم..! هەموو شتێکت لێرەیە، قاقاکانت، سرتە و چپە و دەستی نەسرەوتت، کە جارێ لە دەستی چەپمدا و سەدجار باڵندەی خۆنەگرتووی ناو پوشوپەڵاشی سنگمە... تکام دەبێ بە ماسییە سوورەیەك و خۆی هەڵدەداتە گۆمی سەوز و

مەنگی چاوتەوە، ئەوجا بە نەوایەکی توند بە نازێکی پیاوانەوە دەڵێم: "سەلامەت بی... وا نابێ... ملوانی هەموو بلوزەکانمت گەورە کردووە..!" بۆنی قژی تەڕت دێ... قژی دوای پیاسەی ژێر باران... ئێستاش عەتری ئەو تاڵە ئاڵتونیانەت بووە بە گەردانەی تەم و تانوپۆی ئەم کافێیەی تەنیووە... "ئەوە تـــۆ چ بۆنێك دەدەی لە خۆت سەگەهار..؟!"

تـــۆ هەر قسەت دەکرد و قسەت دەکرد و قسەت دەکـ...کە لەپڕ مات دەبووی چاوت لەسەرم قەتیس دەکرد و دەتگوت: "چ بێڕەحمانەیە بەو هەموو جوانییەی لێوی پیاوێك بمری..!" من دڵم پڕ دەبوو و تـــۆ دەتگوت: "ئازیز... پیاو ناگریی..!" من هەناسەیەکی قووڵم هەڵدەکێشا و دەمگوت: نـــا پیاو ناگریی، پیاو خۆی دەخواتەوە..! تـــۆ چاوێکت با ئەستەم دادەگرت و بە قریوەوە دەتگوت: "ئەی بۆ من ناخۆیتەوە..؟".

هاتم بتخۆمەوە وەك پێکێ شەرابی سوور، بەیەك جورعە سەرت پێوەنێم... حەیف خۆ لێرە نیت... لێرە نیت باسکت بکەی بە ملوانکە و بەم تەنیاییەمدا هەڵیواسی... ئەوەتا من لێرەم و گوێ لە کاروان عوسمان دەگرم، لە (تـــۆش بەجێم دێڵی)! ئەها پێکەوە لە ژێر لێوەوە وشەکانیمان سرتە دەکرد... بیرتە..؟

ئەی بیرتە نیگام هەڵچەقیبووە گۆرەوییە ڕەشە تەنکەکانت و ئەو ڕۆژە هەتا شەوێ لێی نەدەبووەوە..؟ بیرتە وەکو لاولاو لە مێوتەوە دەئاڵام..؟ ئازیزێ... هەمووشتێ لە شوێنی خۆیەتی. خەتی وردی قەڵەم لێوە گۆشتییەکەت... دڵ و تیرەکەی پارساڵ بەپێکەنیەوە بە بۆیەی شینی نینۆکانت نیگارت کرد، هەر لەوێ چاو بە مۆلەق وەستاوون... ئەوەتا پیتی یەکەمی ناوەکەم وەکو خاچێکی سەنگین لە خوار نوکی تیژی دڵێکەوە چەقیووە... دیدەم بوو بە دیدەی تاری کونەپەپوو، کە دیم یەکەم پیتی ناوەکەت بەچەقۆی دڵڕەقی ڕۆژگارێکی ڕەش کرێنرابوو... تازەتەڵاشی سەر پیتەکەت بەدەستمەوە دەبووە وردە ئاردی نائومێدیی... ئەوجا زانیم تـــۆ کەمێ بەر لە من، لێرە بووی..!

٢٠١٤

## گریان..!

ئێمەومانان قەرەقۆزێکی بێفەڕین، کە خەڵکمان بۆ ناخرێتە پێکەنین، چونکە مرۆڤ تەنها ئاژەڵ نییە، کە ئەتوانێ پێ بکەنێ. تەنها ئاژەڵە، کە ئەتوانێ لە دڵەوە بگری!



Scanned with CamScanner

# نامەیەک کە ئاگات..!

سڵاو... ئاهـ، ڕاستە ماندووم، چونکە تێ نەگەیشتی، چونکە دوای ئەو هەموو ژیانە، دوای ئەو هەموو خوێندنەت بە زمانی جیاواز جیاواز، فێرنەبوویت، لە کاتی مامەڵەدا چەند ئاگات لە بەرانبەرەکەت بێت. ئێستاش فێر نەبوویت، کە ناوی کەسێک دەنووسی پیتی یەکەمی بە کاپیتاڵ بنووسیت، چونکە پێت وابووە ئەمانە شتی بچووکن و لە یادت کردووە، ئەم دونیا گەورەیە خۆی لە کۆمەڵێ شتی بچووک بچووک دروست بووە. تێ نەدەگیشتی، لەوانەیە دەرهێنانی خشتێکی بچووک لە دیواری باڵەخانەیەکی گەورەدا تەواوی بیناکەت بەسەردا بڕووخێنێت و ڕووخانیشی...

شەڕمان دەبێ، چونکە تۆ لار مامەڵەم دەکەیت و منیش وەك ئەو پاراگرافەی سەرەوە قسەت لەگەڵ دەکەم. لەم ڕۆژانەدا شیعرێکی فارسیم بۆ کوردی وەرگێڕا، خۆم پێکەنینم دەهاتێ.

دەڵێ: **"ئەگەر بە دەمارەکانمدا جۆگەلەت نەبەستبێ، بۆ دڵم لە دەقەیەکدا ٧٢ جار ناوت دینێ!"**. دڵم خۆشە، کە لەتەواوی ئەم نامەیەدا من ناوت ناهێنم، کە ئەوە دەنووسم بیرم دێت چۆن لەم وڵاتە سارد و دوورەدەستەدا لە باکووری زەوی، تۆ بە دەستی خۆت دەتشۆردم.



Scanned with CamScanner

ولاتێك، كە كەسم تیای نییە "لەڕاستیدا بێ کەسییەکەی من بڕێ گەورەترە لە ئاستی ولاتێك و من لە دونیاشدا، کەوا تێگەیشتبووم کەسم هەیە، دیسان کەوتبوومە هەڵەوە!".

بیری گوڵەکانت، ئینجانە سپییەکانت دەکەم. لەبەرانبەردا بێمەزاجییەکانی ئەو ڕۆژانەی من، کە وەکوو عەترێ لەم بەری بەیانیی ستۆکهۆڵمەدا هێشتا بەرامەی هەست پێ دەکەم. من بۆ زۆر کەس وەك زیر و ناساز و عاسیی دەرکەوتووم و دانیشی پێدا دەنێم، کە بڕێ وام. خۆشە، کە بیرت بخەمەوە سەرەتا من پێم وتی: **هاوڕێیەتی من ئاسان نییە** و تۆش لە ژێر بارانی شەوێکدا لە قەڵایەکی کۆن.

بستێ ئەولا پاسەوانەکانی، بەسەر ئاوێکدا سەیری شارێکی جەنجاڵ و گەورەت دەکردو سکت پەپوولەی کردبوو، دڵت بۆم دەفڕێ و لەژێر لێویشەوە وا وەڵامت دامەوە، کە "دەزانی!" کە نەتزانی، ئەگینا کار نەدەگەیشتە ئەوەی ناچاریم بیرت بێنمەوە.

ڕۆیشتن سەرسەر و سەرچاو. لەهەر جێیەك ماڵێ بۆ تۆ تەسك بوو، دایکەنە لە پێت، با ئەمە پرەنسێپ بێت، دایکەنە لە دڵت، بەڵام ماڵەکە بۆ من بووە جەهەنمێکی بچووك، لەناو جێگایەکدا، کە تەواوی جێ دەستی تۆیە، قوڵپەقوڵپێتی دۆزەخێکی بچووك... هەموو شتەکانت لە جێی خویانن، فلچەی ددانەکەت، کرێمی دەست و کرێمی چاو و کرێمی نازانم کوێت...!

شووشەی عەترەکانت، مۆمدان و قابلەمە و پەرداخەکانت، ئاخر بۆ چرکەیەك بە بیرتا نەهات، کە ئەمە حوکمدانە، حوکمی کەسێك بە سەد ساڵ تەنیایی، خۆ دەزانم لەبەرانبەر تۆدا من مەسیح نەبووم "ئەگەر بووم بە کوژراوی"! لەبەرانبەر هەموو ئەوانەی لەدڵمدا بوو سەبارەت بە تۆ، شتێکم نەوت، قسەیەکم لە زار نەترازا. من لەناو خۆمدا ئیشم دەکرد و ڕۆژبەڕۆژ وەك وەستایەکی خراپ لە بەیانییەوە یەك نەفەس کارم دەکردو ئێوارە دیوارەکەم دەڕووخا، بەسەر خۆمدا دەڕووخا.

وەکوو تر من دەستوپلی نامە نووسینم نییە، هەر وەکوو چۆن باشیش نازانم قسە بکەم، بەتایبەتتر بۆ دۆستێ، کە تێم نەگات "*ئینجا من بە کەڵکی چی دێم!*" ئەوە پرسیارێکی مەکربازانەی کچانە نییە بە تەنها، **پرسیارێکی وجودییە** بۆ من. بە ڕاست من بە کەڵکی چی دێم؟! من خۆشم خەجاڵەتی لای تۆ و لای خۆشمم، کە وەڵامێکی باشم پێ نییە بۆ ئەو پرسیارە، بەڵام لانی کەم ئەوەتا تا ئێستا بانکێکی خوێنم، کە دڵی کەسم نەشکاندووە تەقەزای خوێنی کردبێت. بەڵام ئەوانەی تەشریفیان هێناوە، چەقۆی خۆیان وەشاندووەو ڕۆشتوون... دواهەمینیان هەر ئاوهایە، من بە چەقۆیەکەوە تا مشتوو لەم سنگە لاغرەمدا، کە نووقمە و سوور بووە، دوای جەللادەکەم دەکەوم و ئەو هەر هەڵدێ، چونکە دیسان تێ ناگات من چیم دەوێت.

تێ ناگات، کە من دەمم دەلەرزێ خوێن پەڕیوەتە قورگم. قسەم بۆ ناکرێ، قسەم بیرچۆتەوە، لەدڵمدا دەمەوێ پێی بڵێم: "ئازیز... ئەڕۆی تۆغر... بەس چەقۆکەت لە برینەکەمدا دەربێنە... مــــــــردم!"

لینجاوی سوور لە دەرگای برینەکەوە دێتە دەرێ و دەستم بە سنگی چەپمەوەیە. دوای دەکەوم، لەتر دەدەم، خوێن چاڵاوی شوێنپێکانی سوور سوور کردووە، هاوسەنگیی خۆمم بۆ ناگیرێ، ئاخر ئازارەکە زۆر زۆر زۆرە (زۆرێکی تریش!)... دەکەوم و دوو کەس ئەملاولام دەگرن، بەرزم دەکەنەوە جلەکانیان شینی کاڵە، پیایاندا هەڵدەڕوانم نایاننناسم، بە زمانێك قسە دەکەن، کە من کەمی لێ تێ دەگەم، ئەو لەدوامەوە دەگری، وردەوردە دەنگی گریانەکەی دوور دەکەوێتەوە، وەك نووزەیەك بە ئەستەم ئەلێی لە دنیایەکی ترەوە دێت، درەنگ تێ دەگەم، کە من لەچ نەخۆشخانەیەك بووم! بەتەنها دەمبەنە ژوورێکی چوڵ و سارد، کە دەرگاکەی بە کۆد دەکرێتەوە.

من دەنووم، نازانم چەندێ، هەڵدەستم هەموو شتێ قورس و خاوە لەبەر چاوم، لەسەر بلوزەکەمەوە -هەر یەکێك لەوانەی تۆ ملوانەکەیت گەورە کردووە- دەست دەخەمە سەر دڵم، جێگا چەقۆیەك دڕاوە، هیچ خوێنێ لە ئارادا نییە، بەقورسی هەڵدەستم و دەمەوێ بڕۆمەوە بۆ ژوورە تەنیاکەم لە هاڵۆنباری...

خۆم کۆدەکەمەوە، لە دەرگاکە دەنەوم ناکرێتەوە. دەرگاکەیان لەودیوەوە بە کۆدێ لێ داخستووم، کۆدێ، کە من لە دڵی خۆمدا دەڵێم هەبێ و نەبێ، ناوی تۆیە.

٢٠١٣

# ژیانێکی تر بە قەرز..!

سەعات ٢:٤٤ دەقیقەی شەوە، لەبەر مۆمدا **(برایانی کارامازۆف)**م تەواوکرد، هەناسەیەك هەڵدەکێشم، فریاناکەوم بیدەمەوە، بیرم دەکەوێتەوە دوای ئەمە سەرەی چییە..؟ کام کتێب بخوێنمەوە..؟

بەسەر لیستەکەی ناوزەینمدا دەچمەوە، جارێ من لە خۆئامادەکردنی گفتوگۆیەکدام لەگەڵ خانمی ڕۆماننووس **(ئەحلام موستەغانمی)** و لە پەیداکردنی کتێبەکانیدام، چەند ڕۆژێکیشە لە کتێبخانە سەرەم بۆ (هێڵنج)ی **سارتەر** گرتووە، چاپێکی (کۆمار)ی **ئەفلاتونم** دەستکەوتووە زۆر بەدڵم نییە، لەسۆراخی چاپێکی تریدام، دەمێکە وەعدم لەگەڵ خۆم هەیە، (دانپیانانەکان)ی **ڕۆسۆ** بخوێنمەوە.

بەینێکیشە (هێرمان هیسە) ئەو عارفە خۆرئاواییە ڕۆژهەڵاتناسە، خەیاڵمی داگیرکردووە، پێم غەریبە ئەم پیاوە چۆن ئەو هەموو قوژبن و کەلەبەرە تاریکانەی ڕۆحی ئینسان پێدەزانێت. دڵم بۆ شیعرێکی ناوازەی **(سوهراب سپهری)** لێ دەدات کە سێ هەفتەیە لە ئینتەرنێت وەرمگرتووە و نەمخوێندووەتەوە. بیری **(کۆستانتینۆ گۆرگیۆ)** ئەو قەشە مرۆڤدۆستە ڕۆمانییە دەکەم، لەوەوە دەزانم کە ئەدەبیاتی ئەوروپای ڕۆژهەڵات چەند بەرز ئینسان دەناسێت و چۆن هەستی

مەترسی لەسەر ئەم بوونەوەرە لە کتێبەکانیاندا بەڕوونی لەبەرچاوە. ل کەیەوە تاسەی (گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو)ی مارسێل پرۆست دەکەم و لەبەر گەورەییەکەی بوێریی ناکەم دەستی بدەمێ. حەزدەکەم (لۆرانس) بخوێنمەوە و زێدەتر لە ژن تێبگەم.

ئەم ساتگەلەی ژیانی مرۆڤ هێندە سەختە بونیام نازانێت لە ڕێگومکەی ئەو کتێبخانە گەورانەدا، چی هەڵبژێرێت..؟! بیر لە خۆم دەکەمەوە، لە خانووەکەم کە دەبێت سەری مانگ چۆڵی بکەم.. لە ئیشێک کە هێشتا نەمدۆزیوەتەوە... لە ئێوارەخوانێکی دەرەوە لەگەڵ هاوسەرەکەم... ئاهـ من چەند قەرەباڵغ و چەند تەنیام خودایە..!

٢٠٠٨

## پەرجوو

ئێستا کە هاتم بەدەمرێگاوە بیرم لەوە دەکردەوە، چونکە خۆی لەسەر بنەمای بێ بنەمایی دامەزراوە شتی بێ مانا لەم دنیایەدا بێشومارن... بەڵام ڕەنگە هەرە بێ ماناترینیان ئەوەبێ ئینسان چاوەڕێی موعجیزە بێت... بیرم کەوتەوە من کە وێستاوم و چاوەڕێم، چاوەڕێی موعجیزەم.



Scanned with CamScanner

# خۆکوشتن لە ئاوێکی سارددا

ماوەیەکە زۆر گۆڕاوم، هۆشم بە خۆم نییە. شەو تا سوبح بە دیار مەولاناو **شەجەرییانە**وە بیر لە تۆ دەکەمەوە، کە ڕەنگە لە چاکەت و بیجامەیەکی پەمەییداو لەژێر چەرچەفێکی شیندا بێ خەیاڵ، وەك (**لازۆ**) نووستبێتی. ماوەیەکە ئەوەندە لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا ڕۆچووم، دەترسم ڕۆژێك ئیتر لێی نەگەڕێمەوە. (**خۆرە**)کەی (**سادق میدایەت**) بەردەوام ناوەوەم دەخوات و حەز ناکەم کەس پێم بزانێت.

لە ماڵەوە نان دەخۆم. نازانم نانی کەیە، (**کوردە**) دەڵێت: "**لەسەر خۆت نیت.**" ئەوەندە هێوایش ئەمە دەڵێت، بەشێوەیەك هەر دەنگی نابیستم، وەلێ لەودیوو چاوە قوول ُو پڕ میهرەکانییەوە هەست بە عبوری ئەم دێڕانە دەکەم. لەگەڵ (**شاخی**) لە قاوەخانەی کوڕێکی خوێنشیرین داوای قاوەیەکی تاڵ دەکەم. دەڵێم: بەڕێز بـا خەست بێت وەك مەیلی من و کەم شەکر بێت وەك دڵی ئەو.

یەکێکیان دەبڕم، نازانم تووتەیە یان براتووتە یان باڵابەرزە، یان شادە یان براگەورە، یەکێك لەو پەنجانەمە. چەقۆکەم خستووەتە سەری‌و گوێم لە کیڕەکیڕێتی. کەمێك ئەڵقەکەم دەبەمە پێشەوە، ئەوە، ئەوە ناهێڵێت بیبڕم.



Scanned with CamScanner

ئاگام لە خۆم نییە، لە کلێنسێکی سپیدا، پەنجەی سووری خۆم
لەسەر کیبۆردەکەت دادەنێم و وەك هەمیشە ژوورەکە جێ دەهێڵم.
کلێنسەکەت کردووەتەوەو هەستاویت و یەك بە دونیا دەقیژێنێت.
هەموو ژوورەکە لەگەڵتدا ڕادەپەڕن، کەس هیچ نابینێت. دەتبینم لە
تیشێرتێکی قاوەییدا دەستت گرتووە بەدەمتەوە و مات و سەراسیمە
ناتوانیت بگریت، کەچی وا لە کلێنسە سوورەکەوە پەنجەی سپیی من
دڵۆپ دڵۆپ خوێن دەڕژێتە نێو دووگمەکانی کیبۆردەکەوە.
شەوێکی درەنگ، بە دەمانچەی **کڵۆك**ی شاعیرێك لەنێو دارەکانی
سەرچناردا بە دیار قیڕەی برا بۆقەوە، چاو دەبڕمە قنچکی هەرمێی
بەجێماوی سەرخۆشێك، دەرگای ماشێنەکەم کردووەتەوە و دەمەوێت
خۆم بکوژم. درێژ کەوتووم خوێنی گەرمم فیچقە دەکاتە ئاوە
ساردەکەوەو کەس نازانێت پێکەوە بۆ کوێ دەڕۆن. هێشتا گوێم لە
شەجەرییانی ناو ماشێنەکەمە دەچریکێنێت: **"ئەی دڵی ماندوو لە**
**کوێی..**" من لەبەر خۆمەوە، نـــا، خۆم نەماوم. لەدڵمدا دەڵێم:
ئەی **شانازی** ئەم دڵە **ناسەلیم**–ـەی من، تۆ لە کوێیت؟!

٢٠٠٧

# تەقەکردن لە ڕابردوو

**ڕابردوو وەکوو تەرم** وێکچوواندنێکی نایابە، کە نووسەری گەورەی ئێرانی **عەباس مەعرووفی** لە تیکستێکیدا دەیکات و دەڵێت: *"ئێمە هەموومان تەرمی ڕابردوو بەشانمانەوەیە، لە هەر شوێنێکیش لێمان جێ بمێنێ، دڵمان بۆی تەنگ دەبێ!"*

من لە عاشقە سەرسەختەکانی دەنگ و هونەری **تاتڵیساس** نیم، لێ لە ژیانی منداڵی و تا ڕادەیەك گەنجیی ئەم نەوەیە و منیشدا: تاتڵیساس بەتەنیشت **داریوش**ـەوە دوو گرنگترین دەنگن، کە لە بتهۆڤن گەلێ بەڕۆحمان ئاشناترن.

ئینسان بە جۆرێکی خەراپ گیرۆدەی ڕابردوویەتی، هەموو قەزاوەتێکی ئاینی بە سزا یان پاداشت لەسەر ڕابردووە، بە جۆرێك ئێستا وەك خۆی و کاتێکی جاوید ناتوانێ بژی.

لە ئێستا و داهاتوودا ئەوەی هەیە دەبێ بچێتە مەکینەی ڕابردووەوە.

بە باوەڕی چکۆلانەی من ئەوەی وا دەکات مرۆڤ بەردەوام بێت: خەون نییە بۆ داهاتوو، بەڵکو کەڵەکەکردنی کۆی ئەو ئەزموونانەیە، کە ڕابردوو داوینێ، ئەوەی هەیە، بەیانی نییە. ئەوەی بڕیارە ببێت دووبارە نەکردنەوەی شکستەکانی دوێنێیە.



Scanned with CamScanner

نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو لە تورکیاوە تا ئەڵمان و لە ئێرانەوە تا ئامریکا، سەدەی ئەم دوو هونەرمەندە بوو، ئەوەی پاشەکشێی بە دوومیان کرد، بەدیوێکدا ئەو قووڵاییە مەنگ و ڕۆحییە بووە، کە مرۆڤی دەبردەوە سەر تۆپەڵێك غەمگینی و خۆکوشتن. ئەمەش ئیدی لەگەڵ دنیای نوێی ئاڵاوواڵا و پڕ ڕیتمدا نەدەهاتەوە.

ئێوارەیەکی پایزی ساڵی ٢٠٠٧ لە ئۆفیسی (ڕۆژنامە)، کە کاك **خەبات عەبدوڵڵا** دەرگای ژوورەکەی ترازاندو من گوێم لە **(ای پرنده مهاجر)**ی داریوش دەگرت، بۆ ساتێك وەستا، بەرلەوەی دەنگەکە فریا بکەوێت بیباتەوە ڕابردوو بە قەهرێکەوە، وتی **"توانا گیان.. گوێ لەم گۆرانییانە مەگرە. ئەمە هەموو ژیانی گەنجیی ئێمەی کوشت"**.

ڕاستی کرد.

پەیوەندیی نێوان کوشتن و مۆسیقا پەیوەندییەکی سەرگێژکەر و قژقژ و ئاڵۆزە، بۆخۆشم، کە لە ئەورووپا بووم هەستم دەکرد یەکەم شت، کە دەمکوژێ مۆسیقایە... کە بونیام بەر دنیایەکی تر لە دەرەوەی دنیاکەی خۆی دەکەوێت، یەکەم شت، کە پێی نامۆیە مۆسیقای ئەو دنیایەیە، باوەڕم وایە ئەوە دوا شتیش دەبێ، کە پەناهەندە بەناچاریی دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم ناکات دەست و پەنجەی لەگەڵ دەهاڕێت!

مینا شین

نازانم بڵێم بەداخەوە یان بە خۆشحاڵییەوە، کە من تا ئێستاش دوو بەربڵاوترین ستایلی ڕۆك و ڕاپ ناچێ و نەچوو بە گوێمدا. دیوێکی تری کەوتنی داریوش، خزانی بوو لە هیومانیستێکی ئەبستراکتەوە بۆ سیاسییەکی ئەبستراکت. لە گۆرانیگوتن بۆ ئازادییەوە بۆ گۆرانیگوتن بۆ ئایدۆلۆژیا.

ئێستاش، کە ئایدۆلۆژیا لە پاشەکشەدایە و نەوەیەك بەڕێوەیە جگە لە ئازادی، هیچ بەهایەکی تر قبوڵ ناکات، ئیدی کەم کەم داریوش پاشەکشێ دەکات و تاتلیساس بە گۆرانیگوتن بۆ شتە بچووکەکانی ڕۆژانە (کە لەڕاستیدا گەورەن) بۆ عەشق، بۆ شکست، بۆ هەژاریی و بێپارەیی، بۆ بەرائەتی منالّ، بۆ سرووشت و خاکەڕایی جوتیارێك لە دوورەدەست... چانسی مانەوەیەکی درێژتر بۆ کاتێکی درێژتر بۆ خۆی مسۆگەر دەکات. (هەڵبەت ناوهێنانی ئەم دوو هونەرمەندە بەیەکەوە مانای بەراوردکردنیان نییە بە یەکتر، چونکە نووسەری ئەم کورتەوتارە و ئێوەش دەزانن ئەم دووانە هەریەکەیان لە کوێی زەویدا وەستاون. ناوهاتنیان پێکەوە تەنها وەك دوو هونەرمەندی بەناوبانگی هاوزەمەنی ڕۆژهەلاتی پڕ گوێگرە).

گۆرانیبێژ هەیە دە ساڵ دەژی، هەیە سەدەیەك، هەیە نامرێ، بەلام هەموویان لەوەدا هاوبەشن، کە سەرداری زەمەنێکن، نازانم بۆ ئەو وێنە فانتازییە لە زەینی مندا جێی گرتووە، کە لام وایە سترانبێژە

ڕەسەنەکان، مەیتەرەوانی یەکەم ئەسپی یەکەم قافڵەی زەمەن. تاتڵیساس سەرقافڵەچییەکی ئاوها بوو. تاتڵیساس یانی عەشقی غەمگین، یانی شکست و یانی پاکیزەیی، یانی سەرچنار و خۆخواردنەوە و قسە نەکردن. ئەم پیاوە تەنها بەشێك نییە لە ئێستا بەڵکو پاژێکیشە لە نوستالۆژیامان.

نووسەری فرەنسی **ئەلبێر کامۆ** لە ڕۆمانە ناوازەکەیدا (کەوتن)، لە زاری تاقە کاراکتەرەکەیەوە شەوی ناو مەیخانەیەك دەڵێت: "*خۆشترین برادەرێتی برادەرێتییە لەگەڵ مردووەکاندا، چونکە چیتر ئەوان شتی تازە و ترسناك لە پیاو داوا ناکەن. ئەوان ئەمین و ئارامن، چونکە وان لە ڕابردووی ئێمەدا.*" وێناکردنی ڕابردوو وەك شوێنکاتێکی پەی پێبراو و ئارام، تاڵێکی ئەستووری ئەو تەونەیە، کە ئێمە بە ژیانی پاستمانەوە داو دەکات.

نازانم بۆ، کە هەواڵی تەقەکردن لە تاتڵیساسم خوێندەوە لەخۆوە هەستم کرد شتێك لە مندا، لەڕابردوومدا هاڕە دەکات و دێتە خوارێ! هەڵەیە وا تەفسیری بکەین ئەو ڕووداوە تەنها هەوڵی تیرۆری مرۆڤێکی بچووك بووە لە کووچەیەکی دەوڵەمەندنشینی شارێکی پانزە ملیۆنی وەك ئیستانبوڵدا، نـــا ئەوە تەقەکردن بوو لە فورات و لەیل و ئیمپراتۆر، ئەوە فیشەکنان بوو بە گۆرانییەوە. شیکپۆش بە ویقار، هەموو شتێك لەم پیاوە دەهات، کێ ئەو گرتەیەی نایەتەوە بەرچاو، کە پێکێکی سپی بە یەك جورعە هەڵ ئەدا؟

چڵێسی ئەم ئیمپراتۆرە بۆ ژن و بۆ خواردنیش بەو ڕوحسووکییەوە دەبیاتەوە سەر زۆربا. ئەو لەیەک کاتدا هونەرمەندێکی بوزورگ و دەوڵەمەندێکی خۆشەویست بوو، کە ئاسان نییە ئەم دوو تایبەتمەندییە لە هیچ کەسێکدا کۆ ببێتەوە.بە ڕۆشتنی تاتلیساس بەشێك لە ڕابردووی ئێمەش وەك هەوادار و گوێبیستێکی دەڕوات، ئێستا چەند زەحمەتە مرۆڤ لەم ڕۆژهەڵاتە بژی و لەپڕ ڕابردووی لێ بکەوێ و ئیتر بڕوات!

٢٠١٢

## ئیرۆتیکا

لەهەر شتێکدا سەرەڕۆ و عەبەس بم... لە خۆشەویستیدا ورد و هێورم... هەربۆیە کونیلە وردەکانی جەستەت، سەرتاپا، موو بە مووتم خۆشدەوێت... گۆی مەمکی چەپت ماچ دەکەم، کە ئێستا ئەم دێرە دەخوێنیتەوە بروسکەی پیا دێ!

# فەلسەفەی سێلفی

ژیان لە تۆڕی ئەلکترۆنییدا، ژیانێکی هەڵەیە، سێلفی کوانتۆمی ئەم ژیانە هەڵەیەیە، وێنەگرتن و بڵاوکردنەوەی وێنەی خۆت بەدەستی خۆت، زمانی بێ زمانە... ئەمڕۆ سێلفییەکەت لە جێی خۆت قسە دەکات، لە جێی خۆت شاد و لەجێی خۆت غەمگین دەبێت، ورد سەرنج بدە، دەبینی سێلفییەکان شت دەڵێن، گفتوگۆ دەکەن، پێدەکەنن، توڕە دەبن... سێلفی شوێنگۆڕکێی خۆتە لە کەنارەوە بۆ چەق، ئەم سێنتراڵیزەکردنەی خۆت، شەڕی ئەوەیە، کە بڵێی منیش هەم، منیش لێرەم، ئەمە منم.

تەماشای ئینستیگرام، تەماشای تویتەر و فەیسبووک بکە، سێلفی لەگەڵ پاپا و مەلا و سەرۆك، سیلفی لەگەڵ تابووت و تەرم و مردوو، سێلفی لە خەوی گێژی دوای سێکسدا، لە کەنار دەریا، لەسەر جادەی پیس، لە خۆپیشاندان... جا مرۆڤ لە کوێ سێلفی نەگرتووە..؟!

ئەگەر سینەما، شانۆ، کتێب، بەگشتیی هونەر و ئەدەبی پۆست مۆدێرن لە چاپە ناوەکییەکەیدا، ناپەیامانە وەستانێکی توندبێ لەسەر تاك، دەرخەری عەیبوعارەکانی، نێشاندانی ئەو کەلێنە گەورانە بێت کە لەم سەیدی مەخلوقاتەدا هەیە، لە چاپە



Scanned with CamScanner

دەرەکیەکەشیدا ڕەخنەکردنی سیستەم و ناعەدالەتی دونیا و ڕاکردن بێت لێیان، ئەوا سەرەنجام ئەدەب و هونەر پێچکردنەوەیە بەدەوری خۆتا، کەچی سێلفی لێدانە لەم سوبێکتیڤەش بە سوبێکتیڤێکی تر کە خۆیەتی..!

سێلفی دڵنیاکردنەوەی خۆتە لەوەی لە جیهاندایت، کاتێ سێلفییەکی خۆت دەخەیتە بەرچاوی ئەوانی تر، دەتەوێت ئەوان تۆ ببینن و بە بیننیت بوونی تۆ پشتڕاست بکەنەوە... واتا ئەوەی لە سێلفیدا گرنگە، پرۆسەی نیگاکردن و شێوازی خۆخستنە بەرچاوە، بەوەدا لە دونیای سەرمایەداریدا مرۆڤ وەك تاك ونە، شتێکە کە نییە، ئیتر لێرەوە سێلفی زمانحاڵی نـــــایەکی گەورەیە بەو ون بوونە.

پێچەوانەی مرۆڤی بەر لە مێژوو، کە باڵندە و ڕم و پادشاکانیان لەسەر تاشەبەردەکان، بە قەدپاڵی شاخ و ئەشکەوتەکانەوە نیگار دەکرد، مرۆڤی نوێ، تەنها خۆی نیگار دەکات... بە زمانی حاڵ دەیەوێت بڵێت، ئەوەی لەگەڵ مندا نەبێ نییە، بەجۆرێ کاتێ کەسێك لە پاریس لە تەنیشت بورجی بەناوبانگی ئیڤڵەوە سێلفییەك دەگرێ، نایەوێ بڵێ ئەوە منم لە تەنیشت ئیڤڵەوە، بەڵکو دەیەوێ بڵێ، ئەوە ئیڤڵە لە تەنیشت منەوە..!

ئەگەر هایدگەر لێرەبایە، دەبوو دەستکاریی فەلسەفەکەی خۆی بکردابا. ئێستا ئیتر (بوون) لەگەڵ ئەوانی تر، پێشمەرجی بوون

نییە... ئێستا شاشەی بچووکی ھاندەکەی من، پێشمەرجی بوونی ئەوانی ترەوە، بەجۆرێ ئەوەی نەیەتە وێنەکەمەوە و لە تەنیشت منەوە دەرنەکەوێت، ئیدی ئەو کەسە، ئەو شتە، ئەو شوێنە بوونی نییە..!

## ئاوڕ..!

لەگەڵ ئازیز پیاسەمان دەکرد، کچوکوڕێك دایان بەلاماندا، کچەکە چاویلکەیەکی ڕەنگ کاڵی بەرھەتاوی لە چاودا بوو، شۆرتێکی کورت و تیشێرتێکی ڕەشی کردبووە بەری. زۆر سەیری کرد، زۆر ورد بووەوە... من دەمدی لەودیو چاویلکەکەیەوە، پێڵووەکانی بچووك کردبووەوە، وەك ئەوەی من ئەوم خستبێتە بیری کەسێکەوە، کەسێکی دوور... دوور...

کە برێ لە ئێمە تێپەڕین، من لە شوێنی خۆم وێستام و بیرم کردەوە، ئەم کچە چەندێك لە تۆ دەچێت، ئەم کچە چەندێك تـــۆیە..! ئاوڕێکم دایەوە، تەماشا دەکەم، کوڕەکە ھەژدەر قسەی بۆ دەکات و خۆی ئاوڕی داوەتەوە بۆ من... ئاوڕێك، وەك ئاوڕەکەی **ئۆرفیۆس** بۆ **ئۆردیکا** لە ھادەس... ئاوڕێك، لەو ئاوڕانەی کە مرۆڤ یەك جار، تەنیا یەك جار لە ژیانیدا بۆ کەسێکی دەداتەوە، کە سوور دەزانێ ئیتر نایبینیتەوە.

# ڕۆح لە قەفەسی زانستدا..!

ئەگەرچی هاوڕێ و دۆستی باشم لە نێوان سۆسیۆلۆگ و (دکتۆری دەروونیی!)یەکاندا هەیە.. بەڵام ئەوان هەمیشە بۆ ئەوەی پسپۆڕێتییەکەی خۆیان نیشان بدەن، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە خۆیان دکتۆرن، هەموو هەوڵێکیان دەخەنەگەڕ تا بیسەلمێنن، تۆ نەخۆشی..!

ئەم ئاوە فرۆیدی باوەگەورە ڕشتوویەتی. لە دەرونشیکاریی فرۆیددا هەر ئەوە بەس نییە، دکتۆرەکە وا تێبگات تۆ نەخۆشی، بەڵکو دەبێ بە نەخۆشیش بقەبوولێنێ کە ئەو دەردەدار و داماوە و ئەوەجی بە تراپی (چارەسەر)ـە!

بۆیە ئەگەرچی پێشینانی نزیک بەگاڵتەوە گوتویانە: (دکتۆرە نەفسییەکان هەموویان شێتن)، بەڵام ڕستەکە ڕاستییەکی گەورە و ترسناکی تێدایە، ئەو ڕاستییە لەم جۆگەیە ئاو دەخواتەوە، کە ئەگەر وەك خشتەکەی ئەوان هەڵنەسی و دانەنیشی، ژەمەکانت لە کاتی خۆیدا نەخۆیت، ژمارەی سەعاتەکانی خەوتنت یەکسان نەبێت بەو سەعاتانەت ئەوان بۆ مرۆڤ دیاری دەکەن، ئەوە تۆ نەخۆشی!!

فرۆیدیزم، سەرقورس و ڕەزا تاڵە، بۆ خۆی نوکتەیەکە سوعبەت نازانێ، هەر ئەوەندەی قەبووڵت کرد، هەر ئەوەندەی چویتە

ناوییەوە، ئیدی وەك سیستمە تەلەزییەکەی ناو ڕۆمانەکەی **کۆنستانتین گیۆرگیۆ**، وەك ژیانی توندڕێکخراوی ناو کتێبەکەی جۆرج **ئۆرویل**، وەك کۆشکەکەی **کافکا**، قوش نییە بزانێ، ئەبێ لە کوێوە بچیتە دەرەوە..؟ فرۆیدیزم بە فەرمی ئینسانی لەگەڵ یەکتردا نا، هەر لەگەڵ خۆیدا کرد بە دوژمن.

تا پێش ئەوەی ئەم پیاوە تەشریف بفەرموێ، ئەفسانەکان، ئایدیای باوی خەڵك، ئاینەکان، دوژمنی ئینسانیان لە دەرەوەی خۆی وێنا دەکرد. بەڵام ئەم ئیمپراتۆرە پەردەی لەسەر دیوە ئاژەڵییەکەمان هەڵدایەوە و ترسانکییەکەشی لەوەدایە ئێستا شوێنکەوتوانی فرۆید لە خودا زیاتر باوەڕیان بەو پیاوەیە!

بە ڕای چکۆلانەی من، میتۆدی دەرونشیکاریی، خۆی هەلاهەلایە و ناتوانێ وەلام بە کێشەی مرۆڤایەتی و بە تایبەتیش چەمکێکی قژقژو پڕکێشەی وەکو چەمکی (ڕۆح) بداتەوە... ڕۆح ناچێتە تاقیگە و لابۆرەوە و کە کێشەشی تێکەوت بە فرۆید و ئاربابەکەی چارە ناکرێت...

ڕەنگە فرۆیدییەکان، سۆسیۆلۆگێ، دکتۆرێکی دەروونیی، بتوانن دڵتەنگی منداڵێ عیلاج بکەن کە پشیلەکەی مردووە، یان کچۆڵەیەك کە یارەکەی جێی هێشتووە، بەلام کەسێ کە کەلکەڵەی گەورەی وجودی هەیە، بەوان مەرهەم ناکرێ!

# خۆشەویستی یەکلایەنە..!

لە ئاسمانەوە پەشمەک نابارێ

خۆشویستن لە دۆخی یەکلایەنەدا، پلەکەی لە خۆشەویستی ئاسایی زۆر بەرزترە و لەڕاستیدا خۆشویستنە بە پلەی ڕێختەر، ئیدی تۆ لە خۆشویستنی بەرامبەرەوە دەچیتە سەر خۆشویستنی ئەو شتانەش کە کەم و زۆر پەیوەندیان بە (یار)ـەوە هەیە. هاوڕێیەکم دەیگوت (تاسە)ی کۆڵانەکەشیانم خۆش دەوێت. ئەی ئەوە نییە شەهید (بەکر عەلی) شاعیر دەڵێ: "ئەم دڵە باڵندەیەکە، شەوانە دێ پەروباڵی لە دەرگاکەتان هەڵدەسوێ".

لە خۆشەویستی یەکلایەنەدا، کەسی عاشق دەیەوێ مەعشوق بە هەمان پلەی خۆی، ئەمی خۆشبوێت..! دەیەوێ ئەویش وەك خۆی، سوتاو، بێدار، ئۆقرەی لەبەر بڕاوبێ... لەو ڕۆژانەدا لە دەرسی وێژەدا ژیانی ژنە شاعیرێکی دڵشکاوی سویدیمان خوێند، لە دێڕێکدا دەڵێ: "هەموو یەکشەمانێ لە کلێسا دوعا دەکەم، خەو نەچێتە چاوت"! ئەوە لە کاتێکدا لە قەرقەشەیەکی وەکو خۆشەویستی یەکلایەنەدا، کەسی بەرامبەر یا بێخەبەرە یان نایەوێ بەخەبەر بێت..!

لەم جۆرە پەیوەندییەدا خۆشەویستی، لە خۆئازاردانێکی بچووکدا کورت دەبێتەوە... مرۆڤ لە دۆخێکی وەهادا، لەگەڵ دێوێك دەرگیرە، تا ئینسانێك... دێوێك کە لە ڕاستیدا بوونی نییە و ئەم لە تەونی



Scanned with CamScanner

خەیاڵی خۆیەوە چنیوێتی... دێوێك کە وا دەزانی ئەگەر دەستت پێی بگات، ئیتر گرێی بەختت دەکرێتەوە، ئیتر دونیا دەبێ بە هەوری پەمەیی، ئیتر تۆ ئیکسیری ژیان دەدۆزیتەوە... وا هەست دەکەیت ئەگەر کەسی بەرامبەر بۆ تۆ ببێت، لە ئاسمانەوە پەشمەك دەبارێ..!

من لەبەر ڕێزی خوێنەرەکانم نامەوێ دۆخێکی ئاوها بە (نەخۆشی!) ناوزەد بکەم -لەبەر هیچ نا، لەبەر ئەوەی حورمەت بۆ مێژووی خۆم قایل دەبم و وەك زۆربەی ڕۆژهەڵاتییە شەرمنەکان خۆیشم لە دۆخی وەهادا ژیاوم- ئەگەر کەسێ لێم بپرسی ئەی چۆن چاك بوویتەوە، چۆن ئەم دۆخەت تێپەڕاند..؟ من لە وەڵامدا یەك دونیا خەجاڵەت دەبم و پێی دەڵێم:

## "کوا چاك بوومەتەوە"!

## بە کوژراوی..!

من وتم: "ئەمەندە مەڵێ (میـــرم!)، من ئەگەر میریش بم کوژراوم"... تـــۆ وتت: "ئاخر میـــرم... میـــــر بە کوژراوی شکۆی زیاترە..!"



Scanned with CamScanner

# زمان لە زاری لاڵدا

پێشکەوتنی زمان پەیوەستە بە فراوانبوونی توانای بیرکردنەوەی مرۆڤەوە، ئەگەر بە فۆرماتی فەیلەسووف زمان و بیرمەندی نەمساوی (ڤیتگنشتاین) ئەم ڕستەیەی ئێستا دابڕیژینەوە دەبێ بڵێین، لە ڕاستیدا پێشکەوتنی فکری بەشەریی پەیوەندیی بە فراوانبوونی توانای زمانەوە هەیە.

زماناس و ڕەخنەگرانی ئەدەبی هەر دووبارە بوونەوەیەك – چەندجارەکردنەوەی وشەیەك بۆ چەند مانایەکی جیاواز– لە زمانێکی دیاریکراودا، ئەوجا لە تاڵ سپرۆگ –زمانی سەرجادە–وە تا ئاخێوەران و بەکارهێنەران و نووسەرانی، بە کورتهێنان پێناسە دەکەن و ئەمەیش وەك ڕیلەرێك لە ئاستی گشتیشدا ڕاستە...کەچی دوێنێ خوێندمەوە، لە وڵاتیکی خاوەن ٣٢ میلیۆن سەرنشینی وەکو عێراقدا حەوت میلیۆن کەس ناوی سیانیان –واتە ناوی خۆیان و باوکیان و باپیریان– وەکو یەکە!!

ئەوجا بیرلەوە بکەرەوە زمان لەوێ لە قۆناغی بەر لەشیرەخۆرەیدایە و نەبەکامێکە بێ دوودڵی لاڵ دەردەچێت..! لاڵێك کە توانای لێکبوردنی لەدەست دەدات، چونکە قەڵمڕەوەی تێگەیشتنی لە تۆپەڵێ وشە تێناپەڕێت.

# جیابوونەوە

خۆی هیچ نالێ..! خۆم هیچ نالێم..!

دۆستان تێکەوتوون خەریکن دڵی شکاوم دەدەنەوە... حاجی دەڵێ: "ئاوا نابێ... دەبێ لە مەراسیمێکی شکۆداردا ئەڵقەکانتان بشکێنن!"... ئاغای حاتەمیی لەو دووری دوورەوە بەنەوایەکی دۆستانەوە دەنوسێت: "دوستى يك اتفاق است و جدائى يك قانون".

غەڵبەغەڵبێکی گەورەیە، من حەزدەکەم تۆزێ بەتـــەنیـــا بم... لێ ناگەڕێن... دێم موبایلەکم دابخەم کە دەبینم پڕە لەنامەی جارانی تـــۆ... کردویانە بە قەرەباڵغیی لە دەورمن کە من ئەزانم هەموو ئەو هەراو هوریایانە خامۆش دەبن و بە تەنیا یادی تـــۆ لە دڵی شکاوی مندا چوون پشکۆی ناو خۆڵەمێش بە سووری دەمێنێ.

دۆستەکانم تا دێت زیاتر دەبن و نیازیان نییە دەورم چۆڵ بکەن، من هیچ نالێم، بە بێ دەنگیی بە هەموویاندا هەڵدەڕوانم، بەپەلە سەر دادەخەم و دێڕێکی ڕامیار لەبەر خۆمەوە دەڵێم: "بۆن بـــەهــەمـــوو شـــتێـــکی ڕابـــردووتـــەوە دەکـــەم...!" ئەی ڕاسترین هەڵەی ئەم ژیانە خەراپەی پیاوێك کە منم!

# تۆ من بەچی دەزانی..؟!

من تا ئێستاش سەتەلایتم نییە، نیمە چونکە تەلەفزیۆنم نییە، من ئەهەلی ڕادیۆ کۆنەکانم، ئێستاش شەوی شەممان، لە ئێزگەی ئیسرائیلەوە سەعاتێك گوێ لە ئوم کەلسوم دەگرم... کە عەسران بیری مردووەکانم دەکەم، کە دڵم پڕ دەبێ، دەچم بۆ گۆڕستانە بێدەنگەکەی ئەوبەرەوە و بە هێدفۆن گوێ لە وەلید ئیبراهیم دەگرم، کە بەو دەنگە غەمگینەی سورەتی یوسف دەخوێنێ.

تۆ من بە چی دەزانی..؟ من ئێستاش سەموون دەکەمە زەرفی کاغەزی قاوەییەوە، سوبحانە کەرەی ئەلبان دەخۆم، بە سابوونی جەمال، بە شامپۆی یاسەمین خۆم دەشۆم... من ئێستاش بەیانیان بە ڕۆبێك و جووتێ نەعلی پیاوانەوە، باخچەکە ئاوڕشێن دەکەم، لەو دیو دیوارە نزمەکەی حەوشەوە، بەیانی باش لە ست نەسرین دەکەم، ئەو مامۆستایەی مێردەکەی لە شەڕی ئێران و ئێراقدا کوژرا و ئەم بەدیار منداڵەکانییەوە دانیشت و شووی نەکردەوە.

تۆ من بە چی دەزانی..؟ من ئێستاش لە جامی لیڵی پاسێکی پۆلۆنییەوە قوڵم دەردەهێنم و هەزار دوعا دەکەم، دایکم وەك هەمیشە، لە داڵغەی برا کوژراوەکەیدا بێ و لە من تورە نەبێ... لە من

تووڕە نەبیٚ کە تەسجیلە کۆنی پاسەکە گۆرانییەکی ئیبراهیم خەیات دەڵیٚ، ئەها ئەوەی دەڵیٚ: (**ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا**).

تۆ من بە چی دەزانی..؟ من ئێستەش کە دەستم بەتاڵ دەبیٚ، سەری سەتڵی ماستەکە دەتاوێنمە ناو شوشەی دەرزی ئەمپسلین و مەدالیای ڕەنگاوڕەنگی لیٚ دروست دەکەم، با هەزار جار دەستم بلەرزیٚ و دڵۆپەی بتکێتە سەر پەنجەم و کسپە لە دڵم هەڵسێنیٚ، چۆن کۆڵ دەدەم..؟!

تۆ من بە چی دەزانی..؟ من ئێستاش لە خانەقاکەی مەولانا خالید دا، لە دەرسی دووەمی مامۆستا مەلا عابیدا خۆم دەدزمەوە بۆ کالمیرۆ، بۆ بابەسەنفور، بۆ گلاندایزەر، با مەلا سبەینیٚ دە داری پشتی دەسیشم لیٚ بات... بە جزمی عەممە قەسەم، من ئەفلام کارتۆنم لە تەحیات و کورسی نەعنام لە ئایەتەل کورسی پیٚ خۆشترە، ئەو خوداگیانەش ڕووڕەشم بکات ئەگەر درۆ بکەم...

بەس خۆزگە بە خۆزگایەتی خودا بمزانیایە، تــۆ من بە چی دەزانی..؟

# من یەهودام..!

لە دیدی چکۆلەی مندا، نکوڵیکردنی شەمعون (پەتروس) لە عیسا، سێجار لەسەر یەك و بەر لە قووقەی کەڵەشێر، تاوانێکی لەوە گەورەترە، کە یەهودای ئەسخەریوتی کردوویەتی. یەهودا هیچ خیانەتێکی بەرانبەر بەڵێنەکەی خۆی بە مەسیح نەکردووە -ئەگەر چیرۆکەکەی ئینجیل ڕاستیش بێت- هەر بۆ خۆی چوونی یەهودا بۆ لای پیاوانی ڕۆم و خەبەردانی لە عیسا، جۆرێکە لە دووپاتکردنەوەو سەلماندن و گەواهیدان لەسەر مەسیح، نەك نکوڵیکردن وەك ئەوەی پەتروس کردی، کەچی لە مێژوودا، پەتروس دەبێ بە جێنشینی مەسیح و یەهودا دەبێ بە جێی نەفرەت! چارەنووسی یەهودا، زۆر نزیکە لە چارەنووسی مرۆڤەوە.

چیرۆکی یەهودا، سەرنویشتی مرۆڤ خۆیەتی، کە وەك تاوانبارێك لەدایك دەبێت و وەك خیانەتکارێك دەبێ بمرێت. ئەو ئەگەرچی لە دوازدە هاوڕێ بەهەشتییەکەی مەسیحە، بەڵام جێگای جەهەننەمە! زیاد لە دوو هەزار ساڵە، خەڵك نەفرەتی ئەم پیاوە دەکات و نازانێت بۆ..؟! دوو هەزار ساڵە، ئەم پیاوە سیمبولی خیانەتە لە فەرهەنگی مرۆڤایەتیدا و کەسێ نەیوێرا پارێزەری بێت. لەڕاستیدا ئەوەی تەنیایە مایەوە، مەسیح نییە، ئەوەی تەنیا مایەوە، ئەم کوڕە ڕەشتاڵەیەیە، کە هەم ڕۆمەکان پشتییان لێ کرد، هەم جوولەکەکان، هەم مەسیحییەکان... ژیانی

یەهودا، ژیانی هەموو مرۆڤێکی تەنیایە... لە قومارکردن بە چارەنووسی ئەم پیاوە، خودا و شەیتان دەست دەنێنە نێو دەستی یەک. لە دوای زویرییەکەیانەوە ئەوە یەکەم جارە ئەو دووانە پێکەوە تەوقە بکەن و بەدەم یەکەوە پێ بکەنن.

بەڵام ئەمە هەموو چیرۆکەکە نییە، لە پشت ئەمانەوە، ئەوەی بۆ هەتاهەتایە ئەم تەڵەیە دەتەقێنێت بەنێوقەدی یەهودادا، ئیرەیی توندیەتی لە مریەمی مەجدەلییە. مریەم، ژنێکی عاشقکوژە، کە لە دوای ناسینی مەسیحەوە، ڕووی لە کۆنە عاشقی خۆی، لە یەهودا وەرگێڕاوە و یاری لێی بووە بە ئەغیار!

## شارێکی تر..!

من کە دڵم تەنگ دەبێ، دەچم بۆ شارێکی تر... بەفرێکی نەرم دەبارێ و دونیا شینە... من ئێستا لە شارێکی ترم! شاری دووەم، هەر بەوەدا، کە سیمایەکی جیاوازتری لە شاری یەکەم هەیە، شووناسێکی جیاوازتریشی هەیە. هەناسە لەم شارانە سووکترە، پیاسە خۆشتر و بوون جێگیرترە، شارەکانی یەکەم تەنها بۆ ئەوە هەن تا تیایاندا بیر لە شارانی تر بکەینەوە.

ئادەم لە بەهەشت دەیوست شوێنەکەی بگۆڕێ، سێوەکە بیانوو بوو.

# بۆنی پیاو..!

ئەگەر سەرەتای دروستکردنی عەتر، لە گژوگیا و گوڵان، مۆتیڤەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، ئینسان ویستوویەتی بە شتێک بۆنی ناخۆشیی جەستەی لێ بڕوات، تا ئەوانی تر سپەیسی لێ وەرنەگرن و لێی دوور نەکەونەوە، ئەوا ئێستا عەتری نوێ ئەرکێکی گرنگتری هەیە، ئەرکێک، کە توانای کەمەندکێشکردنی ئەوانی ترە بۆ نزیکبوونەوە.

لەوانەیە بەکارهێنانی عەتر لەسەر جەستە هەوڵێک بێت بۆ شاردنەوەی بۆنی ناخۆشی ناخیشمان. ئێستا هەر کەسێک لە ئێمە عەتر لە خۆی دەدات، بە زمانی حاڵ دەیەوێت بەوی تر بڵێت: وەرە کەپووت بنێ بە گەردنمەوە، تا بزانیت چ بۆنیکم هەیە!

بەڵام من دەمەوێ باسی عەترێکی تر بکەم، عەترێک، کە خودا دڵۆپاندویەتییە ژێر پێستی پیاوەوە، عەترێک هەموو کات بۆنی نایەت.

هەروەک چۆن مێینەی ئاژەڵە یەکسمەکان لە وەرزی زاوزێدا، بۆنێک دەردەن و سەرنجی نێرەکانیان بۆ خۆیان ڕادەکێشن، لە مرۆڤدا بەپێچەوانەوە، پیاوان ئەو بۆنە دەردەدەن، بۆنێک، کە خۆشیان وەک زۆر شتی تری خۆیان لێی بێ خەبەرن! پیاوان کاتێک ئەم بۆنە ژنکوژە، ئەم عەتری خودایە دەردەن، کە لە پەیوەندییدا بن لەگەڵ ئافرەتێک. ئەوەشی ئەتوانێ ئەم بۆنە بکات بە تەنها ژنان خۆیانن، بۆنێکە پیاو تێیدا ڕۆڵی ونە، خۆی نازانێت، لووتی هیچ پیاوێک لە دونیادا ئەم بۆنەی



Scanned with CamScanner

نەکردووە، بۆنەکە شلەیەکە لەژێر پێستیاندا چڕ بۆتەوەو وەك خەرمانەیەکی ڕووناك، بەڵام نادیار بە دەوریانەوەیە. ئەم بۆنەی پیاو لە لووتی ناسکی ژناندا، عەترێکە زۆر لە دامبێڕ و نۆوەن و پۆلۆڕێد و بۆتیگا خۆشترە.

ئەوەی ئەلفوبایەکی لەبارەی سێکسەوە خوێندبێتەوە، دەزانێت ئەوەی ژنان شێت دەکات، بە تەنها قەدوبالا و چاوی گەش و سنگی پان و دەستی پڕ ماسوولکە و پەنجەی درێژمان نییە. بەڵکو ئەوەی ژنان هار دەکات بۆنمانە، بۆنێك، کە هی هیچ دوو پیاوێك لە دونیادا، لەیەکتر ناچێت!

## تـــۆ

لە قیتاردام... شەمەندەفەرەکە لای ماڵی ئێوە وچانێك دەدات، کە من چاو بۆ تـــۆ دەگێڕم و سوور دەزانم تـــۆ لە دونیادا نەماویت - لایەنی کەم لە دونیای مندا- بەڵام بۆ هێشتا بۆنی عەترەکەت بە دیواری وێستگەکەوە و جێپێ بچووکەکانت هێشتا لەسەر کۆنکرێتی ستاخونەکە جێماون..؟!

# لەنێوان نەخۆش و نووسەردا..!

لە قەدیمدا هەرچییەکیان بۆ نەهاتایە تەعریف بە موتساتسەکەی
ئەویشیان پێناسە دەکرد، ئێستا بۆ ئەوەی بزانین مرۆڤی ساغ کێیە؟
دەبێ بزانین نەخۆش کامەیە (هەڵبەت نەخۆشی دەروونیی).
بە خێرایی و بە دێرێك، نەخۆش ئەو کەسەیە، کە بیرکرنەوە و
هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکی نۆرماڵ جیاوازە و ئەو جیاوازییەشی لە
زیانی خۆی و ئەوانی ترە. جیاوازیی نێوان نووسەر و نەخۆش
ئەوەیە، یەکەمیان دەزانێ چی دەکا و بۆ دەیکات، لەکاتێکدا
دووەمیان لەژێر باری کۆمەڵێ تەوژمی ناخەکیدا، نە خۆی بۆ کۆ
دەکرێتەوەو نە دەتوانێ ئایدیاکەی بە شێوەیەکی کۆرێکت بەیان
بکات.

زۆر زەحمەتە بزانی نەخۆشێکی دەروونیی، چی دەڵێت، بەڵام لە
ڕووبەڕووبوونەوە لەبەردەم کتێبی نووسەرێکدا وانییە. چەند شەرمە
تۆ کۆ بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤایەتی وەك ئیفرازاتی ڕۆحی خەڵکی
نەخۆش سەیربکەیت، بە **مارکیز** و **تۆماس مان** و **جۆیس** و **کازانتزاکی**
و **پامۆك** بڵێی نەخۆش! ناونانی نووسەرەکان وەکوو نەخۆش و شێت
و جادوولێکراو، میراتی دەسەڵاتی ئاینی سەدەکانی ناوەڕاستە.

فەرموون زەحمەت بکێشن، پێم بڵێن لە کوێدا فرۆید هەموو نووسەرەکانی دنیای بە نەخۆش زانیوە؟ لە لاکان بەرەوژوور و دەروونزانیی نوێدا، یەک قوتابخانە، یەک میتۆد، یەک توێژینەوە، یەک کتێب، تەنانەت دیالۆگی سەرپێی و تەلەفزیۆنی یەک پرۆفیسۆر، تا یەک دکتۆری دەروونناسم بۆ بنووسن، سەروبەر: هەموو نووسەرەکانی دنیای بە نەخۆش دانابێ!

## خوداپەرستی بەڕێگای هەڵە

لە (بهاگاڤادگیتا)دا کە کتێبی پیرۆزی یۆگیەکانە، کەوتم بەسەر دێڕێکی دڵڕفێنی کریشنادا دەڵێ: "ئەوانەش کە بت دەپەرستن هەر من دەپەرستن، بەڵام بە ڕێگایەکی هەڵە"... بیرم لە ~ڕێگای هەڵە~ دەکردەوە... لەبەر خۆمەوە دەمگوت بۆ لێناگەڕێی هەرکەسمان بە ڕێگای خۆمان تۆمان خۆشبوێ؟ کوا ڕێگای هەڵە لە دنیادا هەیە؟ ڕاست و هەڵە ئەو گەمە زمانەوانیانەن کە ئێمە دامان هێناون و دەیانکەین... عالی جەناب، ڕوخسەت بفەرموو من بە(ڕێگای هەڵە)ی دڵی خۆم، خۆشم بووێیت... خودایا... خەریکی حەلکردنتم، ئەگەرچی تـــۆ بۆ من موعەممای لایەنحەلی.

# نووسەر و مشەخۆر..!

نووسەرەکان تەوزەلترین مرۆڤەکانی دونیان، هەموویان دەستوپێ سپین، ئەگەر سەنعەتێکی تریان بزانیایە نە دەبوون بە نووسەر... نووسەریی ڕاکردنە لە کار، دروستکردنی کۆشکێکە لە وەهم، قەناعەت پێکردنی خەڵکە بەوەی کۆشکەکە هەیە... پاشان دروستکردنی جێگای تایبەتە لەو کۆشکەدا، بەناوی نهۆمی حەقیقەت، ژووری ئازادی، هۆڵی خەیاڵ... دواتر هاندانی خەڵکە بۆ حەزکردن لەو ژوورانە، پاشتر بە کرێدان و فرۆشتنی ئەم ژوورانەیە بە خوێنەری گێژ... نووسەرەکان بە کرێی ئەو کرێنشنانەی خەیاڵ دەژین.

ئەگەر زەمانی **ئەفلاتون** (پلاتۆ) من هەبوومایە، خۆم دەکرد بە ئەشکەوتی نمونەکەیدا نەمدەهێشت ئەو خەڵکە ئاوڕ بدەنەوە، چییان لە (زانین) چنی..؟ کامەیە بەرهەمی **(ڕاستەقینە)**..؟ **(بوون)**ی سەربەخۆ و و **(جودی ئازاد)** چییە..؟ لە هەموویان خوێڕیتر **(حەقیقەت)** چییە کردووتانەتە سەری ئەم خەڵکەوە..؟ ئەوەتا شەو بە نیازی ئەوەوە ڕۆژدەکەنەوە... لەسەر ئەو برا خەنجەر دەکات بە دڵی برایدا، سەرۆک میلەتەکەی پێ قەتلوعام دەکات، ئۆپۆزسیۆن نەیارەکەی بۆ سەر دەبڕێ.



Scanned with CamScanner

نووسەرەکان دەبێ بە تاوانی هێنانی خەیاڵ بدرێن بە دادگا... لە کامپی زۆرەملێدا کاری قورسیان پێ بکرێت... نووسەر و هونەرمەندەکان جوانترین کچەکانی دونیان فریو دا، باشترین پۆستیان بۆ خۆیان چڕی، وایان کرد خەڵك دەست بەسنگەوە بگرێ بۆیان... وایان کرد گەنجێك لە شارێکی ترەوە بێت تا شەرەفی ڕەسمگرتنێکی لەگەڵ ئەم پێ ببڕێت... نەفرەت لە نووسەرەکان.. بۆ ناهێڵن ئەو خەڵکە پاکە ژیانی خۆیان بژین، بڕۆن بۆ سەفەرە، گۆشت ببرژێنن، پێبکەنن، منداڵەکانیان بگرنە باوەش، ژنەکانیان لە ئامێز.. بۆ خەیاڵی سروشتی و بێگەردی خەڵك دەشێوێنن..؟ خودا سەرتان لێ بشێوێنێ..!

## ڕاکێشان

ئەم شەو بۆ من لە خەراپترین شەوەکانی گەردوون بوو، لەدڵی خۆمدا بیری ئەو دوعایەی (باوە فرانسیکۆس)م کەوتەوە کە دەڵێ:
"خودایا... ئەوەندە ڕامکێشە نەچڕێم" من گوتم :
"خودایا... چەندت پێخۆشە ڕامکێشە، بــا بچڕێم."!

# سەرەوە و ژێرەوە..!

هەمیشە سەرەوە خۆشە. فەیلەسوفێکی وەک **نیتشە** باوەڕی وابوو، بەرزەمرۆڤ دەبێت لە جێگای بەرزدا بژی، بۆیە خۆی هەمیشە بۆ گەشت دەچووە بەرزاییەکانی ئەلب. نووسەرێکی وەک **کامۆ** دەڵێت، من حەز دەکەم ئەگەر زیندانی کرام، زیندانەکەم لە ناو قەڵایەکدا بێت لە جێگایەکی بەرز.

من، کە وا نزیکەی ساڵێکە لە نهۆمی ژێرزەمینی ئەم خانووەدا دەژیم، ئەم ئێوارەیە بۆ یەکەم جار سەرکەوتمە دوانهۆمی، کە قاتی سێیە. ئەویش دوای ئەوەی خاوەنماڵەکەم سەفەری کردو داوای لێ کردم، جارجارە بچم و گوڵەکانی بۆ ئاو بدەم.

لەوێوە، چونکە دیمانسیۆن(بوعد)ـەکان شوێنگۆڕکێ پێ دەکەیت، شتی جیاوازتریش دەبیینیت، کە هەرگیز لە خوارەوە ناتوانی بیبینیت. لەم جۆرە وڵاتانەدا خەڵکانی هەژا رو ئاسایی بە تونێلبانە(قیتاری ژێر زەوی) هاتوچۆ دەکەن، لەکاتێکدا ئەوانەی توانای ئیکۆنۆمییان بەرزترە، بە ئۆتۆمبێلی تایبەتیی خۆیان دێن و دەچن، ئەوجا هیچ کاتێك، شار بۆ ئەم دوو جۆرە مرۆڤە یەك شار نییە!

ئەوانەی نێو قیتاری ژێرزەوی، لە پەنجەرەکانیانەوە تەنیا تونێلێکی ڕەش دەبینن، کە وەك دیوارێکی قورقوشمین نیگایان دەداتەوە بە چاویاندا. لەکاتێکدا ئەوانەی سەرزەوی لە جامی ماشێنەکانیانەوە، شەقامی خاوێن، باڵەخانەی دڵڕفێن و ئاسمانی شینی پڕ باڵندە دەبینن. چەند ساڵێك لەمەوپێش لە سۆفیا لە نامەیەکدا بۆ دۆستێك نووسیبووم: "کێشە شوێنەکانە، دەبێ شوێنەکان شوێنگۆڕکێ پێ بکەین. بەس تۆ ئەمەندە بۆشی، ئەم قسەیە ناچێت بە هیچ شوێنێکتا..!"

## بەرسڤ

شتێکت پێ دەڵێم لای کەس باسی مەکە، دەزانی خانمان هەمیشە عاشقی پیاوێك دەبن و بەڵام شوو بە پیاوێکی تر دەکەن..؟ ئەی دەزانی چۆن ژیانی ئەوانە دەکەن بە جەهەننەم کە جێیان دێڵن..؟ ها دەزانی..؟

سەرت دامەخە، جوابم بدەرەوە!

# ئەو دوو پیاوە یەک ژنیان خۆشدەوێت..!

عەشقی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی بۆ شەمسی تەبریزی، عەشقی پیاوێك نییە بۆ پیاوێك، بەڵکو عەشقی پیاوێکە بۆ کەسێك کە بە هەمان قووڵایی ئەم (مەعشوق– خودا)ی خۆشدەوێت... بەم شێوەیە، ئەو دوو پیاوەی یەك ئافرەتیشیان خۆشدەوێت، ئەگەرچی زۆرجار وا دەربکەون دوژمنی باوەکوشتە و تینوی خوێنی سەری یەکتریشن، کەچی پەیوەندیەکی نەبینراو، کۆنتاکتێکی مانیلیان پێکەوە هەیە.

ئەو دوو پیاوەی یەك ژنیان خۆشدەوێت، پێوەرەکانی جوانیناسییان لە ئاستێکی سەرسوڕهێنەردا لەیەك دەچێت، هەردووکیان بە هەمان شت تووڕە دەبن، هەروەك چۆن هەمان شت خۆشحاڵیان دەکات... هەردووکیان بە یەك ئاست دڵڕەقن و هەردووکیشیان بە یەك ئاست دڵناسك...

ئەو دوو پیاوەی یەك ژنیان خۆشدەوێت، لەوەدا ڕقیان لە یەکە دەبێتەوە کە خۆیان وەك وێنەی یەکتر دێتە بەرچاو... وەك ئەوەی لەبەردەم ئاوێنەیەکدا بووەستێیت و وێنەی ناو ئاوێنەکە ببێت بە حەریفت... ئەو دووپیاوەی عاشقی یەك ژنن، کە بزمار بەیەکتردا دادەکوتن، قڵیش دەکەنە خۆیانەوە... کە خێسە دەکەنە لەیەکتر،

خێسە دەکەن لە خۆیان... کە ڕقیان لە یەکترە، ڕقیان لە خۆیانە...
ئەو دوو پیاوەی یەک ژنیان خۆشدەوێت، زۆر نزیکن لە یەکتر...
نزیکێکی دوور..!
ئەم قسەیە بۆ ئەو دوو ژنەی یەک پیاویشیان خۆشدەوێت هەر ڕاستە.

## وانەی شەیتان..!

هیچ شتێک هەڵە نییە. ئەگەر تۆ هاوسەریشت هەبوو، کچێك یا کوڕێکی ترت خۆش ویست، بڕۆ ماچی بکە و ئەوەی لە دڵتایە پێی بڵێ. هەڵە هەر نییە، هەڵەش هەر ڕاستە، بەس لە فۆرمێکی تردا. دونیا لەمە خراپتر نابێ، کە بووە. بیرت بێ ئێمە خۆشمان بەرهەمی هەڵەیەکین، کە حەوا کردی... بۆ ئەوەی بیسەلمێنیت تۆ ڕەسەنی و لە پشتی ئادەم هاتووی، دەبێ هەڵە بکەیت..!



Scanned with CamScanner

# بۆ پێکەنین..!

دوو بەدوو لە ژوورەکەداین. من چاویلکەکەم دادەکەنم، ئەو لەبەرانبەرمدا قاچە ڕووتەکانی خستۆتە سەر قاچ، بەلەکی سپی، وەك ئەوەی لە مانگ تاشرابن دەبریقێنەوە.

من تینوو نیم و لەخۆمەوە قومێ لە پەرداخە ئاوەکەی بەردەمم دەدەم. چاوم دەچێتە سەر شلکەی ڕانە سفتەکانی، کە لە تاریك و ڕوونەی ژوورەکەدا هێشتا دەتوانم لەبەرخۆمەوە وردە دەمارە شینەکانی بژمێرم، کە بە پرسیارێ ژماردنەکەم لێ تێك دەدا و دەڵێ: **"ئێ..."** من بۆی دەسەنمەوە: **"ئێ... ئێ..!"** دەیەوێ پرسیارێك بکات -هەر ئیشەکەی ئەوەیە پرسیار لە من بکات- لە دڵی خۆمدا دوعادەکەم پرسیارێکی قورس نەبێ، کە ئەو دەڵێ: **"ئاخیر جار، کە پێکەنیت کەی بوو..؟"**

من مێشکم دەگوشم، چاوم بچووك دەکەمەوە، سەرم هەڵدەبڕم و بۆ دوور دەڕوانم لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە کۆترێکی تەنیا لە سەر تارمی تەلارەکەی ئەوبەرەوە دەبینم خۆی دەخورێنێت... یادەوەریم دەپشکنم، چەند سەعاتێ لەمەوپێش، ڕۆژانی پێشوو، هەفتەی پێشوو... دەفڕمە سەر مانگی پێشوو، خاڵییە بۆ پرسیارەکەی ئەو...!



Scanned with CamScanner

ئەو کە بە قژێکی کاڵی کایی و چاویلکەیەکی چێوە زیوەوە چاوەڕێی منە... دەست دەخەمە قژمەوە، سەرم ڕادەوەشێنم تا ئەم خەیاڵەم بڕەوێتەوە. سەرم بەرز دەکەمەوەو دەڵێم: **"ببوورە خانم من پێنەکەنیوم... زۆر دەمێکە پێنەکەنیوم!"**

لە پشتی ئەوەوە بە لێڵی دەیبینم کۆتری سەر تارمی تەلارەکەی ئەوبەرەوە، هەڵفڕیوە.

## ڕۆژانی بەر لەسەفەر..!

ئەم ڕۆژانە خاو و ناخۆش تێ دەپەڕن. هەزار دیوی هەزار برادەری خۆم بە ڕوونی دەبینم، وەك شتێ، ئەم شارە دەیەوێت ئەم کۆتاییەی خۆی لەگەڵ مندا بە جۆرێ لێ بکات، کە هەرگیز بیری نەکەم. شار چەند حەقیرێکی داماوە، بیری چۆتەوە، کە ئەوەندەش زەحمەت خەرج نەدات، من هەر بیری ناکەم، من و ئەم شارە تازە خوێن لە بەینماندایە.

ئەم ڕۆژانە خەریکی سڕینەوەی هاوڕێکانم. چەندم حەز دەکرد ژیان وەك فەیسبووك، بۆ سڕینەوە ئاسان با... یا (بلۆك)کردنی ئەو حەشاماتگەلەی کە چارەیانت ناوێ، کە ناتەوێ نە بتبینێ، نە بیبینی... نیشتیمان و مەنفاش لە ئاست مندا یەك لە یەکتری خوێڕیترن، خەریکە... هیچ لێ گەڕێ.



Scanned with CamScanner

# یادەوەرییەک لەگەڵ کافکا
# یادەوەرییەک لەگەڵ تـــــــۆ

چەند ساڵێك لەمەوبەر لە وەڵام بە پرسیاری هەمیشەیی دۆستێکدا-
کە ئەوکات زوو زوو لێی دەپرسیم- و بەردەوام بە پێنج پیت و
نیشانەی پرسیارێك سۆراغی دەکردم و دەینووسیی: "چۆنیت؟"
جارێکیان بۆم نووسییەوە: "**من وەڵامەکەمم بۆ ناگۆڕێ، بەس
لەجیاتی تۆ بامایە پرسیارەکەم دەگۆڕی، ئازیزم من باش نیم و
ئەمەش مێژووی منە**".

دوێنێ شەویش درەنگان، کەوتم بەسەر ستەیمێنتێکی جوانی **کافکادا**،
کە ئەو پرسیارە نەفرەتییە وەك حوکمدانێك سەیر دەکات و
دەڵێ: "*کە کەسێك لێت دەپرسێ (چۆنیت؟)، بە ڕاشکاویی
سوکایەتیت پێ دەکات. ئەوە ڕێك وەك ئەوە وایە سێوێك بە سێوێکی
تر بڵێت حاڵی ئەوکرمانە چۆنە، کە تێیان داوی؟*".

کە ئەوەم خوێندەوە (تـــۆ)م بیرکەوتەوە، تەنها تـــۆ لەو دونیا
قەرەباڵغەدا و بەخێراییش ئەوە بەسەرمدا هات، دوای ئەو هەموو
ساڵە من چەند بەوەفام لەگەڵ خۆم و هێشتاش وەڵامەکەم نەگۆڕیوە.
کتێبەکەم داخست و لەبەر خۆمەوە وتم:

**"تەبەڕڕا بن لە من، با کەس نەبێ حەشری لەگەڵ حەشرم"**.

# ئەوەی لە غەریبیی خۆشە..!

غەریبی ئەوەی خۆشە، تووشی پاتەبوونەوە (مەلەل) نابیت، لایەنی کەم لەگەڵ شوێندا ئەم کێشەیەت نابێ، چونکە هەموو شتێکی ئێرە بۆ تۆ نوێیە، نوێیەکی کۆن! نوێیەك، کە ئەگەرچی تۆ جاری یەکەمە لەم کەشە جیۆکلتورییەدا ئەزموونی دەکەیت، بەڵام ئاشناشە. ئاشنایی شتەکانی دەوروبەر لە غەریبیدا ئاشناییەکی خوێنشیرینە. ئەوەی لێرە خاتری دڵت دەگرێ و نایەڵێ وەك مەلەلی ناو وڵات دەست بنێتە بینت: پـانتـاییـە. ئەورووپا بۆ من، هێندەی ئاسۆیی لە زەینمدا کشاوە، هێندە ستوونی هەڵنەکشاوە. هەر بۆیە پانتایی ژوور بۆ من، جۆرێك دڵفەرەحییە... فەرەحییەك، کە خاوەن ماڵێکی میهرەبان لە ماڵێکی قەدیمی تەمەن ١٧٠ ساڵا دابینی دەکات. ماڵێکی ساڵخوردە بە مۆبیلی نیوسەدە لەمەوپێشەوە. ماڵێکی قژ ماشوبرنجی، ئەوەتا لەبەر خۆری کزی ئەم سەرەتای بەهارەدا، لە میواندارییەکی گەرموگوڕدا منی شەرمەندە کردووە. ماڵێك، هەموو خواردنی گەنجینەکەی بە لێنراوی هێناوەتە سەر سفرەی ئێواریێ و زوو زووش بە من دەڵێ: "توخوا نەمێنم هیچی واش نییە... لە قسورمان عەفوو بفەرموون، بەخوا نانی خەجاڵەتییە".



Scanned with CamScanner

# چاکبوونەوە بە گۆرانی..!

چەند سالێك لەمەوپێش لێرە، ڕێکەوتی دکتۆرێکی باش و مهیرەبانم کرد، دوای سەعاتێك گفتوگۆ و پرسوجوو، لەکۆتاییدا هەستا و گوتی: "بەداخەوە توانا، ئێمە لە زانستی پزیشکیی دەروونییدا، حەپێکمان نییە مەسەلەی (خودا) لەسەری خەڵکدا، چارەسەر بکات. ئەوە شتێکە دەبێ خۆت لەگەڵ خۆت یەکلایی بکەیتەوە، بەڵام مۆسیقاش دەتوانێ هاریکارت بێت".

فرێزی کۆتای قسەکانی دکتۆر بۆ من گەوهەرێ بوو، کە من خۆم وەك هەمووان پێشتر هەم بوو، بەڵام لێم ون ببوو. لەو ڕۆژەوە من هەموو بەیانییەك پێش نان: (فەیروز)م هەیە، دوای دەوام و باقی ڕۆژەکە (ڕادیۆی موسیك) گوێ دەدەم، کە دڵم تەنگ ببێت، گوێ لە (نەسیر شەممە) دەگرم. ئەگەر بیری یار بکەم، پاژێکی (ماجیدە ڕومی) گوێ لێ دەگرم.

دوای ئەم ئەزموونانەی خۆم لەگەڵ مۆسیقا، بۆم سەیر نەبوو، کە هەفتەی پێشوو لە پەیجێکی فارسی ڕەچەتەیەکم بینی، کە تێیدا دکتۆرێکی فارس (شەجەریان)ی بۆ نەخۆشێك نووسیبوو.

ئێستا ئازیز، نیگەران مەبە، ڕۆژێك دەبێ دکتۆرەکانی وڵاتەکەی من و تۆیش (خالقی) و (کامکار) و (شەهرام نازری) بۆ خەڵك بنووسن،

بەڵام خەڵك، هۆشیاریی خۆپارستنی نییە، تۆ بچی گوێ لە گۆرانیی خەراپ بگری، ئێ وەڵا وا نەخۆش دەکەوی، بە حەوت حەکیم، ئامەد پێدا نایە.

خۆلاسەی کەلام، ئەگەر دەتەوێ ئاگات لە دەروونی خۆت بێت، دەبێ لەپێشدا ئاگات لە گوێچکەت بێت.

## لە هەموو شارێک شەقامێک

لە هەموو شارێك شەقامێك هەیە کە لەوانی تری ناچێت... وەك شانزە لیزێ لە پاریس، لارامبلا لە ئیسپانیا، ئاپیان وی لە ڕۆما، ماریالویزا لە سۆفیا، لۆمباردۆ لە سان فرانسیسکۆ، ئیستیقلال لە ئیستانبول. لە ستۆکهۆڵمیش شەقامێکی وا هەیە، کە من هەوڵ دەدەم کەمترین جار ڕێم تێی بکەوێت، چونکە بە عادەت وەها باوە دەبێ شتێکت هەبێ لەوێ نمایشی بکەیت. خەڵك لەم جۆرە شەقامانەدا پاسکیلەکانیان، سەگەکانیان، جلوبەرگەکانیان، تەیروتویرەکانیان، هەرهیچیان نەبێت جەستەی جوان و تاتۆکراوی خۆیانیان تێدا نمایش دەکەن... ئەم ئێوارەیە کە بە هەڵکەوت ڕێم کەوتە ئەو شەقامە جێی سەرنجی هەموویان بووم... ئێستاش نیگای کچە کاڵەکانیان وا بەشوێنمەوە... ئەمڕۆ قۆڵمان کردبوو بە قۆڵی یەکدا، من تەنیایی خۆمم بردبوو بۆ ئەو شەقامە!



Scanned with CamScanner

# هەموو ڕۆژێ دەموچاوی تازە..!

ئەم بەندە چکۆلەیەی خودا، خودان زەینێکی تیژە، بەڵام زەینی تیژ بێ سەریەشە نییە، بۆنموونە من دەتوانم دیاریی بکەم، ئەم بەیانییە کێ لە بازاڕ بەلامدا ڕۆیشتووە. بەم شێوەیە ژیان لەناو زەینی زۆر تیژدا دەبێ بە دۆزەخ.

لەگەڵ دایکم تێلەفۆنیی قسەمان دەکرد، شتێکی گێڕایەوە بەوەدا قسەی سەیروسەمەرەیە دەبێ هەر هی من بێت، دایکم گوتی: "بیرت نییە ئێوارەیەکیان لەسەر سفرەکە هەستایت و نانت نەخوارد و تۆرایت؟ کە لێمان پرسیت، چیتە ڕۆڵە؟ تۆ وتت مەعقولە هەموو ڕۆژێ هەر ئەم دەموچاوانە ببینی؟"!

کە دایکم ئەوەی گێڕایەوە من هەم باشم لەیاد بوو، هەم کۆڵێکیش خەجاڵەت بووم، بەڵام ئێستا لە وێستگەی تونێلبانە(شەمەندەفەری ژێر زەوی) سەنتەری شاری ستۆکهۆڵمدا، ڕێڕەوێکی گەورە هەیە - بەوەدا وێستەگەی پاس و شەمەندەفەری شارەکانی تریش دێنەوە سەر ئەوێ، هێجگار قەرەباڵغە- بەجۆرێ لە دەقیقەیەکدا ١٠ هەزار کەس بە دوو ئاراستەی پێچەوانە پێیدا دێن و دەڕۆن.

من زیاتر لە دوو ساڵە هەموو ڕۆژێ بەو ڕێڕەوەدا دەڕۆم، سەیر نەبێ بەلاتانەوە، ئەگەر بڵێم ڕێکەوتی دەموچاوی دووبارەم نەکردووە! بەم



Scanned with CamScanner

قەرەباڵغییش ستاتیکای خۆی هەیە، ئەوە تا ئێرە جۆرە ئەمنی
نوێ لەسەر شتەکانە... نوێییەك، کە هەموو جارێ، هەموو جارێ
جێگای چێژە... چێژێك، کە زەحمەتە دایکم تێی بگات!

## سەیرێکی خۆش لە ئاسمان بکە..!

بونیام کائینێکی سەیرە خودایا! بیری دەچێت، کە ئەم دونیایە، ئەم
سرووشتە بەرینە بۆ ئەو ڕازاوەتەوە و بۆ ئەو دەدرەوەشێتەوە.
هەمووان سەریان داژنەوییوە بەسەر موبایلەکانیاندا، وەك ئەوەی لە
مۆبایلەکاندا، شتی تێدابێ لە چۆلەکە جوانتر و لە ئاسمان شینتر و لە
هەوا خاوێنتر!
لەم سویدە مەزنەدا، درەختی سەر جادە هەیە، دوو ساڵە کەس
تەماشای نەکردووە! لە قیتاردا، لەنێو کەشتی و ماشێندا، لەسەر
جادە، لە بوتیکدا، دوو کەس نابینی سەیری یەکتر بکەن! زەحمەتە
لە ڕۆژێکدا لە ١٠ ملیۆن مرۆڤی ئەم وڵاتەدا ١٠ کەس سەربەرز بکاتەوە
و لە ئاسمان بڕوانێت. ئەم ئەورووپایەی نە دین و نە سیستمی
سەرمایەداریی توانیان سەری پێ نەوی بکەن، ئایپاد و موبایل پێی
دانەواند. ئەگەر ئەم نووسینە لەمە درێژتر بکەمەوە، منیش دەبم بە
یەکێ لەوان، چونکە لەڕێگادام و بە مۆبایل دەنووسم!
با ئاسمان لەبیر نەکەین...

# ڤێستەرۆس Västerås

لە خەو هەستاوم و دەڕوانم بە قەد باڵای من بەفر بارییوە، ٢٥ پلە ژێر سفرە، دایکم دەڵێ: چـــایەکە پێگەیووە.. زەنگە گەورەکان لێ دەدەن، سازێکی خۆشرپیتم و یەک نەوا، بە بەردەم کڵێسایەکی دێریندا تێ دەپەڕم... خەریکم پارچەیەک سەمون هەڵدەم بۆ مراوییەکی ڕەشی کێوی، کە هاوڕێکەم هاوار دەکات: "پۆلیس...!"

سەیرم لێ دێ، بۆ ناکرێ غەریبەیەک دان بدات بەم کوێستانچییانە!

لە ماکدۆناڵدێك بە زەردەخەنەیەکی درۆزنەوە کچێ دوو ساندویچی بچکۆلەمان بۆ دادەنێ، دلاوەر قەرەداغی تێڵ دەکات و دەڵێ "کاکە بۆ نایەیتەوە، چی دەکەیت لەو غەریبییە؟"!

دووبەدوو بە شەقامە بەردەڵان و خشپیلانەکانی شاردا پیاسە دەکەین، شۆخێك لە سەرمادا ڕومەتی سووری ڕچیووە و داوای سیگارێك لە من دەکات، خەریکم دەیدەمێ، کە هاوڕێکەم دەڵێ: "پۆلیس...!"

من لە ملپێچ و کۆتێکی درێژدا خۆم شاردۆتەوە، دەمەوێ تۆ نەمناسیتەوە! بۆنی چـایەکەی دایکم دێت... بەیانی زوو لەناو جێگاکەدا بە لەیلا دەڵێم: "ڤێستەرۆس، زۆر ساردە!" دەڵێ:



Scanned with CamScanner

"ئمم... بەس بە قەد تۆ نـــا!"... دیسان من دڵم پڕ دەبێت، کە دەنگی دایکم لە ناندێنەکەوە بەرز دەبێتەوە و دەڵێ:

"کوڕم... چـــایەکەت ساردد بۆوە".

## هۆگربوون..!

لە دارستانە سەوزەکەدا پیاسەمان دەکرد، هێشتا سەری تەڕ بوو، ئاونگ لە کەزیی کاڵی دەتکا. بەژێر کالیپتۆسێکی گەورەدا ڕۆیشتین، کە گوتی: "توانا... ئەڵێم ئەبێ ئاگامان لە پەیوەندییەکەمان بێت، زۆر هۆگری یەك نەبین." من سەرم بەرز کردەوە، لەسەر بەرزترین لقی دارەکە مەلێکی تەنیا بە دەنگێکی غەریب دەیخوێند، شتێکی غەمگین لە دەنگیدا هەبوو، وەك ئەوەی بۆ مەلێك بخوێنێت، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت هۆگریی بووە و ئێستا جێی هێشتووە، ئاوڕم دایەوە، سەیری چاوەکانیم کرد، کە وەك هەمیشە بۆ دوور ڕۆیشتبوون، وتم:

جا ئازیز... کوا هۆگربوون و نەبوون لە دەستی بونیام خۆیدا بایە"!

# خۆشەویستی و خوشکەکانی

ژنان چییان دەوێت..؟!

ئەوە تەنها پرسیارێکە کە سوکرات لێی هەڵهاتووە! ئەم دەستکردە جوانەی خودا، ئەم بوونەوەرە لەیەککاتدا سادە و ئاڵۆزە کە هەمیشە خۆی وەك وێڵگەردێکی خۆشەویستی دەناسێنێت، کامیان لە وەڵامی: "گرنگترین شت بۆ ژیانت چییە؟" ناڵێن: خۆشەویستی..؟!

بەڵام خۆشەویستی خۆی چییە؟ لای ژنان خۆشەویستی ڕووت و تاقانە نییە... ژنان خوشەویستیان دەوێت و سێکسیش، خوشەویستیان دەوێت و شەخسیەتیش، خوشەویستیان دەوێت و گەنجیتیش، خوشەویستیان دەوێت و بەهێزیش، خوشەویستیان دەوێت و سەرەوەتیش، خوشەویستیان دەوێت و منداڵیش، خوشەویستیان دەوێت و ماڵی جیا و ماشێنی بەرزیش، خوشەویستیان دەوێت و...... جا ژنان لە ژێر پەردەی خوشەویستیدا، چییان ناوێت؟ هەر بۆیە وا باشە کاتێك کوڕێك لەو وڵاتەی ئێمەدا، لە کچێك دەچێتە پێش بزانێت: "**تەنیا خوشەویستی!**" کچان، سکپڕە بە دووپشکی خواستی ڕەشتر..

ئەدی پیاوان، چییان بە خۆشەویستییەوە دەوێت؟! لە کاتێکی تردا.
عەرزتان دەکەم، ئەو بەندە گێژانەی خودا چییان دەوێت.

# جوانیی لە چاوی تەڵخی مندا

ئێستا باشم... لە ماڵەوە دانیشتووم و دەتوانم ئاونگ بە فریشتەوە و مێروولە بە کاکێشانەوە ببینم. ئەو دەڵێ: "دکتۆری ناوێ، من چاوت ماچ بکەم عەلەمی تیانامێنێ".. من بە قسەی ناکەم، ئەچم سەموونی گەرم ئەهێنم و چاویلکەکەم وەردەگرمەوە. کە یەکەمجار لە چاوی دەکەم، دونیا شتێکی ترە... لە ئۆرزدییەوە و لە نامەیەکدا پێی دەڵێم: "ئێستا باشتر دەتوانم جوانیی ببینم، ئێستا دونیا شتێکی ترە... ئەزانیی ئەو هەموو ساڵە چاوم خیانەتی لێ کردوم..؟"

عەلاگەکە دەدەمە دەست دایکم کە دەڵێ: "دەزانی سەموونی گەرم بۆنەکەی لە خۆی خۆشترە.." چاویلکەکە برێ قەلەقی کردووم، دایکم دەڵێ" "لێت دێ... و ئیتر ئەم سەریەشە و شتەشت چاک دەبێ"!

من بە دڵپاکیەکەی ئەو سەرسامم... هیچ ناڵێم، وابزانم هێواش پێدەکەنم.

## تیمار..!

برینی ئێمەومانان بە تیمار نـا، هەر بە برینێکی تر ساڕێژ دەبێ..!

# نیشتیمان کوێ نییه..؟!

هاوڵاتیانی ئەسکەندەناڤی بە ناو ئەو هەموو گوللەباران و مل لێکردنەوەیەی داعش و ئەسەد دا، بە بڕیاری خۆیان و لەسەر بەرپرسیارەتی خۆیان دەچن لە سووریا، برینپێچی دەکەن، زامی منداڵان تیمار دەکەن... خەڵك لە دانیمارك پارە کۆ دەکاتەوە بۆ پاراستنی فیلێك لە کۆنگۆ، ورچێکی یەخسیر لە تاجیکستان... سویدییەك بۆ گیادوورین، بۆ خەرمان هەڵگرتن، دەچێت بۆ هەرەوەزییەك لە ئیکوادۆر...

نەرویژییەك لە قووتی منداڵەکانی خۆی دەبڕێ و دەینرێت بۆ دابینکردنی نانی شێوی منداڵانێك لە کەمبۆدیا... ئەمانە ئەگەر نیشتیمانیی بیریان بکردبایەوە نەیاندەتوانی بۆ خەڵکیی دەرەوەی نیشتیمانەکەی خۆیان ئەوەندە مرۆڤ بن. هەنگاوی یەکەم ئەوەیە، نیشتیمان جێ بهێڵیت. دەست بخەیتە ناو خۆتەوەو ئەو تۆپەڵە خوێنە دەربێنیت و فڕێی بدەیت، تا ببینیت، کە زەوی هەمووی، هەر هەمووی نیشتیمانی تۆیە!

# وەرگێڕەکان دوژمنی خودان

ئەمڕۆ دەفکری ئەفسانەی بورجی بابل کەوتم، ئەوانەی شەویان دەخستە سەر ڕۆژ تا بورجێکی بەرز دروست بکەن بۆ ئەوەی دەستیان بگاتە خودا... بورجەکە ڕۆژ بەڕۆژ بەرز دەبووەوە، خوداوەند ترسی لێ نیشت، ناچار بۆ ئەوەی مرۆڤ پێی نەگات و دەستەکەی کەشف نەبێ خوداوەند هات زمانی خەڵکەکەی گۆڕی، بەجۆرێ کەس لە کەس تێنەگات... بەهۆی تێنەگەیشتن لە یەکترەوە کارکردن لەبورجەکەدا وەستا...

بۆ من چەند سەرنجڕاکێش بوو کە ئەمڕۆ لە وەڵامی پرسیارێکی مامۆستاکەمان لەبارەی (زمانی دایک)ـەوە دەرکەوت لە گروپێکی چکۆلەی ١٥ کەسییدا بە ١١ زمانی جیاواز قسە دەکەین..! بیرم کردەوە فێربوونی زمانی یەکتر، هەوڵێکە بۆ تەواوکردنی بورجەکە و هەوڵێکە بۆ هێنانەدی خەونێکی دێرین، بەم جۆرە وەرگێڕەکان پێش هەر کەسێك دوژمنی خودان.

# له وێستگەی قیتارەکەدا

خوشکم تێلێفۆن دەکات و بە میهرەوە دەڵێت: "دوعامان بۆ کردویت... هەموو شتێ باش دەبێ"! من قسەکەی (داریوفو)م بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێ: "خۆی هیچ شتێك باش نابێ و هەموانیش ئەمە دەزانن، بەڵام خەڵك دەمیان ڕاهاتووە هەمیشە پێچەوانەکەی بڵێن".

خوشکم پێی وایە، من لە غەریبییم بۆیە وا دڵتەنگم، من لام وایە غەریبیی لەمندایە بۆیە دڵتەنگم... لەمەودوا بیانوو بە شوێنیش ناگرم، حەزناکەم کەس تاوانبار بکەین، من لەگەڵ خۆم کێشەم هەیە، هیوادارم زۆرنەبات و ئەم شتە یەکلایی بکەینەوە... کاتێ دابێ نە خوشکم بە دڵی پڕەوە زەنگ بدا و نە قیتار وەك مارێکی درێژ من جێ بهێڵێ!

## جەنگ

ئاسنی تواوە لە گوێچکەمەوە دەڕژێننە نێو منەوە خودا و شەیتان حەربەکەیان هێناوەتە سەری منەوە! کاسسس بوووم بیبڕنەوە!

## بێدەنگی

من لە عاشقە سەرسەختەکانی بێدەنگییم، تەنانەت جارێکیان ڕوخسەت خواستن لە ئیزاك بابێل، کوتم: حەز دەکەم مامۆستا بێدەنگیی بم... بۆ تێگەیشتن لە بێدەنگیی پەتی، گۆڕستا جێگایەکی هەڵە نیە، گۆڕستان، لەیەك کاتدا چۆڵەوانییەکی ئاوەدان ئاوەدانییەکی چۆڵەوانە... من هەر جارێ تەنیا بووبووم ئێوار پیاسەیەك بردوومی بۆ ئەم گۆڕستانە بچووك و خشپیلەیەی نزی ماڵمان... لە هەوای خامۆشی ئەوێدا ڕاماوم و لەبەرخۆمەوە بە ورت ورتێك، ئەو شیعرەی (گۆران)ی مەزنم وتووەتەوە، کە دەفەرموێ:

*"ئەڵێی بەحرێکی قووڵ و مەنگە، دنیای پڕ لە بێدەنگی!"*

## خۆم...!

خەڵك شادییەکانیان دەر دەخەن و برینەکانیان لەیەکتر دەشارنەوە،
من شادیم نییە تا بیشارمەوە، بەڵام بێباکانە برینەکانم نیشانی دونیا دەدەم...!

# ژیان لە شاری گەورەدا

ژیان لە شاری گەورە و خاوێندا، هیچ شتێکی ناخۆش نییە... بە ئاسانی دەتوانی خۆت ون بکەیت لەو دەموچاوانەی حەزناکەیت بیان بینیت، بتبینن... ژیان لە شاری گەورەدا هەموو ڕۆژێکی نوێیە... دەتوانی هەر ڕۆژە جێگایەکی نوێ ببینیت... ژیان لە شاری گەورەدا زۆر کەم خۆی دووبارە دەکاتەوە.

جارێك مامۆستا (شێرکۆ بێکەس) پێی گوتم: "مرۆڤ وەك ئاو وایە، ئەگەر نەڕۆیی، ئەگەر زۆر لە شوێنێکدا مایەوە، لێڵ دەبێ!"

مامۆستا، حەیفێ لێرە نیت و ببینیت خەڵکی ئێمە ئەوەندە لە شارەکانی خۆیاندا ماونەتەوە، وەختە قەوزە بکەن!

# ڕاسپاردە..!

شتێکت پێ ئەڵێم بێ عاجز بوون:

تکایە ئەوەندە مەیەرە خەونمەوە..!

# سێوێک لە بەفردا

لە دنیای مۆدێرندا هەموو کۆنسێپتێکی دینی بکەوێتە ژێر ترسی هەڵوەشاندوە و لەقبوون و بڕوا پێ نەبوونەوە ئەوە هێشتا ناوێکی وەك (بەهەشت) مانەوەی مسۆگەرە... ئەم بەیانییە کە سەعات پێنج لەخەو هەستام، لەبەر ئاوێنەکەدا بەڕوخسارێکی تەڕی تەزیوەوە بیرم لەوە دەکردەوە لەم دنیا شەقوشڕەدا کە بەحیساب نوێیە بەهەشت لە (شوێن)ـەوە دەگۆڕێ بۆ (کات)... بەهەشت دەبێ بەڕۆژێك کە بەکامی دڵ لەجێگا گەرمەکانماندا دەمێنینەوە... کە تۆزێ زیاتر دەنووین... بەهەشت دەبێ بەڕۆژێك کە نـــاچـــارنـیـــن لەسەرمای ١٨ پلەی ژێر سفردا بچین بۆ ئیش.

## کچبوون..!

ئەوە قەیسی چۆن دەتوانێت ئەوەندە کچ بێت؟!

# شەرابی سوور

زۆرجار حەزدەکەم تەنها دانیشم... دانیشم و شەرابی سوور بخۆمەوە... شەرابی سوور بخۆمەوە و لەو کەشتییانە بڕوانم کە هێواش هێواش لەو سەری دەریاکەدا بچووك دەبنەوە... ئەوان بچووك بچووك دەبنەوە و شتێك لە دڵمدا هێواش هێواش گەورە دەبێ و خەریکە لە چاومەوە سەربکات.

حەزدەکەم بە تەنیا دانیشم... دانیشم و بە دەنگێکی خنکاوم بڵێم: بە یارمەتیتان، دەمەوێت یەك تۆز خۆم بم... ئاخر من بیری خۆم دەکەم... خۆم لەلای تـــۆ.

# پێکەوەبوون

ناخۆشی کردووە بەدوامەوەیە... کە دەرگای ماشینەکەی لێ دائەخەم پێش من لە کوشنەکەی تەنیشتمەوە دانیشتووە... بۆ وا دەکات تەنیاییم؟!



Scanned with CamScanner

# ئەوانەی من خۆشم دەوێن

ئەوانەی من خۆشم دەوێن ئەوانەن کە جاری واهەبووە پارەی پاسیان پێ نەبووە و سەریان بە جامی تەڵخی ماشێنەکەوە ناوە و لەجیای جارێ، سەدجار لەبری هەموومان تەریق بوونەتەوە... ئەوانەی من خۆشمدەوێن ئەوانەن غیرەتیان ئەمەشی قەبووڵ نەکردووە و لە گەرمای تاقەتپڕوکێنی ئەو شارەدا، یان لە شەختە و سەهۆڵبەندانیدا سەدان جار بەپێ و بە گیرفانی خاڵییەوە چوون بۆ بازاڕ و هاتوونەتەوە... ئەوانەی من خۆشم دەوێن، ئەوانەن قاورمەیان بەکەوەرەوە لەبەر دەرگای مەکتەب بە قەرز کڕیووە و هەزارجار گۆرەوی دڕاویان لە خۆیان و لە هاوڕێکانیان شاردۆتەوە... من کوڕی پیاوێکی حەماڵم... من دۆستی سەمیمی هەرکەسێکم کە ڕۆژێ لە ڕۆژان پارەی پێ نەبووبێ.

# ئیشی من

من لەم دونیایەدا ئیشی زۆم نییە، لە کۆتایدا خۆشە بزانی تـــۆ بەهانەبووی بۆ ئەوەی بڕۆم... لەوەش خۆشتر، تـــۆ بەهانەیت بۆ ئەوەی بمێنمەوە!



Scanned with CamScanner

# نووسین و سێرک

هەر نازانم بۆ لەو نێوەندی ڕوناکبیریی کوردییەدا هەندێ بڵاوکراوە هەن، سەللـەیەکی زبڵن..؟ ئیفرازاتی یەك دنیا خەڵکی نەخۆش، یەك دنیا بیماری لات بڵاو دەکەنەوە!... خۆ نەخۆش مافی خۆیەتی دانیشێ و کاغەز ڕەش بکاتەوە، دانیشێ و بلاڵێتەوە و وڕێنە بکات، بەڵام مافی دەزگای چاپ نییە ئەم زەرداوانەمان بە ئینشای زەعیف، بە بەلاغەتی کۆڵ وەك ئەدەب دەرخوارد بدات. من وەك تەنەکەی خۆڵ تەماشای ئەو بڵاوکراوانە کودیانە دەکەم کە شتی وەها بۆ خوێنەران بڵاودەکەنەوە، ئەوەی (ستیگ داگرمان)یشی خوێندبێتەوە دەزانێ لە تەنەکەی خۆڵدا بە هەڵکەوت شت دەبینیتەوە کە ئەوێ شوێنی ئەو نییە...سەرەنجام نووسین ئیشی هەموو کەسێك نییە، نووسین دەبێ پەتی سێرکەکە بێت، ئەوەی ناتوانێ بەسەریدا بڕوات بکەوێتە خوارەوە... ئەوەشی کەوتە خوارەوە بمرێ.

## فڕین..!

چاوم دەفڕێ، باڵیش بگرێ... باکم نییە، ئەزانم ئەوەی بیرم دەکات، هەر تـۆیت..!

# یادێک لە مردووەکانمان

ئایا مردووەکان حازرێکی غایب، یان غایبێکی حازرن..؟ وە
سگیتاس بارولسکیسی نووسەری لیوتاریی دەڵێت: ئایا مردووەکا
"مشەخۆرێکن لەسەر ژیان و خەونی ئێمە"؟ یان ئێمە بارێکین لەس
خەیاڵی ئەوان..؟ کێ لێرەیە و کێ لەوێ..؟
پرسیار لەمردووەکان پێش ئەوەی پرسیاربێت لە مردن، پرسیارە
ژیان خۆی... من بەشی زۆری کاتەکانی ژیانم لە خەیاڵی دۆس
مردووەکانمدام، بەشێوەیەك ئازیزەکانم زۆرتر لەولان تا لێرە بز
هەمیشە مردووەکان میهرەبانن.. تــۆ بیر لەوە بکەرەوە، لە ڕۆژێ
ڕەشەبادا بچین بۆ گۆڕستان، پێکەوە بچین، لە بـــادا بون
دەتوانێ گوێی لەدەنگی مردووەکان بێت.

## کێ غەریبە..؟!

ئەگەر کەسێك لە ڕۆژهەڵاتی زەوییەوە بچێتە ڕۆژئاوای،
غەریبە..؟ زەمین هەمووی یەك ماڵە، وەك ئەوە وایە مشکێك
سوچێکی ماڵێکدا بچێت بۆ سوچێکی تری... ماڵ هەر ماڵە... س
هەر سوچ... بۆ غەریبە...؟
غەریب منم، کە دەمەوێ لەم ماڵە بچمە دەرێ..!

# سەعاتێک چەند دەقیقەیە!

ژنان دەتوانن پتر لە پیاوان خۆیان لەبەردەم عەشقدا ڕابگرن، ئەگەر چی لەناوەوەش بکوڵێن، بەڵام قسە ناکەن. بۆیە لە نیگای پیاواندا ژنان هەمیشە درەنگ دەکەون، بێ ئەوەی بزانن ئەم درەنگ کەوتنە جیاوازی کاتە لەنێوان ژن و پیاودا... کات جاری وا هەیە هێجگار بەلەز و خێرایە و فریای ناکەوی، جاری واش هەیە هێندە کاهێڵ و گێژە، گیانت بەدەستییەوە دەردەچێ و ناڕوات... ئەگەر لەسەری هەموشماندا ئەوە ڕێسایەکی فیزیایی/ماتماتیکی بێت، بەڵام کوا لە دڵی هەمووماندا، سەعاتێك ٦٠ دەقیقەیە..؟!

# ڕستەکان

نوسیوێتی: "هەندێ ڕستە هەیە تا قیامەت پێی دەژی، هەندێ ڕستە هەیە کە ئەوەندە مەستت دەکات تا لەپردی سیڕات دەپەڕیتەوە یان ناپەڕیتەوە هێشتا خوماری... هەندێ ڕستە هەیە ئەوەندە گەرمە شەوی بەستەڵەکی کچێك دەکات بە ئاگر. هەندێ ڕستە هەیە... بەڵام ڕستەکانی تۆ هەموویانن... هەموویان."

# عەشق و مەکتەب

مەکتەب ناخۆشە... تۆ ئەو هەموو ساڵە ئەخوێنی و ئەوان ناتوانن فێرت بکەن دڵەخورپەکانت چۆن چۆنی بشاریتەوە؟ عومرێك لە (X) و(Y) دا سەرف دەکەیت و مامۆستای ماتماتیك پێتناڵێ لەبەرانبەر وای یان ئێکسێکی زیندوودا چۆن سوور هەڵنەگەڕێی؟ چۆن دڵت تەپ تەپ نەکات؟ چۆن شەرم داتنەگرێ و چۆن سوور سوور نەبیتەو..؟ مەکتەب ناخۆشە!

# ئەو

خودا بڕستی لێ بڕیووم... بەدەستییەوە گیرم خواردووە... ئەو دێڕە قووڵەی مەولانام بیردەکەوێتەوە، کە دەڵێ: "چون در نهانش جویی دوری ز ێشکارش چون ێشکار جویی محجوبی از نهانش"... ئەم ڕۆژانە ئاڵۆزترین حاڵی دەروونیی دەژیم، وابڕوات لەوانەیە خەوەکەم بنوسمەوە!

مینا شین



Scanned with CamScanner

## گۆرانی

نازانم بۆ وا بیردەکەمەوە، کە هەمووومان گۆرانییەکی خۆمانمان هەیە! گۆرانییەك کە تەنها هی ئێمەیە و بەس... زۆرجاران ئەو گۆرانیانە تێکستیکی ساکار و میلۆدیی سادەشن، چوونکە سادەیی هەمیشە زیاتر لە دژواری دڵنشین دەبێ، ئەگەرنا بۆ ئینسان وا بە ئاسانی یەخسیر دەبێ.

ئەو گۆرانییانەی خۆمان دەمانبەن بۆ شوێنانێکی دوور، شوێنانێك تەنها خۆمان ڕێگەکانیان پێدەزانین و ئەوە خۆمانین دەزانین چ برینێك لە ناوماندا هەڵدەدەنەوە..! چ خوێنێکی تازە بە دڵ فوارە پێ دەکەن..! دەبێ ببوری کە ئێستا ناتوانم پێت بڵێم گۆرانیەکەی خۆم کامەیە، بەڵام کە هاتی پێکەوە گوێ لی دەگرین.

## لە ئاستی مندا

نازانم بۆ لە ئاستی مندا،
دونیا تەسکە، وەکو کراسی بەری قەحبەیەك!

## لەنێوان ڕووتی و جوانیدا..!

لەگەڵ دۆستێکی ئازیز خەریك بووین گفتوگۆی زمانی کوردیمان دەکرد. ئەو ڕای وا بوو کە: خەڵکی سلێمانی وشە لە مانای خۆی زۆر دادەماڵن، زۆری ڕووت دەکەنەوە –بەکورتی پێی وا بوو ئێمە بە "مەعنا!"وە قسە دەکەین–.

من گوتم: کە وشە خۆی ڕووتە... وشە خۆی بێحەیایە، بەڵام ڕووتیی پێویستی بە شوێن هەیە وەك پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژی، بۆ ئەوەی وەك ناشرین یا جوانێك خۆی دەرخات. گوتم هەر وەك ئەوەی هەر خانمێك فۆتۆی ڕووتی خۆی بگرێ جوانە، بەڵام هیچ خانمێك لە فیلمی ڕووتدا جوان نییە!

## خەون

ماندووم، شەکەت، هیلاك، هەلای هەلل، خەستە، ترۆت... دەمەوێ ٣٠٠٠ ساڵ بنووم، کە هەستامەوە، زەوەی لەبری مرۆڤ پڕبێت لە شتێکی تر... خوایا ئەگەر بۆشمت نەهێنایەدی، بمخەرە ئەو خەونەوە.

## مەنفای من..!

لە ژیانی هەمووماندا زنجیرەیك مەنفا هەیە -ژیانی هەموومانی چی!
وەلا خەڵك هەیە ژیاوەو مردووە نەیزانیوە مەنفا چییە- بەهەرحاڵ
مەنفای یەکەمی من، هەر ساتی لەدایکبوون و جیابوونەوەم لە
مندالْدانی دایکم نییە، بەڵکوو مەنفای ڕاستەقینەی من، یەکەم ڕۆژی
چوونە مەکتەبم بوو، بە جۆرێ تێکەڵی دونیای پڕ ژاوەژاو بووم و
(ماڵ!)م ون کرد، ئێستاشی لەگەڵدابێ نە ماڵ و نە ئارامیی نێو ماڵم
نەدۆزییەوە. ئەگەر بۆ نووسەرێکی وەك (هیدایەت) بەهەشت بریتی
بێت، لە نوستالۆژیای ڕەحمی دایك، ئەوە بۆ من بەهەشت بریتییە، لە
ژیانێك بێ قوتابخانە، بێ خوێندن، بێ ژاوەژاوی ئەوانی تر.

## وەفا

تـــەنـــیــــام...
وەك بێچووە پشیلەیەکی سپڵە.

## بیرکردنەوە لە خودا..!

خـودا، شتێك نییە ئەوانی تر بۆت بدۆزنەوە یان لێت ون بکەن، ئەوە شتێکە دەبێت خۆت بیکەیت. بۆیە هەم دین و هەم زانست، ئەوەندەی تاڵەکەت لەدەست دا، وەك داویێ لە شەوێکی تاردا لێ دەئاڵۆسکێنن، ئەوەندە مرواری نوور، وەك زەنگیانەی ڕۆشن ڕۆشن ناڕێژن بە ڕێگاکەتدا، ئەگەر خـودا بۆت پرسیارە، دەستبەرداری هەردووکیان ببە و بچۆرەوە ناو خۆت، ئەو ئەگەر هەبێ، دەبێ هەر لەوێ بێت!

## نامەیەک بۆ خوداوەند..!

ناخۆشە بەردەوام چاودێریی ئێمە دەکەیت، چاوێکمان لەسەر هەڵگرە، جارجار من حەزدەکەم لەگەڵ خۆمدا بم، کەچی کە دێم سەیر بکەم، وای لە نـاومـا!

حەز دەکەم لێت بپرسم: ئەوە تۆ سەرت گێژ ناخوا ئەوەندە سەیری خوارەوە دەکەی؟!

# یەکەم بەفر..!

دونیا ساردده، بە دوو (د) ساردده... ١٨ پلە ژێر سفرە. جا پرووشە بۆ نەکات و من بۆ تێر بیری تـۆ نەکەم؟! من لەو دڵە چکۆلانەی خۆما، بۆ سادە خۆشم نەوێیت و ئەو لە هەوری خەستی خۆیەوە، بۆ لە چوارلاوە نەبارێ؟! ببارێ و کچێکی کاڵی مووکایی، وەك هیلالێکی لار، لەودیو شووشەی تێڤێیەکەوە، بۆ دڵی من بەهێواشی بۆ نەڵێ:

" ببورن... سبەینێ

بەفرێکی

زۆر

زۆر

دەبارێ".

# ئومێد

بەڵکو ئەمە خودایە دنیایەکی تر هەبێت... ئەگەر هەمووی هەر

ئەمەبێ کە دیمان... یانی هیچ!

## به تەنورەیەکی کاڵی کورتەوە..!

ئێواران قۆڵ دەکەم بە قۆڵیدا، بە تەنورەیەکی کاوبۆی کاڵی کورتەوە، ئەو جادەیە دەخاتە ژێر نازی خۆیەوە، خەڵك تەماشامان دەکەن. دەزانم هەمووان ئیرەیی بە من دەبەن، کە دەتوانم هەموو شەوێ بتبەمەوە ماڵەکەی خۆم، ئەی تـەنـیـایی!

## هەڵە

یاری کردن لەگەڵ مرۆڤ سامناکە... چەند باشە ئەگەر هەرگیز هەوڵ نەدەیت تاقییان بکەیتەوە، چونکە ڕەنگە نزیکترین کەس لە تۆوە لە تاقییکردنەوەکەتدا دەرنەچێت... لێگەڕێ، ژیان خۆی تاقییان بکاتەوە... هیچ ئەزموونێك وەك ژیان خۆی، ئیمتیحانی یەکجاریی نییە.



Scanned with CamScanner

## بەخشین..!

نووسەرەکان –دیارە نووسەرە باشەکان دەڵێم– دڵێکی گەورەیان هەیە، بەڵام پارە و پولیان نییە، سەرەوەت سامانیان ئەوەتا لەنێو دێڕەکانیاندا... نووسەرەکان لە کتێب زیاتریان نییە پێشکەشی دۆست خۆشەویستانیانی بکەن.. ئەگەر بەخشیندەکان ئەو شتە دەبەخشن کە لە خۆیان زیادە... نووسەرەکان ئەوەش دەبەخشن کە پێی دەژین!

## لە خزمەت تەنیاییدا..!

تەنیایی هەوێنی نانێکە، کە مەسیح بە شەرابی خوێنی خۆیەوە لە (دواشێو)دا بەسەر هاوەڵاندا دابەشی دەکات و ئێستاش تامەکەی وا لە زارماندا. نانێك، کە خواردمان پێکەوە هەڵدەسینە سەر پێ و بەیەکتر دەڵێین: "بۆ هەردووکمان وا باشە بووەستین، ماڵئاوا..!".

# دوو هەزار و تـــۆ!

ئەم سەری ساڵ و بنی ساڵە درۆیە... ئەمە ساڵ پێوانێکە بە ئوستورلابێکی درۆزن... من ئەو ڕۆژی تـــــــــــۆ تەشریفی تێدا دەهێنی دەکەمە یەکەم ڕۆژی خۆمی، مانگی خۆمی، ساڵی خۆم... من ئێستا لەم ئەستانە ژەنگاوییەدا وەستاوم و چاوەڕێم... چاوەڕێی ساڵی دووهەزار و تـــۆ.

# ئەم سولەیمانییە..!

ئەگەر دڵتان نەیەشێ، دەبێ ڕێگەم بدەن بڵێم، ئەو سولەیمانییە، بە هەموو خوێنشیرنییەکییەوە شارێکی (خوارە)، ئەم هەڵکەوتە ژیۆگرافییەشی هەمیشە کاریگەرییەکی ڕۆحی، بەشێوەیەکی ئاسۆیی و (ڕێك)ی لەسەر هاوشارییەکانی هەبووە و هەیە..!



Scanned with CamScanner

## گوڵی تەزیوو..!

با دەرەوە لەوە ناشرینتر بێت، کە هەیە، با خەڵك یەکتر بخۆن، حەقم چییە، خۆ من شۆڕشگێڕ نیم، دونیا ناگۆڕێ، ئەگەر بگۆڕێ خەراپتر دەبێ، کێ حەزی لە گۆڕینە با بچێت لەپێشدا دونیای خۆی بگۆڕێ.

من لە کولبەی ئەحزانەکەی خۆمدا دانیشتووم و خەریکم تانوپۆی ئەم گۆڕانە گەورەیەم دەچنم، خەریکم سوهراب دەکەم بە کوردی، ئەها ئەو کوڕە شەرمن و بێدەنگە، ڕستە لە چ قووڵاییەك هەڵدەگۆزێت:

"بۆ خەڵکی نازانن، کە لە گوڵە ناشۆکاندا* هەوا ساردە؟"!

## تــەنیـایـی

خوایا شتێکی تر بنێریت

ئەم شتەمان بیر بچێتەوە...

---

* ناشۆ، نامکن.

## تەنیایی پێناکەنێ..!

من تەنیاییم نەدیوە پێ بکەنێ، ئەگەر پێ بکەنێت بە دونیا پێ دەکەنێ، تەنیایی برای شیریی (غەمگینی)یە... تەنیایی، پەنجەرەیەکی خاوێن و گەورە، چاوێکی گەش و درشتە بۆ ڕوانین لە دونیا... نووسەرەکان، ئەو لابۆرەن، کە تەنیایی لە دۆخی نەرمیی ڕۆحییەوە دەگۆڕن بۆ دۆخی ڕەقیی کتێب!

## با ژنان بێدەنگی لێ بکەن

ئێمە کێشەی (ژن)مان نییە... کێشەی حورمەتشکاندنی ئینسانمان هەیە... قاوە قاو مەکەن... هەرا کزکەن... ئیتر ئەوەندەی تر بەینی ژن و پیاو دامەفرەقێنن... دوکانەکەتان داخەن و بڕۆنەوە براکانتان خۆشبوێت... ڕیشە سپییەکەی باوکتان ماچ بکەن... ئەگەر لە شۆڕشن، بچن پیاوی ئەم دونیایە بە "خۆشەویستی" بکوژن!

# لەبارەی مردنەوە

ژیان گڵۆپێکە و بە مردن دەکوژێتەوە، ژیان گڵۆپێك نییە بە مردن بکوژێتەوە، ئەوانەی باوەڕیان بە دونیای دوای مردن هەیە گوناهن... ئەوانەی باوەڕیان بە دونیای دوای مردن نییە هەر گوناهن... دونیا ئەگەر هەبێ دەبێ ئەزموون بکرێت... مردن ڕێگومکەیەکە ئەزموون لەخۆیدا ون دەکات..!

# بەڵکو ئەمە خودایا دەرچین..!

هەر جارێ هەواڵی دۆزینەوەی هەسارەیەکی نوێ دەبیستم، یەك دونیا دڵم خۆش دەبێت، دەڵێم بەڵکوو ڕۆژێ لەم زەوییە خوێڕییە دەرچین، بونیام لەسەر زەوی سلاك دەبێ، سلاك..!

# شەرع

با خەڵك هەر بڵێن بە (شەرع) حەرامە، خۆ بە (دڵ)م تـــــۆ بۆ من حەڵاڵی... ئێ دڵیش شەرعی خۆی هەیە!

# دڵی خوێناوی..!

"خودایە... تۆ لە دۆستەکانم لام بدە، من خۆم لە دوژمنەکانم دەپارێزم" ئەمشەو زانیم، لە دواچرکەدا و دوای ئەو هەموو پاڕانەی و شوێن گۆڕینە، مایکۆفسکی بۆ لوولەی دەمانچەکەی خستە سەر دڵی... وەك پاڵەوانی فیلمی (مامۆستای پیانۆ) حەز دەکەم ئائێستا چەقۆیەك هەڵچەقێنم لە دڵم... بیهێنە پێش چاو: من چەقۆیەکی تیژم تا مشتوو چەقاندۆتە بەشی چەپی سینگم و تەنیا تا ئەوسەری ڕێگەکە سەرم داخستووە..!

# لە خزمەت بێدەنگیدا..!

بیر لەوە دەکەمەوە، ڕۆژانە ئەو هەموو کەسە ئەو هەموو قسە زیادەیە بۆ دەکەن؟! لەبەرخۆمەوە دەڵێم، قسەکردن زەرەرێکی گەورە لە ئینسان دەدات. زەرەری بیرچوونەوەی خۆی. بۆ لەمەودوا تیۆرێکم هەیە، تیۆری بێدەنگی. دەزانی، دەتوانین سەیری کەسێ شتێ بکەین و ئەو هەستێ بێ بۆ لامان..؟ ئەوە ڕێگایەکی بێ ڕتووشە لەنێوان خود و بابەتدا. ئاه چ خۆشە لە ستاتیکای بێدەنگی ڕابمێنیت..!

مینا شین

## تاریکی

کەس غەمی نەبێ... ئەو خۆرەش بکوژێتەوە، ڕوناکاییەك لە دڵی من دا هەیە بەشی هەموان دەکات... بە کاکێشانە دوورەکانیشەوە.

## سەرکەوتن بە تاریکییدا

دەزانی من کە هەمیشە دەست دەهێنم بەسەر ئازیز - سەگەچکۆلەکەم- دا، بیر لەوە دەکەمەوە ڕۆژێك ئەویش دەست بەسەر مندا بهێنێ... تۆ دەزانی مرۆڤ تا دەمرێ، چاوەڕێی نەوازشە!

## ڕۆیشتن

ژنان ئەو بونەوەرە سەیر و جوانەی دەستی خودا، ئەو خانەخوێیەی ماڵی سروشتن_ ئەگەرچی بەردەوام خۆیان بە میوان دەزانن_ بەڵام یان نایەن، یان کە هاتن بە زەحمەت دەڕۆن، هەم لە دڵماندا و هەم لە دڵیشیاندا..!

## خەجاڵەتم..!

تۆ هەموو مانگێك بە ئازاری سکیەشەیەکی توند باجی مێینەبوونی خۆت دەدەیت و من هەموو مانگێك لەبری سرووشت، کە نەیتوانی تۆ وەك من بێ ئازاری مانگانە دروست بکات، خەجاڵەت دەبم!

## جێیەکی سەخت..!

هەناسە بۆ هێندە قورسە... تۆ بۆ ئەوەندە دووریت؟ بیری قسەیەکی دایکم دەکەم، کە هەمیشە دەیوت: جا خۆ ڕۆح لە جێیەکی سەختە و...

## من و کەسێکی تر..!

دەبێ بزانی، ئەوەی دەیبینی من نیم...
کەسێکی ترە... کەسێکی تر!

## سکپڕ..!

من قەشمەرییەکی قورسم بە دونیا دێت، گاڵتەیەکی گەورە بە ژیان... کەچی ناتوانم لە ئاست ژنانی سکپڕدا، سەرم دانەخەم!

## لەناوەوە

لەناوەوە ژەنگی گرتووە..
سەیری چی دەکەی؟!
خـــۆم دەڵـــێـــم!

## چی دەکەی؟

هەمووشتێ بکە...
هەمووشتێ...
بەس وامەکە بچمەوە ناوخۆم!

## گوللەیەک لە قوڕگمدایە

نووسیووتە: "من شیرینی تـــۆم!" دەستم نـا، دڵم دەلەرزێ کە دێم بۆت بنووسم فەرهادی تـۆم، بەڵام فەرهادێکی کوژراو... چی لەو هەموو خوێنەم دەکەیت.

## من ڕۆحی خۆمم فرۆشتووە..!

بـا لە سەری کافر بم، ئەزانم سەری تۆ هێزی تێگەیشتنی ئەم ڕستەیەی نییە، بەڵام من ڕۆحی خۆم بە خودا فرۆشتووە!



Scanned with CamScanner

# ئەوەی جارجارە
# من بیری لێ دەکەمەوە..!

بیرم دێ تەعریفی ناویان وەها دەکرد کە "ناو: وشەیەکە بۆ ناولێنانی کەسێ، یان شوێنێ، یان شتێ، جا ئەو شتە ناسراو بێت یان......" ئەگەر هەموو ئەوانەی ناویان هەیە (کەس)بن، ئەوە من کەس نیم، ڕوونیشە من (شوێن)یش نیم، هەموو ژیانیشم شەڕی ئەوەم کردووە کە (شت!) نەبم... ئەگەر مام و نەمردم لە دە ساڵی ئایندەدا ناوی خۆم و باوك و باپیرم دەگۆڕم، سی ساڵە من خزمەتی ئەم ناوە دەکەم، هەستەکەم بووم بە سوغرەکێشی! ناو ناهێڵێ خۆت بیت... وای لێهاتووە ئێوە پتر لەوەی خۆم بناسن، ناوەکەم دەناسن... ئەمەش بۆ تەعریفی بونیام، ڕێگایەکە تا دڵ حەزبکات هەڵەیە... نـــا، من نامەوێ لە قەفەسی پێنج پیتدا دیل بم... خۆزگەم بەو ڕۆژەی کەسمان ناومان نییە، ناو یەکەم قەیدی دیلێتییە... بە ئومێدی ئازادی..



Scanned with CamScanner

# مینای شین

## گفتوگۆکان

Scanned with CamScanner



مرۆڤ قوربانیی وەڵامێکە،
کە پرسیارەکەی خۆی ون کردووە..!

Scanned with CamScanner

**عەبدوڵڵا ئەحمەد: با سەرەتا لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، مرۆڤ بۆ چیرۆک دەنووسێت، یاخود بڵێم (توانا ئەمین) دەیەوێت لە ڕێگەی چیرۆکەوە چی بڵێت؟**

**توانا ئەمین:** پرسیارەکە پرسیارێکی قورسە، لەڕاستیدا من تا ئەم ساتە نازانم و بۆ خۆم نەمتوانووە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، کە بۆ چیرۆک دەنووسم..؟ یان هەر بۆ دەنووسم؟

باوەڕێکم هەیە، کە شتێک هەیە من زۆر خافڵگیر دەکات، زۆر لەناکاو کاتم دەگرێت، دەستم دەگرێت، زۆرجار ژیانی تایبەتییم دەگرێت. ئەویش، مەسەلەی تەنیاییە. کەم و زۆر لەو شتە سەرەتاییانەی من نووسیومن ئەمە ڕەنگی داوەتەوە. ڕەنگە بە جۆرێک لە جۆرەکان نووسینی من هەوڵێک بێت بۆ ڕاکردن لە تەنیایی، هەرچەندە باوەڕم وایە هەوڵێکی دۆنکیخوەتانەیە و دواجار تۆ بەر لەوەی دەست پێ بکەیت، شکست دەهێنیت و دۆڕاویت، چونکە مرۆڤ بە تەنیا لەدایک دەبێت و بە تەنیا دەژی و کۆتاییەکانیشی تەنیایی دەبێت.

لای من تەنیایی زۆر زۆر پرسیارە، تێمایەکی زۆر سەرەکییە لە وجودی خۆمدا، لە پرسیارە هەمیشەییەکانمدا، ئەو کاتانەی بە تەنیام، ئەو کاتانەی دەنووم، ئەو کاتانەی لەگەڵ خەڵکم، ئەو کاتانەی پیاسە دەکەم، هەمیشە دەمەوێت لەمە ڕزگارم ببێت. ڕەنگە نووسین هەوڵێك بێت بۆ ئەوەی چۆن دەستبەرداری ئەم (تەنیاییەم) بم؟ چۆن لەم وەحشەتە، لەم سامناکییە ڕزگارم ببێت، ئەوە هەوڵێکی بچووکی وەڵامی ئەوەیە، کە من بۆ دەنووسم؟ لەڕاستیدا من دەنووسم بۆ ئەوەی لە تەنیایی ڕزگارم بێت و تا ئەم ساتەی پێکەوە قسە دەکەین، نەشبووە...

**عەبدوڵلا ئەحمەد: کەواتە نووسینی چیرۆك لای (توانا ئەمین) بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ڕزگاربوون لە تەنیایی؟**

**توانا ئەمین:** بە پلەی یەك دەگەڕێتەوە بۆ ڕاکردن لە تەنیایی و بە پلەی دووەم و سێیەم بۆ پرسیارە وجودییەکانی ئینسان. هەندێك پرسیارت هەیە، ئاین جوابت ناداتەوە، زانست جوابت ناداتەوە، سەفەر جوابت ناداتەوە، گەڕان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان جوابت نادەنەوە، هەست دەکەیت دەتوانیت لەگەڵ خۆتدا وەك تەتەڵەیەکی زمانیی و ناخەکیی و ناوەکی ئەم بابەتانە بکەیت.

لای من نووسین ئاوا بووە، ڕۆژێک لە ڕۆژان بیرم لە خوێنەر نەکردووەتەوە و ڕۆژێک لە ڕۆژان لەڕاستیدا بیرم لە خۆشم نەکردووەتەوە، بۆیە پرسیاری یەکەمت تا ئێستا قورسە، کە من بۆ خوێنەرێکی تایبەت دەنووسم؟ یان بۆ خەڵک دەنووسم؟ یان بۆ خۆم دەنووسم؟ نازانم... بەڵام بەکورتی پێت بڵێم، هەست دەکەم شتێکم هەیە دەمەوێت بیڵێم، مەرج نییە شتێکی زۆر گەورە بێت، ڕەنگە ئەسڵەن ئەرزشی نەبێت لە لای خەڵک، بەڵام بۆ خۆم دەبێت ئەمانە بخەمە سەر کاغەز.

**عەبدوڵڵا ئەحمەد: ڕەشبینییەکی زۆر لە چیرۆکەکانتدا دەبینرێت، دەکرێت سەرچاوەی ئەوەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە، بۆ ئەم هەموو ڕەشبینییە؟**

**توانا ئەمین:** ڕاستە... بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی دیدی من بۆ ژیان چییە؟ لە لای من پێچەوانەی **سوهراب سپهری**، هەمووجارێ ژیان عادەتێکی خۆش نییە... ژیانی مرۆڤی نوێ، ژیانێکە پڕ لە ئازار و زەحمەتە، دیدی من زۆرتر لە دیدی **شۆپنهاوەر**ەوە نزیکترە تا **لایبنتز**، پێم وایە ئەم خراپترین ژیانێکە و خراپترین جیهانێکە، کە دەبێت هەبێت، لەبەر ئەوە باوەڕم وایە هێزێکی شەڕانی و خراپ یاریی لەم گەردوونەدا دەکات، یارییەکی



Scanned with CamScanner

میتافیزیکیی. نازانم و ناتوانم لەم گفتوگۆیەدا ناوی ئەو مێزە ب
بەڵام دەزانم لەسەرووی ئێمەوە یارییەک دەگوزەرێت، من دەزان
یارییەکدام، بەڵام دڵنیام من یاریچییەکە نیم، دڵنیام مێزکی
هەیە، هاوکێشەیەک هەیە. مرۆڤ قوربانیی ئەوەیە، قوربانیی شەڕێ
کە نازانێت بۆ؟! قوربانیی وەڵامێکە، کە پرسیارەکەی خۆی
کردووە، بە قەرز لە سارتەر، من لام وایە بە ئازادیی نا... مرۆڤ
ژیان مەحکومە، بە ژیانێکی زۆریش ناخۆش. لانی کەم لەئێست
ژیانی مرۆڤی نوێ ژیانێکی خۆش نییە، ئەرزش و کەرامەت
حورمەتی مرۆڤ لە مەترسیی گەورەدا دەژی... لەبەر ئەوە ژیان لا
من زۆر خۆش نییە.

بەڵام دواجار ئەزموونێکە، لای من ژیان لە نەبوون گرنگترە، م
دڵخۆش و خۆش چانسترم لە منداڵێک، کە لەدایک نەبووە، چونکە م
ئەم ئەزموونەم هەیە، ئەو ئەوەشی نییە، من تاڵیی و سوێریی
چەشتووە، ئەو نەیتوانیووە ئەمە بکات، باوەڕم وایە ئەزموونی مرۆ
لە ئەزموونی پەریی و فریشتە و بوونەوەرانی میتافیزیکی بەرزترە
چونکە دەتوانێت **هەڵە** بکات، لە شتەکانی دەوروبەری تا ڕادەیەک تێ
بگات، دەتوانێت چێژ لە **جوانیی** یان لە هەڵە وەربگرێت.

زۆر گرنگە چێژوەرگرتن لە هەڵە، لە یەکەم فیگۆری ئوستورەییەوە،
لە ئادەمەوە تا ئێستا چێژوەرگرتن لە هەڵە میراتێکی جوان و باوە،

یارییەکی هێجگار خۆشە، کە لە سەروو فیزیکەوە کەس ناتوانێت ئەمە بکات، لانی کەم من ئینسانێکم هەڵ دەکەم و چێژی لێ وەردەگرم، ئەمە دڵ خۆشم دەکات.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی ژیان لای من خۆش نییە بەڕاستی زەحمەتە و زۆر زۆر قورسە مرۆڤ بیت، بەتایبەتی ژیان لە دنیای نوێدا قورسە و باجێکی گەورەی هەیە بتوانی مرۆڤایەتیی خۆت بپارێزیت.

**عەبدوڵڵا ئەحمەد: ئەم تێڕوانینە ڕەشە بۆ ژیان و مرۆڤ لەم سەردەمەدا، پێت وانییە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە تۆ کاریگەریی (سادق هیدایەت)ت لەسەرە، ئەوەندەشی من بزانم کتێبێکت وەرگێڕاوە، کە ئەو کتێبەش لەژێر کاریگەریی سادق هیدایەتدا نووسراوە... پێت وا نییە کاریگەرییتان بەسەرەوە بێت؟**

**توانا ئەمین:** بۆچوونێکی جوانە! باوەڕم وانییە ڕێك هیدایەت خۆی، بۆ نموونە کافکا، کامۆ لە دنیا...

**عەبدوڵڵا ئەحمەد: مەبەستم ئەو خەتە کافکاییە، کاریگەریی بەسەرتەوە هەیە؟**

**توانا ئەمین:** من نازانم... هیوادارم ڕۆژێك یەکێك ئەمە یەکلایی بکاتەوە، بەڵام باوەڕم وایە شتێکی تازە ناڵێم ئەگەر بڵێم: (**لەژێر ئەم خۆرەدا، هیچ شتێکی تازە نییە**)، هەموو شتێك دووبارەیە، هەموو

شتێك لەژێر كاریگەرییدایە، باوەڕم وانییە شتێكی تازە هەبێت، هەر چ شتێك دەڵێین، پێشتر بە جۆرێك لە جۆرەكان خەیاڵ و ئەندێشەی كەسێكی تر بووە لە ژیانێكی تردا.

ئینسان هیچ شتێكی تازە ناڵێت، ئەگەر بیلێت لە فۆڕمدا دەیلێت نەك لە خودی ئۆبژێكتەكەدا، هەرچی پێمان وایە نوێیە، نوێ نییە، شێوازی وتنەكەی نوێیە. من گومانم لە ئەزموونی زانستییش هەیە، كە بیەوێت شتێكی تازە بڵێت، هیوادارم ئەمە زۆر فانتازیی نەبێت، من لە فیزیاش گومانم هەیە بتوانێت شتی تازە بڵێت، چونكە لە فیساگۆرسەوە لە نیوتنەوە بە ئەنیشتایندا تاسەر ستیڤن هۆوكینگ هەرچییەك دەوترێت: قاعیدەیەك هەیە، ئیدی یان لەو قاعیدەیە لا دەدات یان لا نادات، شتی زۆر زۆر تازە لەجیهاندا نییە، بۆ منیش خۆی كە دەنووسم لە ئەسڵدا شتی زۆر تازەم نەوتووە.

سەبارەت بە كاریگەربوون بە **هیدایەت** لەبەر ئەوەی زۆربەی خوێندنەوەی من بە فارسییە و ئەو كتێبەشی جەنابت فەرمووت، (پەیكەری فەرهاد)ی **عەباسی مەعروفی**، خۆی لەژێر كاریگەریی (كوندەپەپووی كوێر)ی هیدایەتدا نووسیویەتیی، بەشێكی وایە، بەڵام خۆ من بەر لەو كتێبەش نووسیومە و دوای ئەو كتێبەش كەم كەم دەنووسم. بەهەرحاڵ ئینسان لە ژیانی ئاساییشدا كاریگەر دەبێت بەو مرۆڤانەی لەو دەچن، یان وەكوو ئەم بیر دەكەنەوە، یان ئەم

مینا شین



Scanned with CamScanner

حەز دەکات وەکوو ئەوان بیـر بکاتەوە، یان لەپێش ئەمەوە ئەم جۆرە کەسانە ئاوا بیریان کردووەتەوە.

ئەوە کاریگەرییەکی نۆرماڵە و زۆر ئاساییە.سەبارەت بەو لێکچوونەی من بەوان شتێکی تازەیە، من نەمبیستووە. بۆنا؟ ڕەنگە...

**عەبدوڵلا ئەحمەد: کاریگەریی سادق هیدایەت بەسەر تۆوە، زیاتر کاراکتەری هیدایەتە، یان چیرۆکەکانی؟**

**توانا ئەمین:** لەڕاستیدا هیچیان نییە، جیهانبینیی هیدایەتە، چونکە من بە ژیانی تایبەتیی هیدایەت، سەرسام نیم. ئەوە سەرەڕای ئەوەی نووسەرێکی زۆر گەورەیە لە ئەدەبیاتی ئێرانی و جیهانیشدا، کە تۆ باسی ئەدەبی عەبەس و نیهیلییەت دەکەیت لە سەدەی بیستدا ناتوانی ناوی هیدایەت نەهێنی. من بە دنیابینی سادق هیدایەت بۆ ئەدەب وە بۆ ژیان وە بۆ کاراکتەرێکی زۆر ئاڵۆزی وەك مێینە و بۆ چەمکگەلێکی وەك جوانیی، عەدالەت، حەقیقەت، لە هەموویان گرنگتر چەمکی (مەرگ) سەرسامم.

**عەبدوڵلا ئەحمەد: لە چیرۆکەکانی تۆدا عەشق هەیە و مەودایەکی فراوانی داگیر کردووە، لە ڕەشبینییەوە بۆ عەشق، یانی چۆن ئەم**

دوالیزمە لەخۆتدا کۆدەکەیتەوە، لەلایەکەوە ڕەشبینیی، لەلایەکەوە ژیاندۆستیی؟

**توانا ئەمین:** تێبینییەکی وردە، ڕاست دەکەیت، من بۆخۆشم هەست دەکەم عەشق لە هەندێ جێگا تێمایە لەو ئیشە بچووکانەی کە من کردوومن. بەشێکی پەیوەندیی بەو هێزە ئەفسونگەر و سەرسامکەر و سیحرییەی ناو عەشق خۆیەوە هەیە، کە هێزێکە دەتوانێت لەیەک کاتدا ئینسان بکات بە پەریی و بیشیکات بە جەللاد، بیکات بە فریشتەوە بیشیکات بە ئیبلیس، ئەوەندەی بەو هێزە ئیعجابم هەیە، ئەوەندە بە کاراکتەری ڕەگەزی بەرانبەر نیمە، ئەوەی کە ئینسان لەناو هەموو ئەو مرۆڤەدا، لە حەوت ملیار کەسدا، تۆ بە یەک کەس سەرسام دەبیت وە خۆشت دەوێت.

بیریشمان نەچێت یەکێك لە بنەما ئۆنتۆلۆژییەکانی مرۆڤ، بوونە لەگەڵ ئەوانیتردا، واتە بوونی کەسێکی تر پرۆژەیەکە بۆ تەواوکردنی بوونی تۆ، لە عەشقدا تۆ مومارەسەی بوونی خۆت دەکەیت، کەواتە بوونی خۆت دەسەلمێنیت، تۆ ئەو کاتە بوونت هەیە، کە بوونە لەگەڵ ئەوانیتردا، وە گەرنا قسەکردن لەسەر بوونێك بەبێ کۆنتیکستەکەی قسەکردنێکی بەتاڵە، وجودێ قابیلی قبووڵ نییە. بۆ عەشق ئاوایە تۆ هەست بە وجودی خۆتی تێدا دەکەیت، پاشان هێزێکی زۆر سیحرییە پێچەوانەی ئەو باوەڕە باوانەی تا ئێستا هەمانبووە، بەڵام باوەڕم



Scanned with CamScanner

وایه عەشق هێزێکی شەڕانیشە لەناو خۆیدا، بچۆرەوە سەر ئەفسانەی ئادەم و حەوا، لە ماجەراکەی نێوان قابیل و هابیلدا، هەردووکیان حەز لە خوشکەکەیان دەکەن، بەڵام دواجار کچەکە تەنها یەکیانی بۆ هەڵدەبژێردرێت کە هابیلە و ئەمەش قینی قابیل تا ئەندازەی کوشتنی هابیل هەڵدەستێنێ. دەبینی یەکەم دڵۆپی خوێن، کە لەسەر ئەم زەوییە ڕژاوە عەشق ڕشتوویەتی، لەبەر ئەوە قەناعەتێکی دێماگۆجییە لامان وابێت عەشق هێزێکی زۆر هیومانیی و مرۆڤانەیە.

عەشق دەتوانێت ئیمپراتۆرییەت بڕووخێنێت، هێزێکی خەتەرە بە بڕوای من ئەگەر بە جۆرێك لە جۆرەکان لوا مەعریفەی مامەڵەکردنت هەبێت لەگەڵ عەشقدا، چونکە ئامادەیە هەموو پێوەرێکی کۆمەڵایەتی و هەتا ئینسانیش پێشێل بکات و ببەزێنێت، هێزێکی زۆر وەحشییە و بەڕاستیی تەنها غەریزە تێدا ئیش دەکات.

**عەبدوڵڵا ئەحمەد: چیرۆك و نوستالۆژیا، پەیوەندییەکی پتەویان پێکەوە هەیە، دەکرێت بۆمان ڕوون بکەیتەوە ئەم پەیوەندییە چییە؟**

**توانا ئەمین:** من لەو ساڵانەی پێشوودا تەوەرێکی ڕۆژنامەوانییم لەسەر هەمان مەسەلە کردەوە، لەگەڵ چەند برادەرێکی چیرۆکنووس لەوانە: عەتا نەهایی، ڕەئوف بێگەرد، سەلاح گوڵئەندامی، سەلاح عومەر و چەند هاوڕێیەکی تر. ئەوانیش لەوێ هەریەکە ڕای خۆیان



Scanned with CamScanner

هەبوو، من لەوێ پرسیی بووم: ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کاراکتەرێك ئا ئێستا دێتە بوون، بەڵام مێژێکی هەیە، دەتوانێت بنووسێت، ئایا ئەم کەسە دەتوانێت چیرۆك بنووسێت؟ ئەوە زۆر پرسیار بوو لای من. بە باوەڕی من لە گریمانەیەکی ئاوادا ئەو کاراکتەرە سیحرییە ڕەنگە بتوانێت تێکست یان شیعر بنووسێت، بەڵام زۆر زەحمەتە بتوانێت ڕۆمان بنووسێت، چونکە ڕۆمان پێویستی بە ئەزموونی ژیان هەیە و ناتوانێت چیرۆکیش بنووسێت، ئەویش پێویستی بە مومارەسەی ژیان هەیە، تۆ دەبێت بژییت بۆ ئەوەی بتوانی بگێڕیتەوە.

من قەناعەتێکی سەیرم هەیە لەوەی کە ئەوەی کە داهاتووە، ڕوونە کە ئێمە هیچ زانیارییەکمان لەسەری نییە و نازانین چی ڕوو دەدات، هەرچی ئێستاشە شتێك هەیە و نییە، وەك تاریك و لێڵەی بەیان وایە هێشتا زۆر ڕوون نییە. ئەوەی کە لەڕاستیدا هەیە و لێی دڵنیاین، تەنها ڕابردووە بە هەموو خۆشیی و ناخۆشییەکانییەوە ئێمە ئەزموونمان کردووە.

**عەبدوڵڵا ئەحمەد: ئەوە پەیوەندییەکی چیرۆك و نوستالۆژیایە؟**

**توانا ئەمین:** بەڵێ، بە باوەڕی من ژیان ئەوەیە، کە ڕابوورد...

**عەبدوڵڵا ئەحمەد: لای چیرۆکنووس وایە، چونکە ئەو بەردەوام دەگێڕێتەوە؟**

**توانا ئەمین:** بەڵێ، دروست... هەتا شتێك ڕانەبووردبێت، لە ژیانی پاستدا نەبێت، ئەی تۆ چیی دەگێڕیتەوە!

**عەبدوڵڵا ئەحمەد: ئەوەیە وای کردووە ئەلبێر کامۆ بڵێت، ئەوەی ڕۆژێك لە زینداندا بژی، بەشی سەدەیەك گێڕانەوەی پێیە؟**

**توانا ئەمین:** وایە، من کە ئەمە دەڵێم ئەوەشم لەبەر چاوە، ئەوەی خەیاڵی زانستی، کە ڕاشنەبووردووە و فانتازیای فراوانی مرۆڤ توانای خەیاڵکردنی داهاتووی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی من باوەڕم وایە مرۆڤ دەبێت بژی بۆ ئەوەی بتوانێت بگێڕێتەوە... مرۆڤ دەبێت ئەزموون بکات. ڕاستیتر تێمەیەك، کە لای من زۆر گرنگە ئەوەیە، مرۆڤ دەبێت ئازار بچێژێت، ئینجا دەتوانێت بگێڕێتەوە، یانی من گومانم هەیە لە سەرلەبەری ئەو نووسەرە گەورانەی ئازاریان نەچەشتووەو توانیویشیانە بنووسن!

**ئورهان پاموك** یەکێکە لە نووسەرە دیارەکان، نە لەبەر خاتری نۆبڵەکەی، بەڵکو لەبەر توانای سەرسامکەری خۆی لە نووسیندا، من کە یاداشتەکانی دەخوێنمەوە، ئەو منداڵێکی دەوڵەمەند بووە، من

لێرەدا گومان دەکەم منداڵییەکی تەواو دابینکراو و دەوڵەمەندان دوایی بتوانێت ئاوا زۆرباش بنووسێت.

ژیانی نووسین کورت دەبێتەوە بۆ ئازار، تۆ چەندە بتوانی ئازار بچێژیت، ئەوەندە دەتوانی نووسەر بیت، غەمگینیی دیدێکی ڕەش نییە بۆ دنیا، وەك ئەوەی جەنابت پێشتر لە پرسیارەکەدا وتتان، ئازارچەشتن و غەمگینی دیدێك نییە تۆ نواندنی تێدا بکەیت. ئینسان، کە لەدایك دەبێت ئەم خاچە وا بەشانییەوە و هەتا کۆتایی تەمەنی دەبیات، من لەوسالآنەدا وتارێکی بچووکم لەسەر ئەمە نووسی، لەوێدا دەڵێم: ***غەمگینیی جۆرێکە لە ئیشراق، دەبێت ئینسان تەمەنێکی زۆر زەحمەت بکێشێت، تا دەتوانێت کۆمەك لەم پاژە قووڵ و گەور ەو ناوەکییەی وجودی خۆی بکات، دیدێکی ناشرین نییە، ئازاری تۆ، ئینسانییەتی تۆیە.***

**عەبدوڵلا ئەحمەد:** دەکرێت پێمان بڵێیت ڕۆڵی زمان لە چیرۆکدا چییە؟

**توانا ئەمین:** بەپێی پێوەرە ئەکادیمییەکانیش زمان ڕەگەزێکی سەرەکییە لە نووسینی چیرۆکدا، بەر لە چیرۆك من باوەڕم وایە ئەوەی لە دونیا دەگوزەرەێت –ئەمە باوەڕێکی زۆر تازەش نییە.

باختین، فیتگنشتاین، سۆسێر، بخوێنەرەوە هەر وا دەڵێن- فۆرمە، ئەوەی فۆڕمە ئەندێشەیە، ئەوەی ئەندێشەیە زمانە، لەڕاستیدا هیچ شتێك لە دونیادا نییە جگە لە زمان. من لەو ڕۆژانەدا ڕێگەم کەوتە دادگا، لەوێ بیرم کەوتەوە ئەوەی دەتوانێت حوکمی بەشەر لەسەر ئەم ئەستێرەیە بکات، زمانە. ئێمە بۆ هەر کۆنسێپتێك لەژیاندا، شێوەیەکمان هەیە، کاتێك دەڵێین مرۆڤ، دەڵێین کچێکی جوان، دەڵێین پەرداخێك ئاو، فۆڕممان بۆ هەر یەك لە مرۆڤ و کچێکی جوان پەرداخێك ئاو هەیە، کەچی لە بەرانبەردا هەندێك وشەمان هەیە بەبێ فۆڕم، بۆنموونە من دەڵێم: جوانیی، جوانیی فۆڕمی نییە لەسەری مندا، خۆ کاتێك بمەوێت دەست لە تابلۆیەکی جوان بدەم، دەستم بەر بۆیاخ و پەردەکە دەکەوێت، نەك خودی جوانیی خۆی، بە بڕوای من، نووسەر دەتوانێت باشتر لەو چەمکانەدا کاربکات، کە فۆڕمیان نییە، چونکە دەتوانێت کۆمەکی خەیاڵی خوێنەرەکەشی بکات بۆ جێگایەکی دوورتر لەوەی هەیە.

**عەبدوڵڵا ئەحمەد: ڕەگەزێکی زیندووی تر لەدوای زمان فانتازیایە، لە ڕابردووی چیرۆکی کوردییدا فەنتازیایەکی سیاسیی هەبوو...**

**توانا ئەمین:** مەبەستت چییە لە فانتازیای سیاسیی؟!

**عەبدوڵڵا ئەحمەد: مەبەستم ئەوەیە ئەو ڕووداوانەی دروست دەبن، زیاتر ڕووداوی سیاسیین و خەیاڵی سیاسین، بۆنموونە تایبەتە بە دۆزی کورد، بەڵام ئەوەندەی تێبینیم کردووە لای ئێوە فەنتازیاکە فانتازیایەکی ئینسانییە. کاراکتەرەکان کاراکتەری کەینونین، بەڵام لەوەی پێشوودا کاراکتەر کاراکتەرێکی سیاسیی بوو، کورد بوو.. پێت وایە ئەم فانتازییە سیاسییەی پێشوو گەشتبێتە ئاستێکی جیهانیی و جیاوازی چییە لەگەڵ ئەم فانتازیایەی ئێوە پێی دەنووسن؟**

**توانا ئەمین:** پرسیارەکە فرەڕەهەندە کاك عەبدوڵڵا... لەڕاستیدا من زۆر گەشبین نیم بە چیرۆکی کوردیی کلاسیکمان لە جەمیل سائیبەوە لە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و حەسەن قزڵجییەوە تا سەر کاوس قەفتان و مامۆستا حوسێن عارفیش، لەبەرئەوەی ئەو ئەدەبە بارگاویی بە ئایدیۆلۆژیایە، سوودمەندە لەو خەتەی لای مەکسیم گۆرگی هەیە لە ئەدەبی ڕووسیدا، کەچی هەموو ئەمان نەیانتوانیی سوود لەو خەتەی دۆستۆیفسکی وەربگرن، ئەوەی جەنابت وتت، کە ئینسان ببێت بەتەوەر لە ئەدەبدا.

بە باوڕی من ئەگەر ئەدەب شتێك بوو بۆ سەردەمێك هات و مرد، ئەوە ئەدەب نییە، ئەدەب دەبێت گرەوی نەمریی بکات. زۆر زەحمەتە ئێستا تۆ بێیت (دایك)ی **ماکسیم گۆرکی** بخوێنیتەوە.



Scanned with CamScanner

بەڵام بە ئاسانی دەتوانی بچیتەوە سەر ڕاسکۆلینکۆفی (تاوان و سزا) و بچیتەوە سەر (برایانی کارامازۆف)، **دۆستۆیفسکی** لە ١٨٠٠کاندا ئەمانەی نووسیوە، کەچی کە تۆ دەیخوێنیتەوە وادەزانیت ئەمشەو لە ماڵەکەی تەنیشتتەوە نووسراوە! ئەوەی چەقە لەئەدەبدا، دەبێ ئینسان بێت. ئایدیۆلۆژیا بۆخۆی کوڕی قۆناغێکە و لە قۆناغێکی تردا کۆتایی پێ دێت، بەڵام مەسەلە ئینسانییەکان وەها نین و جاویدن. خۆ ئەدەبی ئایدیۆلۆژیی ئەدەبێکی وەهاش نزم نییە، بەڵکو لەبەرانبەر ئەدەبی ئینسانییدا جێ لەقە. ئەدەبی ئێمە ئەدەبێکی ناسیۆنالیستیی تەواویش نییە، ئەدەبێکی ئاینییش نییە، ئەدەبێکی قووڵی عیرفانییش نییە.

هیچ شەرمی تێدا نییە، مێژووی خۆمان بخەینەوە بەر نەشتەری خوێندنەوە، بە چاوێکی تیژتر ئەم مێژووە بخوێنینەوە، نەك هەر چیرۆك هەتا لە شیعری کلاسیکی، ئێمە واز لەوە بێنین، کە ئەم حەزرەتە و ئەو گەورەیە، دەبێت بە نیگایەکی بابەتییانە شتەکان لە جێی خۆیان بخوێنینەوە، بۆنموونە من باوەڕم وایە ئەو حەقەی دراوە بە (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)، حەقێکی لە قەبارەی خۆی زیاترە.

لەبەر ئەوەی تێمەی کارکردنی ئەم پیاوە تێمەیەکی زۆر فراوان و جیهانیی نییە، لە باشترین حاڵەتدا شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە نازیین بە گەڵ و گوونی و لە قسەی بەر حەوزی مزگەوت تێ نەپەڕیوە.

دواتر ڕۆژهەڵاتناسێکی پلەسێی وەك (ئەدمۆنز) دێت ئەم زۆرپەڕیی و داوێنتەڕییەی لێ دەبێت بە موعجیزە! حەقی خۆیەتی و عەیبەی تێدا نییە، ئێمە ئێستا بێین سەرلەنوێ ئەم بەرهەمانەی ئەدەبەکەمان بخوێنینەوە. شێخ ڕەزای تاڵەبانی بەرانبەر بە سەعدی و بیدل و ئەبونەواس و عراقی و ئەوانەی کە هاوزەمانی ئەو بوون یان پێش یان دواتر ژیاون لە کلاسیکیی فارسی و عەرەبیدا دەزانی چەند کورتی هێناوە؟ ئەعمال کامیلەی شێخ ڕەزا دەخوێنیتەوە دەبینی لە کۆمەڵێ شەڕەجنێو بترازێت، هیچی بۆ مرۆڤایەتیی جێ نەهێشتووە! یاداشتەکانی (مێجەرسۆن) بخوێنەرەوە دەڵێت: *"من ڕۆیشتم لە تەکییەکەی کەرکوك، بینیم پیاوێکی ئاینیی سەختگیر بوو، بەرانبەر ئەوانەی موسوڵمان نین، بەتایبەت بە کریستیان و جووەکان"!*

لەبەر ئەوە پەیامی شێخ ڕەزا پەیامێکی ناسیۆنالی نەبووە وەك ئەوەی لای حاجی قادر هەیە، توانایەکی زمانبازی هێندە گەورە نەبووە، وەك ئەوەی لای نالی دەیبینین. پەیامێکی عیرفانی نەبووە وەك ئەوەی لای مەحوی هەیە، پەیامێکی ئینسانیش نەبووە... ڕێگەم بدە بڵێم هەر کاتێك شیعری کلاسیکیی ئێمە لە عیرفانییەت ترازابێت کیرڤێك هاتووەتە خوار.

**عەبدوڵڵا ئەحمەد: گرنگیی سەفەر چییە لەسەر ڕۆنیای نووسەر، بەتایبەت تۆ خۆشت سەفەری دەرەوەی وڵاتت کرد، سەفەر چیی لە مرۆڤدا دەگۆڕێت؟**

**توانا ئەمین:** جا چیی ناگۆڕێ! سەفەری من بۆ دەرەوە سەفەرێکی زۆر تووریستی و گەشتیاریی نەبوو، بە ڕاستیی جۆرێك بوو لە تووڕەیی و سەرهەڵگرتن، باوەڕێکم هەبوو، باوەڕم وابوو ئەم شارە شارێکی دڵڕەقە (ئێستاش هەر لەسەر ئەو باوەڕەمم). سلێمانی بە هەموو خوێن شیرینییەکانییەوە، شارێکە سرووشتێکی هەیە، خەڵکە باشەکانی خۆی فڕێ دەداتە دەرەوە -تکایە ئەم بابەتە لە دەرەوەی من- هەر لە نالییەوە تا مەولانا خالیدی نەقشبەندیی.

من باوەڕم وابوو ئەم شوێنە شوێنێکی خراپە، یان بۆ من نەشیاوە، تووشی ئەم وەهمە بووبووم -دیارە ئێستاش ئەم وەهمەم هەر هەیە!- بەڵام کە ڕۆیشتم لەوێ زانیم من یەك شتم لە یاد کردووە، ئەویش ئەوەیە ئیقبال و چانس و چارەنووسی خۆم -ئەوشتەی ئینسان ناتوانێت لێی هەڵبێت- جێ نەهێشتووە، بەڵکو وا لە ژانتاکەمدا! چارەنووسی خۆمم بە شارانەوە دەگێڕا..

**عەبدوڵڵا ئەحمەد: ئەم شاران بینینە، کاریگەریی هەبوو لەسەر جیهانبینیی توانا ئەمین؟**

**توانا ئەمین:** بەدڵنیاییەوە... ئێمە خۆمان لە شارێکداین میترۆی نییە، شەمەندەفەری نییە، دەریای نییە... من یەکەم جار لەسەرەتای سەفەرەکەمدا لە ئیستانبوڵ کە پاپۆڕم بینی سەرم سوڕما، ماوەیەکی زۆرم دەویست سەیری بکەم! خۆ مرۆڤ ئاخیر جار لەسەری حسابە، کە ژیاوە، مادام ژیاوە و (ژیان) لەسەری ماڵە، ئەو حەقەی هەیە بڕوات ئەو شتانە ببینێت، کە لەسەر هەسارەکەی هەن و خەڵکی تر دەتوانێت بیبینێت.

**عەبدوڵلا ئەحمەد: کاک توانا، دوا پرسیاری من لەسەر ئەو کتێبەتە، کە ئامادەیە بۆ چاپ و لەبارەی کۆمەڵێک ماتریاڵی بچووکی ناو ژیان وەستاویت، بۆنموونە جوانیی، لەو کتێبەدا پێناسەی تۆ بۆ جوانیی چییە؟**

**توانا ئەمین:** کتێبەکە زۆرتر لەژێر کاریگەریی کتێبەکەی فەیلەسوفی ئەڵمانی **والتەر بنیامین** دایە (جادەی یەک ساید)، بۆنموونە وتارێک لەوێ لەسەر ئاوێنە هەیە، بە ڕای من ئاوێنە ئۆبژێکتێکی زۆر درۆزنە، هەرگیز ناتوانێت وێنەی ڕاستەقینەی خۆت بداتێ، چونکە وێنەکان پێچەوانە دەکاتەوە، وتارەکە دەڵێت، ئەگەر ئاوێنە ڕاستگۆ نییە و وێنەکەی ئێمە لەناویدا ڕاستەقینە نییە و لە نارسیسی یۆنانییەوە ئێمە نەمانتوانیوە خۆمان ببینین، خۆ ئێستا کامێرا دەتوانێت

بمانبینێت. وتارەکە وەڵام دەداتەوە، کە مادام کامێراش لە پێکهاتە فیزیکییەکەیدا لە کۆمەڵێك هاوێنە پێکهاتووە و ئەوانیش وێنەکان بۆ دوای خۆیان هەڵدەگێڕنەوە، ڕەنگە ناپاکییەك لەم دەستییەدا هەبێت، وتارەکە زۆتر دەڕوات و دوایشت دەڵێت: ئەی ئەگەر ئەگەری هەڵەیەك لەواندا هەبووبێت، خۆ ئێستا وا چاوی من دەتبینێت، دیسان هەر وتارەکە خۆی وەڵام دەداتەوە، کە لەوانەیە چاوی تۆش بینێنێکی ڕاستەقینە نەبێت، چونکە وێنەکان لە گلێنە و پەردەی چاوەوە دەدات بە مێشك و... وە دواجار ڕەنگە مرۆڤ بژی و بمرێ و نەتوانێ بەڕاستیی نە خۆی ببینێت نە کەسی تر.



Scanned with CamScanner



# یەکەم چیرۆکم لە گۆڕستان نووسی

Scanned with CamScanner

**ڕێگای کوردستان: هەمیشە خوێندنەوەی یەکەم کتێب یادەوەرییەکی سەیر بۆ نووسەر بەجێ دەهێڵێت، دەکرێت بزانین تۆ چۆن دەستت دایە خوێندنەوە و یەکەم کتێب، کە خوێندتەوە ئەگەر یادەوەریت یارمەتیت بدات، چ کتێبێک بوو؟**

**توانا ئەمین:** یەکەم کتێبم بیر نایەت ڕەنگە (کلیلە و دمنە) یا (گێلەپیاو)ی عەزیز نەسین بووبێ.

**ڕێگای کوردستان: هەندێک جار کتێبێک سەرلەبەری ژیانی کەسێک دەگۆڕێت، یان کاریگەرییەکی قووڵ بەجێ دەهێڵێت، دەمەوێت بپرسم، چ کتێبێک زۆرترین کاریگەریی لەسەر تۆ هەبووە؟**

**توانا ئەمین:** زۆر لەگەڵ ئەمە نیم... ئینسان ئاوا بە ئاسانی ناگۆڕێ، بەڵام لەوە دەچێ کتێب قووڵ بتشێلێ یان قووڵ لە ئینسان بوونتدا هاوکاریی و کۆمەکەت بکات، بەڵام کتێب خەتەرێکی گەورەشە، بەشێک لە ئارامی ئەم سەرزەوییە کتێب شێواندوویەتی.

با پرسیارەکە ببەینەوە سەر ئەوەی ئەگەر کتێب ڕێگای زانین بێ، ئایا خۆی زانین بەختەوەرییە؟ ئایا مرۆڤ دەیەوێت بەختەوەر بێت،

یان دەیەوێت بزانێت؟ بە ڕای بچکۆلانەی من، مرۆڤ بەختەوەریی دەوێت و حەزیش دەکات بزانێ، هەر بۆ خۆی باجێکی گەورەی زانین دەدات، بە پێی ئەفسانە ئاینییەکان، ئەو بەختەوەریی لە خۆی تێك داوە لەپێناو زانیندا، خواردنی سێوی یەکەم، ملسوونە لە ڕێگایەکی تژی لە ئازار لەپێناو تاقیکردنەوەدا. لەنێوان ئەوەزلخانەیەکدا، کە مرۆڤ ڕاکشێ و گێلاسی ئاڵتوونیی بکەوێتە دەمییەوە، لەگەڵ تەنیاییەك لەسەر ئەرزێکی ساردی ڕووتدا، مرۆڤ تەنها بەسەرکێشییەکی قووڵ و لەپێناوی زانیندا ئەوەی دووەمیان هەڵدەبژێرێت.

بونیام بوونەوەرێکی غەریبە، هەڵە دەکات و چێژ لە هەڵەی خۆی دەبینێ، بەپێچەوانەی ئەوانەی لایان وایە ئینسان کائینێکی مەعسومەو هەڵە دەکات تا فێر ببێ، من لام وایە بونیام گزیکەرێکی گەورەیە لە گەردوونا، چوون فێر دەبێ تا هەڵە بکات، لە ژیانی مۆدێرندا دەزگاگەلێکی گەورەی فێرکردنی هەڵەکردن هەیە، زەوی پڕە لە سەنتەری ڕاهێنان و ئەکادیمیای سەربازیی گەورە، کە کاریان داماڵینی ڕۆحی مرۆییانەیە لە ئینسان.

کە فیلمی **(دواجەلاد)**م بینی تێگەیشتم، کارێکی هێند زەحمەت نییە، ئینسان دیوە دڕندەکانی خۆی ببینێ، بەڵام ساڵانێکی دەوێ تا تۆ لە ڕۆحی مرۆییت، لەم پاژە بچکۆلانەیەی وجودی خۆت کۆمەك بکەیت.



Scanned with CamScanner

من دەزانم کتێب ڕێگایەکی گەورەی فراوانکردنی ئەبستمی مرۆڤە، بەڵام ڕێگایەکی پاك و ئارام نییە، بەپێچەوانەوە کتێب ئەو جادووکەرە ناچیزەیە، کە دەتوانێ لەساتێکدا بە هەزار ماسکی جیاوە، لە هەزار کەلێنی ناشوێنی ئینسانەوە حەرەم بشکێنێ و دزە بکات. نموونەگەلی ئەوانە کتێب کۆی کردوونەتەوە و خەتەری گەورەبوون بەسەر مرۆڤایەتییەوە کەم نییە، Mein Kampfی هیتلەر سووپایەك خوێنی بە دوای خۆیدا ڕشت، **قەزافی** لە گفتوگۆیەکدا بە ژنە نووسەری ئیتالیایی **ئۆریانا ڤالاچی**، دەڵێت: *"ئەگەر دەتەوێت لە ئێمە تێ بگەیت، ئێمە هەموو شتێکمان لە کتێبی (سەوز)دا نووسیوە"*. بەدرێژای چاوپێکەوتنەکە موعەمەر لە هەرکوێدا نەتوانێ وەڵامی پرسیارە زیت و قورسەکانی ڤالاچی بداتەوە، بە یەقینێکی گەلحۆیانەوە، وەك ئەوەی لەم دونیا گەورەیەدا کتێبێك هەبێ "هەموو شتێك!"ی تێدابێ ئەو ڕستەیە دووبارە دەکاتەوە.

هاوڕێی ئازیز، لە باشووری خۆرهەڵاتییەوە تا باکووری زەوی، بێشومار خەڵك هەن بە هۆی خوێندنەوەی کتێبێکەوە دەبنە تیرۆریست. کتێب فریودەرێکی گەورەیە، دەتوانێ خەونی سەیر سەیر لە مرۆڤدا دروست بکات، بە جۆرێ پلاتۆن واتەنی ئینسان لە جەوهەری خۆی ون بکات. دەمویست بڵێم کتێب ڕێگا هەڵەکەی بەختەوەرییە، ڕێگایەك زۆر نزیکە نەگات!



Scanned with CamScanner

**ڕێگای کوردستان: ئەو کتێبەی ئێستا لەبەردەستتدایەو خەریکی خوێندنەوەی چ کتێبێکە؟**

**توانا ئەمین:** من قەت ناتوانم لەیەک کاتدا تەنها یەک کتێب بخوێنمەوە، لەئێستادا جگە لە کتێبێکی **کارین ئارمسترۆنگ** (مێژووی خودا لە ٤٠٠٠ ساڵدا) و ڕۆمانی (هەموو ناوەکان)ی نووسەری پورتوگالی **خۆزێ ساراماگوا**، بە تەنیشتیشیانەوە کتێبێکی فەیلەسوفی زمانەوانی **ڤیتگنشتاین**م لەسەر زمان، لەبەردەستدایە.

**ڕێگای کوردستان: باسمان لەسەرەتای خوێندنەوەو ئەزموونی تایبەتییت کرد، کە وایکرد لەگەڵ خوێندنەوەدا دەرگیر بیت، ئێستا دەمەوێت بپرسم چۆن بوو دەستت دایە نووسین؟ چونکە ساتەوەختی هەڵگرتنی قەڵەم هەم چێژبەخش، هەم ئازاراویشە؟**

**توانا ئەمین:** نازانم یەکەم جار چۆن بوو! ئەها بیرم کەوتەوە، کە یەکەم چیرۆکم نووسیی لە گۆڕستان نووسیم، چونکە ئەوکاتە وامدەزانی ئەگەر لەوێ بم باشتر دەتوانم لەسەر مردن قسە بکەم!

ئێستا جگە لەوەی وەک مێژووی خۆم ڕێزی لێ دەگرم، بەڵام پێکەنینیشم پێی دێت. ئێستا بێ ئەوەی بمرم دەتوانم لەسەر مردن بنووسم. خەیاڵکاریی، وابزانم ئەوە ئەوشتەیە، کە دەبێت لانی کەم هەموو چیرۆکنووسێك هەیبێت.



**نووسین بۆ من،**
**شەڕی ڕاستەقینەی ئینسانە،**
**لەگەڵ خۆی و لەگەڵ خوداش..!**

Scanned with CamScanner

**Tamás Gergely: ئەزموونێکی سەرنجڕاکێشە بۆ من، هەمیشە کە لەگەڵ نووسەرەکان گفتوگۆ دەکەم پێشتر شتێکیان لەسەر دەخوێنمەوە، بەڵام سەبارەت بە ئێوە تەنها ئەوەندە دەزانم، کە چیرۆك بە کوردی-سۆرانی دەنووسن، دەتوانیت یارمەتیم بدەیت پێکەوە قسەیەك لەسەر کتێبەکانت بکەین؟**

**توانا ئەمین:** لەڕاستیدا من تەنها چیرۆك نانووسم، بەڵکو ڕەخنەی ئەدەبیی و هەندێ جار وەرگێڕان و کەمەکێ کاری فیکریی و بە تەنیشت هەموو ئەوانەشەوە وەك پیشەی سەرەکیم ڕۆژنامەنووسی فۆیلیتۆن-بواری کلتورییم.

ژمارەی کتێبە چاپکراوەکانم زیاتر لە ٨ کتێبن، پێم گوتی، کە بواری جیاجیان، بەڵام خۆم چیرۆکەکانم لە هەموویان خۆشتر دەوێت. چیرۆك بۆ من وەك وەستان لەبەردەم ژنێکدا وایە. تۆ دەزانی پەیوەندییەکی سەیرو قووڵ لەنێوان ژن و ئاوێنەدا بۆ من هەیە؟ من کە لەبەردەم هەریەکێك لەو دووانەدا دەوەستم، پنتە بچووك و شاراوەکانی ناوی ناوەوەی خۆم دەبینم، چیرۆکیش هەر کارێکی ئاوا بۆ من دەکات، کاری بینیی شتێکی تر لە ناو خۆتدا، کە چاوی

ئاسایی و ڕۆژانەکان لەئاستیدا لێڵە. بۆ تۆ ڕوونە، کە ئێستا ئینسانی نوێ سەروکارێکی باشی لەگەڵ ماسکپۆشیندا هەیە، بە جۆرێک بە نزیکەیی ئێستا ئیتر زەحمەتە بڵێیت: کەسێک دەناسم وەکو خۆی. هەموومان لەماڵەوە ماسکگەلێکی زۆر و بێشومارمان هەیە، ماسکێک بۆ کار، ماسکێک بۆ ژووان، ماسکێک بۆ ئاهەنگ و ماسکێک بۆ... چیرۆکنووسین بۆ من ئیشکردنە لەسەر دیوی ئەو دیوی ئەم ماسکانە، لەسەر جەوهەرە ڕاستەقینەکەمان وەکوو مرۆڤ، ئـا... ڕاستیت دەوێ، مرۆڤ هەر تێم نییە لە ئیشی مندا، بەڵکو سێنتەرە. کاری من بە دەوری ئینساندا دەخوولێتەوە. بە دەوری ئازاری، گریانی، دڵشکان و شادییە بچووکەکانیشی. دواجار نووسین بۆ من، شەڕی ئینسانە لەگەڵ خۆی و لەگەڵ خوداش.

**Tamás Gergely: ئایا ئاسانە لەسەر عێراق بنووسیت؟ زۆر شت ڕووی داوەو ڕوو دەدا، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، ئایا ئاسانییەکەی ئەوەیە ژیان لەوێ مێژوو دروست دەکات، یان سەختە لەبەر ئەوەی ژیان چەند جۆرێ مێژوو دروست دەکات؟**

**توانا ئەمین:** باوەڕ ناکەم شوێن بەشێوەیەکی ئاوا کۆنکرێت کاریگەریی لەسەر نووسین دابنێ. دەزانی گەر **گابریێل گارسیا مارکیز** لە ئەریترییاش بایە، هەر مارکیز دەبوو، **دانتێ** لە شیرازیش بایە هەر

دانتیّ دەبوو. نووسین بۆ من پرسیارێك نییە لە شوێن، پرسیارێکە لە وجود. گرنگ نییە لە کام جەمسەرەی ئەم زەوییە گیرساویتەوە، گرنگ ئەوەیە، **تۆ ژانت هەیە**، **تۆ ئازار دەچێژی**، تۆ دەتەویّ لەم بێمانایییەی ناوی ژیانە تیّ بگەیت. تیّ بگەی لە خەونی منالێکی ژێر ڕێژنەی گوللە لە سوریا، لە دوودڵی سەربازێکی ئەمریکی لە ئەفغانستان، کە دڵی لای ژنە سکپڕەکەیەتی! نووسین کوا وەستانە لەسەر شوێن؟! نووسین هەڵوێستەکردنە لەسەر خودی خۆمان. خۆمانێك، کە نازانم بڵێم بە خۆشحاڵییەوە یان بەداخەوە پێمان دەڵێن مرۆڤ!

**Tamás Gergely: پێش گفتوگۆکە بیستم لەسەر کتێبێکتان تووشی کێشە یان هەڕەشە بوون، ئەوە چ کتێبێکە؟ بۆچی خەڵکانێکی تووڕە کردووە؟**

**توانا ئەمین:** هەمیشە ئەم شتانە ڕوو دەدەن، بەتایبەت ئەگەر بتەوێت پیرۆزیی کۆمەڵگاکەت بخەیتە ژێر پرسیارەوە. ئەوەی باسی دەکەیت کتێبێکە، لە کۆمەڵیّ گفتوگۆی فیکری پێك هاتووە لەمەڕ (**خودا**)، من وەك ڕۆژنامەنووسێك، کە سەروکاری لەگەڵ پرۆژە فیکرییەکان هەیە ئەنجامم داون.

لەو کتێبەدا پرسیوومە خودا کێیە؟ ئایا پرسیار لە خودا، پرسیارە لە خودی بیرکردنەوە یان لە دەرەوەی بیرکردنەوە؟ ئایا خودا لە سنووری تێگەیشتنی ئینسان دایە، یان لە دەرەوەی ئەو سنوورەیە؟ کێ سەرچاوەی شەڕ-خراپەیە لە دونیادا؟ شەیتان؟ شەیتان کێیە؟ ئەو کێ دروستی کردووەو چۆن فێر بووە؟ یەکەم جار خراپەی لەگەڵ کێ ئەزموون کردووە؟ ئەگەر خودا شەیتانی دروست کردبێ، کەواتە خودا خراپەی دروست کردووە! ئایا ئەمە لەگەڵ لۆژیکی خودایەکی پاك و بێتاواندا دێتەوە؟

واتە کتێبەکە سەرەتا خۆی بە پرسیار لەو دراوە ئایینییانە دەست پێ دەکات، کە کۆڵەکەی عەقیدە دینییەکانن، دواتر هەر ئەو کتێبە دەپرسێ، ئەگەر خودا بەندەکانی خۆی خۆش دەوێت بۆ دەیانسووتێنێت؟ چۆن خودایەکی دادپەروەر ڕێگە بە خۆی دەدات، منالانی زۆر بچووك بمرن! چۆن خودایەکی بە بەزەیی دەتوانێ، بینەری کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی سادەو بێتاوانی وەك **ئەنفال** و **ئاوسشڤایتس** بێ و هیچ نەڵێ و هیچیش نەکات؟

لە هەموو ئەوانە گرنگتر، کتێبەکە دەپرسێت: ئەگەر خودا لەگۆڕێ نەبێ چی؟ ئەو کاتە مرۆڤبوون سەختتر دەبێ لە ئێستا؟ پرسیاری جەوهەریی کتێبەکە ئەوەیە، ئێمە بەبێ خودا دەتوانین مامەڵەی مرۆڤانەی یەکترو مامەڵەی جیهان بکەین؟!

مینا شین

ئـا... ئەوە چەند پرسیارێکی ناو ئەو کتێبەیە، کە دواتر کرێکارانی چاپخانە کارکردنیان تێدا وەستان و لەوەش بەدتر دەیانوویست ئەوەی کردوویانە بیسووتێن. ئێستاش لێرەو لەوێ و لە یوتوب هەڕەشەی مەلا نەخوێندەوارەکانم بەر گوێ دەکەوێتەوە، ئەوانەی ناتوانن مێژووی پرسیارە فیکرییەکان بە باشی لە ئاینەکەی خۆشیاندا بخوێننەوە.

**Tamás Gergely: دەزانم کە کاری وەرگێڕان دەکەیت... هی کێ و بۆچی؟**

**توانا ئەمین:** ئەوە ڕاستە، بەڵام لەوە ڕاستتر ئەوەیە بزانی، من وەك پیشە وەرگێڕ نیم. تەنها وەك خۆشەویستیی بۆ هەندێ خوێنەری تایبەت حەز دەکەم ئەوەی من دەتوانم بیخوێنمەوە و بیبینم لەگەڵ ئەوانیش بەشی بکەم، بەرهەمی ئەو بەشکردنە دوو کتێبە، ڕۆمانێکی نووسەری هاوچەرخی ئێرانی **عەباس مەعرووفی** و نۆڤلێتێکی نووسەری فرەنسی **ئەلبێر کامۆیە**.

**Tamás Gergely: دەزانم تۆ چەندین خەڵاتت وەرگرتووە، ج شتێك لە تۆدا هەیە وا ئەو خەڵاتانە دەبەیتەوە؟**

**توانا ئەمین:** (بەپێکەنینەوە) نازانم! ڕەنگە لەسەر پرسیارە زۆر و زەوەندەکانم بیانەوێ ڕێزم لێ بنێن.

لەو ساڵانەی ڕابردوودا خەڵاتی (باشترین لاوی ساڵ)م لە سەرۆکی حکومەت وەرگرت. بەڵام شتێکی خۆمانەت پێ بڵێم، ڕەنگە زۆرجار هی ئەوە بووبێ پارەم پێ نەبووبێ، بۆیە ناچاربووم خەڵاتەکان وەربگرم یان بەشداریی فێستیڤاڵەکان بکەم. وەکووتریش پێم خۆشە بزانی، من گاڵتەم بە هەموو خەڵاتی دونیا دێت تا بگات بەو هەرێمە بچووکەی ئێمە، کە لەسەر نەخشەش دیار نییە. من پیاوێکی ڕاگوزەرم، دێم و دەڕۆم و ئەوەی لێم جێ دەمێنێ، وەڵام نییە، پرسیارە.

**Tamás Gergely: کێ کتێبەکان بۆ تۆ چاپ دەکات؟ چاپخانەیەک لە عێراق یان دەزگایەک لە ئەورووپا؟**

**توانا ئەمین:** لە عێراق نا لە کوردستان! هەر کتێبێکم دەزگایەک کردوویەتی، کە دەزگا باشەکانی چاپن لەوانە دەزگای ئاراس، چاپ و بڵاوکردنەوە، ڕەخنەی چاودێر... زۆرینەشیان پێنکڵەپی کوردی **(یانەی قەڵەم)** کردوونی.

**Tamás Gergely: تۆ لە عێراقەوە هاتووی... گەیشتوویتە ئامانجەکەت، یان جارێ بەڕێوەی؟**

**توانا ئەمین:** من لە عێراقەوە نا لە کوردستانەوە هاتووم. چەند ساڵێک لەوەبەریش لێرە (لە سوید) بووم، بەڵام ئەم جارە وەک



Scanned with CamScanner

خوێندکارێك لێرە میوانم، بۆ من بەگشتی ئامانج خودی ئامانج خۆیەتی. یادت دەخەمەوە، بەرگریکردن لە کەرامەتی ئینسانییمان وەك کۆمەڵێ منالی بە جێماو لەم دونیا خەراپەدا، بۆ من ئامانجەکەیە.



# دەمەوێ مامۆستای بێدەنگی بم

Scanned with CamScanner

نسیّ: بەر لە نووسین، کردەی خوێندنەوە بوونی هەیەو دەبێت هەبێت، هەڵبەتە بەر لەوەی نووسیار بین، خوێنەربووینە. تۆ یەکەم کتێب، کە خوێندبێتتەوە چی کتێبێك بوو؟ ناوەڕۆکی ئەم کتێبە کاریگەریی بەسەر هزر و نووسینی تۆدا چی بووە؟ تۆ لەپێناوی چیدا کتێب دەخوێنیتەوە؟ ئەگەر کردەی خوێندنەوە بوونی نەبێت، نووسین ماهییەتی چییە؟ بە بڕوای تۆ کەی ئەو ڕۆژە دێت تاکی کوردی (بەشێوەیەکی گشتی) کتێبی لە پارەو زێڕو سەروەت خۆشتر بوێت؟ لەپاڵ ئەوەی کە هەیەو دەگووترێت: " کتێب باشترین هاوڕێی مرۆڤە"، کتێب لە دیدی زۆرێك لە بیرمەندەکان جیاواز لەوە کەوتۆتەوە، ئایا کتێب بە لای تۆوە چییە؟ ئەو کتێبەی حەزت دەکرد تۆ نووسیارەکەی بووایەیت، چی کتێبێکە؟

هەروەها ئەو کتێبە چی کتێبێکە حەز دەکەی چەندین بارە بیخوێنیتەوە؟ هەروەك ئاماژەمان بۆی کرد، نووسیار بەر لەوەی بنووسێت دەبێت بخوێنێتەوە، ئایا ئێستا خەریکی خوێندنەوەی چی کتێبێکی؟

**توانا ئەمین:** بە دروستی نازانم یەکەم جار چیم خوێندۆتەوە. هەرچی بووبێ، بەوەی لە زەینمدا وەك تەمێکی سپی کاڵ جێ ماوە، کتێبێك بووە سترەکتورێکی داستانیی هەبووە، بەڵام ئەوە کتێبێکی ئەوەندە قورس و کاریگەر نەبووە تا من لە ژێری دەرنەچم، هەر خۆی ئەوە تەلیسمی کتێبە، کە هەر ئەوەندەی بە کتێبێکی دیکەی نایاب گەیشتیت، ئەوی پێشوو جێی خۆی دەداتێ.

لەگەڵ ئەوەشدا تەنها مێنتاڵی کاغەز نییە، کە دەتوانرێ بخوێنرێتەوە، تۆ کە لە سووچی گالەرییەکدا بە دیار تابلۆیەکەوە ڕادەمێنی دەخوێنیتەوە، کە فیلمێکی جوان دووردوور لەگەڵ خۆی دەتبات دەخوێنیتەوە، کە لە باخچەیەکدا پیاسەیەك بە تەنیا دەکەیت، هەموو شتەکان وەکوو خۆی نا! وەك ئەوەی چاوی تۆ دەیبینێ دەخوێنێتەوە، بەم جۆرە خوێندنەوە ساتی بەرکەوتنی تۆ و دنیایە، ئەو دونیا بچووکەی منیش، کە هەمیشە حەز دەکەم تیایدا بخوێنمەوە، هەر ئەو کتێبانەن، کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سەر ئەم زەوییە حەز دەکەن بیخوێننەوەو پێیان وایە خودا نووسیونی.

**تەورات** و **قورئان** و **ئینجیل**، لە ڕیزی پێشەوەی فاڤۆرێتەکانی منن.

لەو ساڵانەی ڕابردوودا نووسخەیەکی دەستنووسی لەبەرگیراوەی **(زەبوور)** لە مۆزەخانەی ئەسفەهان‌دا زۆر سەرنجی ڕاکێشام -کە ئۆرگیناڵەکەی کۆنترین نووسخەی زەبوورە و لە کتێبخانەی ئایەتووڵڵا

مورعەشی نەجەفییە لە قوم– پاشتر کۆپییەکیم دەست خست و خوێندمەوە، تەواو چێژم لێ برد، یەك پارچە ستایش، یەك پارچە شیعر بوو. ئینسان مینا عارفێکی پیر، هەموو جارێ دەکارێ وێنەو مانا و نەخشەی تازە بۆ ژیان، لەو کتێبە کۆن و کاغەزە زەردانەدا هەڵهێنجێت.

ئەمە ڕەنگە بەشێکی پەیوەندیی بەوەوە ببێ، کە من لام وایە مرۆڤی ڕۆژگاری زوو، کتێبی نەنووسیووە، کتێبی کۆدڕێژ کردووە... ئەگەرنا نەماندەتوانی تائێستاش **دانتێ** و **شەکسپیر** بخوێنینەوە. نەماندەتوانی لەکاتێکدا لە چەرخی فیزیای کوانتەمی داین، **ئیبن سینا** بخوێنینەوە! دەخوێنمەوە تا بزانم من لە کوێم؟ من چی دەکەم؟ ئێرە کوێیە؟ دەبێ پێت بڵێم من لە زوومرەی ئەوانەم، کە مرۆڤ وەك ونبوویەك تەماشا دەکەم، وێڵێك چاوی کردۆتەوە و دەبینێ لەسەر ئەم زەوییە ڕەقە بە تەنیا جێهێڵراوە، لە ساتێکی ئاوادا خوێندەوە سەرەتای سەرسامییە قورسەکەیە، ئەوانەی لەو سەرسامییەدا تەنها بۆ کات کوشتن، پاگەندەی چێژ، حەزی زانین دەخوێننەوە، جیاوازن لە تۆ. ئەوان دەتوانن نەخوێننەوە... چوون بۆ هەریەکێ لە پاساوەکانیان ڕێگای تر کەم نییە، بەڵام بۆ من پرسیارەکە دەبێ بە ماهییەتم.

مورعەشی نەجەفییە لە قوم- پاشتر کۆپییەکیم دەست خست و خوێندمەوە، تەواو چێژم لێ برد، یەك پارچە ستایش، یەك پارچە شیعر بوو. ئینسان مینا عارفێکی پیر، هەموو جارێ دەکارێ وێنەو مانا و نەخشەی تازە بۆ ژیان، لەو کتێبە کۆن و کاغەزە زەردانەدا هەڵهێنجێت.

ئەمە ڕەنگە بەشێکی پەیوەندیی بەوەوە بێ، کە من لام وایە مرۆڤی ڕۆژگاری زوو، کتێبی نەنووسیووە، کتێبی کۆدرێژ کردووە... ئەگەرنا نەماندەتوانی تائێستاش **دانتێ** و **شەکسپیر** بخوێنینەوە. نەماندەتوانی لەکاتێکدا لە چەرخی فیزیای کوانتەمی داین، **ئیبن سینا** بخوێنینەوە! دەخوێنمەوە تا بزانم من لە کوێم؟ من چی دەکەم؟ ئێرە کوێیە؟ دەبێ پێت بڵێم من لە زوومرەی ئەوانەم، کە مرۆڤ وەك ونبوویەك تەماشا دەکەم، وێڵێك چاوی کردۆتەوە و دەبینێ لەسەر ئەم زەوییە ڕەقە بە تەنیا جێهێڵراوە، لە ساتێکی ئاوادا خوێندەوە سەرەتای سەرسامییە قورسەکەیە، ئەوانەی لەو سەرسامییەدا تەنها بۆ کات کوشتن، پاگەندەی چێژ، حەزی زانین دەخوێننەوە، جیاوازن لە تۆ. ئەوان دەتوانن نەخوێننەوە... چوون بۆ هەریەکێ لە پاساوەکانیان ڕێگای تر کەم نییە، بەڵام بۆ من پرسیارەکە دەبێ بە ماهییەتم.

وجودی من ڕاستە لەمندا، لەو پرۆژانەدایە، کە هێشتا تەواوم نەکردوون، بەڵام کاتالۆگەکەی لەناو کتێبەکاندایە. دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی بزانم من کێم؟ لەناو کتێبەکاندا بەدوای شتێکدا دەگەڕێم، کە وا دێتە زەینمەوە زۆر بۆی پەرۆشم، لەهەر یەکیاندا پاژێکی دەدەۆزمەوە، لەکۆتاییدا ئەگەر ڕۆژێك هەموو ئەو پارچە دۆزراوانەم نا بەیەکەوە و هەستم کرد کۆی وێنەکەم تەواو کردووە، ئیتر دەنووم و ناخوێنمەوە، بەڵام ئەوە تەنها ڕۆژێکە لە کۆمەڵەی کاکێشاندا نییە، لەبەر ئەوەی **ئیتالیۆ کالڤینۆ** واتەنی *"مرۆڤ لە دنیایەکدا خەریکە بەدوای خۆیدا دەگەڕێ، کە هی ئەو نییە!"*

وێناکردنی کۆمەڵگایەك، کە تاك تێیدا -وەك لە پرسیارەکەتاندا هاتووە- **"کتێبی لە پارەو زێڕ و سەروەت خۆشتر بوێت"!** یۆتۆپیایەکی میسالی ترسناکە، کە تێیدا دەیەوێت ئەو دڵخوازی هەموو بەنی ئادەم هەڵبژێرێت و نەخشە ڕێگاکەشی **کتێبە!** وەك ئەوەی کتێب چەند پەڕەکاغەزێکی سیحراویی بێ، بە تۆزێك هێلمەوە، هەر ئەوەندەی کردمانەوە، دونیا بکات بە باخی بەهەشت! من لێت ناشارمەوە لە کتێبی ئاوها و لەو کەسەش کتێبی ئاوامان پێشکەش و پێشنیار دەکات، لە دڵەوە دەترسێم.بەدرێژای مێژوو کەس وەك خاوەنی کتێبەکان بە هۆی زەخرەفەیەکی بەلاغییەوە سەودای زەوی و ئاسمانیشی نەکردووە.



Scanned with CamScanner

باشە برای من، خەونی بوونی زێڕ بۆ ناشرینە؟ زەوی هی هەموومانە، کێ حەزی لە چییە با هەڵبژێرێ، بەڵام بژاردەکەی خۆی وەك پەسەندترین نەفرۆشێتەوە بەوانی تر، تۆ کە نووسەریت و کتێبت هەیە، چەند لە جووتیارێکی کێڵگەی برنج لە ڤێتنام بەختەوەرتری، کە ناتوانێ بخوێنێتەوە؟

ئازیزم... دروستکردنی کتێب وەك دروستکردنی چەك پیشەسازییە، ڕاستە ڕێگایەکی ئاسان و کورتی فراوانکردنی ئەپستمی مرۆڤە، بەڵام ڕێگایەکی خاوێن نییە، ڕێگایەکە زۆر نزیکە نەگات. کتێب خاچێکە دەبێ شانێکت بۆی هەبێ، من نیازمە لە چاپی نوێی کتێبێکمدا، لەسەر بەرگەکەی بنووسم: (**خوێنەری خۆشەویست، ئەگەر من تۆ بم، ئەم کتێبە ناخوێنمەوە!**) بەم شێوەیە وەك پاکەتی جگەرە، ڕۆژێك دادێ لەژێر کاریگەریی یاسایەکدا لەسەر کتێبەکان دەنووسرێ: (ڕەنگە خوێندنەوەی ئەم کتێبە سەرت لێ تێك بدات، نەزمت هەڵاهەڵا بکات و ڕیتمت بشێوێنێ). بەم جۆرە ئەگەرچی کەس بە هۆی خوێندنەوەی ئەو ئاگادارکردنەوەیەی سەر پاکەتی جگەرە، وازی لە جگەرە نەهێناوە، بەڵام تۆ وەك نووسەرێکی گومانکار لەبەرانبەر بەرپرسیارێتییە ئەخلاقییەکەی خۆتدا وەفادار دەبیت.

ئەو کتێبەی من حەزم دەکرد نووسەری بام، (ماڵباتی باسکواڵ دوئارتێ)ی **کامیلۆ خوسێ سێلایە**، دروست لەو کتێبانەیە، کە ئێستا

باسمان دەکرد، ئەوەی ژیانت ژێرەوژوور هەڵدەگێڕێتەوە، ئەوەی گومان لە هەموو ئەو شتانە دەکەیت، کە بەناوی یاسا و پیرۆزیی و ترادیشیۆن و تەنانەت مۆراڵی گشتییەوە لە تۆ پەرژینیان کردووە. کتێبێکە نازانی لایك یان ئەنلایکی بکەیت، نازانی بگریت یان پێی بکەنیت. لەو کتێبانەیە بەدیارییەوە دەحەجمێی، ماتریاڵەکەت هەرچییەك بێت، دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبە ناتوانیٚ بە ئاسانی بخەویت. ئاوها کتێب هەموو جارێك دەرمان نییە، کتێب خۆی برینەکەیە. لەو ڕۆژانەدا کەوتم بەسەر پەیجێکی ئینگلیزیدا بە ناونیشانی **(من ڕقم لە خوێندنەوەیە)** دەوروبەری ٢٠٠ هەزار ئەندامی هەبوو، خۆ ناکرێت نزیکەی ئەو چارەکە میلیۆنە لە مرۆڤ، وەکوو گەمژە سەیر بکەین، ئەوانیش ئارگۆمێنتی دژە خوێندنەوەیان لە خۆیاندا هەیە، بڕێکی باش لە حەقیقەتیش لای ئەوان هەیە.

کتێب دەتوانیٚ حەرەم بشکێنیٚ، لە کەلێنی ناشوێنتەوە دزە بکات، هێدی هێدی شتەهایەك لە تۆدا بگۆڕیت، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان تۆ مەبدەئت بوون، ڕاستە کتێب دینامیکی دژە چەقبەستنە، ڕاستە کۆمەکێکی گەورەیە لە خۆدۆزینەوە، بەڵام ئیبلیسێکیشە دەتوانیٚ باش ونت بکات! بۆیە پرسیارەکە وای لیٚ دێت ئەگەر دوای هەموو کتێبێك بگۆڕێین، ئەگەر کتێب بتوانیٚ بمانکات بە شتیٚ، کە ئێستا ئەوە نین، ئەی خۆمی خۆمان کواین؟!

خوێندنەوە ئینسان قاژ دەکات بۆ دوو زەمەن: پێش خۆی و پاش خۆی. ساتی دەستبردن بۆ کتێب ساتێکی جەسارەتلییە، ئەو مەلعوونە سامی هەیە، تەنها ئەوە بێ ڤیزا و بە ئاسانی تا ژووری نووستنمان دێ، ئارامگایەك، دەتوانێ لێمان تێك بدا و تێکیشی دا! دۆستی من، کتێب هەیە فێرت دەکات لە چێشتخانەکەتدا، بۆمب دروست بکەیت! کتێب هەیە فێرت دەکات چۆن خوشکەکەمان بکوژین، لەسەر ئەوەی لەگەڵ کوڕێکدا یەکتریان ماچ کردووە. ئێستا سەردەمێکە تیرۆریست کتێبی هەیە، خواپەرست کتێبی هەیە، شەیتانپەرست کتێبی هەیە، گنۆستیك کتێبی هەیە، ئاتیست کتێبی هەیە، جا کێ کتێبی نییە قوربان؟! بۆیە هەنگاوی یەکەم تێپەڕاندنی ئەو پارادایمە دیماگۆژییەیە، کە کتێب وەك کەرەستەیەکی بێلایەن، وەك دنیایەکی سپی، وەك نوورێکی گەورە سەیر دەکات. ئەو ژمارە مرۆڤە بهێنەرەوە بەرچاوت، کە لەسەر دەستی کتێبێك خۆیان کوشتووە، ئەوانەی بە هۆی کتێبێکەوە خەڵکیان کوشتووە، ئەوانەی بە هۆی کتێبێکەوە خۆیان داوە بەکوشت. لە شارەکەی من و تۆشدا خەڵك هەیە بە کتێبێکەوە گیراوەو بردوویانە و خنکاندوویانە، بیر لەو وشەیە بکەرەوە خـنـکـانـدن...

ئەوەندە سامی هەیە نامەوێ کۆمایەك دانێم نامەوێ بووەستم لەسەری، گوێم لە لرخەلرخیانە. تۆ ئەم قوربانییە ناودەنێی چی؟

به دێڕێك دەڵێی "شەهیدی نەمر!" ئەیکەیتە چوارچێوەیەکی ڕەشوسپیەوە؟ بە هەزار منتەت چوار دیناری شەهیدانەکەیت پێ دەدەن، ئەمەیە شەرەفی گەورە؟ ئەمە بوو بەهای مرۆڤ؟ بۆ هیچ نا بۆ کتێب! بۆ ئەو دەستە وەرەقە ناشرینەی کە ئێستا لە مەزادێکی سەرجادەدا، ئامادە نیت دۆلارێکی پێ بدەیت، تاقەتت نییە سەیری بکەیت. تاقەتم نییە هیچ بڵێم، وەك **ئیزاك بابێل** دەمەوێ لەم چەرخی هاتوهاوارەدا من تەنها مامۆستای بێدەنگی بم.



# من هیچم بۆ دونیــــا نییه

Scanned with CamScanner

**بێستون سلێمان: دەمەوێت بپرسم، ڕاستە نووسەرەکان جوانترین کچەکانی دونیایان فریودا؟**

**توانا ئەمین:** سوپاست دەکەم بۆ ئەم میواندارییەت، ئا ڕاستە... نووسەرەکانی ئێستا پێچەوانەی نووسەرە کلاسیکییەکان، پرۆبلێمن، هەر بۆیە ئەوەندەی کێشەن، ئەوەندە چارەسەر نین، ئەوانە پیاوە ئاینییەکانن چارەسەریان پێیە، نووسەرەکان کێشەیان پێیە، بەڵام لەناویاندا من کێشەم لەگەڵ نووسەری ڕۆژهەڵاتی بەتایبەتی نووسەری کورد هەیە.

بەڵێ جوانترین کچەکان، باشترین پۆستەکانیان برد، ئەوەی فۆکۆشی خوێندبێتەوە دەزانێت، زمان جومگەیەکی گەورە، بەڵام شاراوەو مائیلی دەسەڵاتە، نووسەرەکانی ئێمە بە هۆی زەخرەفەی زمانیانەوە، بە هۆی بەکاربردنی ئەم دەسەڵاتەوە، بە هۆی زمانبازییانەوە، توانیان خەڵکی زۆر و باش فریو بدەن، بۆیە من وا دەزانم، خەڵکانی سادەو ئاسایی، چەندین جار لە هونەرمەندو نووسەرەکان جوانترن.

**بێستون سلێمان: زۆربەی ئەو نووسەر و هونەرمەندانە، خۆیان فریویان نەخواردووە؟**

**توانا ئەمین:** بەدڵنیاییەوە لە فریوەوە هاتوونەتەوە، مرۆڤانێکی فریوخواردوون. ئەمن ناڵێم سەرجەم نووسەری کورد، نـا، بەڵام کێشەم لەگەڵ بەشێکی زۆریاندا هەیە، ئەمە کێشەی شەخسی نییە و من کێشەم لەگەڵ هیچ ناوێکدا بە دیاریکراوی نییە، کێشەم لەگەڵ ئەخلاقی نووسیندا هەیە.

**بێستون سلێمان: ئەی ئەگەر خۆت کەسێك بیت لەوانە؟**

**توانائەمین:** لەوە ناچێت، چونکە ویژدانم ئاسوودەیە. هەست ناکەم کەسم فریو دابێ، من ئەو قسەیەم کردووە، کوڕێك نیم نەخوێنەوار بم، وا بزانم دوای چاپکردنی یازدە کتێب ئینجا هاتووم وتوومە: بەڕێزان نووسین کێشەیە! بەتایبەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا کێشەیە، کێشەیەکی ناشرینیشە، خەڵك بە هۆی نووسینەوە، پۆستی وەرگرتووە، خەڵك بە هۆی نووسینەوە، نامەشرووعانە سەرکەوتووە بەسەر برادەرەکەیدا، خەڵك بە هۆی نووسینەوە باشترین، جوانترین کچەکانی فریو داوە، لە پیاوی تری سەندوون، خەڵك بە هۆی نووسینەوە، پارە، زەوی، نازانم... ڤێلای دەست کەوتووە.

خەڵك بە هۆی نووسینەوە، هەمو ئەو شتانەی دەست کەوتووە، کە لەڕاستیدا بە ئەدەب دەست ناکەون. دەبوو ئەدەب ئاوا ئیش نەکات. نووسین شتێکە بۆ داهاتوو، بۆ چاککردنی دۆخی ئێستای مرۆڤ، -نەك چاککردنی دۆخی مادیی نووسەرەکەی!- ئەوجا ئەو دۆخە بێتە خوارەوە بۆ پڕکردنەوەی حەزە بچووکەکانی مرۆڤێك لەسەر حیسابی خوێنەری داماو، لەسەر حیسابی ئەدەبی کوردی..!

**بێستون سلێمان: بۆ لە جێگایەکدا نووسیبووت: "نووسەرەکان دەستوپێ سپیترین مرۆڤەکانی سەرزەوین"؟ دەستوپێ سپیبوونی نووسەران لە ئاست چیدایە؟**

**توانا ئەمین:** لە باشترین حاڵەتدا نووسەرەکان، ئەو کەسانەن، کە ئیشکی تر نازانن، سەنعاتێکی تر شارەزا نین، ئیشێکی تریان پێ ناکرێ، بۆیە بە هۆی تواناشکانیان بەسەر زماندا، بە هۆی زمانبازییانەوە، بە هۆی لەبلەبانی و سەفسەتەسازییەوە، ئاسان دەتوانن خەڵکی سادە فریو بدەن. ئەمە لە جیهاندا مێژوویەکی درێژی هەیە، لە سۆفستاییەکانەوە، لە سەردەمی دروستبوونی شارەوە لە گریك، فەیلەسوفان، شانۆنامەنووسان، هۆزانڤانان، نیگارکێشەکان لە کلاسی یەکەم و دووەمی کۆمەڵگادا بوون و فەزڵیان بەسەر خەڵکی تردا هەبووە.

ئەمە گەمژەییەکە، لەناو پێچی ئەم ڕەوڕەوە شکاوەی مێژوودا نووستوە. بەڵام لای نووسەری کوردی نموونەکە نزم و درێژترە، ڕۆژانە ئەم نموونانە ئەبینین، کە خەڵك لە خێزانەکەی جیابۆتەوە بە هۆی کەسێکەوە، کە نووسەر بووە، کە هونەرمەند بووە، کە بێژەر بووە. بە قەولی خەڵك بە هۆی کەسێکەوە، کە (موسەقەف!) بووە.

ڕەنگە پێت سەیر بێت، من بۆ ئەوەندە لەسەر نووسەران دەوەستم، چونکە لای من نووسین پێش ئەوەی پیشە بێ، ئەخلاقە، پێش ئەوەی بزنس بێت –وەك ئەوەی ئێستا لە خۆرئاوا کتێب چاپکردن بزنسە– دەبێ مەرهەمێ بێ بۆ چاککردنی دیوی ناوەوەی مرۆڤ، دەرمانێ بێ بۆ ڕۆح.

**بێستون سلێمان: کەواتە دەکرێ بڵێین، ئەدەب دەتوانێت ڕقیش دروست بکات؟**

**توانا ئەمین:** بۆ نا، لە ئەدەبی سۆسیالیستییەوە بۆ ئەدەبی کۆمۆنەی فرەنسی، هەتا ئەدەبی ئێستای داعش و خەلیفەش هەر ئەدەبن– دیارە ئەدەبی داعشیزم ئەدەبی سەربڕینی ئینسانە– ئیدی ئەدەب شتێکی لاستیکییە، هەموومان دەتوانین بەشێکی لێ ڕابکێشین.

ئێمەش ئەدەبی بەرگریمان هەبوو، ئەوەی جەنابت ئەڵێیت شتێکمان هەبوو بە ناوی (ڕقی پیرۆز!)ـەوە، لەژێر ناوی بەرگریکردن، هەزاران گەنجمان داوە بەکوشت.

**بێستون سلێمان: ئەو ڕاکێشانەی باست کرد، لات وایە هەر کەس بەپێی بەرژەوەندیی خۆی هونەر و ئەدەب ڕادەکێشێت؟**

**توانا ئەمین:** ئەگەر ئەخلاقی مرۆڤانەی خۆی ڕەچاو نەکات بەداخەوە بەڵێ. قسەکە لەوێیە کوا ئەخلاقی نووسەری ئێمە.

**بێستون سلێمان: مەبەستت لە ئەخلاق چییە؟**

**توانا ئەمین:** بە خێرایی ئەخلاق لای من، لە کۆنتێکستی ئەم گفتوگۆیەدا، لە ئاستە پێرسۆنیکەیدا، بریتییە لە پاراستنی سنوورەکانی ژیانی خۆت، کە پارێزییە لە سنووری ژیانی ئەوانی تر. تۆ نابیت بە زەحمەت بەسەر بەسەر ژیان و خولیاکانی کەسی ترەوە. ڕەنگە لە کورتترین پێناسەدا، ئەخلاق ئەوە بێت، تۆ تێکەڵی ژیانی تایبەتیی کەسی دیکە نابیت، نابیت بە کێشە بۆ هیچ کەسێك، لەوەش گرنگتر بۆ خودی ژیان لە ئاستە نۆرماڵەکەیدا نابیت بە کێشە. نووسەرەکان پرۆبلێمن ڕەنگە بۆ ژیان ببنە پرسیاری گەورە، بەڵام نابێت ببن بە کێشە بۆ خێزانێك، بۆ کچێك، کە لە ناوەندیی دەخوێنێ،

یان بۆ کوڕێکی گەنج. ئێمە نووسەرمان هەیە خەڵك لەسەر دەستی خۆی و ئەدەبەکەی خۆی کوشتووە، بەرزترین و گەورەترین شانازیی ژیان خۆیەتی، بەختیار عەلی دەڵێت: "گەورەترین شەرەف شەرەفی زیندەگییە"، دەی خەڵك هەیە، زیندەگی خۆی لەدەست داوە لەسەر دەستی نووسەرێك، ئێستا نووسەرەکە خۆی لەژیاندا ماوەو باوەڕپێشی وانییە.

**بێستون سلێمان: ڕەنگە خۆی بۆچوونی وابێت، کە من هۆکاری ئەوە نەبوویێتم؟**

**توانا ئەمین:** بەدڵنیاییەوە بەرگریی لەوە دەکەن، بەڵام خۆیان دەتوانن وەڵام بە ویژدانی خۆیان بدەنەوە؟ دەتوانن بە ئاسودەیی بخەون؟!

**بێستون سلێمان: زۆر باشە ئەوەی دەوترێت دەربارەی ئەدەبیاتی ئێرە و ئەورووپا ئەوەیە ئەڵێن ئەگەر بە زانستی ئەدەبی بەراوردکاریی قسە لەسەر ئەدەبییات بکەین قسە لەسەر بەرهەمی نووسەرەکان بکەین، کەممان ئەمێنێتەوە، خۆی بێت، کە کۆمەڵێکیش بۆچوونیان لەسەر بەرێزت هەمان بۆچوونە!**

توانا ئەمین: پرسیارەکە کێشەیەکی تیایە ئەبێت چارەسەری بکەین، کەم ئەگەر مەسەلە (ئەدەبی بەراوردکاری– Comparative literature) کۆمپراتیڤ لیتاتۆر دەڵێیت، ئەوە میتۆدێکە بۆ دوو ئەدەب، دوو کلتوور، لە دوو زمانی جیاوازدا کاری پێ دەکرێت، لەکاتێکدا دەقەکان کاریگەرییان لەسەر یەك هەبێت، بەڵام ئەگەر پەیوەندیی نێوان سوبێکت و ئۆبێکت نووسەر و بابەتەکەی بڵێی بە باوەڕی من زۆر زۆر کەمن، ئەو نووسەرانەی کە لە ژیانی خۆیاندا پیاوی ناو تێکستەکانی خۆیان بن، بەدەگمەن (**حەمەعومەر عوسمان**)ێك (**ژان دەمۆ**)یەك (**ئارسەر ڕامبۆیەك**)ت لە ئەدەبییاتی دونیاشدا دەست دەکەوێت.

باوەڕیشم وانییە، نووسەر دەبێت ببێتە کارەکتەری چیرۆکێکی خۆی، بۆنموونە من چیرۆکم هەیە، کاراکتەرەکانی لەشفرۆشن، خۆ ناکرێت من ببم بە قاچاخچی، بە قومارچی، **دۆستۆیڤیسکی** پیاوکوژ نەبووە، کە ژیانی ڕاسکۆلینکۆڤ لە (**تاوان وسزا**)دا بۆ ئێمە نووسیوەتەوە.ئەوەی من باوەڕم پێیەتی، ئەوە نییە، نووسەر ببێتە کارەکتەری چیرۆکێکی خۆی. ئەزانم خوێنەر حەزی لەودیوە ئایدیالییە، ئەو سەردەمە بەسەر چووە، ئەوەی من باوەڕم پێیەتی، ئەوەیە نووسەر ئەخلاقییانە لەگەڵ ئایدیا گشتییەکانی پشتی تێکستەکەیدا ڕاستگۆ بێت، ئەوە بۆ من ستانداردەکەیە.



Scanned with CamScanner

**ڤیکتۆر هۆگۆ**، که (**بێنەوایان**)ی لەسەر هەژاران نووسیوە، خۆی ئەندامی ئەنجومەنی پیران بووە لە فرەنسا.

پیاوێکی میلیۆنێری وەک (**ئۆرهان پاموک**)، کە لەسەر هەژارەکانی ئیستانبوڵ دەنووسێت، خۆی ڕۆژێک لە ڕۆژان هەژاریی نەچەشتووە، بۆیە نووسین ئاوا بەراورد ناکرێت بە ژیانی تایبەتیی. هەمیشە دەبێت ژیانی تایبەت لە پیشەکان دەربکەین.

**بێستون سلێمان: کاک توانا، مەبەستم ئەوە بوو کاریگەرییەکی تەواو دەبینرێت لەسەر چیرۆکەکانی تۆ و زۆرێک لە نووسەرەکانی تریشمان، وەکوو چۆن هەندێک ڕەخنەگریشمان بابەتیان لەبارەی ئەوەوە هەیە، کە تەواو هەندێک لە چیرۆکەکان کۆپی پەیست کراون. ئەو کاریگەرییە دواجار ئەگەر بەو زانستە بەراورد بکرێت، ئەدەب لەنێوان دوو میللەت و دوو نووسەری جیاوازدا؟**

**توانا ئەمین:** من ئەو قسەیەم زۆر پێ خۆشە، بەڵام دەبێت بە شێوەیەکی زانستیی ئەمە بسەلمێنرێت و بنووسرێت، چونکە قسەی ناو کۆمەڵگا دەبێت بە هەوا، دەڕوات، بۆ ئەوەی بمێنێتەوە دەبێت بینووسین. ئێستا یەکێک لە باشترین نووسەرەکانی کورد مامۆستای چیرۆکنووسی ئێمە (**شێرزاد حەسەن**)ـە، کە پێی وایە: "*جیاوازییەکەی توانا لەوەدایە لە کەس ناچێت لە خۆی نەبێت*"، من

شتێکی زۆر گەورەم نەکردووە بۆ دونیا، با قسەی برادەرانە بکەین، ئەزانی من ئازارەکانی خۆمم نووسیوەتەوە لەبەرئەوە پێویستم بەوە نەبووە نە بە کەس کاریگەر بم، نە کۆپی کەس بم. بۆ نووسینەوەی ئازاری ناو خۆت، بونیام پێویستی بە قەرزکردن لە نووسەری تر نییە.

**بێستون سلێمان: زۆر باشە ئەوەت بیرخستمەوە هەست ناکەیت ئەو نامانەی کە بۆت هاتووە لەلایەن عەتا نەهایی و بەختیار عەلی، یاخود ئەو نووسینانەی کە شێرزاد حەسەن و ئیسماعیل حەمەئەمین بۆیان نووسیویت موجامەلەیەکی لە ڕادەبەدەری تۆ کراوە؟**

**توانا ئەمین:** حەز دەکەم ئەو پرسیارە لەوان بکەیت، بۆ ئەوان موجامەلەی من بکەن.

**بێستون سلێمان: خۆت هەستی پێ ناکەیت؟**

**توانا ئەمین:** نەخێر بە هیچ شێوەیەک، ئینسان هەمیشە -بەتایبەتی نووسەرەکان- ئیگۆیان بەرزە، حەز دەکەن ئەوان لەپێشەوە بن، منیش بەشێکم لەوە پێ براوە، ئەوە ڕاستییە، بەڵام ئەو بەڕێزانەی تۆ ناوت هێنان، بۆ دەبێ موجامەلەی من دەکەن؟! من کە کاک ئیسماعیل حەمەئەمین و کاروان کاکەسوور لەسەریان نووسیووم، لەژیانمدا نەمبینیبوون دواتر بینیمن.

مامۆستا شێرزاد حەسەن بەو تەمەن و بەو مێژووەوە چ مەجبورە بۆنموونە موجامەلەی منالێکی وەکوو من بکات؟! یان کاک بەختیار عەلی، مامۆستا عەتای نەهایی، کاک ڕەووف بێگەرد، مامۆستا شێرکۆی ڕەحمەتی... چ مەجبورن؟! باوەڕ ناکەم ئەگەر شتێکی وەها هەیە، ئەوا با ئەوان جوابی ئەو پرسیارە بدەنەوە، بۆ لەسەر کوڕێك قسە دەکەن لەسەر ئەو هەموو کوڕەی تر قسە ناکەن؟

**بێستون سلێمان: یەعنی تۆ بە قەناعەتی خۆت پەیامەکەت گەیشتووە ئەوەی کە ویستووتە بیڵێیت، بۆیە ئەوانیش ئەو حەق دۆستەن؟ کە پێشووتر پێمان وابوو حەق دۆست نەبن، کۆمەڵێ شت فریویان دەدات، کەواتە ئەوانیش جوانی دەبینن؟**

**توانا ئەمین:** سوپاسیان دەکەم بۆنا...

**بێستون سلێمان: مەبەستم ئەو نووسەرانە نییە، کە پەیامیان بۆ تۆ ناردووە تەواوی نووسەران؟**

**توانا ئەمین:** بەڵێ نووسەرانی نەوەکانی پێشووتریش، بۆ نا؟ گەورەیی خۆیانە، دەتوانن گەنجی تر بخوێننەوە و لەڕاستیدا جگە لە من یەك دونیا گەنجی تریش هەن، کۆمەڵێ گەنجی باش هەیە دەنووسێت، من تاکێکم لەوان، بەڕاستی من پەیامێکم نییە، نە بۆ

مرۆڤایەتی و نە بۆ جیهان، من ئازارەکانی خۆم دەنووسمەوە ئەگەر تۆ چێژی لێ وەرئەگریت سوپاست دەکەم من شتێکی تایبەتیم نییە...

**بێستون سلێمان: ئەو ڕەشبینییەی بەرۆکی زۆرێك لە تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە، بەتایبەتی و جیهانی هەمووی گرتۆتەوە، هەست ئەکەم ئەوەی تۆ ئەینووسیتەوە ئەو ڕەشبینیەی لای خوێنەر هەمیشە جێگەی پرسیارە لە ڕووخسارتدا نابینرێت سیحری شاردنەوەی ئەوە چییە؟**

**توانا ئەمین:** (بە پێکەنینەوە) ئێستا پێم وتی سوبێکت و ئۆبێکت جیاوازن، من ناتوانم لە کافێیەك، لە زانکۆ لە جێگایەك، کە لەگەڵ تۆ دانیشتم و وەکوو برادەر قسەمان کرد، بهێڵم تۆ هەموو دیوە ڕاستەقینەکەم بەتەواویی ببینیت، بەڵام لەنووسیندا ئینسان ئەو خیانەتەی لە خۆی پێ ناکرێت، نموونەیەکت بۆ دەگێڕمەوە، جارێکیان شتێکم نووسیبوو دەستەواژەیەکی تێدایە، باس لە (سانتی پیس) دەکات. ئەو وشەیە لەوە دەچێت لە یەکەم نیگادا زۆر ئەدەبیی نەبێت، بەڵام چۆن تەوزیفی دەکەیت لە ئەدەبدا؟ ئەم نموونانەمان زۆر بووە، بۆنموونە پیاوێکی وەکوو مامۆستا شێرکۆ بێکەس (فرێزەری سەلاجە)ی تەوزیف کردووە، کە کۆنسیپتێکی

شیعریی نییە، ئەو وشەیەی منیش ئاوا بوو، کچێکی هاوڕێم لە سوید خوێندبوویەوە، لە یادمە ئەو کاتە من لە سۆفیا بووم، نامەیەکی بۆ نووسیبووم، نووسیبووی: *"توانا... تێکستەکەت زۆر جوانە بەس هەستەکەم بەکارهێنانی ئەو وشەیە زۆر نەگونجاو و ناشرینە."*

من پێموت: دونیای ئێستا، دونیایەکی زۆر ناموحتەرەمە، جا شەڕی ئەم بیت بۆ ئەوەی دەرەقەتی بێیت. چونکە دونیای تازە دونیایەکی زۆر بێحورمەتە، زۆر تیژە، زۆر زبرە، دەبێت زبر بیت، کاتی ئەوە نەماوە هەر بە، گوڵ و باران و سرووشت و ئەم وشانە قسە بکەین.

ئەو کاتە ژیان جوان بوو، کە مامۆستا (گۆران)ی مەزن دەینووسی، ئێستا ژیان وانییە، ناتوانیت بێحورمەتییەی دونیا بە موحتەرەمی ناکرێت، دەبێت، لە دونیا بێحورمەتتر تۆ بێیت لە فەیسبووک و تویتەردا، ببیت بە ڕۆمیۆ و جولێت!

**بێستون سلێمان: یەکێك لە هاوڕێ شاعیرەکان دەڵێت، شاعیرەکان با نەچنە بەر پەنجەرە و نەچنە قەراغی دەریاکان، ژیان بەمە لەبیر ناچێتەوە، هەمان بۆچوونی تۆیە؟**

**توانا ئەمین:** تەواو ڕاستە، هەرکەسێکە من هەمان بۆچوونی ئەوم هەیە، ڕاست دەکات، منیش هەمیشە دەمەوێت بڵێم، با خەڵك فریو نەدەین، دونیا هەمووی جوان نییە، دونیا پڕپڕە لە ناشرینی، پڕە لە

زبریی، پڕە لە درۆکردن لەگەڵ یەکتر، ئەوەی کە من ئیشی لەسەر دەکەم ئەم دیوەی ترە، بۆیە لەوە دەچێت لە لای بەشێك لە هاوڕێیانم، یان وەك جەنابت وتت لە لای خوێنەرەکان قبووڵ بێت، لەبەر ئەوەی ڕاستەقینە ئەڵێیت، خوێنەری ئێستا وشیاری زۆر بەرزە، قبووڵی ناکات تۆ فریوی بدەیت، دونیا ناشرینە ئیتر تۆ ئەتەوێت پێی بڵێیت چی؟ بڵێیت، هەورەو بارانەو تۆ لێرە نیت و چەتر و... تەواو بوون ئەمانە ئەی دوای ئەمە؟!

دەزانیت کچ و کوڕێك تا هاوسەرێتی دەکەن، ئەم شتانە جوانە، دوای هاوسەرێتی کێشەکە لە خۆشەویستییەوە دەبێت بەوەی، بایعی نییە، غاز نییە، نەوت نییە، کرێ خانوویان نییە، مووچەیان نییە، ئەمە دیوە ڕاستەقینەکەی ژیانە تۆ بۆ ئەیشاریتەوە؟ بۆ پێت وایە ژیان لێرە زۆر جوانە؟ ئەم درۆیە بۆ دەکەیت لەگەڵ خۆت و لەگەڵ ئەویشدا، ناگات! نایخوێنێتەوە!

**بێستون سلێمان: هەست ناکەیت درۆ گەورەکان هەموویان لەناو ئەدەبدا شاردراونەتەوە؟**

**توانا ئەمین:** بـا، ئەدەب خۆی هەر درۆیەکی گەورەیە خۆ چی دەکات.



Scanned with CamScanner

**بێستون سلێمان: بۆ دەیکات؟**

**توانا ئەمین:** (بەسەرسوورِمانەوە) نازانم ڕەنگە لەبەرئەوە بێت نووسەرەکان ناتوانن ڕاستی بڵێن...

**بێستون سلێمان: بەڵێنە ڕاستییەکان ئەوەندە تاڵ بێت؟**

**توانا ئەمین:** من ئەوەندەی هەوڵم داوە ڕاستیم وتووە. دەزانی لەسەر ئەوەی وتوومە، باجی زۆم داوە، بە ژیانی تایبەتییم، بە ماڵ و بە منداڵەکەم، هەتا بە دایك و باوکم... بەڵام دڵم بەوە خۆشە، کە خۆمم، ئیدی کێ قبووڵی نییە، کێ قبووڵێتی ئەوەیان بابەتێکی ترە...

ڕاستییەکان هەمیشە تاڵن و خەڵکیش قورس وەری دەگرن، بەڵام دڵم خۆشە ئێستا دەبینم دونیایەك خوێنەری وشیار هەیە، خوێنەر بەدوای ڕاستییەکاندا دەگەڕێت تۆ دونیای لێ مەکە بە (هەوری پەمەیی!)، هەوری پەمەیی نییە، بەتایبەتی دونیای کوردی...

**بێستون سلێمان: هەست ناکەیت ئەو بە دونیاکردنە بەو شێوە پەمەییەی تۆ باسی دەکەیت، ئێستا خەریکە دەبێتە شێوازی شاعیران و نووسەرانە؟**

**توانا ئەمین:** هەر بووەو وایش ئیشیان کردووە...

**بێستون سلێمان: پێیان وایە ژیان بەو خەیاڵە دەڕوات بەڕێوە؟**

**توانا ئەمین:** خۆشیان و خەڵکیش فریو دەدەن، تۆ دەزانی ئێمە شاعیرمان هەیە، ئەگەر باران و هەوری پەمەیی و پەپوولە و ئەم شتانە لەکتێبەکانیدا دەربێنیت، هەر فاریزە و خاڵ دەمێنێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا ژیان خۆی هەر خاڵ و فاریزەکەیە... ئێمە دەتوانین خەیاڵ بخەینە خزمەتی ژیانەوە، بەڵام خەڵك فریو نەدەین، بڵێین ژیان ئەمەیە، چونکە ژیانی واقیع ترە. تۆ بەیانی هەڵدەسیت کارەبا نییە، سپلێتەکەت ئیش ناکات، مۆلیدەکەت ئیش ناکات، کرێ خانووت پێ نییە، بۆ لەسەر ڕاستییەکان قسە نەکەین؟ لەسەر ئەوە ئەم ژیانە یارییەکی ناخۆشە، یارییەکە لەسەرەوە دەگوزەرێت. من نازانم کێ یاریچییەکەیە، بەس ئەزانم من داشێکم لە دامەکە!

**بێستون سلێمان: یەکێك لە خوێنەرانت دەڵێت، توانا کەسێکی عەبەسییە لەهەمان کاتدا لە زۆر شوێندا ناوی خودا دەبات! ئەو خوێنەرەت لای وایە، ئەم دووانە دوو جەمسەری پێچەوانەی یەکن و ناگونجێت کەسێك لەیەك کاتدا ڕەشبین و عەبەسی بێت و لە زۆر شتیشدا پشت بە خودا ببەستێت!**

**توانا ئەمین:** ڕاستە بۆ ژیانی تایبەتیشم وایە، من کەسێکی ئیماندار نیم و کەسێکی ئاتیستیش نیم، بەشێوەیەك سەد لەسەد بوونی خودا



Scanned with CamScanner

ڕەت بکەمەوە، نـــا... من کەسێکی گنۆستیکم، واتە لەوانەی پێیان وایە نە بەڵگەی تەواومان لەبەردەستدایە بۆ سەلماندنی خودا و نە بەڵگەی تەواومان لەبەردەستدایە بۆ ڕەتکردنەوەی خودا.

بۆیە شەوی وا هەیە من بە ئیمانداریی دەخەوم و بەیانی بەبێ ئیمانی هەڵدەستم... بەهەرحاڵ ئەمە شتێکی ڕۆحیی خۆمە لەگەڵیدا دەژیم، ڕاست دەفەرموون، پارادۆکسێکە جۆرێك لە دژبەیەکییە، ئەوەش یەکێکە لە ڕەگەزەکانی ئەدەبی پۆستمۆدێرن، یانی یەك گوتاری نییە، لەناو گوتارێکدا پارچەپارچەیە هەر پارچەی شتێکە، من بانگەشەی گەورە ناکەم، من نووسەری پۆستمۆدێرن نیم، وەك عەرزم کردیت، شتە تایبەتییەکانی خۆم، کەڵکەڵەکانی خۆم دەنووسمەوە خۆشحاڵیشم چۆن دەردەچێت، بەڵێ پارادۆکسیشی تێدایە، ژیانیش خۆی پڕە لە پارادۆکس، بۆ ژیانی کاممان پڕ نییە لەوەی دەیڵێین و ئەوەی لەپشت وتنەکانمانەوە هەمانە؟!

**بێستون سلێمان: دواجار خوێنەر چۆن خۆی ببینێتەوە؟**

**توانا ئەمین:** نازانم! تۆ کە دەنووسیت هیچ کاتێك خوێنەرت لەبەرچاو نییە، چونکە خوێنەرت لەبەرچاو بێت، زۆر موحتەرەم دەنووسیت، وەك نووسەرەکانی تر دەنووسیت، قسەی ناخۆش ناکەیت، قسەی قورس ناکەیت، وا دەکەیت ئەوان پێ بکەن، دڵیان خۆش بێت...



Scanned with CamScanner

بەس وابزانم من وام نەکردووە، مرۆڤ کە دەنووسێت چاوی ئەوانی تر نابینێت. هەر خۆت دەبینی، بەتایبەتی لای من، ئەدەب بۆتە جۆرێک لە خودنووسینەوە. خوێنەرەکان سەربەستن، هەستەکەم بەشێکی باش لە خەڵکی خۆی تێدا ئەبینێتەوە، خۆشحاڵیش نیم بەوە، حەزم دەکرد خەڵك خۆی تێدا نەبینێتەوە، من حەز دەکەم ژیان جوان بێت، شەڕە گەورەکەمان بۆ ئەوەیە.

**بێستون سلێمان: پێم وایە تۆ بۆچوونت وایە نووسەرەکان پێویستە نەفرەتیان لێ بکرێت، ئەمەوێت ئەوە بڵێم ئامادەی یەکەم نەفەر بیت؟**

**توانا ئەمین:** (بە پێکەنینەوە) یەکەم نەفەرم بەدڵنیاییەوە، هەڵبەتە بەو شێوە کۆنکرێتیە نا، چونکە نووسەرەکان بەشدارن لە جوانکردنی ژیان، نووسەری کوردیش بەشدار بووە، ژیانی ئێمە زۆر نارێکی و ناشرینی تێدایە، من زەمەنێکی زۆر بە کۆمەکی مامۆستا (شێرکۆ بێکەس)، جاری وا هەبووە لە خوێندنەوەی شیعرێکی (دلاوەر قەرەداغی)یەوە چێژم بینیوە. لە خواردنەوەی پەرداخێك ئاو، لە قاژێك شووتیی عەسران لە شیعرێکی (هیوا قادر)دا، نووسەرەکان بەشدارن لە جوانکردنی ژیان بەو شێوە دایرێکتە نا، ڕەنگە ساتێك تووڕە بووبێتم و وامگوتبێت.



Scanned with CamScanner

خراپە؟! قسەم لەسەر ئەوەیە چۆن باشتری بکەین؟ هەروەک چۆن جاران کۆمۆنیستەکان دەیانگوت: "دونیایەکی باشتر" ئێستا چۆن (ژیانێکی باشتر) دروست بکەین؟ چۆن لەم هەموو کارە نامرۆڤانەیە بووەستین، یەک پاوس بدەین بە خۆمان، بڵێین، چی دەگوزەرێت لەم دونیایە؟ لە سوریا؟ لە موسڵی چەند سەد کیلۆمەترێک لە ئەنیشتمانەوە، برا مرۆڤەکەمان سەردەبڕدرێت!

خۆ لەم ناوچەیە ئینسان مەحکومە بەوەی نائومێد بێت، تۆ لە شوێنێکدا دەژیت هەڕەشەی جەنگ هەیە، هەڕەشەی ئەتۆم لەسەرتە، پێم سەیرە خەڵک باسی گەشبینی دەکەن، پێ دەکەنێت، منداڵ لە جەنگی سوریادا کوژراوە، قاڵبە سەهۆڵیان لەسەریان داناوە بۆ ئەوەی لەم گەرما کوشندەیەدا بۆگەن نەکات تا دەیاننێژن! تۆ وەک نووسەرێک دوای ئەمانە دەڵێیت چی! هەوری پەمەیی چی بۆ خەڵک دەکات؟!

**بێستون سلێمان: هەست دەکەیت خۆخەڵەتاندنە ئەگەر بڵێیت، گەشبینم؟**

**توانا ئەمین:** لەڕاستیدا هەر بەردەوامبوون لە ژیان خۆی جۆرێکە لە خۆهەڵخەڵەتاندن، من هیچ قسەیەکم نییە بۆ وەستاندنی ژیان یان

بەردەوامی، ئەگەر هەمبێت دیارە خۆم داوای ئەوە دەکەم، بەڵام ژیانی ئێستا قورسە، زۆر قورسە تێیدا مرۆڤ بیت...

**بێستون سلێمان: کاک توانا باسی ژیان قورست کرد، ژیان لە ڕۆژئاوا ئەوەندە خۆشە نووسەرانی ئێرە خەونی پێوە دەبینن و زۆریان کۆچیان کردو بەشێکیان لە تاراوگە ماونەتەوەو بەشێکیان هاتنەوە، ئەویٚ جێگەی ئەو خەونانەی تێدا دەبێتەوە، کە ئەمان دەیبینن؟**

**توانا ئەمین:** با ئەم قسەیە داکۆکییەك نەبێت لە ئەورووپا، بەڵام لانیکەم من وەك خۆم قسە دەکەم، بەڵێ ئەورووپا وابوو. من هەر کەسێك خۆشم بوێت لەم قۆناغەی ژیانی ئێستای کوردستاندا پێی دەڵێم، لەم سەفەرەشمدا، کە هاتوومەتەوە ئەوانەی گەنجن، ئەوانەی لەتوانایاندا هەیە، ئەوانەی منداڵیان نییە، ئەوانەی خەونی گەورەیان هەیە، قسەکە لەسەر خەونە...

ئەگەر خەونت نییە ئەم کۆمەڵگایە زۆرباشە دەتوانیت بژیت و کەی مەعاش هات و... نازانم بیر دەکەمەوە جاران لەگەڵ برادەرەکانم دادەنیشتین باسی ئەدەبیاتمان دەکرد، ئەم جارە هاتوومەتەوە باسی شیش و کۆنکرێت و قیست و... یانی هەمووی گلاون بە کۆمەڵێك بابەتەوە و بیریان چۆتەوە، کە ئەژین، ژیانیان بیرچۆتەوە!



Scanned with CamScanner

وەڵامەکەی من بۆ پرسیارەکەی جەنابت ئەوەیە، بەڵێ، لە ئەورووپا بیرت دەخەنەوە، کە ئەژیت، بیرت دەخەنەوە، تۆ کەرامەتت هەیە.

سەبارەت بە من، ژیان و ئاستی دابینکردنی پێداویستی و دەستڕاگەیشتن بە هەموو شتێك لە ئەورپا لە لیڤڵێکی زۆر بەرزدایە- دیارە بە زەحمەت و کولەمەرگیی گەورەی قۆناغەکانی پەناهەندەیدا دەڕۆیت- بەڵام خۆ تۆ هەموو ڕۆژێك لێرە ئەم عەزیەتە دەخۆیت و هیچیش ناگۆڕێت، جارجار کە تێلەفۆن بۆ برادەرەکانم دەکەم، بۆ کاك دانا فایەق و ئەو هاوڕێیانەم، دەڵێم: چۆنن؟ دەڵێن: هەر وەکوو ئەو کاتە وایە، کە جێتهێشتووین!

یەکێك لە خراپترین شتەکانی دونیا ئەوەیە ئینسان عادەت لەگەڵ خراپیدا بکات، هاوڕێکانی من، مرۆڤەکانی شارەکەی من، هەولێر، قوشتەپە، هەر جێگایەکی تری ئەم کوردستانە بگریت، دەبینی عادەتی کردووە {ڕاهاتووە} وا بزانێت، کە ژیان ئاوایە و هەر ئەمەیە! لەڕاستیدا ژیان وانییە، خۆ ئەوەی من لەبارەیەوە قسەت بۆ دەکەم لە ئەستێرەیەکی تر نییە، لە مەریخ نییە، بە چەند سەعاتێك لەم فرۆکەخانەی سلێمانییەوە دەتوانین بڕۆین و ئێوارە لە ستۆکهۆڵم میوانی من بیت، ژیان بۆ لەوێیە؟خۆ ئەوانیش چوار پەلیان هەیە سەرێك و دوو دەست و دوو قاچیان هەیە، بۆ ژیان لەوێ پڕاوپڕە؟ بۆ کەرامەت پارێزراوترە؟ پرسیارەکە ئەوەیە، بۆ لێرە ناپارێزرێت؟



Scanned with CamScanner

بۆ دوای بیست و دوو ساڵ ناتوانن سەرەتاییترین شت، کە کارەبایە، ئاوە، نازانم شتی زۆر زۆر بچووک...

**بێستون سلێمان: زۆرباشە، کاک توانا تۆ لەدەقێکدا دەڵێیت: "ئەگەر خراپترین براکانی دونیا، ئەوانەی یوسف بن، خوێڕیترین برادەرەکانی دونیا، ئەوانەی منن" پێت وایە هیچ تاوانی تۆی تێدا نییە؟**

**توانا ئەمین:** جوانە پرسیارەکە... نازانم دیارە تاوانی منیشی تێدایە، کە بووم بە برادەری ئەوان. لێت ناشارمەوە، من برادەرم زۆر کەمە و دەمێکیشە لە ئینسان نائومێدم، هاوڕێم زۆر کەمە لە ژمارەی پەنجەکانی دەست کەمتریش، ئەوجا ئەگەر یەکێك لەوانە بەهەر هۆیەك بێت جارێك لە جارەکان هەڵەیەك بکات بەرانبەرت عەزییەتت بکات، هەمیشە شمشێری ئەوان تیژترە لە شمشێری دوژمن، من دوژمنم نییە بەڵام شمشێری ئەوان ژەهراویترە، چونکە دەزانن لە کوێت دەدەن، لە شوێنێکت دەدەن، کە تۆ بڕوات نەکردووە، هەرگیز ئەوە شوێن زامی چەقۆی نامەردییان بێت.

من دڵێکی ناسك و خراپم هەیە، دڵێکی کچانە، کە عەیبە بە پیاوەوە بێت، تکایە ئەمە بە نێگەتیڤ ناڵێم، دەزانی جارجار بیرم دەکەوێتەوە، کە نازانم، درەنگ هاتووم، زوو هاتووم، بەڵام هەست دەکەم کوڕی ئەم سەردەمە نیم، لەوە دەچێت درەنگ هاتبێتم، هەزار

مینا شینێ

و هەشتسەدەکان، هەزار و حەوتسەدەکان، ژیان سادەتر بوو، بریا ئەو کاتە بمانتوانیایە بژین.

بێستون سلێمان: بۆ بە کۆ قسە دەکەیت و دەڵێیت: "برادەرەکانم!"؟

توانا ئەمین: ئاخر برادەرەکانی من زۆر کەمن، ئەوە خۆیان دەزانن بە کێیان دەڵێم (بەپێکەنینەوە) ڕەنگە هی ئەوە بێت شمشێری ئەوان لە شمشێری خەڵك تیژترە.

بێستون سلێمان: ئەی لە دەقێکی دیکەدا تۆ پێت وایە، بەو دەربڕینە دەڵێیت زەوی ڕاگرن با نەخولێتەوە، دواتریش دەڵێیت ئەم زەوییە خوێڕییە ناخوولێتەوە، خوێنەر لێرەدا تووشی ئەوە دەبێت، دەبێت توانا بیەوێت بڵێت چی لە ڕێگەی ئەم خوولاندنەوەو ڕاگرتنە؟

توانا ئەمین: ڕاستە... دێڕی یەکەمی بەم شێوەیە: "زەوی ڕاگرن سەری من دەخوولێتەوە". دیارە سەری کارەکتەرەکە دەبێت بە زەوی. دواتریش دەڵێت: "ئەم زەوییە خوێڕییە ناجوولێت" جۆرێکە لە پارادۆکس پێشتر باسمان کرد، جۆرێکە لە دژبەیەکی، ئەدەبی تازە، ئەدەبێکی یەك سەنتراڵی نییە، یەك گوتاری نییە لەمسەر بۆ ئەوسەر، یانی دەستپێك و ناوەڕاست و ئەنجاممان هەبێت، جاری وایە

ئەنجام هەیە، جاری وا هەیە ئەنجامی تیا نییە جاری وا هەیە دەستپێك هەیە... هەر وەكوو ژیانی مرۆڤی تازە، ژیانێكی ئاڵۆزە، نازانیت چۆنە، ئەدەبەكەشی ئەم جۆرەیە، ڕاستە ڕەنگە بە دیوە ئەكادیمییەكەیدا ئەوە ڕەخنەیەك بێت لەجێی خۆیدا، بەڵام تێكستی تازە بۆ خۆی تێكستێكی پارادۆكسییە. ژیانی تازە ژیانێكی پارادۆكسییە كاممان بەیانی هەڵدەستین لەخەو و درۆ لەگەڵ ژیانی خۆمان ناكەین؟ لەگەڵ ژنەكەمان؟ لەگەڵ دراوسێكانمان؟ ئەو هەموو بەیانی باشە لەیەك دەكەین و درۆ دەكەین كەسیش بەیانی باش نییە، ڕاهاتووین هەموو جارێك ئەم قسەیە بڵێین.

**بێستون سلێمان: كاك توانا تاوانی نووسەرەكان چییە، كە توانای ئەوەیان هەیە هێندە بە جوانیی باسی مردن دەكەن، خوێنەر حەز دەكات بمرێت؟**

**توانا ئەمین:** یاخوا هیچ كەس نەمرێت، ئینسان یەك جار دەژی، حەقی ئەوەی هەیە باش بژی و خۆش بژی و زووش نەمرێ، بەڵام تاوانی نووسەرەكان ئەوەیە، كە خەیاڵیان هەیە، جا ئەگەر ئینسان خەیاڵی لە تواناكانی گەورەتر بوو، ئەگەر نەیتوانی ئەو خەیاڵەی هەیەتی بیكات بە واقیع، دەبێت بە دوو شت، نابێت بە سێ، یان دەبێت بە نووسەر یان دەبێت بە پیاوكوژ!



Scanned with CamScanner

من ئەگەر نەمنووسیبا لەوە دەچوو ئێستا تاوانبارێك بام لە زیندانی (مەعەسکەر سەلام) –لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو زیندانییە ئازیزانەی ئێستا لەوێن– خەیاڵ ئاوایە. ئەگەر دۆستۆیڤیسکی نەینووسیایە دەبوو بە ڕاسکۆلینکۆفی خۆی، ئەگەر سترێنبێری نەینووسیایە دەبوو بە کارەکتەرێکی خۆی، باوك بکوژێ، ژنەکەی بکوژێ، ڕقی لە خەڵك ببێتەوە، چونکە ژیان ئەمانە بەرهەم دەهێنێت. (بە پێکەنینەوە) بەڵام نووسەرەکان ئەوەندەش تاوانبار نین، کە من و تۆ لەم بەرنامەیەدا لە ماوەی ئەم نیوسەعاتەدا دامانکوتین! ئەوان بەشدارییان هەیە لە جوانکردنی ژیاندا، پێشتر عەرزم کردیت ئەوان نەبن ئەم ژیانە بەم هەبوونەی ئێستایەوە لەم دۆخەدا زۆر خاڵیتر دەبێت، بەڵام قسەکە ئەوەیە، ئەوان پیرۆز نین.

**بێستون سلێمان: هەست دەکەیت تەقدیس کراون؟**

**توانا ئەمین:** زۆر زۆر، شتێك لەدوای پێغەمبەرەکانەوە، ئێستا نووسەرەکانی ئێمەن، ڕۆڵی مەلا و پیاوە ئاینییەکانی جارانیان وەرگرتووە. هیچ پێویست بەو هەموو ڕێزە ناکات، نووسەر کەسێکە هەموو گیانی کەموکورتییە، هەموو ژیانی نەقسە، کەسێکە وەك تۆ، شایەنی ئەو هەموو ڕێزە نییە، بەڕاستی نووسەر کەسێکی زۆر

ئاساییە، ئازارەکانی خۆی نووسیوەتەوەو تۆ چێژی لێوەردەگریت، سوپاس!

**بێستون سلێمان: ئەگەر کەسێك هەبووبێت یان هەبێت ڕووبەڕووت بێتەوەو لە ڕادەبەدەر ئەو ڕێزە بۆ تۆ دەربڕێت تۆ چی پێ دەڵێیت؟**

**توانا ئەمین:** زۆرجار تووشی بووم، هەموی ڕێزی خۆیانە، گەورەیی خۆیانە، پێش بەرنامەکە من عەرزم کردیت: وتم کاك بێستوون، با برادەرانە دابنیشین، ئەمن حەزم لە ناونیشانی گەورە نییە، ڕاستی من نە چیرۆکنووسی گەورەی گەلەکەمان و نە وەرگێڕو نە نووسەرو... من هەنێك جار کەڵکەڵەکانی خۆم دەنووسمەوەو سەفەرێکم کردۆتەوە بۆ سلێمانی، بە جەنابت ئاشنا بووم، ئەوە برادەرانە دانیشتووین گفتوگۆیەك دەکەین.

لەوە دەچێت نووسەری تر حەزی لەوە بێت –عەرزم کردیت، هەموویان ئیگۆیان بەرزە– هەر ئینسان خۆی وایە، نووسەرەکان بەتایبەتی غرووریان هەیە، وەلێ من زۆر حەزم لەو تەقس و بێنەوبەرەیە نییە، حەز دەکەم برادەرانە بین.



Scanned with CamScanner

**بێستون سلێمان:** زۆرباشە، پێت وایە ئەوەی نووسین بە تۆی بەخشیوە دەتوانیت شانازیی پێوە بکەیت؟ مەبەستم نووسینەوەی ئازارەکانتە؟

**توانا ئەمین:** دەزانی من گەیشتوومەتە دۆخێك، لەڕادەیەکی بێباکیی خراپدام، —لەوە دەچێت بۆ ژیانی تایبەتیی من خراپ بێت، بەڵام بۆ نووسین نا— دەزانیت چۆنە، هیچ شتێك من زۆر خۆشحاڵ ناکات.

پێش ئەوەی بێمەوە لەم سەفەرەدا مامۆستایەکم هەیە لە ستۆکهۆڵم، زۆر ئازیزە لام، ناوی ماری-یە، زۆر لە من تێ دەگات، ژنێکی ئاتیستە، ڕۆژێك بەر لەسەفەرەکەم هەروا دانیشتبووین پێی گوتم: تۆ چۆن خۆت حازر کردووە بۆ سەفەرەکەت، چەند دڵت خۆشە، کەڵکەڵەی جانتا پێچانەوە و برادەرەکانت ببینیت؟

وتم: زۆر ئاسایم... هەر وەك ئەوە وایە ڕۆژێك بێم بۆ مەکتەب، زۆر دڵم خۆش نییە ئێستاش، کە دەڕۆمەوە هەر هەمان دۆخم هەیە، نازانم بەداخەوە ئەو قۆناغەم تێپەڕاندووە، کە دڵم خۆش بێت، بۆیە هەر بەیانییەکیش هەڵدەستم هەر شتێکی خراپیش ببێت بێباك بەرانبەری، لە مرۆڤ چاوەڕێ دەکەم شتی خراپتر بکات من نائومێد لە ئینسان.

**بێستون سلێمان: چاوەڕوان دەکەیت لە نووسینەوەی ئازارەکانت ئاوا بەو ڕەشبینییە خوێنەرێکی گەشبین دروست بکەیت؟**

**توانا ئەمین:** من ئیش لەسەر ئەوە ناکەم، بەس ئیش لەسەر ئەوە دەکەم، ئەم هەموو ناشرینییانە جارێکی تر –من پیشانیان نادەم، ڕۆژانە خوێنەرەکان ئەمانە دەبینن– بیریان بخەمەوە بڵێم هەقی ئەوە نییە فریو بخۆین بە دونیای پەمەیی و شین و سوور، دونیا ئەم ڕەقییەیە، پرسیارە گرنگەکەی ئەدەبی من لەو هەوڵە بچووکانەدا، کە داومە ئەوەیە: چۆن ئیش بکەین ئەم ژیانە باشتر بکەین؟!

**بێستون سلێمان: نەبێتە قسەکەی ڕۆلان بارت، بەڵام تۆش پێت وایە، نووسەرەکان دەتوانن پشکی شێریان بەر بکەوێت لە جوانکردنی ژیاندا؟**

**توانا ئەمین:** بەدڵنیاییەوە ئەوەی ئەوان دەتوانن، شۆڕشگێڕەکان ناتوانن، هەموو شۆڕشگێڕەکانی دونیا یەکەم جار بە خەیاڵی نووسەرەکانەوە دەڕۆن، هەر ئەدەبی بەرگریی ئێمە بزانە دوایی دەبێت بە چ ڕاوڕووت و کوشتن و فەرتەنەیەک؟ بە چ شەڕی براکوژییەک؟

خۆ ئەوەی لە سوریا بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە ئیش دەکات، خەیاڵی ئەوەی هەیە سوریا بکات بە فیردەوس، بە بەهەشت، بەس چی بەرهەم هێناوە بۆ سووریا!

**بێستون سلێمان: کاك توانا ئاڕاستەیەکی تر لە نووسینەکانی تۆدا قسەکردنە زۆر بەجدی لەسەر خۆشەویستی، بەڵام بە باگراوندێکی ڕەشبینانە -واز لە ڕەشبینییەکەی دەهێنین- ئێمە بەس ئەو خۆشەویستییەی ئەگەر تۆ بەڵێنە باسی دەکەیت پێی بگەیت بۆ خۆت دەڵێم دەگەیت بە چی؟**

**توانا ئەمین:** کاك بێستوون پرسیارێکی قورسە، خۆشەویستی تەنها تاڵە من بە ژیانەوە دەبەستێتەوە، هەر لە خۆشەویستیم بۆ مناڵەکەم، کە چەند ساڵێکی زۆرە نەمبینیوە، خۆشەویستیم بۆ گۆڕی خوشکەکەم، کە هەموو جارێك بۆ سەردانێکی ئەو سەفەر دەکەمەوە، خۆشەویستیم بۆ ئەو ئافرەتەی لەژیانمدا هەیە، لەنێوان من و ژیاندا خۆشەویستی تەنها تاڵێکی باریك و تەنکە، ئەگەر ئەو تاڵە بپچڕێت ئیتر من پەیوەندییم بە ژیانەوە نامێنێت، وەك ئەو کۆلارەیەی کە دەفڕێت و دەچێتە ئاسمانی خۆی، هیوادارم خۆشم ڕۆژێ بچمە ئاسمانی خۆم، چونکە بەرگەگرتنی خۆشەویستی لە بەرگەگرتنی ژیان زەحمەتترە، قورسە زۆر زۆر بە خاتری خۆشەویستی بەرگەی بگریت،



Scanned with CamScanner

بەڵام هێشتا پێم وایە بەهانەیەکە دەهێنێت، تاکە بە هانەیە ئینسان دەتوانێت بۆی بژی، کەم نییە شەرەفی خۆشەویستی، شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئینسان.

**بێستون سلێمان: لەو هەوڵانەتدا توانیت ئەوەت دەست بکەوێت، کە ناوی خۆشەویستییە؟**

**توانا ئەمین:** بەڵێ.

**بێستون سلێمان: پێی گەیشتیت؟**

**توانا ئەمین:** بەڵێ بەدڵنیاییەوە، ئەگینا نەمدەتوانی تائێستا بەردەوام بم و بمێنمەوە لە ژیانێکی ئاوا ناخۆش..

**بێستون سلێمان: مرۆڤ چەند جار دەتوانێت خۆشەویستی بکات بە بۆچونی تۆ؟**

**توانا ئەمین:** مرۆڤ هەزار جار دەتوانێت دڵی بشکێت، بەڵام چەند جارێکی کەم دەتوانێت خەڵکی خۆش بوێت و دەتوانێت یەکێك ئەمی خۆشبووێت، ئەوە کەم نییە، ئەوە بەهرەیەکی گەورەیە یەکێك بدۆزیتەوە تۆی خۆش بوێت. ئینسان دەتوانێت خەڵکی خۆش بوێت موعجیب ببێت بە کۆمەڵێك کەس، بۆنموونە من کورم، بە کۆمەڵێ

کچی جوان و باش، بەس ئایا کامیان لەوانە دەتوانن جواب بدەنەوە بە خۆشەویستیی من بە خۆشەویستیی تۆ؟ ئەوە پرسیارەکەیە، چۆن کەسێکت دەست دەکەوێت لەناو حەوت ملیار مرۆڤدا؟!

**بێستون سلێمان: نەچینەوە سەر سەرەتای بەرنامەکە، بەڵام تۆ کەست فریو داوە، مەبەستم کچی جوانە؟**

**توانا ئەمین:** (بە پێکەنینەوە) خۆزگە لێرە بوونایە، خۆیان وەڵام بدەنەوە. نـــا... باوەڕ ناکەم... هەمیشە ڕێزم هەیە بۆ هەموو ئەوانەی لە ژیانی مندا ژیاون، هەم بە فەرمی و بە شەرعی، هەم بە نافەرمیش، وەکوو هاوڕێ، هەمیشە باشترین خانمەکانی دونیا بوون، هەمیشە ڕێزیان لێ دەگرم، چونکە بەرگەگرتنی ئێمەومانان زۆر سەختە، بەڕاستی ژیان لەگەڵ نووسەرو هونەرمەندا قورسە. زۆر زۆر قورسە... جاری وا هەیە تۆ خۆت بەرگەی خۆت ناگریت چ جای کەسێکی تر چ مەجبورە.

**بێستون سلێمان: (بە پێکەنینەوە) لە هەر شوێنێکەوە دەڕۆیت دەچێتەوە سەر ڕەشبینییەکەت، بەڵام دەمەوێت ئەوە بڵێم جای پەیوەندیی تۆ لەگەڵ هاوڕێ شاعیرەکانتدا بەتایبەت (شاعیرە)؟**



Scanned with CamScanner

**توانا ئەمین:** باشم، خراپ نیم، کەم و زۆر دەیانخوێنمەوە، ئاگام لە شتەکانیان هەیە. من گەنجەکانیش دەخوێنمەوە، جاری وا هەیە ئاگاداریی بچووکی ناو ڕۆژنامەکانیش دەخوێنمەوە بە بەردەوامی شتە خراپەکانیش دەخوێنمەوە، بۆ ئەوەی بزانم لە دونیای ئێمەدا چی دەگوزەرێت دانەبڕاوم لە نێوەندی ئەدەبی کوردی.

**بێستون سلێمان: ئەوەی دەوترێت لەبارەی تێکستەکانتەوە لە بارەی ژیانی تایبەتیتەوە، توانا تا چەند بەهەند وەریدەگرێت؟**

**توانا ئەمین:** ئەگەر قسەیەکی زۆر زۆر جدی نەبێت هەست بکەم پێکاویەتی –ئێستا لە شوێنێکدا قسەمان دەکرد وتم ڕاستە ئەوە پارادۆکسە– ئەوا کەمتر قسەی ئەوانی تر کاریگەریم لێ دەکەن، بیرم دێت، جارێك هاوڕێکانم دانیشتنێکیان کرد لە غەزەلنووس لەسەر کتێبێکی من، لەکۆتاییدا پێم گوتن، سوپاسی هەموویان دەکەم، بەڵام هەموو تێبینییەکانی ئەوان ناتوانێت، فاریزەیەك، خاڵێك لە کتێبێکی من بگۆڕێت، ئەمە غروور نییە، ئەمە ئەوەیە نووسەر ستراتیژی هەیە بۆ نووسین، من ئەگەر دوای ئەم بەرنامەیە بگۆڕێم، یانی من نووسەر نەبووم. نووسەر پلانی درێژخایەنی هەیە، تۆ چی دەکەیت چی دەنووسیت؟ لەبەرئەوە ڕەنگە کاریگەریی دابنێت، یا

بیری لێ بکەمەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بتەوێت ڕادیکاڵانە ئایدیای من بگۆڕێت، نایگۆڕێت!

**بێستون سلێمان: پێت وایە مرۆڤ ئازادە هەر کەسێکی خۆش بوێت؟**

**توانا ئەمین:** خۆشەویستی بابەتێکی زۆر پڕ کێشەیە، حەز ناکەم زۆر بچینە سەری. دەزانیت هەرچی نەگبەتی ئێمەیە بە پێی ئوستورەکانیش لە خۆشەویستییەوە هاتوون، ئەگەر ئادەم لەخۆشەویستییەوە بە گوێی حەوای نەکردایە، ئێستا ئێمە تووشی ئەم گەرماو زەحمەتەش نەدەبووین، تووشی ئەم ئینسان کوشتنەش نەدەبوین. ئینسان ئازادە بەڵام خۆشەویستی لە ئازادیدا نایەت، خۆشەویستی توانایەکی باشی بەندکردن و گیرکردنی ئینسانی تێدایە، دیوێکی نێگەتیف لەعەشقدا هەیە، من دەیبینم نازانم خەڵکی دیکەش وەهان یا نا؟! هیوادارم بیبینن...

دەبێ ئەو قەناعەتە دیماگۆژییە تێپەڕێنین، کە عەشق وەك دونیایەکی سادە و جوان و پاك وێنا دەکات، ئاخر عەشقمان هەیە خەڵکی کردووە بە پیاوکوژ، ساڵی ١٩٩٩ من بەرنامەیەکم هەبوو لە ڕادیۆی هەرێم، بەرنامەکە ناوی (قەدەری گوڵە پەژموردەکان) بوو، لەسەر ژیانی ئەو کەسانە دەڕۆیشت، کە زۆرتریان بەسەر هاتووە، یان کارەساتی زۆر گەورەیان بەسەر هاتووە.



Scanned with CamScanner

جارێکیان لە زیندان ڕێکەوتی کەسێکی وەهام کرد، وەستایەکی گەچکاریی بوو، حوکمی سێدارەی بەسەردا درابوو، ئەم کوڕە پەیوەندیی لەگەڵ کچێکدا هەبووەو یەکتریان خۆش ویستبوو، ئیدی هەرچۆنێك ببوو بۆ یەکتر نەببوون، دوای ئەوەی کچەکە شوو دەکات، بە پلانی هەردووکیان مێردی کچەکەیان کوشتبوو و لە حەوشەی ماڵەکەیاندا ناشتبوویان! کە لێم پرسی: "هەست دەکەیت کێ لەم ڕووداوەدا تاوانبارە، تۆ یان کچەکە؟" بیرم دێت، کوڕەکە تۆزێك وەستا، وتی: "کاك توانا، **خۆشەویستی تاوانبارە!**"

ئەوجا ئاوهایە، خۆشەویستی دەتوانێت ئینسان بکات بە پیاوکوژ، دەتوانێت بیکات بە دڕندە، هێزێکی شەڕانی زۆر گەورەیە لەناو خۆیدا، زەحمەتە بڵێم مەعریفەی مامەڵەکردنی -چونکە نییەتی- هیچ پرەنسیپێکی نییە، هیچ ئەخلاقێکی نییە، هیچ کلتورێکی نییە، هەموو شتێك تێك دەشکێنێت، مێژوو بیخوێنەرەوە، ئەوجا دەزانی خۆشەویستی هەموو شتێك تێك دەدات، خۆشەویستی هێزێکی شەڕانیی گەورەیە.



Scanned with CamScanner

**بێستون سلێمان: بە بۆ چوونی تۆ خیانەت تەنها لە خۆشەویستیدا هەیە؟**

**توانا ئەمین:** نـا لە هەموو شتێکدا هەیە، لە سیاسەتدا هەیە، لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بەس لەوە دەچێت لە خۆشەویستیدا لە هەموویان قورستر بێت. خیانەت جۆرێك چێژی تێدایە، دەزانیت باوەڕێکم لەسەر خیانەت هەیە، ڕەنگە بۆت سەیر بێت، لە خیانەتدا کەسی دووەم (ئەوەی خیانەتەکەی لێ دەکەین) لە کەسی سێیەم (ئەوەی خیانەتەکەی لەگەڵدا دەکەین) گرنگترە، ئەوەی گرنگە من و بەرانبەرەکەم نین تۆ و بەرانبەرەکەت نین، کە خیانەت لە یەکتر دەکەن، بەڵکو کەسی سێیەمە، کە دێتە ناو یارییەکەوە، کەسێك دێت بۆ ئەوەی یارییەك لەگەڵ کەسی دووەم بکات!

**بێستون سلێمان: قەت نەبوویتە کەسی سێیەم؟**

**توانا ئەمین:** هیوادارم نەبووبێتم...

**بێستون سلێمان: کەس نەبوو بۆ تۆ ببێتە کەسی سێیەم؟**

**توانا ئەمین:** لەوانەیە... بەس زۆر گوێم لێی نەبووە، چونکە من بەیانی، کە هەڵدەستم پێم وایە ئەمڕۆم لە دوێنێم باشتر نابێت. هەمیشە چاوەڕێم شتی خراپتر لە مرۆڤ ببینم، بۆیە زۆر داناچڵەکێم... دەمێکە داناچڵەکێم.

# پێڕست

## پێشەکی

توانا ئەمین، هەوڵنووسی پرسە ئیستێتیکییەکان........ ٧

## بەیاز و ڕەشنووسەکان

مەحوی، عارفێک لەنێوان سەرکێشی و کوفردا........ ١٥
هیومانیزم وەک گوتار........ ٩٩
ئەپسێردێتی تێکست و ئێرۆسییەتی خەیاڵ........ ١٥٧
لە پیاسەوە تا شەراب........ ١٦٩
شاری دووەم، وێڵگەیەک لە خەیاڵ........ ١٨١
خۆتەقاندنەوە،........ ١٩٣
شـــــار و قەحـــبـــە........ ٢٠٩
عـــەشـــق، پرۆسەیەک بۆ جەللادبوون........ ٢١٩
داهێنەر، جارێک وەک مامان........ ٢٣١
پشیلەیەک لە ناوەڕاستی پردێکدا........ ٢٣٧
لە کۆدی خەیاڵەوە بۆ خەیاڵی کۆد........ ٢٤٧
خەیاڵ بەدەم ڕێگاوە........ ٢٥٧
غەمگینیی، وەک مەقامێکی ڕۆحیی........ ٢٦٥
مردن، بە کارەساتی جوانیی........ ٢٧١
فەیسبووک، وەک شوێنی خۆڕووتکردنەوە........ ٢٧٧
کوردی، وەک زمانێکی داماو........ ٢٨٣
بەختیار عەلی، پیاوی خوێنەرە جیاوازەکان........ ٢٨٩

# ورتەورتەکان


سێوی شین ........................................ ٢٩٩

جۆرجینا لە پلۆڤدیڤ ........................................ ٣٠٣

ئەم خوێنە ئاڵەش بۆ تـــۆ ........................................ ٣٠٧

نامەیەک کە ناگات ........................................ ٣١٠

ژیانێکی تر بە قەرز ........................................ ٣١٥

خۆکوشتن لە ئاوێکی ساردا ........................................ ٣١٧

تەقەکردن لە ڕابردوو ........................................ ٣١٩

بێزەحمەت سێڵفییەکمان بگرە ........................................ ٣٢٤

ڕۆح لە قەفەسی زانستدا ........................................ ٣٢٧

خۆشەویستی یەکلایەنە ........................................ ٣٢٩

زمان لە زاری لاڵدا ........................................ ٣٣١

جیابوونەوە ........................................ ٣٣٢

تۆ من بەچی دەزانی ........................................ ٣٣٣

من یەهودام ........................................ ٣٣٥

بۆنی پیاو ........................................ ٣٣٧

لەنێوان نەخۆش و نووسەردا ........................................ ٣٣٩

نووسەر و مشەخۆر ........................................ ٣٤١

سەرەوە و ژێرەوە ........................................ ٣٤٣

ئەو دوو پیاوە یەک ژنیان خۆشدەوێت ........................................ ٣٤٥

بۆ پێکەنین ........................................ ٣٤٧

یادەوەرییەک لەگەڵ کافکا ........................................ ٣٤٩




Scanned with CamScanner

ئەوەی لە غەریبی خۆشە ........ ٣٥٠
چاکبوونەوە بە گۆرانی ........ ٣٥١
هەموو ڕۆژێ دەموچاوی تازە ........ ٣٥٣
ڤێستەرۆس ........ ٣٥٥
خۆشەویستی و خوشکەکانی ........ ٣٥٧
جوانیی لە چاوی تەڵخی مندا ........ ٣٥٨
نیشتیمان کوێ نییە ........ ٣٥٩
وەرگێڕەکان دوژمنی خودان ........ ٣٦٠
لە وێستگەی قیتارەکەدا ........ ٣٦١
بێدەنگی ........ ٣٦٢
ژیان لە شاری گەورەدا ........ ٣٦٣
سێوێک لە بەفردا/ کچبوون ........ ٣٦٤
شەرابی سوور/ پێکەوەبوون ........ ٣٦٥
ئەوانەی من خۆشم دەوێن ........ ٣٦٦
نووسین و سێرک ........ ٣٦٧
یادێک لە مردووەکانمان ........ ٣٦٨
سەعاتێک چەند دەقیقەیە ........ ٣٦٩
عەشق و مەکتەب/ئەو ........ ٣٧٠
گۆرانی ........ ٣٧١
لەنێوان ڕووتی و جوانیدا ........ ٣٧٢
مەنفای من ........ ٣٧٣
بیرکردنەوە لە خودا ........ ٣٧٤



Scanned with CamScanner

یەکەم بەفر ..................... ٣٧٥
بە تەنورەیەکی کاڵی کورتەوە ..................... ٣٧٦
بەخشین/ لە خزمەت تەنیاییدا ..................... ٣٧٧
دوو هەزار و تـــۆ/ ئەم سولەیمانییە ..................... ٣٧٨
گوڵی تەزیوو/ تەنیایی ..................... ٣٧٩
تەنیایی پێناکەنی ..................... ٣٨٠
لەبارەی مردنەوە ..................... ٣٨١
دڵی خوێناوی ..................... ٣٨٢
تاریکیی/ سەرکەوتن بە تاریکییدا ..................... ٣٨٣
خەجاڵەتم/ جێیەکی سەخت ..................... ٣٨٤
سکپڕ/ لەناوەوە ..................... ٣٨٥
گوللەیەک لە قوڕگمدایە ..................... ٣٨٦
ئەوەی جارجارە من بیری لێ دەکەمەوە ..................... ٣٨٧

## گفتوگۆکان

مرۆڤ قوربانیی وەڵامێکە پرسیارەکەی خۆی ..................... ٣٩١
یەکەم چیرۆکم لە گۆڕستان نووسی ..................... ٤١٣
نووسین شەڕی ئینسانە ..................... ٤١٩
دەمەوێ مامۆستای بێدەنگی بم ..................... ٤٢٩
من هیچم بۆ دونیا نییە ..................... ٤٣٩

## کتێبەکانی تری نووسەر:



**توانا ئەمین**

* مەنفا و خوێندنەوە (گفتوگۆی ئەدەبی) ٢٠٠٨
* پیاسەیەک پێکەوە... پیاسەیەک بەتەنیا (ڕەخنەی ئەدەبی) ٢٠٠٨
* کچی ناو تابلۆکە (چیرۆک) ٢٠٠٩
* پەیکەری فەرهاد، ڕۆمان. عەباس مەعرووفی (وەرگێڕان) ٢٠٠٩
* خودا لەسەری مرۆڤدا (گفتوگۆی فیکری) ٢٠١٢
* سەگێک لە ئاوێنەدا (چیرۆک) ٢٠١٢
* فڕین لە قەفەسێکی کراوەدا (ڕەخنەی ئەدەبی) ٢٠١٢
* کەوتن، ڕۆمان. ئەلبێر کامۆ (وەرگێڕان) ٢٠١٣
* ماچێک بە تامی خۆڵەمێش، شیعر (وەرگێڕان) ٢٠١٤
* کوندەپەپووی کوێر، ڕۆمان. سادق هیدایەت (وەرگێڕان) ٢٠١٥
* ماڵی یار، سوهراب سپێهری (وەرگێڕان) ٢٠١٥
* مینای شین (نووسین و لێکۆڵینەوە) ٢٠١٦
* تریفەی مانگ. مۆپاسان (وەرگێڕان) ٢٠١٦
* ژوولیا و دەستنووسەکەی مەولانا (چیرۆک) ٢٠١٦
* گەردانەی تەم، سوهراب سپێهری (وەرگێڕان) ٢٠١٦
* پەیامبەر، جوبران خەلیل جوبران (وەرگێڕان) ٢٠١٧
* تۆ لە پەنهانترین کەلێنی پیرۆزی... تاگوور (وەرگێڕان) ٢٠١٧
* ئەڤینم خۆش دەوێ... حسێن پەناهی (وەرگێڕان) ٢٠١٧



Scanned with CamScanner

ئەم چەند وتارەی لە دووتوێی ئەم کتێبەدایە؛ هەوڵنووسینێکە بۆ دۆزینەوەی ئەخلاقێکی ئیستاتیکی کە تا دێت مرۆڤی مۆدێرنە ونتری دەکات. بێهۆ نییە زۆرجار نووسەرەکەی وەک ڕەشبین و غەمگین ناسێنراوە، لەڕاستیشدا ئەدەبیاتی غەمگین؛ هیچ کات بریتی نەبووە لە ئەدەبیاتی تێکشکێنەر و نیهلیستی ژیان، بەپێچەوانەوە غەمگینەکان ئەو کەسانەن؛ کە هەڵگری پەژارەیەکی قووڵترن بۆ شادبوونی مرۆڤ. لێرەوە و لە سەرەتای هەموو غەمگینییەکی ئاوهادا؛ ئەو ڕۆحانە لەدایک دەبن، کە دیدی باو پێیان دەڵێت: "ڕەشبین!"، توانا ئەمین، یەکێک لەو مەشقکارە غەمگینانەیە وەک شۆپنهاوەر و سیۆران، بەڵام لە نێوبەندییەکی فەرهەنگییانەی جیاوازدا.

یەکێک لە تەکنیکەکانی واڵاکردنەوەی واقیع بریتییە؛ لە خەیاڵ، چونکە لەکوێدا ڕیاڵ هەبێت لەوێدا پێشتر خەیاڵ هەبووە، بۆیە ڕێکەوت نییە؛ زۆرینەی هەوڵەکانی نێو ئەم کتێبە؛ بۆ ناسینەوەی (خەیاڵ) و بیرهێنانەوەمانە وەک شتێکی فەرامۆشکراو، وەک سوبستانسێک کە خزێنراوەتە نێو لۆچەکانی ژێرەوەی کولتوور. لە کۆی ئەو هەوڵنووسینانەی نێو ئەم کتێبەدا؛ ئێمە ئەو پەیامە شک دەبەین، کە دەخوازێت مرۆڤ بەرەو ئەو ئێتیکە ئاراستە بکات؛ کە هونەری ژیانکردن، بریتییە لە پاراستنی جەوهەرە ئیستاتیکییەکەی..!

**بەکر عەلی**

**Twana Amin**

# Blue Enamel

Drafts of Series of Literary Works



نرخ: ١١٠٠٠ دینار

1000000434

AVER 434

ناوەندی ئاویر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

چاپخانەی ڕۆژهەڵات/هەولێر

Scanned with CamScanner